# ڕانانی ستراتیجی

وەرزنامەیەکی ستراتیجی وەرزی وەرگێڕانە،
مەڵبەندی دیراساتی گشتی دەریدەکات.

ژمارە (٥)ـی حوزەیرانی ٢٠٢٤

خاوەنی ئیمتیاز: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

سەرنووسەر: د. یوسف گۆران

جێگری سەرنووسەر: د. ئومێد ڕەفیق

بەڕێوەبەری نووسین:
باران توانا

بۆردی ڕاوێژکاران:

پ.ی.د. مۆفەق خالد
پ.ی.د. ڕێبوار زین الدین
پ.ی.د. زانا حسن
م. ناودار زیاد

هەڵەبڕ: هەژیر عبدولرحمان

ناونیشان: عێراق - کوردستان - سلێمانی - چوارچرا

# سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

## تۆماری یاسایی

| ژمارە | ڕێکەوت |
|---|---|
| 977 | 16/7/2023 |

بەپێی برگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای ڕۆژنامەگەریی لەکوردستان، ژمارە (35)ی ساڵی 2007 ، پاش ئەوەی کە دەرکەوت گۆڤاری ( ڕانانی ستراتیجی ) وەرزییەو خاوەن ئیمتیازی ( مەڵبەندی دراساتی گشتی ی.ن.ک ) و سەرنووسەرەکەی ( یوسف صمد لطف الله )، مەرجە یاساییەکانی تێدا بەدیهاتووە، لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەژمارە متمانەی ( 977 )تۆمارکرا، بۆ ماوەی یەک ساڵ.

ئازاد حەمەدەمین

نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

# ناوەڕۆك


**چۆن لە گرنگی شەڕی ئەلکترۆنی تێبگەین؟** ........ | ٥

د.یوسف گۆران

**ئاسایشی ئەلیکترۆنی (سایبەر_سکیوریتی) چییە؟** ........ | ٧

نووسینی: دامەزراوەی نێودەوڵەتیی ئامێرە بازرگانییەکان

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**چەمکی جەنگی ئەلیکترۆنی و ئاسایشی ئەلیکترۆنی** ........ | ١٧

نووسینی: د. شویرب جیلالی

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**ئایا ئاسایشی ئەلیکترۆنی پرسێکی ئاسایشی نیشتیمانییە؟** ........ | ٣٧

نووسینی: دانیێل هادی ئێراندووست

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**ڕۆڵی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە بەرگری نیشتیمانیدا** ........ | ٤٧

نووسەران: سالۆمۆن کیستەرز

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**سیاسەتەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی: هاوتاکردنی ڕۆڵە جیاوازەکانی دەوڵەت** ........ | ٥٣

نووسینی: مریەم دون کاڤێلتی، فلۆریان جەی ئیگلۆف

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**ڕۆڵی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە ئابووریدا** ........ | ٧٣

نووسینی: پیتەر بانیاس

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**ڕۆڵی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە سیاسەتی جیهاندا** ........ | ٨٣

نووسینی: ڤلادیمێر تیگرانۆڤیچ تساکانیان

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**جەنگی ئەلیکترۆنی** ........ | ٩٥

نووسینی: جۆن ب. شێلدن

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست** ........ | ١٠٣

نووسینی: کۆمەڵێک نووسەر

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**ئاڵنگارییە پەیدابووەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی؛ کاریگەرییەکانی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران** ........ | ١١٧

نووسینی: نوورین ئەختەر

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**شیکاریی سیاسەتەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی تورکیا؛ توانای ستراتیجی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی تورکیا** ........ | ١٣٩

نووسینی: عەلی بوراک دارجلی

وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

سەروتار

# چۆن لە گرنگیی شەڕی ئەلیکترۆنی تێبگەین؟



د.یوسف گۆران

ئاوێتەبوونێکی بەهێز لە نێوان "شەڕ" وەك دیاردەیەکی مێژوویی‌و گەشەسەندنی تەکنۆلۆجیادا لە کۆی مێژووی مرۆڤایەتیدا هەیە، بە شێوەی هەر دۆزینەوەو بەرەوپێشچوونێکی تەکنۆلۆجیی گرنگ کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر شێوازو ئاست‌و مەودای شەڕەکانی مرۆڤایەتی بەجێهێشتووە.

لە ڕووی مێژووییەوە تەکنۆلۆجیا بە چەندین شەپۆلی گەورە کاریگەریی لە سەر شەڕەکان هەبووە، ڕەنگە شەپۆلی یەکەم بە دۆزینەوەی ئاگرو پاشان بەکارهێنانی ئاسن لە دروستکردنی چەکی نوێدا شێوازی شەڕەکانی بە تەواوەتی گۆڕیبێت، پاشان لە سەروبەندی سەردەمی ڕێنیسانس‌و دۆزینەوەی زانستی نوێی وەك باروودا، شەپۆلێکی تری نوێی شەڕ لە مێژووی مرۆڤایەتی پەیدابوو، کە سەرئەنجامەکەی بە دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی‌و هایدرۆجینی گەیشتە لوتکە.

شەڕی ئەلیکترۆنی بە هەموو ئەو جۆرە شەڕانە دەگوترێت کە بوارو مەیدانی سەرەکیی جیهانی ئیفترازیی (ڤیجواڵ) تۆڕە ئەلیکترۆنییەکان‌و دامەزراوەو ژێرخانە ئەلیکترۆنییە نیشتیمانییەکان (وەك ئامرازەکانی گواستنەوە)و بانکەکانی داتای نیشتیمانیی وڵاتە، ئاشکرایشە ئەم جۆرە شەڕە نوێیە تەنها دوای دروستکردنی کۆمپیوتەر لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم‌و گەشەسەندنی بەکارهێنانی لە دەیەی حەفتاکان‌و هەشتاکاندا سەریهەڵدا. ئەم جۆرە شەڕە نوێیە دەتوانرێت بە شەپۆلی چوارەمی تێهەڵکێشبوونی تەکنۆلۆجیاو شەڕ ناوزەدبکرێت.

بە هۆی ڕۆچوونی کۆمپیوتەرو جیهانی ئەلیکترۆنییەوە بۆ زۆربەی بوارە پیشەسازیی‌و دارایی‌و گواستنەوەو خوێندن‌و ئابووریی دەوڵەتان‌و بەکارهێنانی ئەم فەزا سایبەرانییە فراوانەوە بۆ مەبەست‌و ئامانجی مەدەنی‌و سەربازیی جیاجیا، هەر مەترسییەك بۆ سەر ئەم بەکارهێنانە جیاوازانە ڕاستەوخۆ مەترسی لە سەر ئاسایشی نیشتیمانیی

وڵاتان دروستدەکات. بەم شێوەیە پاراستنی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی وڵاتان بەشێکی گرنگە لە پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانیو لەیەکجیانابنەوە.
لەبەر گرنگیی ئەم بوارە نوێیە، چ لە پاراستنی ئاسایشی وڵات یان هێرشکردنەسەر دامودەزگا ئەلیکترۆنییەکانی وڵاتانی تر، لە سەرەتای دەیەی دووەمی سەدەی بیستویەکەمدا چەندین وڵاتی وەك ئەمریکاو ڕوسیاو چینو تورکیاو ئیسرائیلو ئێران، دامەزراوەی سەربازیو مەدەنیی تایبەتیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بوارە نوێیەدا دامەزراندووە. هەروەها بە هۆی ڕێکنەخستنی لە ڕووی یاساییو ئاستەمیی دۆزینەوەی هێرشبەرە ئەلیکترۆنییەکانەوە، دەوڵەتان چەندین جار هێرشی ئەلیکترۆنیی فراوانیان کردووەتەسەر ژێرخانی وڵاتانی نەیار، هەندێک جار بە شێوەیەکی کاتی پەکیانخستووە، وەك: هێرشە ئەلیکترۆنییەکانی ڕوسیا بۆ سەر ئیستۆنیا (٢٠٠٧)و جۆرجیا (٢٠٠٨)، هەروەها هێرشە ئەلیکترۆنییەکانی ئیسرائیل بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێرانو چاندنی ڤایرۆسی تێکدەر بۆ پرۆسەی پیتاندنە ناوەکییەکان. لە لایەکی ترەوە تاوانبارکردنی ڕوسیا بە دەستوەردانی ئەلیکترۆنی لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا لە ساڵی (٢٠١٦)و هەوڵی گۆڕینی ئەنجامەکانی بۆ بەرژەوەندیی ترامپ، لایەنێکی تری هەستیاری ئەم جۆرە شەڕە نوێیەیە.
هەرچەندە ئێستا زۆربەی هێرشەکان ئەگەر وڵاتە زەرەرمەندەکە ئاشکراینەکات، بە نهێنی دەمێنێتەوە، بەڵام ئێستا بە شێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرێتو لە پێناسەی نوێی بوارەکانی شەڕدا بە مەیدانی "پێنجەم"، پاش وشکاییو دەریاییو ئاسمانیو بۆشایی ئاسمان، ناودەبرێت.
وەك باسدەکرێت، یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی هێرشەکەی ڕێکخراوی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە (٧)ی تشرینی یەکەم، ئەو هێرشە ئەلیکترۆنییەی حەماس بوو بۆ سەر دامەزراوە ئەلیکترۆنییەکانی ئیسرائیلو پەکخستنی بە شێوەیەکی کاتی، ئەمەیش ئەوە دەردەخات کە وڵاتان هەرچەندە بچووكو لاواز بن، دەتوانن لە ڕێی دەستەبەرکردنی ئەم تەکنۆلۆجیا نوێیەوە هێرشی گەورە بکەنەسەر دوژمنانیانو گورزیانلێبدەن.
هەرچەندە بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای ئەلیکترۆنی لە کوردستان لە سەرەتادایەو زۆربەی دامەزراوە سەربازیو مەدەنییەکانمان کەمتر چوونەتەناو ئەم نێتوۆرکە جیهانییەوەو سەرئەنجام کەمتر دەتوانرێت هێرشی کەمەرشکێن بکەنەسەر دامەزراوەو ئامانجەکانمان، بەڵام تێکەڵبوون بەم جیهانە ئەلیکترۆنییە نوێیە شتێکی حەتمییەو پەیوەستە بە گەشەسەندنی ئابووریو داراییو بانکیو زانستیو کارگێڕیی وڵاتەوە، بۆیە زوو یان درەنگ، پێویستە وەك هەرێمی کوردستان زیاتر تێکەڵی ئەم جیهانە نوێیە ببین، پێویستە زووتر خۆمان بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی کورستان ئامادەبکەینو دامەزراوەی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانیو کوردستانی بۆ پاراستنی هەرێمەکەمان دابمەزرێنین، کە بێگومان دەتوانێت ڕۆڵی بەرچاو ببینێت لە پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانیی هەرێمەکەمان بە گشتی و هاوڵاتیی هەرێم بە تایبەتی.

# ئاسایشی ئەلیکترۆنی (سایبەر_سکیوریتی) چییە؟

**نووسینی: دامەزراوەی نێودەوڵەتیی ئامێرە بازرگانییەکان**
**وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی**

ئاسایشی ئەلیکترۆنی ئاماژەیە بۆ هەر تەکنەلۆژیایەک، یاخود هەر ڕێوشوێن و کردەیەک کە بگیرێتەبەر بۆ ڕێگری لە هێرشی ئەلیکترۆنی یاخود کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی.

ئامانجی ئاسایشی ئەلیکترۆنی پاراستنی سیستەم، ئەپڵیکەیشنەکان، کۆی ئامێرەکان، داتای هەستیارو گرنگ و بابەتە داراییەکانی تاکەکان و دامەزراوەکانە لە ڤایرۆسی کۆمپیوتەرو هێرشە فیدییەکان و جۆرەکانی هێرشی دیکە.

هێرشە ئەلیکترۆنییەکان توانای ئەوەیان هەیە کە بازرگانییەکان بشێوێنن و زیانیپێبگەیەنن، یاخود بە تەواوەتی لەناویببەن، ڕێژەی قوربانیانی ئەم کردەوانە بەردەوام لە زیادبووندایە. بۆ نموونە: بە پێی ڕاپۆرتی نرخی ئامێرە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان (IBM) بۆ دزەکردنەناو داتاکان و زانیارییەکان لە ساڵی (٢٠٢٣)دا:

-نرخی ڕێژەی ناوەندی دزەکردنەناو داتاکان لە ساڵی (٢٠٢٣)دا (٤.٤٥) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بووە، کە ڕێژەی (١٥٪) بە بەراورد بە سێ ساڵی ڕابردوو زیادیکردووە.

-ڕێژەی ناوەندیی دزەکردنەناو داتاکان لە ڕێگەی هێرشی ڕانسەم و داواکاریی فیدییە لە (٢٠٢٣)دا زۆر زیاتربووە، کە (٥.١٣) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بوو. ئەم ڕێژەیە پارەی

دراوی فیرییەکان لەخۆناگرێت، کە ئەویش بڕی (١٥٤٢٣٣) دۆلاری ئەمریکی بوو، کە بە ڕێژەی (٨٩٪)ی ساڵی ڕابردوو زیاترە.
لێکدانەوەیەک ئەوە دەخاتەڕوو کە تاوانە ئەلیکترۆنییەکان بڕی (١٠.٥) ترلیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆ هەر ساڵێک تا ساڵی (٢٠٢٥) لە سەر ئابووریی جیهان دەکەوێت.
فراوانبوونی بابەتە باوەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری لەم ساڵانەی ڕابردوودا ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت:
- زیادبوونی ڕێژەی پشتبەستن بە کۆمپیوتەرەکان کە بە سیستەمی کلاود کاردەکەن،
- ئاڵۆزبوونی تۆڕەکانی ئینتەرنێت،
- کارکردنی دوورمەوداو کارکردن لە ماڵەوە،
- پرۆگرامەکانی(BYOD) ، کە داوادەکەن کە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی خۆت بهێنیت،
- ئامێرە بەیەکەوەبەستراوەکانو هەبوونی هەستەوەرەکان لە هەموو شتێکدا، لە جەرەسی دەرگاوە بۆ ئەو تایبەتمەندییانەی لە ئۆتۆمبێلەکاندا ڕێکردنی ئۆتۆمبێلەکە لە سەر هێڵی جادەکان دروستدەکات.
هەموو ئەم پێشکەوتنە باوانە سوودی بازرگانیی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دەردەخات، بەڵام دەرفەتی زیاتر بۆ هێرشی ئەلیکترۆنیو تاوانبارە ئەلیکترۆنییەکان بەردەستدەخات. جێی سەرسوڕمان نییە کە لە توێژینەوەیەکدا لەم دواییانە ئەوە خراوەتەڕوو کە بۆشایی لە ژمارەی فەرمانبەرانی بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنی (٣.٤) ملیۆن فەرمانبەرە لە سەرتاسەری جیهاندا (بۆشایی لە نێوان ئەو فەرمانبەرانەی ئێستا کار لە ئاسایشی ئەلیکترۆنی دەکەنو ئەو شوێنی کارانەی هەیەو دەبێت پڕبکرێنەوە). تیمی ئاسایشی بەرپرس لە سەرچاوەکان تیشکیانخستووەتەسەر پەرەپێدانی ستراتیجی ئاسایشی ئەلیکترۆنی فراوانو گشتگیر کە لێکدانەوەی پێشکەوتوو، زیرەکیی دەستکردو خۆکردەیی بەکاربهێنێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییە ئەلیکترۆنییەکان بە شێوەیەکی کاریگەرترو کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی هێرشە ئەلیکترۆنییەکان.
جۆرەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی (بوارەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی) ستراتیجییەکی بەهێزی ئاسایشی ئەلیکترۆنی هەموو چینەکانی ژێرخانی تەکنەلۆژیای زانیاری، یاخود بوارو دۆمەینەکان لە هێرشو هەڕەشەی ئەلیکترۆنی دەپارێزێت.

## ئاسایشی ژێرخانی پێویست

ئاسایشی ژێرخانی پێویستی سیستەمە کۆمپیوتەرییەکان، ئەپڵیکەیشنو بەرنامەکان، هێڵەکانی ئینتەرنێتو داتاو سەرمایە دیجیتاڵییەکان دەپارێزێت، کە کۆمەڵگە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، ئابووریی تەندروستیو سەلامەتیی گشتی پشتیپێدەبەستێت. لە

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، پەیمانگەی نەتەوەیی بۆ تەکنەلۆژیاو ستانداردەکان (NIST) چوارچێوەیەکی کاری ئاسایشی ئەلیکترۆنیی پەرەپێداوە بۆ یارمەتیدانی دابینکەرانی تەکنەلۆژیای زانیاری لە ناوچەکەدا. بەشی ئاسایشی نیشتیمانیی ویلایەتە یەکگرتووەکان، دەزگای ئاسایشی ئەلیکترۆنیو ئاسایشی ژێرخان (CISA) ڕێنوێنیی زیاتر دەستەبەردەکات.

## ئاسایشی تۆڕی ئینتەرنێت

ئاسایشی ئینتەرنێت ڕێگری لە دەستگەیشتن یاخود چوونەناوەوەی ڕێپێنەدراو دەکات، هەروەها ڕێگری لە پێشینەیی دەکات لەو هێرشە ئەلیکترۆنیو دزەکردنەناو تۆڕەکانی ئاسایشەوەو دەیاندۆزێتەوە. لە هەمان کاتدا ئاسایشی تۆڕەکانی ئینتەرنێت یارمەتیدەرە بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کە بەکارهێنەرە ڕێپێدراوەکان بە سەلامەتیو لە کاتی خۆیدا دەستیاندەگات بەو سەرچاوانەی لە تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا پێویستیان پێیەتی.

## ئاسایشی خاڵی کۆتایی (Endpoint)

خاڵە کۆتاییەکان یاخود ئێندپۆینتەکان، سێرڤەرەکان، دیسکتۆپەکان، لاپتۆپەکانو ئامێرەکانی مۆبایل، بە خاڵی بنەڕەتیی چوونەناوەوە دادەنرێن بۆ هێرشە ئەلیکترۆنییەکان. ئاسایشی خاڵی کۆتایی یاخود ئێندپۆینت، ئەم ئامێرانەو بەکارهێنەرەکانیان دەپارێزێت لە دژی هێرشەکانو تۆڕەکانیش دەپارێزێت لەو کەسانەی خاڵە کۆتاییەکان یاخود ئێندپۆینتەکان بەکاردەهێنن بۆ دەستپێکردنی هێرشەکانیان.

ئاسایشی بەرنامەو ئەپڵیکەیشنەکان

ئاسایشی ئەپڵیکەیشنەکان، ئەپڵیکەیشنەکانی کە لە سەر ئامێرەکە ئیشدەکەنو ئەو ئەپڵیکەیشنانەیش کە لە کلاوددا کاردەکەن، دەپارێزێت، ڕێگریدەکات لە بەکارهێنانی ڕێگەپێنەدراو بۆیانو بەکارهێنانی بەرنامەکانو داتای پەیوەندیدار پێیانەوە. هەروەها ڕێگریدەکات لەو کەموکورتیو خاڵە لاوازانەی لە دیزاینی ئەپڵیکەیشنەکەدا هەیە، کە هاککەرەکان دەتوانن بەکاریبهێنن بۆ دزەکردنەناو تۆڕەکانەوە. میتۆدی مۆدێرنی پەرەپێدانی ئەپلیکەشنەکان، وەک ((DevOps)و (DevSecOps))، ئاسایشو تاقیکردنەوەی ئاسایش لە پرۆسەی دروستکردنو پەرەپێدانەکاندا بونیاددەنێن.

## ئاسایشی کلاود

ئاسایشی کلاود خزمەتگوزارییەکی ڕێکخراوی بنچینەداری کلاودو بابەتەکانی، ئەپڵیکەیشنەکان، داتا، کۆگا، ئامرازەکانی پەرەپێدان، سێرڤەرە نابەرجەستەکانو

ژێرخانی کلاودەکە دەپارێزێت. بە شێوەیەکی گشتی، ئاسایشی کلاود لە سەر بەرپرسیاریەتیی هاوبەشی مۆدێلەکەی کاردەکات، کە تێیدا دەستەبەرکەری کلاودەکە بەرپرسە لە سەلامەتیی خزمەتگوزارییەکانیو ئەو ژێرخانەی بەکاریدەهێنێت بۆ گەیاندنیان. کڕیارەکان بەرپرسیارن لە پاراستنی داتا، کۆدو بابەتەکانی دیکەی لە کلاودەکەدا هەڵیدەگرن، یاخود بەکاریدەهێنن. وردەکارییەکان جیاوازەو دەگۆڕێت بە پێی ئەو خزمەتگوزارییانەی لە سەر کلاودەکە بەکاردەهێنرێت.

### ئاسایشی زانیاری

ئاسایشی زانیاری هەوڵدەدات بۆ پاراستنی گشت زانیارییە گرنگەکانی دامەزراوەکان، فایلە دیجیتاڵییەکانو داتاکان، دۆکیومێنتە پەڕاوییەکان، میدیای بەرجەستەو تەنانەت گوتاری مرۆڤەکانیش، دەیانپارێزێت لە بەدەستگەیشتنی ڕێپێنەدراو، دزەکردن یاخود بەکارهێنانو گۆڕانکاری تێیاندا. ئاسایشی داتا یان پاراستنی زانیاریی دیجیتاڵی، بەشێکە لە ئاسایشی زانیاریو تیشکدەخاتەسەر ئەو ڕێکارانەی پەیوەندییان بە ئاسایشی زانیارییەوە هەیەو گرێدراون بە ئاسایشی ئەلیکترۆنییەوە.

### ئاسایشی مۆبایل

چەندین جۆری پسپۆڕیو تەکنەلۆژیای دیاریکراوو پەیوەندیدار بە مۆبایلە زیرەکەکانو ئامێرەکانی مۆبایل لەخۆدەگرێت، بە ئەپڵیکەیشنەکانی بەڕێوەبردنی مۆبایلەکان (MAM)و بەڕێوەبردنی جوڵە لە دامەزراوەکەدا (EMM). بەم دواییانە ئاسایشی مۆبایل وەک بەشێک لە چارەسەری بەڕێوەبردنی یەکگرتووی خاڵی کۆتایی یاخود ئێندپۆینتەکان (UEM) بەردەستخراوە، کە کۆنفیگرەیشنەکان بەڕێوەبردنی ئاسایشەکان بۆ چەندین ئێندپۆینتی وەک ئامێرەکانی مۆبایل، دیسکتۆپەکان، لاپتۆپەکانو چەندانی دیکە چالاکدەکات، لە یەک سەرچاوەی کۆنترۆڵکردنەوە.

### مەترسییە باوەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی

#### بەرنامەی زیانبەخش (Malware)

ماڵوێر کورتکراوەی (malicious software)ە، کە بریتییە لە هەر کۆدێکی سۆفتوێر یاخود پرۆگرامێکی کۆمپیوتەر. کە بە مەبەست وا نوسراوە. زیان بە سیستەمی کۆمپیوتەرەکە یاخود بەکارهێنەرەکانی بگەیەنێت. هەموو هێرشێکی ئەلیکترۆنی لەم سەردەمەدا، جۆرێک لەم پرۆگرامە زیانبەخشانە لەخۆدەگرێت.

هاککەرەکانو تاوانبارە ئەلیکترۆنییەکان، ماڵوێرەکان دروستدەکەنو بەکاریدەهێنن

بۆ چوونەناوەوەی ڕێپێنەدراو بۆ سیستەمەکانی کۆمپیوتەرو داتا هەستیارەکان، سیستەمەکانی کۆمپیوتەرەکە دەدزنو لە دوورەوە کارپێدەکەن، سیستەمەکە تێکدەدەنو زیانیپێدەگەیەنن، یاخود داتاکانی دەوەستێننو سیستەمەکە بەبارمتەدەگرنو پارەی زۆری لە بەرانبەردا پێوەردەگرن.

## ڕانسەموێر

جۆرێکە لە پرۆگرامە زیانبەخشەکان، کە داتاکانی قوربانییەکە بەکۆددەکاتو هەڕەشەی ئەوە دەکات کە بە کۆدکراوی بیهێڵێتەوە یاخود "خراپتر"، ئەگەر قوربانییەکە پارەنەدات بە هێرشبەرەکان. بە پێی ئاسایشی (IBM)و هێزەکانی ڕێبەری هەڕەشەی زانیاری (٢٠٢٣)، هێرشکەرە ڕانسەموێرییەکان ڕێژەی (١٧٪)ی هەموو هێرشە ئەلیکترۆنییەکانی ساڵی (٢٠٢٢)یان پێکهێناوە. کە دەڵێین: "خراپتر"، مەبەستمان لەوەیە ڕانسەموێری ئەمڕۆی پێدەناسرێتەوە لەوانەی پێشوو. هێرشە ڕانسەموێرییەکانی پێشوو داوای یەک پارەدانی دەکرد لە بەرانبەر کلیلی کردنەوەی کۆدەکاندا. ئەمڕۆ هێرشی دوو پارەوەرگرتنە، کە دووەم پارەداواکردن بۆ ڕێگرییە لە بڵاوکردنەوەی داتاو زانیارییەکانی قوربانییەکە. هەندێکیان سێ بڕە پارە داوادەکات، کە هەڕەشەدەکات لە دەستپێکردنی نکۆڵی لە هێرشکردنەسەر خزمەتگوزارییەکە، ئەگەر پارەکان نەدرێت.

## ڕاوکردن

هێرشەکانی ڕاوکردن بریتین لە ئیمەیڵ، نامە یاخود نامەی دەنگی، کە بەکارهێنەرەکان هەڵدەخەڵەتێنێت بۆ دابەزاندنی ماڵوێرەکان، یاخود بەشداریکردن بە زانیاریی گرنگو هەستیار یان ناردنی کۆمەک بۆ کەسانی هەڵە. زۆرینەی بەکارهێنەران ئاشنان بە شێوازی فێڵی ڕاوکردنی بەکۆمەڵ، ئیمەیڵی زۆرو نوسینی زۆر، کە وا دەریدەخەن لەلایەن کۆمپانیایەکی گەورەو باوەڕپێکراوەوە بێت، داوا لە بەکارهێنەران دەکەن کە وشە نهێنییەکانیان دووبارە بنوسنەوە، یاخود زانیاریی هەژماری بانکییەکانیان دووبارە داخڵبکەنەوە، بەڵام فێڵی ڕاوکردنی پێشکەوتووتر بریتییە لە ڕاوکردنی تاکو ئیمەیڵی بازرگانیی گرنگ، کە ئەو تاکە تایبەتانە یاخود ئەو گروپانە بەئامانجدەگرێت کە دەتوانێت داتای بەنرخو بڕێکی زۆر پارەیان لێبدزن. ڕاوکردن یەک جۆری ئەندازیاریی کۆمەڵایەتییە، کە بریتییە لە جۆرێکی تاکتیکەکانی هاککردنی مرۆڤو هێرشەکان، کە فێڵی سایکۆلۆژی بەکاردەهێنێت بۆ فریودانو فشارخستنەسەر کەسەکان بۆ بڕیاردانی ناڕاست.

## مەترسیی ناوەکی

مەترسیی ناوەکی ئەو مەترسییانەیە کە لە بەکارهێنەر، فەرمانبەر، بەڵێندەرانو هاوبەشە بازرگانییەکانەوە سەرچاوەدەگرێت، کە بە مەبەست یان بە بێئاگایی بەدەستگەیشتنە یاساییەکانیان بە هەڵە بەکاردەهێنن، یاخود هەژمارەکانیان لەلایەن تاوانبارە ئەلیکترۆنییەکانەوە تالاندەکرێت. دیاریکردنی مەترسییە ناوەکییەکان قورسترە لە مەترسییە دەرەکییەکان، لەبەرئەوەی نیشانەی چالاکیی ڕێگەپێدراویان هەیە، هەروەها بەرچاوە بۆ پرۆگرامە ئەنتیڤایرۆس، فایەروالو چارەسەرە ئاسایشییەکانی دیکە، کە بەر بە هێرشە دەرەکییەکان دەگرێت.

یەکێکی دیکە لەو ئەفسانانەی بەردەوام لە ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا باسیدەکرێت، بریتییە لەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان هەموویان لە مەترسییە دەرەکییەکانەوە سەرچاوەدەگرن. لە ڕاستیدا، بە پێی توێژینەوەیەکی نوێ، (٤٤٪)ی هەڕەشە ناوەکییەکان کارەکتەرە زیانبەخشەکان بۆی هۆکارن، هەروەها تێکڕای تێچووی هەر ڕوداوێکی سەرچاوەگرتوو لە کارەکتەرە زیانبەخشەکان لە ساڵی (٢٠٢٢)دا (٦٤٨٠٦٢) دۆلاری ئەمریکی بوو. توێژینەوەیەکی دیکە ئەوەی دەرخستووە کە ڕێژەی سازشی هەڕەشە دەرەکییەکان (٢٠٠) ملیۆن تۆمار بووە، ئەو ڕوداوانەی لە کارەکتەرەکانی مەترسیی ناوەکییەوە سەرچاوەیگرتووە، هۆکار بووە بۆ زیاتر لە یەکملیار تۆمار.

## هێرشی ڕەتکردنەوەی خزمەتگوزاریی دابەشکراو (DDoS)

هێرشی ڕەتکردنەوەی خزمەتگوزاریی دابەشکراو (DDoS) هەوڵدەدات کە سێرڤەرەکان، ماڵپەڕەکان یاخود تۆڕەکانی ئینتەرنێت تێکبشکێنێت بە پڕکردنیان بە جەنجاڵی، کە زۆرینەی کات لە ڕێگەی بۆت_نێتەکانەوەیە، کە بریتییە لە تۆڕێکی چەند سیستەمی دابەشکراو، کە تاوانبارە ئەلیکترۆنییەکان تالانیدەکەن، بە بەکارهێنانی ماڵوێرەکانو ئۆپراسیۆنە لە دوورەوە کۆنترۆڵکراوەکان.

قەبارەی زۆری جیهانی هێرشەکانی (DDoS) لە ماوەی بڵاوبوونەوەی پەتای (کۆڤید-١٩) دا کرا. بە شێوەیەکی زیاتر، هێرشکەرەکان هەردوو جۆری هێرشی (DDoS)و وەرگرتنی پارەیان بەکاردەهێنا، یاخود زۆر بە سادەیی هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد کە هێرشی (DDoS) بکەن، ئەگەر ئامانجەکە بڕەپارەی داواکراوی پێنەدابان.

## ئەفسانە باوو مەترسیدارەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی

سەرەڕای زیادبووی ژمارەی ڕوداوەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە سەرتاسەری جیهاندا، زیاتر فێردەبین لەو زیانیارییانەی لە ڕوداوەکانەوە کۆیدەکەینەوە، هێشتا تێنەگەیشتنی

مەترسیدار لە ئارادایە.

•**وشەی نهێنیی بەهێز بە تەنها پارێزگاری قبوڵکراوە.** وشەی نهێنیی بەهێز گۆڕانکاری دروستدەکات. بۆ نموونە: وشەیەکی نهێنی کە (١٢) کاراکتەر پێکهاتبێت، (٦٢) ترلیۆن جاری زیاتری دەوێت بۆ شکاندن وەک لە وشەیەکی نهێنی، کە (٦) کاراکتەرە، بەڵام لەبەرئەوەی هاککەرەکان دەتوانن وشە نهێنییەکان بدزن، یاخود بەرتیلبدەن بە فەرمانبەرانی دامەزراوەکانو کەسانی دیکە، کە لە ناو دامەزراوەکاندا کاردەکەن، بۆ دزینیان، ناکرێت وشەی نهێنی تاکە ڕێگە بێت بۆ پاراستنی دامەزراوەو تاکەکەسەکانیش.

•**مەترسییە باوەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی ئاشکراو زانراون.** لە ڕاستیدا ڕووبەری مەترسییەکان بەردەوام لە فراوانبووندایە. ساڵانە هەزاران خاڵی لاواز دەخرێنەڕوو لە ئەپڵیکەیشنە کۆنو نوێیەکانو ئامێرەکاندا. ئەگەرەکانی هەڵەی مرۆڤەکان، بە تایبەتی لەلایەن فەرمانبەری کەمتەرخەمو ئەو کەسانەی بەبێ مەبەست هۆکارن بۆ دزەکردنی داتاکان، بەردەوام لە زیادبووندایە.

•**هەموو هێرشە ئەلیکترۆنییەکان هەڵگریان تێدایە.** تاوانبارە ئەلیکترۆنییەکان بەردەوام هەڵگرو گوێزەرەری نوێ دەدۆزنەوە، لە ناویاندا سیستەمی لینەکس، تەکنەلۆژیای ئۆپراسیۆنی (OT)، ئامێرەکانی ئینتەرنێتی بابەتەکان (IoT)و ژینگە کلاودییەکان.

•**پیشەسازییەکەم سەلامەتە.** هەموو پیشەسازییەک پشکی خۆی لە مەترسییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی بەردەکەوێت، بە هۆی ئەوەی ڕکابەرە ئەلیکترۆنییەکان بەردەوام بە دوای هەلێکدا دەگەڕێن بۆ بەکارهێنانی پێداویستییەکانی هەموو هێڵەکانی پەیوەندی لە ناو حکومەتو دامەزراوە تایبەتەکاندا. بۆ نموونە: هێرشکەرە ڕانسەموێرەکان زۆرترین ڕێژەی کەرتەکان بەئامانجدەگرن بە بەراورد بە ڕابردوو، کە لە ناویاندا حکومەتە خۆجێییەکان، دابینکەرانی خزمەتگوزارییە تەندروستییە قازانجنەویستەکانە. مەترسییەکان لە سەر زنجیرەکانی دابینکردن، وێبسایتە حکومییەکان و ژێرخانە گرنگە دیاریکراوەکانیش زیادیکردووە.

•**تاوانبارە ئەلیکترۆنییەکان هێرشناکەنەسەر بازرگانییە بچووکەکان.** بەڵێ، هێرشدەکەنەسەر بازرگانییە بچووکەکان. بۆ نموونە: لە (٢٠٢١)دا، (٨٢٪)ی هێرشە ڕانسەموێرییەکان ئەو کۆمپانیایانەیان بەئامانجگرتووە کە لە (١٠٠٠) کارمەند کەمتریان هەیە، (٣٧٪)ی ئەو کۆمپانیایانە کەمتر لە (١٠٠) کارمەندیان هەبووە.

**تەکنەلۆژیا سەرەکییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیو باشترین پراکتیزەکردنەکان**

تەکنەلۆژیاو باشترین پراکتیزەکردنەکانی باسیدەکەین، دەتوانێت یارمەتیی

دامەزراوەکەت بدات کە ئاسایشێکی ئەلیکترۆنیی بەهێز دابمەزرێنێت، کە خاڵە لاوازەکانت کەمبکاتەوە بەرانبەر بە هێرشی ئەلیکترۆنیو زانیارییە گرنگەکانی سیستەمەکەت بپارێزێت، بەبێ ئەوەی دەستوەربداتە ئەزموونی بەکارهێنەرو کڕیارەکانت.

### مەشقی هۆشیاری ئاسایش

مەشقی هۆشیاریی ئاسایش یارمەتیی بەکارهێنەرانی دەدات لە کردە زیانبەخشەکان تێبگەن، لە بەکارهێنانی هەمان وشەی نهێنیی سادە بۆ ژمارەیەک هەژمارو زۆر بڵاوکردنەوەی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە ئەگەری هێرشکردنەسەر خۆیانو دامەزراوەکەیان زیاددەکات. ئەم مەشقکردنە سیاسەتی پاراستنی داتا لەخۆدەگرێت، کە یارمەتیی کارمەندەکان دەدات داتای گرنگی کەسیو دامەزراوەکەیشیان بپارێزن. بە هەمان شێوە یارمەتیدەرە بۆ ناسینەوەی هێرشەکانی ڕاوکردنو ماڵوێرەکان.

### بەڕێوەبردنی دەستگەیشتنو ناسنامە

بەڕێوەبردنی دەستگەیشتنو ناسنامە (IAM) ڕۆڵو ئیمتیازاتەکانی هەر بەکارهێنەرێک دیاریدەکات، هەروەها ئەو دۆخەی کە تێیدا ئیمتیازەکانیان پێدەدرێت، یاخود ڕەتدەکرێتەوە. تەکنەلۆژیاکانی (IAM) سەلماندنی فرەهۆکار لەخۆدەگرێت، کە تێیدا بە لایەنی کەمەوە داوای سەلماندنێکی زیاتر دەکات، جگە لە ناوی بەکارهێنەرو وشەی نهێنی، هەروەها سەلماندنێکی گونجاو، کە بە پێی دەقەکە سەلماندنی زیاتری پێویستە.

### بەڕێوەبردنی ڕوکاری هێرش

بەڕێوەبردنی ڕوکاری هێرش (ASM) بریتییە لە دۆزینەوە، شیکاری، چارەسەرو چاودێریی بەردەوامی خاڵی لاوازی ئاسایشی ئەلیکترۆنیو هۆکارەکانی هێرش، کە ڕوکاری هێرشی دامەزراوەیەک دروستدەکەن. بە پێچەوانەی بەندو بەستەکانی بەرگریی ئەلیکترۆنی، (ASM) بە تەواوەتی لە ڕوانگەی هاککەرەکانەوە ڕێنوێنیدەکات، وەک لە ڕوانگەی بەرگریکارەوە. ئامانجەکان دەناسێتەوەو مەترسییەکان دەخاتەڕوو، بە پشتبەستن بەو هەلانەی دێتەبەردەم هێرشکەرەکان.

### دیاریکردنی مەترسی، خۆپارێزیو وەڵامدانەوە

دامەزراوەکان پشتدەبەستن بە تەکنەلۆژیای شیکاریو زیرەکیی دەستکرد بۆ ناسینەوەو وەڵامدانەوەی هێرشی گریمانەییو حەتمییەکان لە پێشینەدا، لەبەرئەوەی

مەحاڵە بتوانیت بەر بە هەموو هێرشە ئەلیکترۆنییەکان بگریت. ئەم تەکنەلۆژیایانە کۆمەڵێك بابەت لەخۆدەگرنو لە هەمان کاتدا تەنها بەمانەوە پەیوەست نین، زانیاریی ئاسایشو بەڕێوەبردنی ئیڤێنت (SIEM)، ڕێکخستنی ئاسایشو خۆکردەییو وەڵامدانەوە (SOAR)، دیاریکردنی خاڵی کۆتایی (ئێندپۆینت)و وەڵامدانەوە (EDR)، بە شێوەیەکی گشتی ئەم تەکنەلۆژیایانە وەک بەشێک لە پلانی وەڵامدانەوەی فەرمی بۆ ڕووداوەکان بەکاردەهێنرێن.

**چاکبوونەوە لە دوای کارەسات**

تواناکانی چاکبوونەوەو خۆڕێکخستنەوەی دوای ڕووداوێکی کارەساتئامێز ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە بەردەوامیی بازرگانی لە حاڵەتی هێرشی ئەلیکترۆنیدا. بۆ نموونە: دەکرێت شکستهێنان لە پاڵپشتی، کە لە شوێنێکی دووردا هەڵگیراوە، هۆکار بێت بۆ دەستکردنەوەی بازرگانییەکە بە ئۆپراسیۆنەکانی لە دوای هێرشێکی ڕانسەموێری، تەنانەت پێویستنەکات پارەکەیش بدات.

**سەرچاوە:** وێبسایتی دامەزراوەی نێودەوڵەتی ئامێرە بازرگانییەکان

# چەمکی جەنگی ئەلیکترۆنی و ئاسایشی ئەلیکترۆنی

نووسینی: د. شویرب جیلالی
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**پێشەکی**

سەردەمی ئێستا یاخود سەردەمی مۆدێرن بە سەردەمی تەکنەلۆژیا دادەنرێت، کە دەستی بە سەر هەموو لایەنەکانی ژیاندا گرتووەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە خێراییەکی زۆر گەشەدەسێنێت، هەتا وایلێهاتووە مەودای ئەلیکترۆنی بووەتە بڕبڕەی پشتی ژیانی مۆدێرنو هاوچەرخ بۆ تاکو وڵاتانو هێڵی ئینتەرنێت بووەتە هۆکارێکی دیار بۆ بەیەکگەیشتنو پەیوەندیکردنو ئامرازێکە بۆ بەستنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووری لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی.

ئێستا کاری هەموو سێکتەرەکانی دەوڵەت بچووکبووەتەوەو خۆی لە کۆمەڵێک داتاو زانیاریدا، کە لە کۆمپیوتەردا تۆماردەکرێن، دەبینێتەوەو هەمان شت بۆ داتای تاکەکانیش لە ئارادایە، لە سەر ئەم بنەمایە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەتی ململانێکانی نێوان وڵاتان، ڕوویان لەم مەودای ئەلیکترۆنییە کردووە، کە بووەتە ئامرازێک بۆ بەرگریکردنو هێرشکردن ئەم جۆرە هێرشانەیش پێیدەگوترێت هێرشی ئەلیکترۆنی، هەروەها لەگەڵ ئەمەیشدا هەندێک ڕێوشوێنی پاراستنی زانیاری هەیە، هەموو وڵاتێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەیگرێتەبەر، یان شەڕی ئەلیکترۆنی لە حاڵەتە مەترسیدارەکانە، کە تێیدا چەمکی تەقلیدی شەڕەکان گۆڕاوەو

ململانێی نێودەوڵەتیی زیاتر سیمایەکی ئەلیکترۆنی بەخۆیەوەدەبینێت، کە چیتر گرنگی بە چەمکە تەقلیدییەکانی ململانێ نادات.
بەم پێیە هەر لایەنێک خاوەنی زانیاریەکان بێت، خاوەنی هێزو دەسەڵاتە، هەروەک چۆن شەڕی ئەمڕۆ شەڕی زانیارییە، کە پێویستی بە لێکۆڵینەوە لە بابەتەکەو زانینی واکەوتی ئەمڕۆو ڕادەی کاریگەریی تەکنەلۆژیای مۆدێرن لە سەر دەسەڵاتو ئاسایشی دەوڵەتەکان هەیە، کە ئەگەری سنووربەزاندنی هەیە، ئەمەیش تەنیا لەلایەن دەوڵەتێکی دوژمنەوە ناکرێت، بەڵکو لەوانەیە لەلایەن تاکێک، کۆمەڵێک، یان جەستەیەکەوە لە شێوەی ئامرازێکی فشارو زۆر جار ئامرازێکی لەناوبردن بۆ ئەوانی دیکە ڕوبداتو جیهانی مۆدێرن شایەتحاڵی جۆرێک لە ململانێی لەو جۆرەیە، کە بووە بە هۆی وێرانکردنی سەرتاسەری بە خێراییەکی ترسناک.
بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بەم چەمکە نوێیەی ململانێ نێودەوڵەتییەکان، کە کاریگەرییەکانی بۆ سەر حکومەت زیاترە تاکو بۆ سەر تاکەکان، بۆیە ئەرکی وریابوونو بەشداریکردن لە بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە بووەتە ئەرکێکی هاوبەش لە نێوان هەموو لایەنەکاندا، بۆیە بە پشتبەستن بەوانەی سەرەوە، بەو شێوەیە کێشەی توێژینەوەکە دەخەینەڕوو:
چۆن فەزای ئەلیکترۆنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییە مۆدێرنەکانی لە ئاشتیو شەڕدا دارشتووەتەوە؟ ئەم کێشەیە چەندین پرسیاری لاوەکی لەخۆدەگرێت، وەک لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەکەین.

**و اتای چەمکی هێرشو بەرگریی ئەلیکترۆنی چییە؟**

**ئایا تایبەتمەندییەکانی ململانێی ئەلیکترۆنی لەگەڵ یاسا مرۆییەکانی ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا دەگونجێت؟**

با هەوڵبدەین لە ڕێگەی دوو باسەوە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، باسی یەکەممان تەرخانکردووە بۆ ناساندنی شەڕی ئەلیکترۆنیو ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە خوازەی یەکەمدا چەمکی شەڕی ئەلیکترۆنیو تایبەتمەندییەکانیمان پێناسەکردووە، پاشان لە خوازەی دووەمدا لەوەمان کۆڵیوەتەوە کە هەتا چەند ئاسایشو ڕەهەندەکانی ئەم جۆرە جەنگە مۆدێرنە لەگەڵ یاسای مرۆیی نێودەوڵەتیدا دەگونجێت، یان کەوتووەتەژێر کاریگەرییەوە لە ڕێگەی خوازەی یەکەمەوە، کە بۆ گفتوگۆکردن لە سەر جێبەجێکردنی ڕێساکانی ئەم یاسایە بۆ جەنگە ئەلیکترۆنییەکانو لە خوازەی دووەمدا باسمان لە کۆی بۆچوونە فیقهیو یاساییەکانی نێوان لایەنگرانو نارازییەکانی یاساکە سەبارەت بە گونجاویی ئەم یاسایانە لە جەنگە نوێو جیاوازەکاندا کرد.
لە توێژینەوەکەماندا، ئێمە ڕێبازی پەسنیو شیکاریمان گرتووەتەبەر بۆ خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی چەمکو زانیارییەکان، هەروەها سەبارەت بەو توێژینەوانەی کە

مامەڵەیان لەگەڵ ئەم بابەتەدا کردووە، لە ناویاندا کتێبێکی نوسەر محەمەد سەعد مەحموود هەیە، بە ناونیشانی جەنگی ئەلیکترۆنیو ئامرازەکانیو هاندەرەکانیو زیانەکانی، کە توێژینەوەیەکی بەم دواییە لە ساڵی (٢٠٢٠) بڵاوکراوەتەوە.

**باسی یەکەم: چەمکی جەنگی ئەلیکترۆنیو ئاسایشی ئەلیکترۆنی**

کێشەی یەکەم بریتییە لە دیاریکردنی چەمکی جەنگە ئەلیکترۆنییەکان، دونیای ئەمڕۆ بووەتە دونیای زانیاری؛ هەر کەسێک خاوەنی زانیارییەکان بێت، دەسەڵاتی هەیە، هەر بۆیە بووەتە یەکێک لە پێشینە یەکەمییەکانی سەرەوەی وڵاتانو تاکەکان، چۆن ببنە خاوەنی زانیاریو چۆنیش بیپارێزن، پێشوو باسەکە لە سەر تاوانی ئەلیکترۆنیو ساختەکاریی ئەلیکترۆنی بوو، بەڵام ئێستا بووەتە جەنگی زانیاریو ئاسایشی زانیاری، یاخود جەنگی ئەلیکترۆنیو ئاسایشی ئەلیکترۆنی، کە بووەتە تایبەتمەندییەکی سیاسەتەکانی ئاسایشی نیشتیمانی لە هەموو وڵاتانی جیهاندا.

**خوازەی یەکەم: چەمکی جەنگی ئەلیکترۆنی**

هەموو دیاردەیەک ڕەگوریشەی هەیە، کە ئێمە دواتر باسی دروستبوونو گەشەسەندنی دەکەین، لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئینتەرنێتدا وەک تۆڕێکی پەیوەندیی جیهانی مۆدێرن، چەمکەکان گۆڕاونو سروشتی پەیوەندییە نێودەوڵەتیو تاکەکەسییەکان لەگەڵیاندا گۆڕاوەو فەزای زانیاری هەڵگری چەندین کارلێکو ئاڵۆزییە لە نێوان مرۆڤەکانو لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا جۆرێکی نوێ لە تاوان سەریهەڵداوە، ئەویش تاوانی ئەلیکترۆنییە، کە زۆر جار هەتا ئاستی جەنگی ئەلیکترۆنی پەرەیسەندووە، لەگەڵ ئەو ئەنجامە وێرانکارییانەی کە جەنگ بە دوای خۆیدا دەیهێنێت، لەبەرئەوە پێویستە لەگەڵ بناغەکانی سەرهەڵدانی ئەم شەڕەو ئەوەی کە بە چیەتیی ئاشنابین، پاشان باسی تایبەتمەندییەکانی دەکەین.

**لقی یەکەم: بنەماو پێناسەی جەنگی ئەلیکترۆنی**

(Kybernetes) کە وشەیەکی یۆنانییە، بە واتای سەرکردایەتیو دەستبەسەرداگرتن لە دوورەوە دێت، میشێل شمیت هێرشی ئەلیکترۆنیی بەم شێوەیە پێناسەکردووە: "ئەو ڕێوشوێنانەیە کە دەوڵەت دەیگرێتەبەر، بە مەبەستی هێرشکردنەسەر سیستەمی زانیاریی دوژمن بە ئامانجی کاریگەریدانانو زیانپێگەیاندنیانو بەرگریکردن لە سیستەمی زانیاریی دەوڵەتی هێرشبەرو ئەگەر هێرشە ئەلیکترۆنییەکان ببنە هۆی ململانێیەکی چەکداری بە هۆکاری ئەوەی هێرشێکی ئەلیکترۆنییە، ئیتر پەلاماردان بێت، یاخود بەرگریکردن بێت لە خۆی، کە ڕەنگە ببێتە هۆی برینداركردن، کوشتنی خەڵک، یان زیانگەیاندنو لەناوبردنی موڵکوماڵی خەڵک بووەتە جەنگێکی ئەلیکترۆنی

لە چوارچێوەی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتیدا، جەنگی ئەلیکترۆنی بەوە جیادەکرێتەوە کە مەوداکەی بێسنوورەو ئامانجی ناڕوونی هەیە، چونکە لە ڕێگەی تۆڕو سیگناڵەوە کۆنترۆڵدەکرێت، کە سنوورە نێودەوڵەتییەکان بە خێراییەک دەبڕن کە لەگەڵ واقیعی خێرایی زانیاری لەم سەردەمەدا بگونجێت، کە دەبێتە هۆی وێرانکارییەکی بەرفراوان لە دژی دامەزراوە چالاکەکانی دەوڵەتانو لە ئەگەری شەڕی چەکداریدا هێرشێکی ئەلیکترۆنی، کە تۆڕەکانی زانیاریی دەوڵەتەکان تێکدەدات، لەوانەیە کاریگەریی لە سەر هاوڵاتیانی مەدەنی هەبێتو لە پێداویستییە سەرەتاییەکانی وەک ئاو، چاودێریی پزیشکیو کارەبا بێبەشیانبکات.

هێرشی ئەلیکترۆنی بەم شێوەیە پێناسەدەکرێت: "ئەو ڕێوشوێنانەیە کە لایەنەکان لە شەڕێکی چەکداریدا دەیگرنەبەر بۆ بەدەستهێنانی سوودو سەرکەوتن بە سەر نەیارەکانیاندا، لە فەزای ئەلیکترۆنیدا سوودەکان بە زیانگەیاندن، لەناوبردن، لەکارخستنی یان چوونەناو سیستەمی کۆمپیوتەریی دوژمن یان بەدەستهێنانی زانیاریی نهێنی (سیخوڕی ئەلیکترۆنی) بەدەستدەهێنرێن." هەر کاتێک لە چوارچێوەی شەڕێکی چەکداریدا بێت، کە بگاتە ئاستی جەنگ، زاراوەی "جەنگی ئەلیکترۆنی" ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت بۆ مەبەستی هێرشبەرانەو ئەوانەی ئەم کارانە دەکەن، پێیاندەگوترێت هاککەر (hackers)، واتە هاککردن بۆ مەبەستی ئەخلاقی وەک وەرگرتنەوەی هەژمارە کەسییەکانو بۆ پارێزگاریکردن لە لاوازییەکانی ئەو سیستەمەی کە لە ویندۆزدا بەکاردەهێنرێت، چونکە سیستەمێکە کە زانستیانە لە هونەرەکانی هاککردن دەکۆڵێتەوە.

زاراوەی سایبەر بەکاردێت بۆ پەسنکردنی هەموو شتێک کە پەیوەندیی بە تۆڕە ئەلیکترۆنییەکانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتو فەزای ئەلیکترۆنییەوە هەیە، هەموو شتێک کە پەیوەندیی بە کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتو بەرنامە جۆراوجۆرەکانی وەک فەیسبووکو وەتسئەپو ئەوانی ترەوە هەیە...

مەترسیی جەنگی ئەلیکترۆنی لەوەدایە کە سیستەمی کۆمپیوتەرو تۆڕو ڕێکخراوەکان بە شێوەیەکی زۆر نایاسایی ئیستیغلالدەکات، کە ئەمانە کارەکانیان پشت بە پەیوەندییە دیجیتاڵییەکان دەبەستێت، بە ئامانجی زیانگەیاندن لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ تێکدان، ڕێگریکردن، یان لەناوبردنی سەرچاوەکانی سیستەمی زانیاری یان خودی زانیارییەکانەوە.

سەرهەڵدانی شەڕی ئەلیکترۆنی دەگەڕێتەوە بۆ داڕمانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵی (١٩٩١)، کە ڕووبەڕووبوونەوەکانی نێوان ڕوسیاو ئۆکرانیا دەستیپێکردو بۆ ئەم مەبەستەیش ڕوسیا بۆ پەرەپێدانی بەرنامەکانیو شێوازەکانی هێرشکردن کاریکردو یەکەم هێرشی ئەلیکترۆنیی خۆی بۆ سەر سیستەمی زانیاریی دامەزراوە تایبەتەکانو دامەزراوە دەوڵەتییەکانی ئۆکرانیا لە ساڵی (٢٠١٣) کرد.

لە لایەکی ترەوە چەمکی جەنگی ئەلیکترۆنی پەیوەستە بە هێرشی ئەلیکترۆنییەوە بە سەرکردایەتییەکی سەربازی، کە دەچنەناو سیستەمی ئەلیکترۆنیی جیهانییەوەو ئەو کردارانە دەکەن کە زیان بەو ئامێرانە دەگەیەنن کە ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، وەک دزینی زانیاریی تایبەتو هاوشێوەکانی، کە هەتا ڕادەیەک ڕەنگە ببێتە هۆی ڕودانی شەڕی ئەتۆمی.

لەگەڵ گەشەسەندنی ئینتەرنێتدا، دەزگا هەواڵگرییە نێودەوڵەتییەکانی هەر وڵاتێک لە هەوڵی ئەوەدان کە ئەو تۆڕانە لە شەڕە نێودەوڵەتییەکانیاندا بقۆزنەوە، بە دزەکردن بۆ ناویان، کۆنترۆڵکردنیان، پەکخستنیان، ڕەتکردنەوەی داتاکان، لەناوبردنیان، یان کۆنترۆڵکردنیان بۆ ئەوەی دەوڵەتی دوژمن ملکەچبکەن، زاراوەی جەنگی ئەلیکترۆنی بەم شێوەیە پێناسەدەکرێت: ئەو کارانەی کە لەلایەن هەر دەوڵەتێک یان ڕێکخراوێکەوە یان گرووپێکەوە دەکرێن بۆ چوونەناو کۆمپیوتەر یان تۆڕەکانی وڵاتێکی ترەوە، بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنیان یاخود کۆنترۆڵکردنیان، زیانپێگەیاندنیان، یان لەکارخستنیان بە ناردنی نامەیەک، کە بە زمانی دیجیتاڵیی (ژمارەیی) دوانەیی، کە پێکهاتووە لە ژمارەکانی (٠)و (١) نوسراوە.

شایانی باسە، جەنگی ئەلیکترۆنی جەنگە تەقلیدییەکانی وشکانیو دەریاییو ئاسمانی هەڵناوەشێنێتەوە، لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا خەڵکو وڵاتانی گەشەسەندوو یان پێشکەوتوو دەستیان بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت کرد، فەزای ئەلیکترۆنی دروستبوو، ئەمەیش لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای زانیاریو پەیوەندییەکان دروستدەبێت، کە بووە ئامرازێک بۆ گەشەپێدانی ئابووریو کۆمەڵایەتی.

وڵاتانی جیهان کەوتنەژێر کاریگەریی ئەم فەزایەوە، بە تایبەتی لە گواستنەوەی زانیاریو داتاکانو جەنگەکان لە خواستی لەناوبردنی دوژمنەوە بۆ خواستی کۆنترۆڵکردنی دوژمنو دەستگرتن  بە سەر کردەوەو ڕەفتارەکانیدا گۆڕاوەو بووە هۆی هاتنەکایەی چەمکی جەنگی زانیاریو جەنگی ئەلیکترۆنی، کە لە ناوەڕۆکەکەیدا ئەم ئاڕاستە نوێیە لەخۆدەگرێت، لەبەرئەوەی ململانێی نێوان لایەنەکانی فەزای ئەلیکترۆنی بووەتە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندیی ماددی نێوانیان، فەزای ئەلیکترۆنی بووەتە بوارێکی ئاڵۆزی ماددیو مەعنەوی، کە کۆمەڵێک شت لەخۆدەگرێت، ئەوانیش کۆمپیوتەر، سیستەمی تۆڕو بەرنامەسازی، زانیاریی کۆمپیوتەر، گواستنەوەو هەڵگرتنی داتاو بەکارهێنەرانی هەموو ئەمانە.

### لقی دووەم: تایبەتمەندییەکانی جەنگی ئەلیکترۆنی

شەڕە ئەلیکترۆنییەکان بەم شێوەیە لە شەڕە تەقلیدییەکان جیادەکرێنەوە:

١. جەنگی دیجیتاڵی جەنگێکی تەکنیکیی پێشکەوتووە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بناغەکەی هێڵی ئینتەرنێتە، کە بەوە جیادەکرێتەوە کە بەردەوام لە گەشەسەندنو

جـۆراوجـۆری‌و داهێـنـانـدایـە لـە ئـامـرازو تـەکـنـیـکـەکـانـیـدا، هـەروەهـا پـەیـوەسـتـە بـە بەرژەوەندیی سەرەکیی وڵاتانەوە.
٢. جیادەکرێتەوە بەوەی کە خێرایەو توانای پەردەپۆشکردنی ڕاستییەکانی هەیە، ئەمەیش ئەفزەڵیەت بە هێرشبەر دەبەخشێت بە سەر بەرگریکاردا.
٣. جەنگێکە کە ئامانج‌و کاریگەریی دیارینەکراوی هەیە، بەو پێیەی مەترسییەکانی ڕەنگە لە بەرەکانی جەنگی تەقلیدی زیاتر درێژبێتەوە، بۆئەوەی کاریگەریی زیاترو بەهێزتری هەبێت لە شوێنە سەرووەرو هەستیارەکانداو دوور لە بازنەی جەنگی تەقلیدی.
٤. شکستهێنان بە فۆرمە ناسراوەکانی بەرپەچدانەوە، بەو پێیەی هێرشە ئەلیکترۆنیەکان زۆر جار هیچ شوێنەوارو بەڵگەیەک لە دوای خۆیان بەجێناهێڵن، هەروەها ئەو وێرانکارییەی بە هۆی جەنگە ئەلیکترۆنییەکانەوە دروستدەبێت، ڕەنگە سیخوڕی‌و دزەکردن‌و بۆردومان بێت، بەبێ ئەوەی هیچ خوێن‌و پاشماوەیەک بە دوای خۆیدا بهێنێت، ئەمە جگە لەوەی کە لایەنەکانی ئاشکرا نین‌و کاردانەوەکانی مەترسیدارن، لە ڕێگەی لەناوبردنی ماڵپەڕەکانی سەر ئینتەرنێت بۆردومانی بە لافاوێکی ڤایرۆس‌و تەقاندنەوەی‌و ڕەنگە فراوانیی ئەم فەزایە ڕێگەبدات ژمارەی هێرشبەرەکان زیادبکات‌و ململانێکان لە کات‌و شوێنی خۆیدا درێژبێتەوە.
دەکرێت بکەرانی ئەم فەزایە بریتی بن لە دەوڵەت‌و حکومەت، کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان، گرووپە تیرۆریستییەکان، تاک، گرووپە ناڕەزایەتییەکان کە لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوبوونەتەوە، وەک ویکیلیکس (wikileaks)، کە لە بواری سیاسەتدا کاردەکەن‌و گرووپێکن، کە سەر بە ڕێکخراوە ناحکومییەکانن‌و فایلە نهێنییەکانی حکومەتی وڵاتان هەڵدەدەنەوە.
فایلە نهێنییەکانی حکومەتی وڵاتان بڵاودەکەنەوە، کە زانیاریی هەستیارو گرنگ لەخۆدەگرێت، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ناسنامەکەی بکرێت (anonymous)، کۆمەڵێک هاککەری نەناسراون، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گرووپێکی نێودەوڵەتین، لە هەموو وڵاتانی جیهانەوە چەندین هێرشیان بۆ سەر سایتە هەستیارو ئەمنییەکانی وڵاتان‌و حکومەتەکان کردووە، وەک: هاککردنی سایتەکانی پۆلیسی ئەمریکاو هەڕەشەلێکردنیان.
هەڕەشەلێکردنیان بە ئاشکراکردنی فایلە نهێنییەکانە، بۆیە تایبەتمەندبوونی ئەم شەڕانە پەیوەندیی بە تایبەتمەندی فەزای ئەلیکترۆنییەوە هەیە لە ڕووی خێرایی‌و ئاسانکاری‌و بێسنووری بڵاوبوونەوەیانەوە، ئەمە جگە لە نهێنی‌و سەختیی بەدواداچوون بۆیان، یان بەدەستهێنانی بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەو کارە وێرانکەرانەی کە دەبنە هۆی ئەوەی کە هەڕەشەکە گەورەترو ترسناکترو تێکدەرتر بێت بۆ سەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، وایکردووە ئەو کەسەی کە ئەم فەزایە کۆنترۆڵدەکات،

ببێتە لایەنێکی بەهێزتری جەنگەکە، تەنانەت ئەگەر لایەنەکەی دیکەیش سوپای بەهێزی هەبێت،

هەموو ئەمانە پێویستی بە دۆزینەوەی چارەسەری کاریگەرە لەلایەن وڵاتانەوە، کە لەگەڵ ئەم جۆرە شەڕەدا بگونجێت، بۆیە هەنگاویانناوە بەرەو تەرخانکردنی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی خۆیان، وەک: چەمکێکی مۆدێرن بۆ ئاسایشو ئاشتیی نێودەوڵەتی، کە بە وردی باسیدەکەین.

## خوازەی دووەم: چەمکی ئاسایشی ئەلیکترۆنی

بە مەبەستی پاراستنی داتابەیسە هەستیارەکانی هەر وڵاتێک، بە تایبەتی داتاکانی پەیوەست بە دامەزراوەکان یان تەنانەت هاوڵاتیانیەوە، کە ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی پێکدەهێننو بۆیە وڵاتان کاریانکردووە بۆ دەرکردنی یاساو دابینکردنی ئامرازو تەکنەلۆژیا، هەروەها هاوکاری لە نێوان خۆیاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی جۆرەکانی "هاک"، کە کاریگەریی لە سەر ئاسایشیان هەیەو ئابووریان تێکدەدات، جگە لەوەی مافەکانی مرۆڤ پێشێلدەکات، هەروەها کاردەکات بۆ دامەزراندنی ئاسایشی خۆی لە ناو ژینگەی ئەلیکترۆنیدا، بە پێی ئەوەی پێیدەگوترێت ئاسایشی ئەلیکترۆنی، بۆیە باسی چەمکی ئاسایشی ئەلیکترۆنیو ڕەهەندەکانیو پاشان ئەو میکانیزمانەیش دەکەین کە لە چوارچێوەی هاوکاریی نێودەوڵەتیدا بۆ پاراستنیان دادەنرێن.

### لقی یەکەم: گرنگیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی چییە؟

ئاسایشی ئەلیکترۆنی بەشێکی سەرەکییە لە هەر سیاسەتێکی ئاسایشی نیشتیمانی، وڵاتان دەستیانکردووە بە پۆلێنکردنی پرسەکانی بەرگریی ئەلیکترۆنی، وەک پێشینە لە سیاسەتەکانی بەرگریی خۆیاندا، زیاتر لە (١٣٠) وڵات بەشی ئاسایشی ئەلیکترۆنییان لە تیمەکانی ئاسایشی نیشتیمانیی خۆیاندا دەستنیشانکردووەو مەبەست لە ئاسایشی ئەلیکترۆنی پێکهاتەی کۆمەڵێک یاسای ڕێکخراوو ئامرازە تەکنەلۆژییە نیشتیمانیو نێودەوڵەتییەکانە، کە ئامانجیان پاراستنی فەزای ئەلیکترۆنیی نیشتیمانییەو هەروەها گرنگیدان بە پاراستنی داتاکانی تاکەکانو دامەزراوەکانی دەوڵەت لە بەکارهێنانی بێمۆڵەت یان هەر زیانێک بە تۆڕی داتاکان، کەواتە ئاسایشی ئەلیکترۆنی (٣) لایەنی هەیە:

- پاراستنی داتای ئەلیکترۆنیی خەڵک،
- پاراستنی کۆمپانیاکانو دامەزراوەکانی دەوڵەتو داتاکانیانو کڕیارەکانیان،
- پاشان پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانیو سەلامەتیو خۆشگوزەرانیو ژیانی تایبەتیی هاوڵاتیان، بۆئەوەی ئەم داتایە بە شێوازی نایاسایی یان دژی خاوەنەکانی بەکارنەهێنرێت.

ئاسایشی ئەلیکترۆنی بە یەکێک لە لایەنە واکەوتییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکان دادەنرێت، کە چەمکی ئاسایشی نیشتیمانیی وەک بزوێنەری ئەو پەیوەندییانەو پێوەرێک بۆ سەروەریی نیشتیمانی دامەزراندووە، هەروەها بووەتە دڵەڕاوکێیەکی نائاسایی بۆ هەموو وڵاتان، بە لەبەرچاوگرتنی ئامانجی کۆتاییان لە پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی خۆیانو پابەندبوونیان بە ڕێزگرتن لە ئاسایشو ئاشتیی نێودەوڵەتیی هاوتەریب لەگەڵ بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکانو ساختەکاریی ئەلیکترۆنیو مەترسییەکانی دیکە، کە لەگەڵیدا دێن، ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە پێشیانەوە دێت.

ئاسایشی ئەلیکترۆنی وەک کۆمەڵێک ئامرازو پرۆسەی تەکنیکیو تەکنەلۆژی پێناسەدەکرێت، کە بۆ پاراستنی تۆڕەکان، ئامێرەکان، بەرنامەکانو داتاکان لە هێرش یان دەستدرێژیی بێمۆڵەت بەکاردەهێنرێن، هەروەها بە ئاسایشی تەکنەلۆژیای زانیاری یان پاراستنی زانیاری ناسراوە.

"ئەو چالاکییەی کە پاراستنی سەرچاوە مرۆییو داراییەکانی پەیوەست بە تەکنەلۆژیاکانی پەیوەندیکردنەوە مسۆگەردەکات"، پێناسەدەکرێتو گرنگترین ئامانجەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی بریتییە لە:

- پاراستنی ئاسایشو سەقامگیریی کۆمەڵگە،
- پاراستنی سەلامەتیی کاری کەرتە ئەلیکترۆنییەکانی دەوڵەت لە هەر هاککردنێک،
- هەڵگرتنی داتاو زانیاریی ئەلیکترۆنیی گرنگ،
- پاراستنی تۆڕی زانیاری بە شێوەیەکی زانستیو تەکنیکیی ورد،
- کۆدکردنی مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان، بۆئەوەی هیچ هاککەرێک نەتوانێت دەستیپێبگات، کۆدکردن بە یەکێک لە گرنگترین شێوازەکانی پاراستن دادەنرێت.

بەم پێیە ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەگەڵ هەموو وردەکارییە تەکنیکییەکانیدا بۆ بەرگریی نیشتیمانی پێویستەو بۆ پاراستنی کەرتی سەربازی، سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئەمنیی دەوڵەت یەکێکە لەو ستراتیجییە مۆدێرنانەی کە پێویستی بە هەوڵدان هەیە لە هەموو وڵاتێک، لە ڕاهێنانی پسپۆڕانو ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموونەکانو پەرەپێدانی ئەو ئامرازانەی کە بۆ پاراستنی لە خۆی هەیەتیو گەیشتن بە بزاوتی پێشکەوتنی نێودەوڵەتی، کە ئێستا وڵاتانی پێشکەوتوو ئەوانەن کە خاوەنی زانیارینو کۆنترۆڵیاندەکەنو ئەو وڵاتانەیشی لە ڕووی ئابوورییەوە بارودۆخیان باش نییە، ئەوا وڵاتانی دواکەوتووی تەکنەلۆژیان.

**لقی دووەم: ڕەهەندەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی**

بۆئەوەی ئاسایشی نیشتیمانیی یەکگرتوو بۆ وڵاتان لە دژی هێرشە ئەلیکترۆنییەکان بەدەستبهێنرێت، چەمکی ئاسایش چەندین ڕەهەند لەخۆدەگرێت:

**یەکەم/ ڕەهەندی سەربازی:** لەو شوێنانەی کە ئاسایشی ئەلیکترۆنی پەیوەندییەکی

پارێزراوو ئاڵوگۆڕی زانیاریو فەرمان لە دوورەوە بۆ هێزە سەربازییەکان دابیندەکات، دەبێت توانای بەرپەرچدانەوەی هەر هەوڵێکی هاککردن هەبێت، کە ببێتە هۆی لەناوبردنی داتا سەربازییەکانی دەوڵەتی دوژمن، بە جۆرێک کاریگەریی لە سەر ئاسایشی نیشتیمانی هەبێت، وەک چۆن لە ئێران ڕویدا، کاتێک دامەزراوە ئەتۆمییەکانی هاککران.

**دووەم/ ڕەهەندی ئابووری:** گرنگیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی زیاترو زیاتر لە بواری ئابووریدا دەردەکەوێت، چونکە فەزای ئەلیکترۆنی بووەتە بنەمای مامەڵەی بازرگانیو دارایی‌و ئابووری‌و کۆمپیوتەریش بووەتە ئامرازێک بۆ بەرێوەبردنی پیشەسازی‌و ئابووری‌و ئەمەیش بۆ بەدەستهێنانی پێویستی بە گرنگیپێدان هەیە.

**سێیەم/ ڕەهەندی کۆمەڵایەتی:** سایبەرسیکیوریتی فۆڕمێکی گرنگو تەواو جیاواز لە بواری کۆمەڵایەتیدا وەردەگرێت، پێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە ئامرازێکی پەیوەندیی جیهانی لە نێوان مرۆڤەکاندا، کە زانیاری و بیرۆکەیان لێوەردەگیرێت، بەڵام لە لایەکی دیکەوە مۆراڵی کۆمەڵگەی خستووەتە مەترسییەوە، لەوەی کە کاریگەریی لە سەر ناسنامەی خەڵک هەیەو هەڕەشە لە ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەکات، هەر بۆیە دەبێت سەرەتا کار بۆ ئاشنابوون بە چەمکی ئاسایشی ئەلیکترۆنی بکەین‌و دواتر تاکەکان دەربارەی مەترسییەکانی هاککردنی پەروەردەبکەین.

**چوارەم/ ڕەهەندی سیاسی:** ڕەنگە ئاسایشی ئەلیکترۆنی ئامرازێک پێکبهێنێت بۆ پاراستنی زانیاری‌و بەڵگەنامە سەرەتایی‌و هەستیارەکانی کەرتەکانی دەوڵەت، هەر بۆیە دەبێت بەرجەستەبوون هەبێت، بۆئەوەی ناکۆکیی دیبلۆماسی لە نێوان وڵاتاندا دروستنەبێت. لە حاڵەتە مەترسیدارەکاندا پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان شاهیدی شەڕی ڕاستەقینەی توند بوون لە ئەنجامی دزەکردن بۆ ناو ئاسایشی سیاسی، نموونەی هەرە دیاریان شەڕی ڕوسیاو ئۆکرانیایە لە ساڵی (٢٠٢٢)، کە بە شەڕێکی ئەلیکترۆنی دەستیپێکردو بە شەڕێکی ڕاستەقینەی وێرانکەر کۆتایهات.

**پێنجەم/ ڕەهەندی یاسایی:** یاسا ئامرازێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگاکان، هەروەها هەڵگری هەمان ئەرکە لە فەزای ئەلیکترۆنی‌و وڵاتان دەبێت یاسای تایبەتو چوارچێوەی یاسایی دابنێن، کە کاری یاسایی‌و نایاسایی لە فەزای ئەلیکترۆنیدا دیاریبکات، چونکە ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە کە یاسا مامەڵەیەکی توندی لەگەڵ ئەم جۆرە کارانەدا نییە، بە تایبەتی سەبارەت بە یاساکانی سزادان (جنائی). هەروەها ئاسایشی ئەلیکترۆنی بووەتە مافێکی بەکۆمەڵ‌و سەرەتایی‌و چەندین مافی دیکەیش لێیەوە لقیان لێدەرچووە، وەک: مافی دەستگەیشتن بە تۆڕی زانیاریی جیهانی، مافی دروستکردنی هەژماری ئەلیکترۆنی‌و مافی پاراستنی بەرنامەی زانیاری‌و هاوتایە لەگەڵ کۆمەڵێک پابەندبوون، وەک: پابەندبوون بە ئاگادارکردنەوەی لایەنی تایبەتمەند لە کاتی پێشێلکارییەکان، هەموو ئەمانە پێویستیان بە بوونی یاسا هەیە، کە هاوکات بن لەگەڵ ئەم پەرەسەندنەدا.

**لقی سێیەم: میکانیزمەکانی پاراستنی ژینگەی ئەلیکترۆنی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا**

بۆئەوەی ستراتیژێکی ئاسایشی ئەلیکترۆنی دابنرێت، کە دەوڵەت لە خۆی هەر هەڕەشەیەک یان دزەکردنەناو سیستەمی زانیارییەکانیەوە بە سەلامەتی بهێڵێتەوە، پێویستە چوارچێوەی یاسایی‌و ڕێکخراوەیی هەبێت، هەروەها میکانیزمی ڕێکارەکانی پاراستن هەبێت، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە هاوکاریی نێودەوڵەتی‌و خۆپارێزی‌و بەرگریی نێودەوڵەتیدا نوێنەرایەتیدەکرێن، ئێمە ئەم لقە تەرخاندەکەین بۆ چارەسەرکردنی میکانیزمی هاوکاریی نێودەوڵەتی‌و هەروەها بەرنامە جیهانییەکانی پەیوەست بە ئاسایشی ئەلیکترۆنییەوە بە هۆی سروشتی نێودەوڵەتیی شەڕە ئەلیکترۆنییەکانەوە، کە ئاسایشی ئەلیکترۆنیی کردووە بە بەرپرسیاریەتیی ڕێککەوتنێکی هاوبەشی.

**یەکەم:**

هاوکاریی نێودەوڵەتی بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی نێودەوڵەتی شەڕە ئەلیکترۆنیەکان، کارەکانی دامەزراندنی ئاسایشی ئەلیکترۆنی دەبێت ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموون بێت لە نێوان وڵاتاندا، لە ڕووی ڕێکاری و بابەتییەوە بێت، هەروەها لە ڕێگەی ڕێککەوتنی پاراستنی وڵاتانەوە بێت، واتە یاساکان نزیک بن لەیەکەوە، کە ڕێکارە دادوەری‌و ئەمنییەکان لە نێوان دوو وڵاتەکەدا هاوتا بن، جگە لە سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای مۆدێرن، کە وڵاتانی پێشکەوتووی تەکنەلۆژیا خاوەنیانن‌و وڵاتانی دیکە پێویستیان پێیەتی. هاوکاریی نێودەوڵەتی بە پێویستییەکی سەرەکی لە جیهانی ئەمڕۆدا دادەنرێت‌و هیچ وڵاتێک خۆی لێبێبەرینەکردووە، بە مەبەستی پاراستنی ئاشتی‌و ئاسایشی خۆی‌و بۆ پاراستنی ئاشتی‌و ئاسایشی نێودەوڵەتی، نموونەی هاوکاریی نێودەوڵەتی لە بواری فەزای ئەلیکترۆنیدا ڕێککەوتنی وڵاتانە لە لوتکەی جیهانیی (٢٠٠٥) لە سەر پێویستیی دامەزراندنی میکانیزمی کاریگەر لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی‌و نیشتیمانی‌و لە نێوان کۆمەڵگەی زانیاری (WSIS) لە ساڵی (٢٠٠٣) بۆ پێشخستنی هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا، بە هەمان شێوەی ڕێککەوتننامەی ئەوروپا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان، کە ئەو کردارانەی دیاریکردووە کە بە تاوانی ئەلیکترۆنی دادەنرێت، وەک تاوانەکانی دزەنهێنیی زانیارییەکان‌و بەردەستبوونی، کە ڕەنگە ببێتە هۆی شەڕی توند لە نێوان وڵاتاندا. نموونەیەک لەوە ئەوەیە کە لە شەڕی ڕوسیاو ئۆکرانیا لە ساڵی (٢٠٢١)دا ڕویدا، لەگەڵ هاککردنی ماڵپەڕەکانی حکومەتی ئۆکرانیا لەلایەن ڕوسەکانەوە، کە خەریکبوو ژیان لە ئۆکرانیا بە تەواوەتی بوەستێنێت‌و ئاگری جەنگی کردەوەو لە بەرانبەردا ئۆکرانیا ڕووبەڕووی دۆخەکە بووەوە، بە هێرشکردنەسەر سایتەکانی خزمەتگوزاریی ڕوسیا بە شێوەیەکی بەرفراوان.

بە پێی ئەم چوارچێوەیە، وڵاتانی پێشکەوتوو سیاسەتی خۆپارێزی‌و بەرگرییان پەرەپێداوە، وەک ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئوسترالیاو ئینگلتەرا

کردوویانە، بە تەرخانکردنی بڕە پارەیەکی زۆر بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، کە لەم جۆرە ئەنجامانە دەیانپارێزێت، لە ڕێگەی دامەزراندنی ڕێوشوێنی یاسایی‌و ڕێکخراوەیی‌و تەکنیکییەوە بۆ پاراستنی داتاو پاراستنی تۆڕی زانیاری‌و پەیوەندییەکان، جگە لەوەیش، کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی پەروەردەی گشتی‌و ئامرازە مۆدێرنەکانی بڵاوکردنەوەو پەیوەندیکردنەوە، کە بە شمشێرێکی دووسەر دادەنرێت‌و دەتوانێت بەوپەڕی خێرایی‌و ئاسانییەوە خەڵک لە بواری ئەلیکترۆنیدا هۆشیاربکاتەوە.

**دووەم:**

**ا.** بەرنامە جیهانییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی: دەبێت ستراتیژێکی پێشوەختە هەبێت، کە هاوکاریی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی بەرنامەی شرۆڤەکراوەوە بەڕێوەببات، بەرنامەی جیهانی کە لە ساڵی (٢٠٠٧) دانراوە، ئامانجی چەسپاندنی ئاسایشی کۆمەڵگەی زانیارییە لە ڕێگەی بنەمای سەرەکییەوە، کە ئەوانیش ڕێوشوێنی یاسایی‌و ڕێکخراوو تەکنیکی‌و پێکهاتەی ڕێکخراوەیی وەک ناوەندەکانی خۆپارێزی، جگە لە بونیادنانی تواناکان لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی ئەزموون‌و لێهاتوویی‌و ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتی وەک چوارچێوەیەک بۆ هەموو ئەم پرۆسانەی کە باسمانکرد.

**ب.** جاڕنامەی "ئێرتشی" بۆ بنەماکانی ئاشتیی ئەلیکترۆنی (٢٠٠٩)، کە داوای شیکردنەوەی کاریگەری‌و زیانەکانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان دەکات لە لایەک‌و هەڵسەنگاندنی چوارچێوە یاساییەکان، کە ڕێکیاندەخەن لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی‌و پاشان کارکردن بۆ دامەزراندنی ئاسایشی جیهانی‌و دانانی پلانی پاراستن لە داهاتوودا.

شایانی باسە، یەکێک لە گرنگترین ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان، کە باسی لە تاوانە ئەلیکترۆنییەکان کردووە، لایەنی ماددیی جەنگە ئەلیکترۆنییەکان پێکدەهێنێت، پەیماننامەی "بوداپێست"ە بۆ تاوانە ئەلیکترۆنییەکان، کە لە (٢٠٠١/١١/٢٣) دانراوەو لە ئەنجومەنی ئەوروپاوە سەرچاوەیگرتووە، کە ناوەڕۆکی ئەم جۆرە تاوانەو ڕێگەکانی بەرەنگاربوونەوەی تێدا باسکراوە، کە لە ڕووی بابەتییەوە بە تاوانێک لەقەڵەمیداوە، بەڵام لە ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەیەوە ئاماژەی بۆ لایەنی هاوکاریی نێودەوڵەتی‌و ناوچەیی کردووە بۆ یەکخستنی هەوڵەکان، بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ئەم جۆرە تاوانەو وەستاندنی ئەو جەنگانەی کە ڕەنگە لێیدەربچن.

**باسی دووەم: چەمکی جەنگی ئەلیکترۆنی لە دیدی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتییەوە**

سەبارەت بە چەمکی شەڕی ئەلیکترۆنی لە ڕوانگەی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتییەوە، زانایانی یاسای نێودەوڵەتی هەوڵیانداوە ئەو یاسایانەی کە بەکاردەهێنرێن، یاخود جێبەجێدەکرێن لە ناکۆکییە چەکدارییە تەقلیدییەکاندا، بە سەر جەنگی ئەلیکترۆنیدا

پیادەیبکەن، بە تایبەتی لە پاراستنی خەڵکی مەدەنیدا، واتە کەسە ئاساییەکانی ئەم فەزایە، ئێمەیش ئەگەرەکانی ڕودانی ئەوە لە دوو خوازەدا دەخەینەڕوو.

**باسی یەکەم: بەستنەوەی جەنگی ئەلیکترۆنی بە یاسایی مرۆیی نێودەوڵەتییەوە**

جەنگە تەقلیدییەکان بەوە ناسراون کە دڕندەیی‌و شێوازی وێرانکەریان تێدا بەکارهاتووە، کە لە کاتی ململانێدا هیچ پێودانگێکی مرۆیانە لەبەرچاونەگیراوە هەتاکو بنەماکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی هاتنەکایەوە، بوونە پرەنسیپی پابەندکەر، کە وڵاتان لە کاتی ململانێدا دەبێت جێبەجێیبکەن، ئیتر ململانێکە نێودەوڵەتی بێت یاخود نا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو جەنگە مۆدێرنانەیشی کە ئێستا ڕودەدەن، دەبێت ملکەچ بن بۆ ئەو یاسایانە، چۆن دەتوانرێت دڕندەیی هێرشە ئەلیکترۆنییەکان لەگەڵ ئەم یاسایانەدا خۆیان بگونجێنن‌و ڕادەی وێرانکارییان سنووردارбکرێت بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە پلەی یەکەمدا.

**لقی یەکەم: بەستنەوەی چەمکی نوێی جەنگ بە یاسا مرۆییەکانەوە**

بەو پێیەی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی پەیوەندیی بە ململانێی چەکدارییەوە هەیە، چ نێودەوڵەتی بێت یان نا، هێرشە ئەلیکترۆنییەکان هەر کاتێک لە چوارچێوەی ململانێی چەکداریدا بەکارهێنراو بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەربازییەکان دەکرێت بە بەشێک لە ململانێ چەکدارییەکان هەژماربکرێت، دوو بابەت هەیە کە وایانکردووە پێناسەی جەنگی ئەلیکترۆنی دیاریکراو نەبێت‌و کۆدەنگییەکی یەکلاییکەرەوەی لە سەر نەبێت، کە ئایا ملکەچە بۆ ڕێساکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، ئەو دوو بابەتەیش بریتین لە:

١. هێرشی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لە لایەک‌و هێرشکردنەسەر تۆڕەکانی کۆمپیوتەر لە لایەکی ترەوە وەک دیاردەیەکی مۆدێرن.

سەبارەت بە یاساناسانی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی، هێرشی ئەلیکترۆنییان بەوە پێناسەکردووە کە دەوڵەتێک دەیکات‌و لە ڕێگەیەوە هەوڵدەدات بچێتەناو کۆمپیوتەرو تۆڕەکانی دەوڵەتێکی دیکەوە، بە ئامانجی گەیاندنی زیانێکی زۆر یان لەکارخستنیان. "ڕیچارد کلارک‌و ڕۆبەرت کناکی" وا پێناسەیانکردووە کە ئایا چۆن ڕێساکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی بە سەر جەنگە ئەلیکترۆنییەکاندا جێبەجێدەکرێت، بەو پێیەی کە ڕوویەکی تازەو هاوچەرخی ململانێکانی نێوان دەوڵەتانی ئێستایە، کە وادەکات پرسیار لە سەر کاریگەری دروستببێت بەرانبەر بە ئاسایش‌و ئاشتیی دەوڵەتان، هەروەها ناڕوونی لە هێما دیاریکراوەکانی ئەم جەنگەدا هەیەو لەگەڵ ئەوەیشدا دەوڵەتان زۆر پەنایانبردووەتەبەر ئەم جۆرە جەنگانە، لەبەر سروشتی بەکارهێنانی‌و ئاسان گەیشتن بە چەکەکانی وەک ڤایرۆس‌و سیخوڕی‌و دزەکردنی زانیاریی سەربازی‌و ستراتیجی‌و هەروەها بڕێکی زۆر زیانگەیاندن بە لایەنی دوژمن لە ماوەیەکی کورتدا.

مارکۆ ڕۆچینی (marco rochini) وا پێناسەیکردووە کە "خۆگونجاندنی توانا ئەلیکترۆنییە سەربازییەکانە لە پێناوی کاریگەری دروستکردن لە سەر سایتە ئەلیکترۆنییەکانی ترو تێکدانی یاخود لەناوبردنی ئەو سایتانەدا کە زانیاریی مەدەنی یاخود سەربازیی تێدا بێت. "هەندێکی دیکە بە درێژکراوەی جەنگی تەقلیدیو ماددی هەژماریدەکەن، کە سوپاکەی لە هەمان کاتدا لە کەسانی مەدەنیو سەربازی پێکهاتووە، هەروەها بە پلەی یەکەم بە جەنگی مێشکو ئاوەز دادەنرێت، لەبەرئەوەی بەر لە هەر شتێک ئامانجی وێرانکردنی ژێرخانی زانستیو زانیارییەکانی بێبەرانبەرە، کە چەندین کردە لەخۆدەگرێت، وەک: لاوازکردنی تۆڕی دەوڵەتانو پشتیوانییە لۆجستییەکانیانو پێکانی زانیارییە ئابوورییەکانو شێواندنی ناوەڕۆکە ژمارەییو تەکنەلۆژییەکانو چەندین کردەی تری هاوشێوەیان.

سەبارەت بە پێناسە یاساییەکەی، ئەوا هەندێک لە یاساناسان پێیانوایە "سیستەمێکە لە سەر بناغەی ترساندنی خەڵک لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت دروستبوو و کاردەکات بۆ تێکدانی ئاسایشی کەسەکانو گرووپەکانو دامەزراوەکانی دەوڵەتو دەیانخاتە حاڵەتێکی دەروونیی ناخۆشەوەو قەیرانی ئابووریو سیاسیو بەکۆمەڵ دروستدەکات، هەروەها لە ڕووە یاساییەکەوە بە "تیرۆری بێدەنگ" پێناسەکراوە، شارەزایانی ناتۆ بەو شێوەیە پێناسەیانکردووە کە هەموو ئۆپراسیۆنە ئەلیکترۆنییەکان، چ بەرگری یان هێرشبەرانە بن، ڕەنگە ببنە هۆی بریندارپوون یان مردنی مرۆڤ یان زیانگەیاندن بە شتە ماددییەکان. ئەم پێناسەیە پێناسەیەکە دەریدەخات کە ئەم هێرشانە یاخود ئەم جەنگانە تا چ ڕادەیەک پەیوەندیدارن، یان کەوتوونەتەژێر کاریگەریی ڕێساکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتییەوە.

لەو پێناسانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم جەنگانە سەرەڕای بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییە مۆدێرنەکان، بەڵام ئامانجی مرۆڤەکانە لە ڕێگەی کاریگەریی ئەو وێرانکارییەی کە لە سەختترین حاڵەتەکاندا دەیخەنەسەر ژیانیان، یان لە سەر مافەکانی دیکەیان، وەک: مافی ژیانبە شێوەیەکی شایستە، مافی کارکردنیان، یان مافی خاوەنداریەتی، کاریگەرییان لە سەر بەرژەوەندییەکانی کەسانی مەدەنی هەیە، کە هیچ بەشدارییەکیان لە ململانێی ئەلیکترۆنیی نێوان دوو وڵات یان چەند وڵاتێکدا نییە، کە پێویستیان بە پاراستن هەیە بە پێی ڕێسا مرۆییەکان، کە لە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتیدا جێگیرکراون.

**لقی دووەم: جەنگە ئەلیکترۆنییەکانو بنەمای پابەندبوون بۆ ڕێسا مرۆییەکان**

سەرەڕای جەنگی فەزای ئەلیکترۆنی، تەکنەلۆژیای مۆدێرن ئامرازی نوێی هێناوەتەکایەوە، وەکو: فڕۆکەیبێفڕۆکەوانو چەکی سیستماتیکی کارپێکردنی سەربەخۆ، کە ئەمەیش بووەتە کێشەیەک کە ئەم جەنگە پابەند نییە بە ڕێساکانی

یاسای مرۆیی نێودەوڵەتییەوە. ئەگەر ئاماژە بە دەقی مادەی (٣٦)ی پرۆتۆکۆڵی یەکەمی ڕێککەوتننامەی جنێڤ لە ساڵی (١٩٤٩)دا بکەین، کە هەموو دەوڵەتێک کە چەکێکی نوێ بەدەستبهێنێت، یان پەرەیپێبدات، پابەندە بە پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی کە ئایا ئەم چەکە بە پێی ئەم یاسایە قەدەغەکراوە یاخود نا.
بۆمان دەردەکەوێت کە مادەی (٨٢) تەواوکەری ئەوەی کە لە مادەی (٣٦)دا هاتووە، بە مەرجێک کە دەبێت ڕاوێژ بە ڕاوێژکارانی یاسایی بکرێت بۆ ئامۆژگاریکردنی فەرماندە سەربازییەکان سەبارەت بەم بابەتە، ئەمەیش ئەگەری بەکارهێنانی چەکی نوێ بۆ هەر وڵاتێک دەڕەخسێنێت، بەبێ ئەوەی لە ئەرکە نێودەوڵەتییەکانی خۆی لابدات سەبارەت بە ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتیو ڕێزگرتن لە یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکان، سەرەڕای ناڕوونی لە شەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا، بە تایبەتی سەبارەت بە دژواریی جیاکردنەوەی ئامانجە سەربازیو مەدەنییەکان لە ئەگەری هێرشکردن یان هاککردنی ئەلیکترۆنی، بەڵام دواجار ملکەچن بۆ یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، بە تایبەتی لە مەترسیی زیانگەیاندن بە هاوڵاتیانی مەدەنیو شتومەکە مەدەنییەکان. هەمان شت بۆ چەک بە سیستەمی کارپێکردنی سەربەخۆ (چەکی خۆسەر) دەگونجێت کە لە ئاسمانو وشکانیو دەریادا کاردەکەن، ئاڵنگارییەکە لەوە زیاترە کە ئایا ئەم چەکانە دەتوانن لە کاتی جەنگدا جیاوازیبکەن لە نێوان شەڕکەران، مەدەنییەکانو شتە مەدەنییەکانو ئایا دەتوانن پابەندبن بە یاساکانی جیاکاری، خۆگونجاندنو خۆپارێزییەوە لە هێرشکردندا، کە ئەو ڕێسایانەن کە لە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتیدا جێگیرکراونو کەوتوونەتەژێر حوکمی مرۆڤو چاودێریکردنیانەوە، کە ئەمەیش وایکردووە ئەم تەکنەلۆژیایە دوور بێت لە پابەندبوونی تەواوی بە یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکانەوە، فڕۆکەبێفڕۆکەوانەکانیش کەوتوونەتەژێر هەمان دۆخەوە، وەک چۆن زۆر جار بوونەتە هۆی کوشتنو برینداربوونی خەڵکی مەدەنی بە هەڵەو چارەسەری ئەم کێشانە دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتانی لایەن لە جەنگەکەدا لە کاتی بەکارهێنانیدا، چ لە فەزای ئەلیکترۆنی یاخود چەکی سەربازیو هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە هەتا چ ڕادەیەک ئەم کارانە لەگەڵ ڕێساکانی یاسای مرۆییدا دەگونجێت.

## خوازەی دووەم: پاساوەکانی لایەنگرانو بەرهەڵستکارانی گونجاوی یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکان بۆ جەنگە ئەلیکترۆنییەکان

پێویستە ئێمە ئەو ناکۆکییە بەسەربکەینەوە کە سەریهەڵدا دەربارەی ئەوەی کە هەتا چ ڕادەیەک یاساکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی بە سەر جەنگە ئەلیکترۆنییەکاندا جێبەجێدەکرێن بە پێی تایبەتمەندیی خۆیان، کە لە سەر بنەمای نادیاری ئەم جەنگانە لە لایەکەوەو نەبوونی ڕێکخستنی فیقهی یاسایی توند لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیو نیشتیمانی دامەزراوە، کە کۆنترۆڵکردنیانو ڕێژەی زیانەکانیانی قورسکردووە، بۆیە

فیقهی یاسایی دابەشبووە بە سەر لایەنگرانو بەرهەڵستکاراندا، هەریەکەیان پاساوی خۆی هەیە دەربارەی ئەگەری جێبەجێکردنی یاسا مرۆییەکان بە سەر ناکۆکییە ئەلیکترۆنییەکانی زانیاریدا، لە فەزایەکدا کە بە بوونی زانیاری ناسراوە، لە جیاتیی سوپاو چەکو ئێمەیش هەردوو بۆچوونەکە دەخەینەڕوو.

**لقی یەکەم: ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی ناتوانرێت بە سەر جەنگە ئەلیکترۆنییەکاندا جێبەجێبکرێت**

ئەم ڕەوتە لەلایەن هەندێک سیاسەتمەدارو زانای ئەمریکییەوە پێشەوایبدەکرێت لەگەڵ هەندێک لە زانایانی یاسای نێودەوڵەتیدا، کە ڕەتیانکردەوە ڕەچاوی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی بکەن، وەک یاسایەک کە ئەم هێرشە ئەلیکترۆنییانەی تێدا جێگیربکرێت، لەبەرئەوەی ئەم هێرشانە ڕوخسارێکی مۆدێرنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان پێکدەهێننو پاساویان ئەوەیە کە فەزای ئینتەرنێت فەزایەکی ئازادە، کە هیچ دەوڵەتێک دەسەڵاتی بە سەردا نییەو ئەم شەڕانە ناتوانن لە ژێر یەک یاسای هاوبەشدا بن بە هۆی بەشداریکردنی هەموو وڵاتانەوە لەم فەزایەدا.
لەگەڵ ئەوەیشدا، ڕێساکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی هیچ مامەڵەیەکی ڕاستەوخۆ یان ڕێکخستنی ئەم جۆرە هێرشەیان تێدا نییە، چونکە لە ناو ئەو ناکۆکییە چەکدارانەدا هەژمارناکرێت کە کاریگەریی ماددی بەجێدەهێڵێت، هەروەها هێرشە ئەلیکترۆنییەکان دواتر لە سەر دامەزراندنی ڕێساکانی ئەم یاسایە گەشەیانکرد.
لەگەڵ ئەوەیشدا، خودی دەستەواژەی جەنگ بۆ ناساندنی هێرشە ئەلیکترۆنییەکان ڕاست نییە، چونکە جەنگ لە سەر بنەمای بەکارهێنانی سوپای ئاسایی دامەزراوە، وەک پێشوو بە ڕاگەیاندنی ئاشکرای دۆخی جەنگو مەیدانی جەنگ دەستپێدەکات، لە کاتێکدا هێرشە ئەلیکترۆنییەکان لە مەوداو ئامانجەکاندا بە دیارینەکراو دادەنرێن، چونکە سنوورە نێودەوڵەتییەکان تێدەپەڕێننو ئەمەیش وایانلێدەکات لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی نزیکببنەوە وەک لە جەنگ، بە تایبەتی لە ڕووی بەکارهێنانی چەکی زانیاری، هەروەها جەنگی ئەلیکترۆنی لەگەڵ شەڕی ڕاگەیاندنو میدیادا، شەڕی پەیوەندییەکان، شەڕی سیاسی، دەروونیو تەکنەلۆژیو تیرۆریزمەوە تێکەڵدەبێت.

**لقی دووەم: ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت دەتوانرێت یاسای مرۆیی بە سەر جەنگە ئەلیکترۆنیەکاندا جێبەجێبکرێت**

لایەنگرانی ئەم بۆچوونە دەڵێن کە لەبەرئەوەی یاسایی مرۆیی نێودەوڵەتی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن ڕێکدەخات، وەک تەلەفۆنو فاکسو ...هتد لە حاڵەتی ململانێی چەکداریدا، هەر بۆیە توانای ڕێکخستنی هێرشی ئەلیکترۆنیی هەیە، ئەو بنەما یاساییانەی کە لە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتیدا دامەزراون، دەتوانرێت جێبەجێبکرێن لەو

حاڵەتانەی کە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییە تایبەتییەکان بە سەریاندا جێبەجێنابێت، وەکو: حاڵەتی هێرشی ئەلیکترۆنیو لەبەر ئەو هۆکارەیش هەر ڕەفتارو دەستدرێژییەک لە کاتی ململانێی چەکداریدا ڕوبدات، ئەوا بە پێی یاسایی مرۆیی نێودەوڵەتی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

بە گەڕانەوەمان بۆ ماددەی (٣٦) لە یەکەمین پرۆتۆکۆڵی پاشکۆی لە ڕێککەوتننامەی جنێف ساڵی (١٩٤٩) دەبینین، کە دەڵێت: "هەر لایەنێکی ئەم گرێبەستە لە کاتی لێکۆڵینەوەو پەرەپێدانی هەر جۆرە چەکێکی نوێ، ئامرازی جەنگ، یان بەکارهێنانی شێوازێکی نوێی جەنگدا بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئایا ئەم کردارە قەدەغەیە لە هەموو بارودۆخێکدا یان لە هەندێک بارودۆخدا بە پێی ئەم پاشکۆیە یان هەر ڕێسایەکی دیکە لە یاسای نێودەوڵەتی، کە لایەنی ئەم ڕێککەوتنەیە، پێوەی پابەندبێت، بۆیە پێویستە لە سەر دەوڵەتان کە لێکۆڵینەوە لە ڕەوایەتیی هێرشە ئەلیکترۆنییەکان بکەن، لەبەرئەوەی جۆرێکی نوێیە لە چەک لە ژێر ڕۆشنایی ماددەکانی پرۆتۆکۆڵ، کە جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە پشتڕاستدەکاتەوە بۆ هێرشە ئەلیکترۆنییەکانو دادگای دادی نێودەوڵەتی ئەو یاسایانەی جێبەجێکردووە لە پرسی ڕەوایەتیی هەڕەشەکردن بە چەکی ئەتۆمی و بەکارهێنانیدا، کە لە بۆچوونێکی ڕاوێژکاریدا جەختی لەوە کردووەتەوە کە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی گەشەیکردووە، بۆئەوەی بارودۆخی گۆڕاو لەبەرچاوبگرێتو جێبەجێکردنی سنووردار نییە بە چەکەکانی، کە لە ڕابردوودا بەکاردەهات، بەڵکو بە سەر چەکی مۆدێرنیشدا جێبەجێدەکرێت، هەروەها بۆ ڕەچاوکردنی هێرشە ئەلیکترۆنییەکان، نەک ململانێی چەکداریو ئەو پاساوەی کە کردەوەیەکی دوژمنکارانەی تەقلیدیانە نییە، ئەمە لە کاتی ئێستادا بووەتە کێشەیەکی ڕێژەیی، چونکە جەنگی زانیاری نەک تەنها پێوەری بکەرەکە هەڵناگرێت، بەڵکو پێوەری لێکەوتەی کارەکەیش بە شێوەکی گەورەتر هەڵدەگرێت، هەر بۆیە وەکو جەنگە بایۆلۆژیو کیمیاییەکان ملکەچدەبێت بۆ یاسایی مرۆیی نێودەوڵەتی.

بۆمان دەردەکەوێت کە یاسایی مرۆیی نێودەوڵەتی لە کاتی بوونی جەنگی ئەلیکترۆنی لە هەر شوێنێکدا بە شێوەیەکی چڕوپڕ بە سەریدا جێبەجێدەکرێت، هەر هێرشێکی ئەلیکترۆنی یان دزەکردن بۆ ناو داتای ئەلیکترۆنی ناتوانرێت وەک کردەوەی چەکداری سەیربکرێت، چونکە ئەم هێرشانە دەبێت ببنە هۆی زیانگەیاندن یان مردن یان زیانگەیاندن بە ژێرخانی ئەو دەوڵەتەی دەکرێتەئامانجو ئەمە قورسیی جێبەجێکردنی ڕێساکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی بە سەر هێرشە ئەلیکترۆنییەکاندا بە شێوەیەکی کرداری دەردەخات لە ڕێگەی هەندێک بنەماوە، لەوانە: بنەمای ڕێژەیی، بنەمای جیاکاری، بنەمای پێویستیی سەربازی.

## کۆتایی

بەم جۆرە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە جەنگەکانی ئەمڕۆ جەنگی تەکنەلۆژیایە، ئەو پێشبڕکێیەی کە بەرەو خۆپڕچەککردنی تەقلیدی لە دەیەکانی پێشوودا دەستیان بە سەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا گرتبوو، ئێستا بووەتە پێشبڕکێیەک بەرەو دیجیتاڵی، بۆیە هێرشبەرەکە چەکی زانیاری بەکاردەهێنێتو بەرگریکارەکە بەرگری لە ئاسایشی خۆی دەکات بە خاوەنداریەتیکردنو پاراستنی زانیاری، هەروەها دروستکردنی فەزای ئەلیکترۆنی، کە ئەو فەزایەیە لەلایەن هێڵی ئینتەرنێتەوە کۆنترۆڵدەکرێت، لەگەڵ پڕۆسە دیجیتاڵییە هاوچەرخەکاندا، تۆڕەکانی کۆمپیوتەر، سیستەمی داتاو ئامرازەکانی بەیەکڕاگەیشتنو پەیوەندیکردن، بووە هۆی دروستکردنی چەمکێکی جیاواز لە ململانێی نێوان ئەو وڵاتانەی کە جەنگ تێیدا دەکرێت، لە ڕێگەی کردەوەکانی وڵاتانەوە بۆ هێرشکردنەسەر سیستەمی زانیاریی وڵاتانی دیکە، بۆئەوەی زیان بەو سیستەمە بگەیەنن بە لەکارخستنیان، یان زیانگەیاندن یان بەکارهێنانیان بە شێوەیەک کە زیان بە تاکەکان یان کەرتە هەستیارەکانی ئەو دەوڵەتە بگەیەنێت، ئەمەیش ئەوەیە کە واکەوتی نێودەوڵەتی لە زۆربەی ململانێ چەکدارییەکاندا شایەتییداوە کە هێرشی ئەلیکترۆنییان تێدا بەکارهێناوەو کردوویانن بە جەنگ، وەک: جەنگی ڕوسیاو ئۆکرانیا لە ساڵی (١٩٩١) هەتا ئێستا. ئەمانە جەنگێکن کە بە تەکنەلۆژیاکەیان ناسراون، کە لە ناو فەزایەکی دیجیتاڵدا دەخولێتەوە، تایبەتمەندیی خێرایيو گەشەکردنو بێسنووری وەردەگرن، هەروەها نادیاری، کە وایانکردووە کۆنترۆڵکردنی کاریگەرییەکانیانو بەڵگەدۆزینەوە بۆ سەلماندنی ڕوداوەکەیان قورس بێت.

جگە لە نەبوونی ڕوونیی لایەنەکان، لە لایەکی دیکەوە وا لە وڵاتە زیانلێکەوتووەکە دەکات هەوڵبدات ئەم فەزایە لە ڕێگەی ئاسایشی ئەلیکترۆنییەوە بۆ پاراستنی زانیارییەکانی بەکاربهێنێت، واتە کۆی ئەو ئامرازە تەکنیکيو تەکنۆلۆژییانەی کە بەکاردێن بۆ پاراستنی تۆڕەکانو داتا هەستیارەکان لە دزەکردنو هێرشکردن، کە ئەمەیش بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگەو کەرتەکانی دەوڵەتان بە ڕەهەندە سەربازيو ئابووريو کۆمەڵایەتيو یاسايیو سیاسییەکانیشەوە.

بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی ئەلیکترۆنی پێویستە میکانیزمە نێودەوڵەتییەکان دابمەزرێن، بە تایبەتی هەماهەنگیی نێودەوڵەتی، ڕێککەوتنی نێودەوڵەتيو یەکخستنی یاسای سزادان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم جەنگانە. سەبارەت بە یاساکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، کە پارێزگاری لە هاوڵاتیانی مەدەنی دەکات، مشتومڕێکی یاسایی سەریهەڵداوە سەبارەت بەوەی کە هەتا چ ڕادەیەک دەتوانرێت بە سەر جەنگە ئەلیکترۆنییەکاندا

جێبەجێبکرێت، بە ڕەچاوکردنی مرۆڤایەتیو پاراستنی تاکەکان لە زیانەکانیانو لەم ڕوانگەیەوە هەندێک بە "ئامرازی هێرشبەرو بەرگری" پێناسەیانکردووە، کە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە تاکەتانو مردنو زیانی ماددیی دیکە، ئەمەیش بووە هۆی دابەشبوونی بۆچوونەکان لە نێوان ئەو کەسانەی کە پشتیوانی لە ملکەچیی یاسا مرۆییەکان دەکەن، ئەمەیش بە پاساوی چەند یاسایەکی نێودەوڵەتی، لەوانە: ماددەی (٣٦)ی یەکەمین پرۆتۆکۆڵی زیادکراو بۆ پەیماننامەی جنێڤی ساڵی (١٩٤٩)، هەروەها لایەنی دژی ئەوان پاساوی بۆچوونی خۆیان دەدەن، کە ئەو جەنگانە دوای پەرەسەندنی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی گەشەیانکردووە، وەک چۆن لایەنی مادییان نادیارە.
واکەوتی نێودەوڵەتی تیشکدەخاتەسەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو جەنگانەی کە لەم پرەنسیپە مرۆییانە دوورکەوتوونەتەوە، جگە لە چەند شوێنێکی کەم، کە پاراستنی هاوڵاتیانی مەدەنی لەبەرچاوگیراوە، بۆیە ئەمڕۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستی بە بڵاوکردنەوەی ڕوونکردنەوەیە بۆ تاکەکان لە سەر چەند چەمکێک، کە وایانلێدەکات لە بارودۆخی ئەم فەزایە تێبگەنو بە هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن: جیاکردنەوەی ئەم ئەم چەمکە مۆدێرنانە، وەک: جەنگی ئەلیکترۆنی، ئاسایشی ئەلیکترۆنی، تاوانی ئەلیکترۆنی، دزەکردنی ئەلیکترۆنی و ...هتد لە پەروەردەی گشتی لە سەر ئاستی ناوخۆییو نێودەوڵەتیو وەرگێڕانیان بە کولتوورێکی زاڵ لە ناو وڵاتانو تاکەکاندا، چالاککردنی یاسای سزادان، کە ڕێگری لە هەموو هەوڵەکانی دزەپێکردنی ئەلیکترۆنی دەکات دژی وڵاتان، بەڵکو پەرەپێدانی گورزێک یاسای سزادان، کە بە سەر تاوانی ئەلیکترۆنیدا جێبەجێبکرێت، جا لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بێت یان لە سەر ئاستی نیشتیمانی. هۆشیاریی ڕاگەیاندن بە هەمان ئامرازەکانی تەکنەلۆژیاو لە ناو هەمان فەزای ئەلیکترۆنیدا، کە شمشێرێکی دووسەرە، بۆیە دەبێت بەکاربهێنرێت بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی چەمکو مەترسیو کاریگەرییەکانی ئەم جەنگە مۆدێرنانە.
پابەندبوونی وڵاتان بە بنەمای هاریکارییەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم جەنگانە لە لایەکو دامەزراندنی ئاسایشی پێویست لە لایەکی دیکەوە، ئەم پابەندبوونە پێویستی بە جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنانە هەیە کە واژووکراون، یان پێوەیپەیوەستکراونو جێبەجێکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانیان، بە شێوەیەک کە وڵاتان دەستبەرداری پابەندبوونەکانیان نەبن، ئەمەیش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە واکەوتی نێودەوڵەتی سەلماندوویەتی، کە پێشێلی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتیی کردووە.
پەرەپێدانی ڕێساکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی ئەنجامدانی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانەوە هەتا ئاستێک، کە ئەو جۆرە تاوانانە لە خاڵی سەرەتاوە

لەخۆبگرێتو هەموو قۆناغەکانی ئەم جەنگانە کۆنترۆڵبکات، هەروەها لەگەڵ تایبەتمەندییەکانیاندا بگونجێت، بۆئەوەی وێرانکاریی نێودەوڵەتی دروستنەکەن، کە ئەنجامەکەی لەوە زیاترە کە لە جەنگە ئاساییەکان دەکەوێتەوە، چونکە ئەم وێرانکارییە مۆدێرنە توانای ئیفلیجکردنی هەموو کەرتە هەستیارەکانی لە جیهاندا هەیە، لە هەمان کاتو بە هەمان خێرایی جەنگی ئاسایی، ئەگەر بە یاسای ڕێکخراو کۆنترۆڵنەکرێت، کە ئەمەیش کاری یاسای مرۆیی نێودەوڵەتییە.

**سەرچاوە:** گۆڤاری ماف و ئازادییەکان

# ئایا ئاسایشی ئەلیکترۆنی پرسێکی ئاسایشی نیشتیمانییە؟

نووسینی: دانیێل هادی ئێراندووست
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

ئەمە شتێکی چاوەڕوانکراوە، وێڕای هەبوونی سوودە زۆرەکانی لە فەزای ئەلیکترۆنیدا، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێگەخۆشکەرە بۆ زۆرێک لەو کەسانەی کە ئامانجیان بەدەستهێنانی تاوانکارییە. هەڕەشەی ئەلیکترۆنی، دزینی ناسنامەو ساختەکاری؛ چەند ڕێگەیەکن کە پێشتر شایەتییان بۆ داوە، هەروەکو حاڵەتە مێژووییەکان سەلماندوویانە، سەرەڕای ئەوەیش، هەڕەشەکانی فەزای ئەلیکترۆنی تەنیا لەوێدا کۆتایینایەت، لە ڕاستیدا دەتوانن ئەوەندە بەرفراوان بن کە بتوانن زیان بە هەموو نەتەوەکان بگەیەنن. دوای هەموو ئەمانە، هەڵسەنگاندنی هەڕەشەی جیهانیی ئەم دواییەی کۆمەڵگەی هەواڵگریی ئەمریکا (٢٠١٦) "کارە ئەلیکترۆنییەکانو تەکنەلۆژیا"ی وەک پێشینەیەکی سەرەکی خستەپێش هەڕەشە دیارەکانی دیکە، لەوانە: تیرۆر، بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژو دژەهەواڵگری. بە بەراورد بە دە ساڵ لەمەوبەر (پێشوویش)، کە بابەتە ئەلیکترۆنییەکانو تەکنەلۆژیا لە کۆتایی ئەم لیستەدا بوون، ئەمە زەنگی ئاگادارکردنەوەیە بۆ پەرەسەندنیانو ڕاکێشانی سەرنجی بەرچاو بۆ خۆیان. لەبەر ئەم هۆکارە، جێی سەرسوڕمان نییە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ساڵی (٢٠٠٩) دا دەزگای نوێی ئەلیکترۆنیی بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی ئەلیکترۆنی دامەزراند، یان لە ڕاستیدا کاتێک بڕی (٦.٧) ملیار دۆلاری دابینکرد بۆ وەزارەتی بەرگری بۆ ئۆپراسیۆنە ئەلیکترۆنییەکان لە ساڵی ٢٠١٧ دا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم جۆرە کارانە پێویستیان بە بڕێکی زۆر لە پارەی باجدەران هەیە. لە سەرووی هەموو شتێکەوە،

ئایا ئێمە ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی ڕاستی دەبینەوە لە ژیانماندا لەو هێرشانەی کە لە فەزای ئەلیکترۆنییەوە پەیدابوون؟ بە تایبەتتر، ئایا پێویستە ئاسایشی ئەلیکترۆنی بە پرسێکی ئاسایشی ئەلیکترۆنی بزانین؟ تا چ ڕادەیەک؟ لە کاتێکدا لە یەکەمین بەشدا تێڕوانینێکی گشتی خراوەتەڕوو، کە بۆچی ئاسایشی ئەلیکترۆنی ڕەنگە بە تەواوی وەک پرسێکی ئاسایشی نەتەوەیی دانرابێت، لە لێکۆڵینەوەی دووەمدا باس لەوە دەکات بۆچی دەکرێت پێچەوانەکەی بێت. لە دوو بەشی یەکەمدا ئەو ئاستە دەخاتەڕوو کە بۆ هاوتاکردنی قۆناغی سێیەمی ووتوێژەکەیە، کە تێیدا میتۆدناسیی دوو بەشی یەکەم ڕەخنەیلێدەگیرێتو هەروەها جێگرەوەیەکی بۆ پێشنیارکراوەو لێیدەکۆڵرێتەوە. بە تایبەتی کە باس لەوە دەکرێت کە هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان "دەکرێت" وێرانکەر بن بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنی. لە دواییدا، لە کۆتا بەشدا، باس لەوە دەکات کە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاسایشی ئەلیکترۆنی بە پێی تێگەیشتنی وڵاتان بۆ بابەتەکە جیاوازە بە پێی جیاوازی لە چوارچێوەیەکەیدا، بە پلەی یەکەم لە ڕوانگەی گەشەپێدانی تەکنەلۆژییەوە. لە ئەنجامدا گرنگیی ئەم گوتارە بۆ داڕێژەرانی سیاسەت ئەوەیە کە ڕوونیبکاتەوە تا چ ڕادەیەک کارەکتەرە جیاوازەکانو حکومەتەکان، دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، تاکە تایبەتەکان، یان تێکەڵەیەک لەوان پێویستە بەرپرسیار بن بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنی. پێش ئەوەی بڕۆینە بابەتەکەوە، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە هەڕەشەکان بۆ ئاسایشی نیشتیمانی لەم گوتارەدا بەوە ناسراوە کە لە سروشتدا هەیەو کاریگەرییان لە سەر نەتەوە لەئاستی ستراتیجی و سیاسیدا هەیە.

هەریەک لە شارەزایان؛ ڕیچارد ئەی کلارک، جۆن ئارکیلا، دەیڤد ڕۆنفێڵدتو پیتەر ل. لێڤین، لە ناو ئەوانی دیکەدا لەو بڕوایەدان کە جەنگی ئەلیکترۆنی جەنگێکی مسۆگەرە، کە زوو یان درەنگ بەرەو کارەسات دەڕواتو تەواوی نەتەوەیەک (بە تایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکان) دەخاتەسەرچۆکو زۆرێک لە خەڵکەکەی لەو کارەساتەدا دەکوژرێن، ڕەنگە لە شێوەی سایبەر-پێرڵ هاربەر )هێرشە سەربازییە لەناکاوەکەی ژاپۆنییەکان بۆ سەر پیرل هاربەر لە ساڵی (١٩٤١)، کە بووە هۆی چوونەناوەوەی ئەمریکا بۆ جەنگی دووەمی جیهانی (، یان هێرشە ئەلیکترۆنییەکەی (١١) ی سێپتەمبەری ئەمریکا. کلارکو ناکی سیناریۆیەکی بەناوبانگو تایبەتیان خستەڕوو، کە باس لە ڕوداوی لەو جۆرە دەکات. بە کورتی، ئەم سیناریۆیە باس لە زنجیرەیەک هێرشی هاوکات دەکات، کە بە ڕێگەیەک کراون کە پێشتر نەکراوە، کە ئەمەیش باڵە جۆراوجۆرە گرنگەکانی ژێرخانی نیشتیمانی (CNI)، لەوانەیش: تۆڕی کارەبا، تۆڕەکانی پەیوەندی، هەروەها سیستەمی دارایی و گواستنەوە لە ناو ئەوانی تردا هەموویان لە هەمان کاتدا هێرشیاندەکرێتەسەرو پەکدەخرێن. لەم نموونەیەدا، کلارکو ناک دەڵێن: حکومەت بە کردەوە کۆنترۆڵی نەتەوەو پێکهاتە سەربازیو مەدەنییەکانی

لەدەستدەداتو بە ئەگەرێکی زۆرەوە بەرەوڕووی هێرشێکی جوڵەیی ئاسایی دەبێتەوە (واتە لەلایەن دوژمنێکەوە، کە سەرکردایەتییەکەی بڕیاری داگیرکردنی خاکو ملکەچکردنی دانیشتوانەکەی داوە).

لە بنەڕەتدا ئەم باوەڕە پەسەندە لە ڕووی چەند تایبەتمەندییەکەوە بۆ فەزای ئەلیکترۆنی. گرنگترینیان پەیوەندیی هەیە بە باڵادەستیی تاوانەوە لە سەر بەرگری لە ئۆپراسۆنەکانی ئەلیکترۆنی، لەم ڕوانگەیەوە ڕەنگە بەشێک بێت لە دیزاینە ڕاستەقینەکەی فەزای ئەلیکترۆنی، کە سەرەتا لەلایەن تۆڕی ئاژانسی پڕۆژە توێژینەوە پێشکەوتووەکانی وەزارەتی بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە گەشەیسەندووە. هەروەک ڕویداوە، فەزای ئەلیکترۆنی سەرەتا وەک ناوەندێکی ئاڵۆزو پێکەوەبەستراو دروستبووە، بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندییەکی بێسنوور لە نێوان بەکارهێنەرە جیاوازەکاندا. هەرچەندە لەو کاتەدا کەس نەیدەتوانی پێشبینیی ئەگەری مەترسیداربوونی بکاتو بەرگریو ئاسایش بێئاگایانە پشتگوێخران. لە سەر ئەو بنەمایە، بەبێ گوێدانە ئەو ڕێوشوێنە ئەمنییە زۆرانەی کە هەمیشە لە دژی هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان دەگیرێنەبەر، کەموکوڕییە تەلارسازییە حەتمییەکان لە ناو سیستەمەکەدا کەلێنێک دروستدەکەن، کە هەمیشە بە لاوازی دەمێننەوە. ئەوەی دۆخەکە خراپتردەکات، ئەوەیە کە لەگەڵ گەشەکردنی تۆڕە دیجیتاڵییەکانو کارەکتەرەکان کە توانای ئەنجامدانی هێرشی ئەلیکترۆنییان هەیە، ئەگەری سوودوەرگرتن لەو جۆرە لاوازییانە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندایە. بەم شێوەیە، ئەمە چاوەڕوانکراو نییە بۆ کلارکو ناک، ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک لاوازترین نەتەوە بناسن لە جیهانداو بە گریمانەی ئەوەی کە ڕەنگە زۆرترین پەیوەندیی پێکەوەبەستراویان هەبێت. سەرەڕای ئەوەیش، تایبەتمەندییەکی دیکەی فەزای ئەلیکترۆنی ئەوەیە کە بەشدارە لە دۆخێکی باڵای هێرشبردن بە سەر بەرگریدا، کە پەیوەندیی هەیە بە بێناوو بێناونیشان، ڕەتکردنەوەی بڕواپێکراو (واتە کاتێک تۆ هەڵەکە دەکەیت، بەڵام لەبەر نەبوونی بەڵگە بەبێ سزا دەردەچێت، تەنانەت وەک ڕەتکردنەوەی وەک شێوازی ڕوسی). بە کورتی، ئەمانە ئاماژەن بۆ ئاستەنگیی پشتڕاستکردنەوەی ناسنامەی هێرشبەرەکان لە فەزای ئەلیکترۆنیدا، ئەو بارودۆخەی کێشە بۆ قوربانییەکان دروستدەکات بۆ تۆڵەکردنەوە، بەڵکو ترسی سزادانی دوژمنەکان لەلایەن قوربانییەکانەوە کەمدەکاتەوە، بەم شێوەیە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەریی ڕێگریکردن، کە دەیتوانی وەک ئامرازێکی ئاسایشی ئەلیکترۆنی هەیبێت (شانبەشانی بەرگریی ئەلیکترۆنی). تا ڕادەیەکی زۆر، لەبەرئەوەی جیاواز لە ڕۆژانی جەنگی سارد، کە تەنها ژمارەیەکی کەم لە نەتەوەکان خاوەنی چەکی ناوەکی بوون، هێرشی ئەلیکترۆنی لەمڕۆدا ڕەنگە بە ئاسانی لە ناوەوەو دەرەوەی وڵاتان و لەلایەن کارەکتەرە جۆراوجۆرە دەوڵەتییەکان و نادەوڵەتییەکانەوە

بکرێت. هاوکات، هەر چۆنێک بێت، ئەوەی بابەتەکە قورستردەکات (ئەگەر ئەستەم نەبێت)، دیاریکردنی سەرچاوەی هێرشەکەیە، یاخود دیاریکردنی ئامانجی تاوانکارەکەی پشت کۆمپیوتەرەکەوە، بۆ نموونە: ئەگەرێکی زۆر هەیە کە ڕوداو ببێتو ئەویش بە هۆی زیانە لاوەکییەکان یان لێکتێنەگەیشتنەوەیە، هەروەها لە ڕاستیدا ڕێساو یاسا نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە جەنگی ئەلیکترۆنی هێشتا پێویستی بە بەرەوپێشچوونو گەشەپێدان هەیەو یارمەتی بە "پێشگرتنو ڕێگریکردنی ئەلیکترۆنی نادات"، هەروەک ئاسایشی ئەلیکترۆنییش.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەمانە، ئێستا کاتی ئەوەیە ئەوانی دیکە ڕاستەوخۆ بە پێچەوانەوە چییان پێشنیارکردووە، زانای سیاسی؛ تۆماس ڕید لە سەرووی هەموویانەوە باسی ئەوە دەکات کە جەنگی ئەلیکترۆنی هەرگیز لە داهاتوودا ڕونادات. (نوسەرەکانی دیکە کە بۆچوونیان هاوشێوەیە؛ جۆن ڕ. لیندسای (٢٠١٣)، براندۆن ڤالێریانو ڕیان سی مانێس (٢٠١٤)). بە گوێرەی زانای سیاسی؛ ڕید، لەبەرئەوەی فەزای ئەلیکترۆنی (جەنگی ئەلیکترۆنی) ئەو سێ پێوەرە گرنگو سەرەکییەی پێناسەی جەنگ جێبەجێناکات، لە ڕوانگەی تیۆری ستراتیجی کلۆزڤیتزیەوە، جەنگ وەک ئەگەری توندوتیژیو ئامرازی سیاسەت لە سروشتدا هەبێت. لەم ڕووەوە دەیشڵێت: هیچ "ڕوداوێکی ئەلیکترۆنی" لە مێژوودا تا ئێستا هەرسێ پێوەرەکەی پێکەوە بەدینەهێناوە، هەروەها ئەوەی کە ڕەنگە بگوترێت لە نزیکبوونەوەی هێرشێک بە تەواوی بۆ یەک پێوەر زۆر دەگمەنو جێی پرسیارە. زیاتر لەوەیش، بە تایبەتی پێیوایە کە هیچ ڕوداوێکی ئەلیکترۆنی ژیانی تاکێکی نەبردووەو نایشیبات، چونکە بە هۆی زۆریی ڕێگرییەکانەوە، کە ڕێگرە، لە ئەگەری کاریگەریدا جوڵەدەکەن (سایبەری جوڵەیی ئاماژەیە بۆ پۆلێک لە هێرشی ئەلیکترۆنی، کە دەتوانێت ببێتە هۆی زیانگەیاندنی جەستەیی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، برینداربوون یان مردن).

هەروەها زانای سیاسی؛ ڕید، بڕوای وایە کە ڕێگری سەرەکی لەم ڕووەوە ئەوەیە تا ڕادەیەکی زۆر بەرگری سوودبەخشترە وەک لە هێرش، نەک بە پێچەوانەوە. بڕوایشی وایە کە هێرشە ئاڵۆزەکان (کە مەبەست لێی ئەو هێرشانەیە کە پێویستی بە شارەزاییو زیادکردنی سەرچاوەکانەوە هەیە، بە تایبەت کاتو پارە)، کە دەکرێت سەختتربنو لە ئەنجامدا زیانبەخشتر بن، بۆیە هەرگیز نابنە هەڕەشە بۆ سەر دۆخی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، بە هۆی سەختیی کردنیانەوە. بۆ نموونە: ئاماژەی بە هێرشەکەی ستۆکسنێت کرد لە سەر دامەزراوەی پیتاندنی یۆرانیۆمی ئێران لە ناتانز لە دەوروبەری ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٠).

هەروەها وتیشی نەک تەنها پێویستی بە "بریکارێک" هەیە لە شوێنی کردنی کارەکە بۆ بەجێهێشتنی تۆڕی بۆشایی هەوا (لە ڕێگەی کارپێکەری ئەو ئامێرە بچووکانەی بە یوئێسبی (USB) دەبەسترێنەوە بە کۆمپیوتەرەوە)، بەڵکو پێویستی بە پلانێکی درێژخایەن هەیەو بەڕێوەبردنی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانو وەک دەگوترێت ئیسرائیلیش، لەگەڵ هەبوونی ئاستێکی بەرزی شارەزایی‌و زانیاریی تەکنیکی‌و هەروەها تێچووە بەرچاوەکان. تا ڕادەیەکی زۆر، ڕید گوتیشی: ئەو سەختییانە تەنها بووە هۆی چالاکییەکی بێکاریگەر، کە تەنها کاریگەرییەکی کاتی‌و سنووورداری هەبوو لە سەر تواناکانی ئێران بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆم. سەرەڕای ئەوەیش، ڕید ئاماژە بەوە دەکات کە ترس لە زیانە لاوەکییەکان زیاتر دەوڵەتەکان بێهیوادەکات لە بەشداریکردن لە هێرشە هێرشبەرییەکان، ئەمەیش دیسانەوە پێشنیاری ئەوە دەکات کە هێرشبردن تا ڕادەیەک کەمترە لە بەرگری. بە لەبەرچاوگرتنی ئەمانە، ئەوەی کە تا ئێستا دەتوانین تێبگەین، ئەوەیە کە هیچ بۆچوونێکی گشتی نییە کە تا چ ڕادەیەک ئەگەری ڕاستەقینەیی هەیە جەنگی ئەلیکترۆنی ڕوبدات. وەک دەردەکەوێت، تا ڕادەیەک، گفتوگۆ تیۆری جۆراوجۆرەکان بە شێوەیەکی بەرفراوانو بێکۆتا بەردەوامن‌و بۆ هەموو نیازو مەبەستێک بوونەتە دوو گرووپی تەواو دژبەیەک. سەرەڕای ئەوەیش، دەبێت ئەوەیش بڵێین کە تێڕوانێنێکی جێگرەوەیش هەیە، کە تێڕوانینێکی هاوسەنگییەکی ناپەسەند پێشکەشدەکات بۆ ئەو ڕێگانەی کە هەڕەشەی ئەلیکترۆنی ڕەنگە ئاسایشی نیشتیمانی لاوازبکات. ئەم تێڕوانینە بە شێوەیەکی بەرفراوان کارپێکەرە، بە لایەنی کەمەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لە چەمکی بۆچوونی تیۆرییەوە، لە دوو دوایین کارەکانی کریستان ستۆدارد (٢٠١٦a)و (٢٠١٦b)و ڕەنگە لە هەندێک ڕووەوە، ئێریک بایرس‌و جەستن لۆو (٢٠٠٤). ئەم تێڕوانینە تایبەت لە سەر بنەمای تەکنیکی‌و تێگەیشتنی لایەنی جیاوازی پشت ئاسایشی ئەلیکترۆنییە (کە بە تایبەت لەلایەن بەڵگەی ئەزموونی تاقیگەرانەوە بەدەستهێنراوە)و هەروەها لە تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە، کە لە زانستی مرۆڤایەتییەوە بەدەستهێنراوە (لە نێوان شتەکانی دیکەدا لە چەمکە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە)، کە ئەمەیش تێکەڵەیەکی فرەزانستییە لە نێوان زانستی کۆمپیوتەرو زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، کە بۆ بارودۆخی ئێستا گرنگە، بە سەرنجدان لە سەر ئەو بنبەستانەی کە بەردەوامبووە لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆ سەرەکییانەی کە بووەتە هۆی جەمسەرگیری لە لێکۆڵینەوە ئەلیکترۆنییەکان.

بەم جۆرە کاتێک ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە گۆشە جیاوازەکانی لایەنی تەکنیکییەکان لێیدەکۆڵرێتەوە، بەڵگەو ڕەوتەکان دەدۆزینەوە کە ئاماژە بەوە دەکات لە ئەنجامدا گرنگییەکی بێئەندازەی هەیە (توانا) بۆ زیانگەیاندنی بە هۆی هێرشە ئەلیکترۆنییەکانەوە. بە دیاریکردنی گرنگترین لایەن کە دەتوانێت خاڵی دەستپێکی

گرنگ دابینبکات بۆ پشتڕاستکردنەوەی پێشنیارەکە. بە دەستپێکردن لەگەڵ لایەنێک کە پەیوەندیی بە کارەکتەرەکانەوە هەیە، کە توانای بۆ قۆستنەوەی فەزای ئەلیکترۆنی لە مەبەستی جیاوازدا هەیە. وەک ئاماژەمانپێکرد، ئەمڕۆ دەتوانرێت کەمینە نەتەوەکان، گرووپە هاککەرەکان، تاوانبارە تاکەکەسییەکان، تیرۆریستان، سەندیکای ڕێکخراوەکانو تەنانەت تایبەتەکان، هەموو ئەمانە دەکرێت لە سروشتدا فرەنەتەوەیی بن. بە پشتبەستن بەو زانیاریانەی کە باسکراون، بە ڕەچاوگرتنی گۆشەیەکی تر سەبارەت بە شێوازی کارکردنی هێرشە ئەلیکترۆنییەکان؛ وەک دەربازبوون لە ئاسایشی سیستەمی شوێنەکە، ناردنی پەیوەندیی ساختە بۆ قوربانییەکە بە مەبەستی دەستگەیشتنیان بە زانیارییە هەستیارەکانو دزینی پارە یاخود کۆد یان دانانی پرۆگرامی زیانبەخش بۆیان، لەکارخستنی کۆمپیوتەر یان ئامێرەکان، بە کلیککردن لە سەر شتێک دەبێتە هۆی دابەزاندنی بەرنامەی زیانبەخش بۆ کۆمپیوتەرەکەتو دەبێتە هۆی بردنی زانیارییەکانتو پارە گواستنەوە لێی، بەکارهێنەرێکی نایاسایی کە دەستگەیشتنیان بە کۆمپیوتەرێک بەدەستدەهێنێت و لە ڕێیەوە دەتوانێت داتاکانی کۆپیبکات، بەکارهێنەرێکی نایاسایی کە دەستگەشتنیان بە سیستەمی ئاسایشی کۆمپیوتەرەکە بەدەستدەهێنێت، ئەمانەیش لە نێوان چەندین ڕێگەی تردا. لە ئەنجامی ئەوەی پێشوو باسکرا، بە سەرنجدان لە ئامانجەکان دەکرێت حکومەت، هێزی سەربازی، سیستەمی چاودێریی تەندروستیو دارایی، تۆڕی بەکۆمەڵی ئامێرە بەستراوەکان، کە مەبەست لێیان ئەو ئامێرانەیە کە دەتوانن لە ڕێگەی ئینتەرنێت یان تۆڕەکانی تری پەیوەندییەوە زانیاری لەگەڵ ئامێرو سیستەمەکانی تردا دەبەستنەوەو ئاڵوگۆڕدەکەن، کۆمپانیا گەورەکان، پیشەسازییە گەورەکان، وێستگەی ناوەکیو کیمیاییەکان، فڕۆکەوانی، کەرتی ژێرخانە گرنگەکان، هەروەها بەبێ ئاماژەدان بە ئامێرەکانی بەکارهێنەرانی دیکەی وەک مۆبایلە زیرەکەکان. لە بەرانبەردا، ئەو خاڵە لاوازانەی کە لە سیستەمی پەیوەست لە فەزای ئەلیکترۆنیدا هەن، شایەنی شیکردنەوەن؛ وەک دەستکاریکردنی ئامێرەکانی هاردوێر بە زیادکردن یان چاندنی ئامێرە زیانبەخشەکان، کە لە توانایدایە کردارەکانی کۆمپیوتەر یاخود داتاکان تێکبدات، تێکچوون یان باشنەبوونی سیستەمی داڕشتنی پرۆگرامەکان، نەپارێزراویی تۆڕی پەیوەندی، لاوازی لە لێکۆڵینەوەی کارمەندەکان لە ناو دامەزراوە بەنرخەکان، لاوازیی ڕێکخستنو بەڕێوەبردنی ئاسایش، نەبوونی پۆلیسی فیزیکیی کارامە لە پیشەسازییە بەنرخەکانو ناوچە بیناسازییەکانو هەروەها ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی. لە کۆتاییدا ئەو لایەنە تەکنیکییانەی کە ئاماژەمانپێکرد، ئەو ئەگەرە بەرفراوانەن کە دەکرێت ببێتە هۆی ئەگەری پێشێلکردنی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە نەتەوەیەکدا. لەم ڕووەوە، ئەمەیش نموونەکانی ئەم دواییەو پێشوون، کە بەڵگەن لەوەی کە ئەو ئەگەرانە ڕوویانداوەو هەروەها دەکرێت ڕوبدەنەوە لە داهاتوودا بە ڕێگەی دیکە. هەروەک ئاماژەمانپێدا، چەند نموونەیەکی بەرچاوی هێرشە ئەلیکترۆنییەکان لە

مێژوودا باسبکەین، کە لە ناویاندا هێرشی ستۆکسنێت، کە پێشوو باسمانکرد (بۆ سەر دامەزراوەیەکی گەورەی وزەی ئەتۆمیی ئێران). لە ساڵی (٢٠٠٧)دا هێرشی ئیستۆنیا، کە کاریگەریی هەبوو لە سەر حکومەتو سیستەمی دارایىو تۆڕی پەیوەندی لە ناویاندا). هێرشەکەی جۆرجیا لە ساڵی (٢٠٠٨)دا کاریگەریی هەبوو لە سەر فەرماندەیی کۆنترۆڵکردنو لاوازکردنی هێزە سەربازییەکان لە بەرانبەر هێرشە ئاساییەکانداو هێرشی سەر کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکەی سۆنی لە ژاپۆن، کە بووە هۆی لەدەستدانی بڕێکی بەرچاو لە داتاو سەرچاوە داراییەکان. کاتێک ئەم جۆرە بابەتانە ڕەچاودەکرێن لە تێڕوانینە تەکنیکییەکانو کاریگەرییان لە سەر ژیانی ڕاستەقینەدا (لایەنی کۆمەڵایەتی)، ڕەنگە لەوە وردببینەوە کە ڕەوتێک بە شێوەیەکی بەرفراوان بەرەو توانای ڕوداوە ئەلیکترۆنییەکان بە پێوەرێکی بەرفراوان لە زۆربووندایە، کە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن لە ئاستی ستراتیجیو سیاسیی نەتەوەیەک. بەم شێوەیەیش، نەک تەنها ڕێنوێنی لە "لێکۆڵینەوە ئەلیکترۆنییەکان" دەکات بۆ تێگەیشتنێکی ڕەخنەگرانەتر لە سەر مەترسیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، بەڵکو دەبێتە هۆی بێمتمانەیی قسەکانی وەک تۆماس ڕید، کە دەڵێت: هیچ مەترسییەک نییە.

لە ڕاستیدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە تاوانە ئەلیکترۆنییەکان، کە زۆر کات وەک بابەتی تاکی مەدەنی سەیردەکرێت، دەتوانرێت ژێرخانە نیشتیمانییەکان بکاتە ئامانج بۆ بەدەستهێنانی قازانجی تایبەت (دارایی یان جۆرێکی دیکە). بە بیرخستنەوەی بیرۆکەی ئەو تاوانبارە فرەنەتەوانەی کە لەلایەن حکومەتە بیانییەکانەوە پشتگیریدەکرێن بە کردنی ئۆپراسیۆنی ئەلیکترۆنی (بە شێوەیەکی ڕەتکردنەوەی قایلکەرانە)، "ئاماژەیە بۆ دۆخێک یان کردارێک کە دەتوانرێت ئینکاریبکرێت یان ڕەتبکرێتەوە، تەنانەت ئەگەر بەڵگە یان گومانی تێوەگلانی هەبێت." بۆ نموونە: هێرشەکەی ساڵی (٢٠٠٧)ی ئیستۆنیا، کە دەگوترێت لەلایەن گرووپێکی هاککەری ڕوسیاوە بە ناوی حکومەتی ڕوسیاوە کراوە.

سەرەڕای ئەوانەیش، پێویستە باس لەوەیش بکەین کە هەموو نەتەوەیەک بە هەمان شێوەو هەمان ڕێگە ڕووبەڕووی ئاسایشی ئەلیکترۆنی نابنەوە، ئەمەیش لەبەرئەوەی کە ناوەڕۆک لە سەرووی هەموویەوە، ئەوە دیاریدەکات کە تا چ ئاستێک هەڕەشە ئەلیکترۆنییە جیاوازەکان دەبێتە لاوازکردنی ئاسایشی نیشتیمانی. ئەم تێڕوانینە بە تایبەت لەلایەن فۆرێت هارەوە وەرگیراوە، بە گونجاندنی لەگەڵ چوارچێوەی شیکردنەوەی باری بوزان، کە ئامرازە سوودبەخشەکان بۆ لێکۆڵینەوە لەو هۆکارانە پێشکەشدەکات کە ڕەنگە وڵاتانی جیاواز ڕووبەڕووی چ هەڕەشەیەکی ئەلیکترۆنی ببنەوە. ئەم چوارچێوەی شیکردنەوەیە بە واتایەکی دیکە لە سەر بنەمای

دوو هۆکارە؛ "هێز"و "یەکگرتوویی سیاسیو کۆمەڵایەتی". بە کورتی، یەکەمیان ئاماژەیە بۆ تواناکانی ئەلیکترۆنی (لە هەردوو لایەنی بەرگریو هێرشبەریدا)، کە لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتێکدانو دووەمیان بە شێوەیەکی بنچینەیی ئاماژەیە بۆ یەکگرتوویی ناوخۆیی لە ڕوانگەی سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە. بۆ شلۆڤەکردنی ئەوەی ئەم چوارچێوەیە تا چەند دەتوانرێت بە پراکتیکی بکرێت، دەکرێت نموونەیەک بەس بێت.

کۆریای باکوور هەمیشە بە یەکێک لەو وڵاتانە دادەنرێت کە کەمترین زیانیان بەردەکەوێت لە بەرانبەر هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان. بە گشتی ئەم تایبەتمەندییە ڕەنگە بە هۆی لاوازیی ژێرخانی گونجاوی پەیوەندیداری فەزای ئەلیکترۆنیی نەتەوەکەیەوە بێت، کە بە هۆی دواکەوتوویی ئابووریی نەتەوەکەوەیەوەیە، کە ئەمەیش بێگومان جێی سەرسوڕمان نییە. ئەوەی جێگەی تێبینییە، کە کۆریای باکوور سنووردارکردنی چوونەناوەوەو بەکارهێنانی فەزای ئەلیکترۆنی لە بنەڕەتدا خاڵە گرنگەکانی (خاڵە لاوازەکان) هێرشەکان سنووردارەدەکات، کە دوژمنانیان دەتوانن بیانکەنەئامانج. ئەوەی ڕوونە، ئەوەیە کە بێجگە لە سەرکردایەتی یان پرۆگرامە پیشەسازییەکانی هێزە سەربازییەکان، کۆریای باکوور وەک وڵاتێک بە شێوەیەکی کاریگەر بەرگریبکەن لە هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان. لەگەڵ ئەوەیشدا دیارە کە دانیشتوانی کۆریای باکوور، کە وەک خەڵکی نەتەوەکانی دیکە توانای دەستگەیشتنیان بە تۆڕی جیهانییەوە نییە، ئەوەیش بەدووردەزانرێت کە هەرەسپێهێنانو تێکدانی ئەلیکترۆنیی هیچ ئامانجێک بدۆزێتەوە لە کۆریای باکووردا. لەبەر ئەو هۆکارانە، ئەوەیش نادروست نابێت کە ئەگەر لایەنێک ئاسایشی ئەلیکترۆنی وەک بابەتێکی ناگرنگ لە ئاسایشی نیشتیمانی سەیربکات لە ڕوانگەی کۆریای باکوورەوە. سەرەڕای جیاوازییەکان، پێویستە ئەوە لەبیرنەکەین کە هێزو لاوازی لە بابەتەکەدا هەمیشە داینامیکییە، چونکە لە زەمینەکەدا هەموو کاتێک هۆکارەکان دەگۆڕێن. بڵاوکراوەکانی پسپۆڕی کۆمپیوتەر؛ سنۆودۆن یاخود بڵاوکراوە دۆکیومێنتەرییە نهێنییەکان، کە لەلایەن ویکیلیکسەوە بڵاوکرایەوە، بووە هۆی مشتومڕێکی توند لە سەر چاودێریو مافەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، لێکدانەوەی ئەوەی کە چۆن لاوازییەکان لە "یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیو سیاسی" دەتوانن بە شێنەیی بە پێی کات گرنگتر بن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوانە، پێویستە ئاماژە بەوەیش بکەین کە گەشەپێدانی گشتیی تەکنەلۆژیا هۆکاری سەرەکیی بنەڕەتین بۆ هەریەک لە "یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیو سیاسی"و هەروەها "دەسەڵات"، کەواتە ئەوەی ئاماژەپێدەکرێت، ئەوەیە کە ئاسایشی ئەلیکترۆنی ڕەنگە تەنها وەک پرسێکی ئاسایشی نەتەوەیی دابنرێت، کاتێک نەتەوەیەک تەواو گەشەیکردووە، کە تا ئەندازەیەک پشت بە فەزای ئەلیکترۆنی ببەستێت.

بە گشتی مشتومڕە تیۆرییەکان لە سەر ئاسایشی ئەلیکترۆنی بۆ ئامانجی دروستکردنی سیاسەت سنووردارەو هەروەها ئێستا گەیشتوونەتە بارودۆخێکی سەقامگیر، وەک لە دوو بەشی گوتارەکەدا باسکرا، لە سەر ئەوەی بۆچی جەنگی ئەلیکترۆنی مسۆگەرە یاخود نا. بەشی دواتر پێشنیاری بەرنامەیەکی هاوسەنگتری کرد لە سەر بنەمای بەڵگەی توندو زانیاریی تەکنیکی لەگەڵ تێڕوانینێکی ڕەخنەئامێز لە سەر زانستە مرۆڤایەتییەکان. لە کۆتاییدا لە کۆتا بەشدا باس لەوە کرا کە چۆن دەوڵەتە جیاوازەکان ڕووبەڕووی هەڕەشە ئەلیکترۆنییە جیاوازەکان دەبنەوە، چونکە ڕەنگە بە ڕوانگەیەکی جیاواز لەوانی دیکە بڕواننە ئاسایشی ئەلیکترۆنی. بە گشتیتر، ئەو پرسیارەی کە پێویستە ئێستا ڕەچاوبکرێت، ئەوەیە کە بە تایبەتی لە وڵاتانی دیموکراسیی لیبراڵیدا بریتییە لە تەرخانکردنی بەرپرسیارێتیی تایبەت بۆ کارەکتەرە گشتیو تایبەتییەکان بۆ دڵنیابوون لە ئاسایشی ئەلیکترۆنی، لە هەمان کاتدا بەبێ ئەوەی مەترسیبخاتەسەر ئازادییە مەدەنییەکان. هەرچەندە هەنگاوی ئەکادیمیانە سەبارەت بەم بوارە گیراوەتەبەر، بەڵام تەنها زۆر کەمو دەگمەنن. دووبارە کریستیان ستۆداردی، لە نوێترین بابەتیدا باس لە ئاسایشی ئەلیکترۆنیی حکومداری بەریتانیا دەکاتو هەروەها پێویستی بە هاوسەنگکردنی هەماهەنگیو هاوبەشیپێکردنی زانیاری لە نێوان حکومەتو کەرتی تایبەتدا یەکێکە لە چەند نموونەیەکی. لە کۆتاییدا بە پشتبەستن بەوەی لە وتووێژەکەوە تا ئێستا باسمانکرد، ئەوەیە کە تێگەیشتنێکی هاوبەش هەیە بۆ لایەنە تەکنیکییەکان لە ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەگەڵ تێڕوانین لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا ئێستا زۆرترین گرنگیی هەیە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، بە تایبەتی بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە بە ئەندازەیەکی زۆر پێشکەوتوون. ئەو ڕوداوە ئەلیکترۆنییە زۆرانەی کە لە ڕابردوودا بوونە، بەڵگەن لە سەر ئەم وتووێژە، ئاسایشی ئەلیکترۆنی پرسێکی گرنگی ئاسایشی نیشتیمانییە، کە پێویستە بە شێوەیەکی تەواوو وریاییەوە لێیتێبگەین.

**سەرچاوە:** وێبسایتی E- پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

# ڕۆڵی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە بەرگریی نیشتیمانیدا

نووسەران: سالۆمۆن کیستەرز
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

بەرگریی نیشتیمانی یەکێکە لە پێشینەکانی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری، لە سەدەی بیستویەکەمدا، هێرشە ئەلیکترۆنییەکان بایەخی زیاتری پێدەدرێت. لەگەڵ پێشکەوتنی هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان، ڕێوشوێنی بەهێزی ئاسایشی ئەلیکترۆنی بۆ پاراستنی سەروەتو سامانو زانیارییە نیشتیمانییەکان لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستە.

ئاسایشی ئەلیکترۆنی ئێستا بەشێکی تەواوکەری بەرگریی نیشتیمانییە، بۆیە پێویستی بە چاودێریو داهێنانی بەردەوامە، لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی بێشومار لە سیستەمە گرنگەکان پشتدەبەستن بە کۆمپیوتەرو تۆڕەکانی ئینتەرنێت بۆ کارو چالاکییەکانیان، هەر بۆیە هەر کەموکورتییەک یاخود لاوازییەک لە سیستەمەکەدا دەکرێت ببێتە هۆی ئەنجامێکی وێرانکەر. هەر هێرشێک بۆ سەر تۆڕێکی پێکەوەبەستنی ئەلیکترۆنی یاخود سیستەمی زانیاری؛ دەتوانێت ببێتە هۆی تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕێگەی ئاشکراکردنی زانیاریی هەستیارەوە، تێکدانی ژێرخانی گرنگ یاخود تەنانەت ببێتە هۆی لەدەستدانی ژیان. لەم گوتارەدا، ڕۆڵی ئاسایشی ئەلیکترۆنی ڕووندەکەینەوە لە بەرگریی نیشتیمانیدا. هەروەها لێکۆڵینەوە لە جۆرە جیاوازەکانی هەڕەشەی ئەلیکترۆنی دەکەینو تواناکانیانو کاریگەرییان لە سەر ئاسایشی نیشتیمانی، هەروەها ئەو شێوازو ڕێگانەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ ڕێگریکردنو کەمکردنەوەیان، دەخرێتەڕوو.

لە کۆتایی گوتارەکەیشدا، خوێنەر تێگەیشتنێکی باشتری دەبێت بۆ گرنگیی ئاسایشی نیشتیمانی لە پارێزگاریکردنی سامانە نیشتیمانییە گرنگەکاندا بەرانبەر بە هەڕەشەی ئەلیکترۆنی.

**ڕەوشی ئێستای هەڕەشەی ئەلیکترۆنی بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانی**

لەم ساڵانەی دواییدا، هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان وەک هەڕەشەیەکی بەرچاو سەریهەڵدا بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانی، ئەو جۆرە هەڕەشە ئەلیکترۆنییانەی کە ئەمڕۆ دوچاری نەتەوەکان دەبنەوە، جۆراوجۆرو بەربڵاون، ئەو هەڕەشانە دەکرێت شێوازی جۆراوجۆر لەخۆبگرن، لە ناویشیاندا سیخوڕیی ئەلیکترۆنی، جەنگی ئەلیکترۆنی (سایبەری)و تاوانی ئەلیکترۆنی. بە پێی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا، هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان هەڕەشەی بەردەوامو درێژخایەنی پێشکەوتوون، کە زۆر جار حکومەتو دەزگای بەرگریو هێزە سەربازییەکان دەکەنە ئامانج، زۆربوونی ئەم دواییەی حالەتەکانی سیخوڕیی ئەلیکترۆنی، کە لەلایەن وڵاتانو کۆمپانیاکانی جیهانەوە باسکراون، شایەتن بۆ ئەوڕاستییەی کە ئەو سیخوڕییانەی کە لەلایەن دەوڵەتەکانەوە سپۆنسەردەکرێن، لە بەرزترین خاڵدایەو زانیاریی گرنگی ژێرخانو حکومەت دەکاتە ئامانج. جەنگی ئەلیکترۆنی (سایبەری) بەشێکی دیکەی گرنگی بەرگریی نیشتیمانییە. لە جیهانی پێکەوەبەستراوی ئەمڕۆدا، هێزێکی بیانی دەتوانێت بەئامانجگرتنی تۆڕی وزە یاخود سیستەمی ئاوو تۆڕەکانی گواستنەوە، یان ژێرخانە گرنگەکانی تر بە بەکارهێنانی هێرشی ئەلیکترۆنی وێرانکاری بە سەر وڵاتێکدا بهێنێت. لە کۆتاییدا، تاوانی ئەلیکترۆنی بووەتە هەڕەشەیەکی مەزن بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی، چونکە کاریگەرییەکی هەیە بۆ سەر تاکەکانو بازرگانییەکان. تاوانبارە ئەلیکترۆنییەکان زانیاریی کەسیو دارایی هەستیار دەکەنەئامانج، کە ئەوەیش هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانی. لەگەڵ زیادبوونی دیجیتاڵبوونی جیهان زۆر گرنگە کە ئاگادار بین لەو هێرشانەو ڕێکاری پێویست بگیرێتەبەر بۆ پاراستنی سەروەتو زانیارییەکانمان.

**ڕێکارەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەلایەن حکومەتو سوپاوە**

حکومەتو سوپا هەستیان بە پەرەسەندنی مەترسییەکانی هێرشە ئەلیکترۆنییەکان کردووە، هەر بۆیە هەنگاوی گرنگ دەنێن بەرانبەر بەم هێرشە ئەلیکترۆنییانە، یەکێک لە گرنگترین ئەو ڕێکارە گرنگانەی کە حکومەت گرتوویەتیەبەر، بریتین لە بونیادنانی ژێرخانێکی چاودێری بۆ جێبەجێکردنی کارەکیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەلایەن کۆمپانیاو ڕێکخراوەکانەوەو زۆرێک لە وڵاتان دەزگای ئاسایشی ئەلیکترۆنییان بۆ هەماهەنگیی چالاکییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە سەرتاسەری سێکتەرە جیاوازەکاندا دامەزراندووە. بۆ نموونە: وەزارەتی ئاسایشی نیشتیمانیی ئەمریکا کە سەنتەری

نیشتیمانیی یەکخستنی ئاسایشی ئەلیکترۆنیو پەیوەندییەکان (NCCIC) بەڕێوەدەبات، وەک ناوەندێک خزمەتدەکات بۆ حکومەتی فیدراڵیو کۆمەڵگەی هەواڵگریو هەروەها کەرتی تایبەت بۆ هەماهەنگی لە هاوبەشیپێکردنی زانیاریو وەڵامدانەوەی هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، هێزە سەربازییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا وەبەرهێنانێکی زۆر لە ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا دەکەن لە سێکتەری ئاسایشی ئەلیکترۆنی، بۆ نموونە: فەرماندەی ئەلیکترۆنیی ئەمریکا بەرپرسە لە ئۆپراسیۆنەکانی فەزای ئەلیکترۆنیی سەربازیو لەگەڵ تیمێکی جیهانیی پسپۆڕانی ئەلیکترۆنیدا کاردەکات بۆ سەرپەرشتیکردنو بەرگریکردن لە تۆڕەکانی سەربازی. حکومەتەکانو هێزە سەربازییەکانی سەرانسەری جیهان تیشکیانخستووەتەسەر گەشەپێدانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی ئاسایشی ئەلیکترۆنی بۆ پاراستنی ژێرخانە گرنگەکانیانو زانیاریە هەستیارەکانیان، لە ناوشیاندا داهێنانەکانیان، کە بریتین لە گەشەپێدانی زانیاریی کۆدکراوو ستانداردکردنی پاراستنی داتای ئاسایشی ئەلیکترۆنی، کە ئامانج لێی چاودێریکردنو پاراستنی نهێنیو ڕاستو دروستیو هەروەها بەردەستبوونی داتاکانە.

## نموونە بۆ ڕێکارە سەرکەوتووو شکستخواردووەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە بەرگریدا

ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە بەرگریدا کێشەیەکی ئاڵۆزە، کە پێویستی بە خۆگونجاندنی بەردەوام هەیە بۆ ئەوەی بەردەوامبێت لەگەڵ هەڕەشە گەشەسەندووەکاندا. حکومەتەکانو هێزە سەربازییەکانی سەرانسەری جیهان وەبەرهێنانی زۆر دەکەن سەبارەت بە پاراستنی تۆڕەکانیانو داتاکانیان لە هەڕەشەکان، بەڵام لە ڕاستیدا ڕێوشوێنی ئاسایشی ئەلیکترۆنی سەرکەوتوو و شکستخواردوو هەن. نموونەیەک لە ڕێکارە سەرکەوتووەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا پرۆگرامی "هاکی هێزی ئاسمانی"یە، کە ئەم دەستپێشخەرییە چەندین هاککەری بانگهێشتکرد بۆ هەوڵدانو دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکان لە سیستەمی هێزی ئاسمانیی ئەمریکاداو بە شێوەیەکی سەرکەوتوو زیاتر لە (٤٠٠) خاڵی لاواز دۆزرایەوەو چارەسەرکران. ڕێوشوێنێکی شکستخواردووی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە بەرگریدا، هاککردنی تۆڕی کۆمپیوتەریی وەزارەتی بەرگریی کۆریای باشوور بوو لە ساڵی (٢٠١٣). ڕێوشوێنە ئەمنییەکانی وەزارەتەکە نەیانتوانی ئەو بەرنامە زیانبەخشە دەستنیشانبکەن کە دزەیانکردبووەناو سیستەمەکانیانەوە، ئەمەیش بووە هۆی دزینی زانیاریە هەستیارەکان. جیاوازتر لەوەیش، ڕێکاری شکستخواردووی ئاسایشی ئەلیکترۆنی هێرشی بەرنامەی فیدیەی (WannaCry) بوو بۆ سەر خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتیمانیی بەریتانیا (NHS)، کە لە مانگی ئایاری (٢٠١٧) ڕویدا، "ئەو کۆمپیوتەرانەی کردەئامانج کە سیستەمی کارپێکردنی مایکرۆسۆفت ویندۆزیان

بەکاردەهێنا"، کە ئەمەیش خزمەتگوزاریی نیشتیمانیی بەریتانیا بە هۆی هێرشەکەوە زیانی زۆری بەرکەوت، ئەمەیش بە هۆی سۆفتوێرە ماوەبەرسەرچووەکانیانو خراپیی ئاسایشە ئەلیکترۆنییەکانیانەوە، کە بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی چاوپێکەوتنەکانو ئۆپراسۆنەکانیان. ئەم نموونانەیش ئەوە دیاریدەکەن کە لە کاتێکدا حکومەتەکانو هێزە سەربازییەکان ڕێکاری بەرفراوانو چڕو پڕ دەگرنەبەر بۆ پاراستنی تۆڕو داتاکانیان، بەڵام بێبەری نین لە هێرشی ئەلیکترۆنی، هەر بۆیە پێویستیان بە بەردەوام خۆگونجاندنو باشترکردنی ڕێکاری ئاسایشی ئەلیکترۆنییەکان هەیە بۆ بەردەوامبوونیان لەگەڵ هێرشە گەشەسەندووەکانو هەروەها بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی هێرشی سەرکەوتوو.

**ڕۆڵی کۆمپانیا تایبەتەکان لە هەوڵەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانیدا**

کۆمپانیا تایبەتەکان ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە هەوڵەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانیدا، کە تەکنەلۆژیاو خزمەتگوزارییەکانو شارەزایی دابیندەکەن، کە یارمەتیی حکومەتو هێزە سەربازییەکان دەدەن بۆ پاراستنی تۆڕو داتاکانیان لە هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکاندا. نموونەیەک لە بەشداریکردنی کۆمپانیا تایبەتەکان لە ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانیدا پڕۆگرامی هاوبەشی نێوان دەزگای ئاسایشی ئەلیکترۆنیو ئاسایشی ژێرخانی (CISA)ی وەزارەتی ئاسایشی ناوخۆی ئەمریکایە ((DHS. ئەم پڕۆگرامە کۆمپانیای سێکتەرە تایبەتەکانو قەوارە حکومییەکان بۆ هاوبەشیپێکردنی زانیاریو هەماهەنگی لە سەر چارەسەری ئاسایشی ئەلیکترۆنی پێکەوەدەبەستێتەوە. لە ڕێگەی ئەو هاوبەشییەوە دەزگای ئاسایشی ژێرخانو ئاسایشی ئەلیکترۆنییەکان دەتوانن شارەزاییو سەرچاوەکانی کەرتە تایبەتەکان بەکاربهێنن بۆ باشتر پاراستنی ژێرخانی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانی.

لەگەڵ ئەوەیشدا کۆمپانیا تایبەتەکان خزمەتگوزاریی پاراستنی ئەلیکترۆنیو هەروەها بەرهەمەکانی پاراستنی ئەلیکترۆنی پێشکەشدەکەن، کە یارمەتیی حکومەتەکانو هێزە سەربازییەکان دەدات بۆ ڕێگریکردنیو وەڵامدانەوەی هێرشە ئەلیکترۆنییەکان. بۆ نموونە: دەزگاکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی؛ ئاسایشی ئەلیکترۆنی دابیندەکەن. (هەواڵگری هەڕەشەو ئاماژەیە بۆ ئەو زانیاریو تێڕوانینانەی کە لە شیکردنەوەی داتاکانی پەیوەست بە هەڕەشەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنییەوە بەدەستهاتوون. ئەم داتایانە دەتوانن زانیاری دەربارەی بەرنامە زیانبەخشە سەرهەڵداوەکان، تاکتیکەکانی هاککەرەکان، لاوازییەکان لە سۆفتوێرو سیستەمەکاندا دیاریبکەن). (تاقیکردنەوەی دزەکردن، زۆر جار بە "تاقیکردنەوەی قەڵەم" کورتدەکرێتەوە، تەکنیکێکی هەڵسەنگاندنی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی چالاکە، کە بەکاردێت بۆ دیاریکردنی کەموکورتیو لاوازییەکان لە سیستەمو تۆڕو بەرنامەکانی ڕێکخراوێکدا). (وەڵامدانەوەی ڕوداوەکان

ڕێگەیەکە بۆ چارەسەرکردن‌و بەڕێوەبردنی ڕوداوە ئەلیکترۆنییەکان‌و کۆنترۆڵکردن‌و کەمکردنەوەی کاریگەریی هێرشە ئەلیکترۆنییەکان)، هەروەها خزمەتگوزاریی دیکە کە یارمەتیی حکومەتەکان‌و هێزە سەربازییەکان دەدات بۆ باشترکردنی پێگەی ئاسایشی ئەلیکترۆنییان.

لە کۆتاییدا هەروەها کۆمپانیا تایبەتەکان ڕۆڵیان هەیە لە پەروەردەکردن‌و مەشقپێکردنی هێزی کار لە سەر ئاسایشی ئەلیکترۆنی. زۆرێک لە کۆمپانیا تایبەتەکان بەرنامەی مەشقپێکردن‌و بڕوانامە پێشکەشدەکەن بۆ ئەو پسپۆڕانەی لە ئاسایشی نیشتیمانیدا کاردەکەن لە کەرتە گشتی‌و تایبەتەکاندا. ئەو پرۆگرامانە یارمەتیدەرن بۆ باشترکردنی شارەزایی‌و لێهاتوویی پسپۆڕانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، کە ئەمەیش وایانلێدەکات باشتر ئامادەببن بۆ پاراستنی ڕێکخراوەکانیان لە بەرانبەر هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان.

**گەشەپێدان‌و ئاڵنگاریی داهاتوو**

بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنی بەردەوام لە پەرەسەندندایە لەگەڵ هەڕەشەکان‌و ئاڵنگارییەکان، کە دوچاری حکومەتەکان‌و هێزە سەربازییەکان دەبێتەوە، لە کاتێکدا کۆمپانیا تایبەتەکان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە بەرگریی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانیدا، چەندین گەشەپێدانی گرنگ‌و ئاڵنگاری هەن کە لە پێشماندان، یەکێک لە گەورەترین ئاڵنگاری کە دوچاری بەرگریی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانی دەبێتەوە، بریتییە لە زیادبوونی ئاڵۆزی لە هەڕەشەی ئەلیکترۆنی، وەک تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و زۆری شارەزایی‌و تەکنیکی، کە بەکارهێنراوە لەلایەن تاوانی ئەلیکترۆنییەوە، حکومەتەکان‌و هێزە سەربازییەکان پێویستە بەردەوام خۆیان بگونجێنن‌و داهێنانبکەن بۆ بەردەوامبوونیان لەگەڵ هەر هەڕەشەیەکدا کە بەردەوام لە گۆڕاندایە. ئاڵنگارییەکی دیکە بریتییە لە کەمیی پسپۆڕی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، لەگەڵ زیادبوونی داواکاری لە سەر پسپۆڕانی لێهاتووی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەبەر کەمیی پسپۆڕی ڕاهێنراوو پێداویستی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە، ئەم کەمینەیەیش بە تایبەت لە کەرتی گشتیدا زیاترە، کە بە شێوەیەکی ئاسایی مووچەی کەرتی گشتی کەمترە لە کەرتی تایبەت. بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاڵنگاریانەیش، حکومەتەکان‌و هێزە سەربازییەکان بەرەو تەکنەلۆژیایی‌و ڕێبازی نوێ دەڕۆن، بۆ نموونە: زیرەکیی دەستکردو فێربوونی ئامێرەکان بەکاردەهێنن بۆ ناسینەوەو وەڵامدانەوەی هەڕەشەی ئەلیکترۆنی لە کاتی خۆیدا، هەروەها لێکۆڵینەوە لە تەکنەلۆژیای بلۆکچەین دەکرێت، وەک ڕێگەیەک بۆ بەرزکردنەوەی ئاسایشی سیستەمە ژێرخانە گرنگەکان.

**ئەنجام**

ڕۆڵی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە بەرگریی نیشتیمانیدا بە شێوەیەکی گرنگ لە زیادبووندایە لە جیهانی مۆدێرندا، لەگەڵ پەرەسەندنیو پشتبەستنمان بە تەکنەلۆژیا، هەروەها زیادبوونی خاڵی لاوازو کەموکورتیمان بۆ هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان. ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەمەودوا تەنها بۆ پاراستنی فیزیکیمان گرنگ نییە، بەڵکو بەشدارە لە پاراستنی ژێرخانە دیجیتاڵییەکانمان. لەم ساڵانەی ڕابردوودا، ئێمە بینەری ژمارەیەکی زۆری هێرشی ئەلیکترۆنی بووین، کە کراوەتەسەر حکومەتەکانو هێزە سەربازییەکان، هەروەک ژێرخانە گرنگەکانی وەک تۆڕەکانی وزەو سیستەمی گواستنەوە. ئەو هێرشانە جەختدەکاتەوە لە سەر پێویستیی بەپەلە بۆ ڕێکاری کاریگەری ئاسایشی ئەلیکترۆنی بۆ پاراستن لە بەرانبەر ئەنجامە وێرانکارییەکان لە سەرکەوتنی هێرشێکی ئەلیکترۆنی. هەروەکو وتووێژمانکرد، ئاسایشی ئەلیکترۆنی پێویستی بە ڕێبازێکی فرەلایەنەیە بە لەخۆگرتنی شارەزایان لە کۆمپانیا تایبەتەکانو وەبەرهێنانەکانی حکومەتو هەروەها هێزە سەربازییەکان، بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا سەرهەڵدراوەکانو هەروەها پێویستی بە پابەندبوون هەیە بە بەرهەمهێنانو پەروەردەکردنو مەشقکردنی پسپۆڕانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی. لە کۆتاییدا داهاتووی بەرگریی نیشتیمانی بە توانای ئێمە دیاریدەکرێت بە پاراستنی ژێرخانی دیجیتاڵیمانو هەروەها پاراستنیان لە بەرانبەر هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان. ئەمەیش گرنگە کە بتوانین گرنگیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە بەرگریی نیشتیمانیی مۆدێرندا قبوڵبکەینو هەنگاوی چالاکانە بنێین بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیمان.

**سەرچاوە:** وێبسایتی ئۆریجن ستامپ

# سیاسەتەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی؛ هاوتاکردنی ڕۆڵە جیاوازەکانی دەوڵەت

**نووسینی: مریەم دون کاڤێلتی، فلۆریان جەی ئیگلۆف**
**وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی**

**پوختە**

لە وڵاتە دیموکراتە ئازادیخوازەکاندا ڕۆڵی دەوڵەت لە ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا بوارێکە کە ناکۆکیی سیاسیی لە سەرە. ئێمە لەو ڕۆڵە دەکۆڵینەوە لە چەند ڕەهەندێکدا؛ یەکەمیان بریتییە لە تیۆریو باس لە ئەدەبیاتی بوونی ئاسایشی ئەلیکترۆنی دەکەین، ئەوە دەخەینەڕوو کە ئەدەبیاتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە تەواوەتی تیشکدەخاتەسەر ڕۆڵی دەوڵەت وەک کارەکتەرێکی ئەمنیی کارا. باس لەوە دەکەین کە ئەم دیدە زۆر تەسکەو مەترسیی گفتوگۆکان تەنها بۆ چەند لایەنێکی ئاسایشی ئەلیکترۆنی سنووردار دەکەن.

دووەم بوار، بواری ئەزموونیو کردەییە، کە تێیدا گەشەسەندنی سیاسیو ئەو ڕۆڵە جیاوازانەی دەوڵەت وەک خودی خۆی دەیبینێت، شیدەکەینەوە. دەوڵەت شەش ڕۆڵی جیاواز دەبینێت لە ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا، کە بریتین لە (١) زامنکردنی ئاسایش، (٢) یاسادانانو ڕێکخستن، (٣) پاڵپشتیو نوێنەرایەتیی تەواوی کۆمەڵگە، (٤) هاوبەشیی ئاسایش، (٥) دروستکردنی زانیاریو دابەشکردنو (٦) کارەکتەری هەڕەشە.

سێیەم بوار بواری پێوەری "نۆرمەتیڤی"یەو تێیدا لەوە دەکۆڵینەوە کە دەبێت ڕۆڵی دەوڵەت چۆن بێت. بۆ ئەوە تیشکدەخەینەسەر سێ بواری گرژییەکانی نێوان دەوڵەت، ئابووری و کۆمەڵگە، کە لە سیاسەتەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا هەن. جۆراوجۆریی

هاوئاهەنگیی بەرژەوەندییەکان، گەڕان بە ناو سێ بوارە کۆمەڵایەتییەکەداو پاڵپشتی یاخود بەربەستەکانی سێ ڕۆڵەکە. لەگەڵ ئەمانەیشدا دوو جۆر پرسیار دەکەونە چەقی سیاسەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنییەوە.

پرسیار دەربارەی سنوورەکانی بەرپرسیاریەتی (لە کوێدا بەرپرسیاریەتیی دەوڵەتو کارەکتەرە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان دەوڵەت دەستپێدەکاتو کۆتاییدێت؟)و پرسیار دەربارەی گریمانەی چەقبەستوویی بەرپرسیاریەتی دەکات (ئایا کارەکتەرێک ڕێگەیپێدەدرێت بەرپرسیاریەتیی ڕۆڵەکانی لەئەستۆبگرێت؟).

لە پوختەی بابەتەکەدا، وێناکردنەکانمان تێگەیشتن لە ئاسایشی ئەلیکترۆنی وەک بوارێکی سیاسیی جۆراوجۆرو بڵاو ڕوونتردەکاتەوە. ئەنجامەکە بریتییە لە تێگەیشتنێکی گشتگیرتر لە ڕۆڵە جیاوازەکانی دەوڵەت، کە یارمەتیی لێکۆڵەران دەدات لە دۆزینەوەی پرسیاری داهێنەرانە لە لێکۆڵینەوەکانی داهاتوویاندا.

## پێشەکی

ئاسایشی ئەلیکترۆنی چییە؟

ئەوەی وەک پرسیارێکی سادە دەردەکەوێت، بریتییە لە چەقی ئەو ئاڵنگارییە سیاسییەی ئەم بابەتە دروستیدەکات.

وەک لە ئاستەنگییەکانی بەردەم کارەکتەرە دەوڵەتییەکاندا دەردەکەوێت، دانیان بەوەدا ناوە کاتێک دەگەنە ڕێککەوتن لە سەر پێناسەیەکی فەرمی، زەحمەتە ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە هەردوو گۆڕەپانی نەتەوەیی و نێودەوڵەتیدا بخەنە چوارچێوەیەکی سیاسییەوە. لە نموونەهێنانەوە بۆ هۆکاری ئەم ئاستەنگییانە، بە شێوەیەکی پێشکەتوو زیاتر تێدەگەین لەوەی ئاسایشی ئەلیکترۆنی بووە بە چیو جەختدەخەینەسەر ڕۆڵە جۆراوجۆرەکان، کە بۆ دەوڵەت دروستبووە.

یەکێک لە هۆکارەکانی ئاستەنگیی پێناسەکردنی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، کە لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکان ڕازیبکات، ئەوەیە کە چەمکەکە بەردەوام لە گەشەکردندایە. ماوەیەکی کەم پێش ئێستا، ئاسایشی ئەلیکترۆنی، یان باشتر بڵێین چەمکەکانی پێش خۆی، وەک پێکهاتەیەکی گرنگی پاراستنی زانیاری، بابەتێک بوو کە لەلایەن کەسانی شارەزاوە وەک کێشەیەکی مەترسیی کارگێڕیو تەکنیکی باسیدەکرا. ئێستا پرسێکی ئاسایشی نیشتیمانییە، کە لە بەرزترین ئاستەکانی حکومەتدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، کە ئەمەیش بە هۆی زیادبوونی هاندانی چالاکیی ستراتیجیی دەوڵەتەوەیە لە فەزای ئەلیکترۆنیدا، ئەمە لە خۆیدا هۆکاری لاوەکیی ئەم گرژییە جیۆپۆلەتیکییانەی ئێستایە.

ڕوداوە ئەلیکترۆنییە ئاستبەرزەکان تەنها کاریگەری لە سەر تاکەکانو بزنسەکان بەجێناهێڵێت، بەڵکو وەک مەترسی بۆ سەر دەوڵەت، کۆمەڵگەو ئابوورییەکان

سەیردەکرێت. لە ئەنجامدا دەوڵەتان بە توانا هێرشبەریو بەرگرییەکانیاندا دەچنەوەو پلانە ستراتیجییەکانیان بە پێی بەکارهێنانی فەزای ئەلیکترۆنی یەکدەخەن.

هەرچەندە ئاسایشی ئەلیکترۆنی تەنها بەرەوپێشنارِوات، لە ئەجێندا سیاسییەکانی سەرتاسەری جیهاندا هاوتەریب لەگەڵ بەرەوپێشچوونی بەدیجیتاڵکردن، کە ڕەنگدەداتەوە لە زیادکردنی بەکۆمپیوتەرکردنو خودکارکردنی پرۆسەکە لە بازرگانیو کۆمەڵگەدا، ئاسایشی ئەلیکترۆنی وەک ڕووبەرێکی کێشەداری فرەبواری سیاسی شیدەکرێتەوە، کە بە شێوەیەکی نەریتی ناچێتە بواری تەنگیی ئاسایشەوە. ئاسایشی ئەلیکترۆنی ئێستا خاڵێکی گرنگی فێرکردنو مەشقکردنی هێزی کاری ئاسایشی ئەلیکترۆنییە، بە شێوەیەک بونیادنانی تواناکانی لە بواری هاریکاریی گەشەپێدان نیشاندەدات، هەروەها پەیوەست بووە بە جۆرێکی نوێی دیبلۆماسی لە سیاسەتی دەرەوەدا، وەک ناوبژیوانی ئەلیکترۆنی لە بەڕێوەبردنی ململانێکاندا دەردەکەوێتو وەک سێکتەرێکی گرنگی بازرگانی هەژماردەکرێت، یاخود بە شێوەیەکی گشتی برِبڕەی ژیانی ئابوورییە لە جیهانی دیجیتاڵیدا.

بەم شێوەیە ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە هەمان کاتدا گرنگترو جۆراوجۆرترو بڵاوتردەبێتەوە. ئەم پێشهاتانە پرسیاری پەیوەندیدار بۆ لێکۆڵینەوە دەوروژێنن، کە لەم بابەتەدا لێیاندەکۆڵینەوە: چۆن دەبێت لە ئاسایشی ئەلیکترۆنی تێبگەین، کە دادپەروەر بین لەگەڵ چەمکسازیی ئێستاو داهاتوویدا لە مشتومڕەکانی سیاسەتو پراکتیکی سیاسیدا؟ هەر بۆیە ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە هەمان کاتدا گرنگترو جۆراوجۆرترو بڵاوتردەبێتەوە. ئەم گەشەسەندنانە پرسیاری پەیوەست بەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمەوە دروستدەکات: دەبێت چۆن لە ئاسایشی ئەلیکترۆنی تێبگەین، کە لەگەڵ چەمکسازیی ئێستاو داهاتوویدا لە مشتومڕەکانی سیاسەتو پراکتیکی سیاسیدا دادپەروەر بێت؟ بە لەبەرچاوگرتنی جۆراوجۆرییەکەی، کارەکتەرە جیاوازەکان چ ڕۆڵو بەرپرسیاریەتییەکیان هەیە بۆ بەشە جیاوازەکانی بابەتە ئاڵۆزەکە؟ ململانێی نێوان کارەکتەرە جیاوازەکان چۆن پێکهاتەی مەیدانیی سیاسیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی بونیاددەنێت؟

بۆ تیشکخستنەسەر لایەنە سیاسییەکانی حکومەت لەم بابەتەدا، ئێمە "دەوڵەت" لە چەقی لێکۆڵینەوەکەمان دادەنێین. بە بەکارهێنانی داتای بیبلۆگرافی، بەراوردکردن لە نێوان دۆکیۆمێنتە سیاسییەکانو ئەو سیاسەتانەی پەیوەستن بە وڵاتەوە، لە توێژینەوەیەکی زیندووەوە دەیگوازینەوە بۆ باسی سەرەکیی توێژینەوەکەمان، پیشانیدەدەین کە کام کردەی جیاوازی سیاسیی دەوڵەت چاوەڕوانکراوە لە ئاسایشی ئەلیکترۆنیداو لە ئەنجامیشدا چ کێشەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتیی لێدەکەوێتەوە.

لە لایەکەوە توێژینەوەکە وەبیرهێنانەوەیکی تیۆری دەخاتەڕوو بە پیشاندانێکی ئەزموونی، کە ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە دیدی دەوڵەتەوە چییە. لە لایەکی دیکەیشەوە

باس لەوە دەکرێت کە دەبێت چۆن لە ئاسایشی ئەلیکترۆنی تێبگەین، بە هەموو ڕووەکانیەوە وەک بوارێکی سیاسیی گشتگیر، کە تێیدا ئاڵوگۆڕی سیاسی پێویستییە.
دەتوانین بە لایەنی کەمەوە لە سێ بواردا لە ڕۆڵی دەوڵەت لە ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا بکۆڵینەوە. بواری یەکەم تیۆرییە، بە چ شێوازێک ئەدەبیاتی بەردەست لەم بابەتەدا ڕۆڵی دەوڵەت تیۆریزەدەکات؟ بواری دووەم ئەزموونییە، چەند پرسیارێک دەگرێتەوە وەک: دەوڵەت چ ڕۆڵێک دەبینێت لە بونیادنانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا وەک ئاسایشی نەتەوەیی (هەردوو ئاسایشی چالاکو ناچالاک)؟ دەوڵەت ئێستا چ ڕۆڵێکی دیکە دەبینێت؟ کام دامەزراوانە مامەڵە لەگەڵ ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا دەکەن؟ ئەرکەکانیان چییە؟ چۆن کاردەکەن؟ کاریگەریی تایبەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی چییە؟ سێیەم بوار بواری نۆرمەتیڤ یاخود پێوەرییە، کە لەو ڕۆڵەی دەوڵەت دەبێت بیبینێت، دەکۆڵێتەوە.
لە بەشی یەکەمدا سەبارەت بە لایەنی تیۆری، تیشکدەخەینەسەر ئەو پێناسانەی بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنی هەیە، لەگەڵ ئەدەبیاتی سیاسەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا. تێبینی ئەوە دەکەین کە ئەدەبیاتی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانو زانستە سیاسییەکاندا بە شێوەیەکی گشتگیرتر سەیردەکرێت وەک بابەتێکی ئاسایشی نێودەوڵەتی. دەبینین ئەم دیدە فراوان نییە.
ستراتیجییە نەتەوەییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئاسایشی ئەلیکترۆنی چەندین بواری سیاسەتی جیاواز لەخۆدەگرێت. لە بەشی دووەمدا باس لە ڕۆڵی سەرەکیی دەوڵەت دەکەین، کە لەلایەن دەوڵەت خۆیەوەو لە دەرەوەی دەوڵەتیش داواکراوە. ئێمە مەترسییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە سێ بواردا دەخەینەڕوو، ئەوانیش ململانێی نێوان دەوڵەت، ئابووریو کۆمەڵگەیە. ئەوەی پیشانیدەدەین، هۆکارە بۆ گرژیی سیاسی لە ناوخۆو دەرەوەی دەوڵەتدا لە سەر ئاستی جیاواز، بە هۆی بوونی بایەخی جۆراوجۆری ئەندامانی جیاوازی گرووپەکەوە. دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئاسایشی ئەلیکترۆنی ڕێنوێنیی کێشەکان لە سێ بوارەکەی گرژیدا دەکاتو تەنها کاتێک دەتوانرێت ئەو گرژیو ئاڵۆزییانە چاکبکرێت کە لە بایەخە جیاوازەکان تێبگەینو هاوسەنگیانبکەن.
سیاسەتێکی لەم شێوەیە هاوسەنگیی نێوان هاوپەیمانییە بابەتییەکانی لە ناو کۆمەڵگەکاندا هەیەو جیاوازیی بەشەکانی دەوڵەتو خولیای گرووپە جیاوازەکان لە ئابووریدا، دەدۆزێتەوە. دیدی جیاواز لە سەر ڕۆڵی دەوڵەت بە پلەی جیاواز ڕەنگدانەوەی لە سەر گرژییەکان هەیە. لێتێگەیشتنیان بنچینەیەکی پتەو دروستدەکات بۆ بڕیاردانی ستراتیجیو دانوستان لە سەر ڕێنماییە سیاسییەکانو لێکۆڵینەوەی زیاتر دەربارەی ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕۆڵی دەوڵەت لە ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا ڕوودەدات.

**ڕۆڵی دەوڵەت لە ئەدەبیاتی ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا**

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئاسایشی ئەلیکترۆنی دینامیکێکی کردەیی‌و بابەتێکی گشتگیرو جۆراوجۆری بنچینەییە، پۆلێنکردنی ئەدەبیات کارێکی گونجاو نییە، چونکە (١) "ئاسایشی ئەلیکترۆنی" زاراوەیەکی تا ڕادەیەک نوێیە، لە ساڵی (٢٠٠٠) ەوە دروستبووە، (٢) بنچینەکەی لە زانستی کۆمپیوتەردا، ئاسایشی ئەلیکترۆنی واتای جیاوازی هەیە بۆ کۆمەڵگەی توێژینەوە جیاوازەکان.

بۆئەوەی باشتر تێبگەین کە چۆن ئەدەبیات کار لەگەڵ زاراوەی "دەوڵەت"دا دەکات، دەبێت سەرەتا هەوڵبدەین کە دیدێکی بابەتیمان هەبێت، کە زیاتر بێت لەوەی ئێمە دەیزانین، بە بەکارهێنانی دوو داتابەیسی زانستیی پشتپێبەستراو، کە بریتین لە جیهانی زانست(WoS) و سکۆپەس. هەروەها ئێمە قوڵتردەبینەوە لەو ئارتیکڵە زانستییانەی پێناسەی ڕۆڵە جیاوازەکانی دەوڵەت دەکەن لە سەر ئاستی واتایی لە ئەدەبیاتدا. لە کۆتاییدا دەڕوانین لەوەی چۆن ئەدەبیاتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کار لە سەر ئەم بابەتە دەکات بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە زیاتر پەیوەندیدارن بەم بابەتەوە.

**لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە سەر انسەری پسپۆڕییەکاندا**

دوو داتابەیسە زانستییە بڕواپێکراوەکە؛ جیهانی زانست‌و سکۆپەس، پیشانیدەدەن کە لە (٢٠١٢) بۆ (٢٠١٤)، ڕێژەی بڵاوکردنەوەی زانستی لە سەر "ئاسایشی ئەلیکترۆنی" بە نزیکەیی دووهێندەبووە. لە هەردوو داتابەیسەکەدا زانستی کۆمپیوتەر لە سەرەوەی لیستەکەدایە بە بەرزترین ڕێژە (جیهانی زانست (٧٢٪)، سکۆپ (٦١٪))، بواری ئەندازیارییش پلەی دووەمی گرتووە (جیهانی زانست (٣٦٪)، سکۆپ (٤٠٪)). هەموو ئارتیکڵەکان، (١٠) ڕیزبەندیی یەکەم لە هەردوو داتابەیسەکەدا، زیاتر گرنگی بە سیستەمەکانی تۆڕە زیرەکەکان‌و (SCADA) کۆنترۆڵی چاودێری‌و داتای پرسیار دەدەن، کەتیگۆرییەکی سۆفتوێرە، کە لە چەندین پرۆسەی پیشەسازیدا بەکاردێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ئامێرەکان‌و دۆخەکانیان.

هەرچەندە کەمبوونەوەی ئاسایش دەنگدانەوەی زیاتری لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەیە، دیدی تەکنیکی لە سەر ئاسایشی ئەلیکترۆنی باڵادەستە، بەبێ بوونی ویستێک بۆ تێگەیشتن لە چوارچێوەی مەترسییەکەدا. ئامانجی سەرەکیی توێژینەوە پەرەپێدانی توانای باشتری خۆپاراستن‌و پاراستن‌و دۆزینەوەی ڕوداوە ئەلیکترۆنییەکانە لە لایەک‌و سیستەم و ژێرخانی "خۆڕاگرتر"، کە ئاماژەیە بۆ گەڕانەوەی کارایی لە کاتی خۆیدا، ئەگەر لە ژێر فشاردا بێت بە هۆی هێرشێکەوە لە لایەکی دیکەوە.

ڕۆڵی دەوڵەت لەم ئەدەبیاتەدا ڕۆڵێکی ئەوتۆ نییە. داتا بیبلۆگرافییەکان زانیاریی زیاتر دەخاتەڕوو لە سەر ئەوەی زانستی کۆمەڵایەتی توێژینەوەکانی لە سەر بابەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنی پەراوێزخراوە، بە بەراورد بەو توێژینەوانەی لە زانستە

تەکنیکییەکاندا دەکرێت. سکۆپ "زانستە کۆمەڵایەتییەکان"ی لە ڕیزبەندیی سێیەمی پۆلێنکردنەکانی داناوە بە ڕێژەی (١٨٪)، لە هەمان کاتدا زانستی جیهان لیستەکەی (٣١٪)ی داوە بە ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە هەمان کەتیگۆریدا. دوو خاڵی سەرەکی هەیە، لە توێژینەوەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا پلەی باڵایان هەیە، یەکەم بریتییە لە ویست بۆ بەڕێکخراوەییکردنو لایەنی بەڕێوەبردنی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، وەک: "هاوبەشکردنی زانیاری" لە نێوان دەوڵەتو کەرتە تایبەتەکاندا، یاخود ئاوێتەکردنی تەکنەلۆژیا لەگەڵ مرۆڤو هۆکارە ڕێکخراوەییەکاندا. دەوڵەت گفتوگۆ لە سەر بیروبۆچوونە گشتییەکان دەکەن لە ئەدەبیاتەکەداو توانای نییە کە بەرژەوەندیی گشتیی ئاسایش بە تەنها فەراهەمبکات، لەو کاتەوەی دەستوەردانی زیاد لە پێویست لە بازاڕەکەدا کردەیەکی ویستراو نییە. ئەم بیروڕایە لەو تێڕوانینەوە دەستمانکەوتووە، کە ئەوەی دەوڵەت دەیەوێت بیپارێزێت، بە هۆی ئاسایشی نەتەوەییەوە بنچینەی پێشبڕکێخوازیو پێشکەوتنی نەتەوەیە. لەگەڵ ئەوەیشدا دەوڵەت وەک کارەکتەرێکی گرنگ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، لە هەمان کاتدا پێویستە ویستی کارەکتەرەکانی دیکەیش بەگرنگبزانرێتو لەبەرچاوبگیرێت. خاڵی کرۆکیی دووەم بە تەواوەتی دەچێتە پۆلێنکردنی "پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان"ەوە، بریتییە لە شیکاری جەنگی ئەلیکترۆنیو دەستەواژەکانی دیکەی مەترسی. ئەم ئەدەبیاتە ئامانجیەتی کە لە ئاسایشی ئەلیکترۆنی تێبگات، بە شێوەیەکی گشتی وەک دیاردەیەکی سیاسیو بە تایبەتی تێبگات لە گۆڕانکاریی داینامیکیی ململانێی تەکنەلۆژیا ئەلیکترۆنییەکان، کە کاریگەریی هەیە لە سەر تەواوی سیستەمی ئاسایشی نێودەوڵەتی.

پێش ئەوەی کەیسی تەواوەتیمان هەبێت بۆ توێژینەوە لە جیهاندا، بڵاوکراوەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەم پۆلێنەدا زیاتر تیشکیاندەخستەسەر جەنگی ئەلیکترۆنی، بە تایبەتی زیادەڕەوی لە گوتاردان لە سەریو چۆن باشترین جەنگ بکرێت لە فەزای ئەلیکترۆنیدا. لەم دواییانەدا توێژینەوەکان لە سەر ململانێ دەڕوانێتەسەر کاریگەرییەکانی تەکنەلۆژیای ئەلیکترۆنی وەک ئامرازێکی میتۆدی ڕێژەیی لە ململانێکانو سیاسەتی دەرەوەدا. ئەم جۆرە توێژینەوانە پرسیاردەکات لە بارەی چەندیەتیی کاریگەریی فەزای ئەلیکترۆنیی جەنگەکان، زۆرەملێییو بیردۆزی بەرگریو هێرشو وەڵامدانەوەوە. تیشکەکە لە سەر ئەوەیە کە چۆن تەکنەلۆژیا ئەلیکترۆنییەکان دەبن بە ئامرازێک بۆ شێواندنو نائاسایشی لە دەستی کارەکتەرە سیاسییەکانو چۆن ئەمە دەبەسترێتەوە بە جۆرێکی ئاسایشو سنوورە سیاسییەکانو دەوڵەت، لەبەرئەوەی لینکێک دروستبووە بۆ چەمکی ئەندێشەیی ئاسایشی نەتەوەیی، دەوڵەتەکان ئەو کارەکتەرانەن کە دەبێت کۆنترۆڵکردن دووبارە دروستبکەنەوە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا ئەلیکترۆنییەکان بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، بەڵام هێشتا کارەکتەرەکان وەڵامدانەوەکانیان بۆ دروستکردنی ناسەقامگیریی ئاسایش زیاترە.

**ڕۆڵی دەوڵەت لە ئەدەبیاتدا**

هۆکاری زانستەکانی کۆمپیوتەرو ئەندازیارەکان بۆ توێژینەوە لە سەر ئاسایشی ئەلیکترۆنی بریتییە لە ئامانجەکانیان بۆ زیاتر پاراستنی سیستەمە تەکنیکییەکانیان. ئەو جۆرەی پاراستن کە خۆی لە سێ ئامانجی ئاسایشی تەکنەلۆژیای زانیاریدا دەبینێتەوە؛ سەلامەتی، بەردەستبوونو نهێنیو پاراستنی سەرچاوەکان. حکومڕانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی ئەو بیرۆکەیەیە کە بەکاردێت بۆ گەیشتن بەم جۆرە سەلامەتیو ئاسایشییە، هەوڵدانە بۆ ئیدارەدانی مەترسی، کە بونیادنراوە لە سەر چاودێریکردنی بەردەوام، پێوەرەکانو کۆنترۆڵکردنی پرۆسە پەیوەندیدارەکان. بیرۆکەی سەرەکی لێرەدا بریتییە لە "ڕێکخستن"، کە چەندین ئامرازی حکومی لەخۆدەگرێت، وەک: ستاندەرەکانی پیشەسازی، یاسا نەتەوەییەکان یاخود ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان، لەگەڵ بوونی ئامانجی بنەڕەتی بۆ بونیادنانی "متمانە"و هاوسەنگی لە بوونی ئاوات لە ناو کارەکتەرە جیاوازەکاندا.

توێژینەوەکان بە شێوەیەکی تەکنیکی پەیوەستە بە ئاسایشی ئەلیکترۆنییەوە، زیاتر ورددەبێتەوە لە ڕۆڵی دەوڵەت، کە بە تەواوەتی پێویستی بە تێڕوانینی زیاترە. هەرچەندە بە ئاراستەی بەشدارییپێکردنی زانیاریو پێوەرەکانی دیکەی دامەزراوەکان دەڕۆین، کە زۆرینەی کات لە ئەدەبیاتی زانستیدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، دەوڵەت وەک حکومڕان لە بوارە فرەچینەکەیدا دەردەکەوێت. بە پێی تیۆری حکومڕانی، حکومەت ئەو کاتە گرنگ دەبێت کە هێزی سیاسیی پەرتو پەراگەندە بێت. پەرتو پەراگەندەیی هێزی سیاسی لە ڕێگەی لامەرکەزییەوە ڕوودەدات، کە دەسەڵاتو کارەکانی حکومەت دەگوازرێتەوە بۆ ئاستی خوارتر (خۆجێییکردن)، ئاستی بەرزتر (سەروو نەتەوەییبوون) یاخود بەلاڕێداچوون (نادەوڵەتیکردن).

پەرتو پەراگەندەیی لە ناو خودی حکومەتیشدا ڕوودەدات، لە ڕێگەی زیادبوونی جیاوازیی ئیدارەدانی کردەییەوە. بە شێوەیەکی زیاتر، ئەنجامدانی کردارەکان پێویستی بە زانیاریی ئەزموونیی ورد هەیە. زیادبوونی بەشەکانی کارو نیشانەکانی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان، هێڵی جیاکاریی نێوان سێکتەرە گشتیو تایبەتییەکان کاڵدەکاتەوە. چەندین کار، کە پێشوو لەلایەن دەوڵەتەوە بەڕێوەدەبرا، ئێستا کۆمپانیا تایبەتەکان بەڕێوەیدەبەن، بۆیە ڕێبازی تۆڕ بۆ حکومڕانی وا گریمانەدەکات کە کۆمەڵگە مۆدێرنەکان پێویستیان بە فۆڕمێکی نوێی بەڕێوەبردنی گشتییە. لەم ئەدەبیاتەدا گریمانەکە بریتییە لەوەی کە حکومەت چیدیکە ناتوانێت بە ئاسانی ڕێنمایی دەربکاتو چاودێریی جێبەجێکردنەکانی بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە کۆمەڵگە چوارچێوەیەکی مەرجدار دابنێت، کە تێیدا کارەکان بە باشی بڕوات، بەبێ ئەوەی پێویستی بە سەرپەرشتیی بەردەوام هەبێت. بەڕێوەبەردنی گشتیی کۆمەڵ دەبێت بە کارێکی هەماهەنگیو تیم، کە تێیدا ویست، وتووێژو متمانەی هاوبەش گرنگترە لە ڕێکخستنو کۆنترۆڵکردن. هەروەها

خزمەتگوزارییە گشتییەکان لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە تۆڕەکانیەوە، کە خۆکاریو خۆڕێکخەرەوەن، بەردەستدەخرێن. ڕۆڵی دەوڵەت لەم جۆرەی ئەدەبیاتدا جۆراوجۆرە. بە پشتبەستن بە تیشکۆی توێژینەوەکە، دەوڵەتو یەکە بیرۆکراتییەکانی فەراهەمکەر، یاسادانەرو ڕێکخەری یاسان، یاخود هاوبەشی ئاسایشن.
لە ئەدەبیاتی هاماهەنگ لەگەڵ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، دیدێکی سادەتر بۆ دەوڵەت هەیە. بە شێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی فەزای ئەلیکترۆنی بۆ مەبەستی ستراتیجیو سەربازی واتایەکی نوێی ڕاستەقینەیی دەبەخشێت بە ئاسایش لە سیستەمی ئەنارکیو پشێودا. لەم سیستەمەدا دەوڵەتەکان وەک یەکەی هاوشێوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێتو پارسەنگیی هێز ناچاریاندەکات کە بە شێوەیەکی دیاریکراو مامەڵەبکەن. ئامرازەکانی هێرشی ئەلیکترۆنی ئامرازی هێزن، کە دەتوانرێت وەک هەڕەشە یاخود خزمەتگوزاری بۆ دەوڵەتو کۆمەڵگە بەکاربهێنرێت لە کاتی جەنگو ئاشتیداو ئەو پرسیارەی کە دەبێت وەڵامبدرێتەوە، ئەوەیە کە ئایا لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا کاریگەرییەکی خوازراویان هەیە.
بە ڕەچاوکردنی ئەم سەرەتایە، دەوڵەتانیش ئەو کارەکتەرانەن کە بەرپرسن لە دووبارە کۆنترۆڵکردنەوەی خراپبەکارهێنانی فەزای ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە، زۆرینەی کات بە تێڕوانینەوە لە کێشە ئاسایشییەکانی پێشوو و چارەسەرەکانیان، وەک بەرگریکردن لە ئەتۆمو کۆنترۆڵکردنی چەک. لە ڕۆڵیاندا وەک زامنکەری ئاسایش، دەوڵەتەکان کاردەکەن بۆ زیادکردنی هێزو ئاسایشو کەمکردنەوەی هەڕەشەو مەترسی. لە کاتێکدا وەک دوژمن بن بۆ دەوڵەتانی دیکە، کارەکتەرە دەوڵەتییەکان وەک هۆکاری مەترسیو هەڕەشە هەژماردەکرێن.
ڕۆڵێکی تر لە ئەدەبیاتدا هەیە، بە گشتی لەو ئەدەبیاتەدا دەدۆزرێتەوە کە تیۆری بەئەمنیکردنی قوتابخانەی کۆپنهاگن بەکاردەهێنێت. بەئەمنیکردن کۆکراوەی نوێنەرایەتیی ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو کە کەسێک، یاخود گەشەسەندنێک وەک مەترسی بۆ سەربازی، سیاسی، ئابووری، ژینگەیی یاخود ئاسایشی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵەیەکو قبوڵکردنی ئەم نوێنەرایەتیکردنە لەلایەن وەرگری سیاسیی دیاریکراوەوە. بەئەمنیکردنی سەرکەوتووی بابەتێک هەموو واتا بەکارهاتووەکان شیدەکاتەوە، لە ناویاندا ئەوانەیش کە دەکەونە دەرەوەی یاسا ئاساییە سیاسییەکانی لە پرۆسە سیاسییەکەدا دروستکراوە، هەر بۆیە پێویستە پۆزشێکی بەهێز بهێنرێتەوە بۆ ئەم حاڵەتە نائاساییە لە کردەی سیاسیدا. ئەمە لە پێش هەموو ئەو مەترسییانەوە دێت کە ڕووبەڕووی دەوڵەت یاخود کۆمەڵگە دەبێتەوە. لێرەدا ڕۆڵی دەوڵەتو بیرۆکراسییەکانی کێشەدارەو وەک کێشە سەیردەکریت نەک بابەتی. تیۆری بەئەمنیکردن کار لەگەڵ جۆرێکی ئاسایشدا دەکات، کە بە شێوەیەکی ئەدەبی دەبەسترێتەوە بە بەرزترین ئاستی مەترسیی سیاسییەوە؛ مەترسیی وجودی بۆ بەردەوامبوونو دەربازبوونی دەوڵەتو

کۆمەڵگە. داواکاریی پاراستن‌و ئاسایش پڕۆسەیەکی بەئەمنیکردن دەخاتەگەڕ، کە توانای هەیە کێشەکە لە فەزای ئاسایی سیاسیدا بهێنێتەدەرەوە، بۆئەوەی کێشەکە بە شێوەیەکی خێراو پێویست مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.
بەبەراوردکردن لەگەڵ نموونەی ئاسایشی سیاسەتی ئاساییدا جێگەی گومانە. دواتر ژمارەیەکی زۆر لێکۆڵەر کاریگەریيە نۆرماتیڤییەکانی پڕۆسەی بەئەمنیکردنیان پێشخانکردووەو داوای پێچەوانەکردنەوەی دەکەن، بۆئەوەی بگەڕێنەوە بۆ سیاسەتی ئاسایی، لەم جۆرە ئەدەبیاتەدا دەوڵەت‌و نوێنەرەکانی زامنکەری ئاسایشن، کە لە دەقێکی دیاریکراودا، دەکرێت دووبارە بگەن بە ئاستی مەترسیی دەوڵەتانی دیکە بە شێوەیەکی فراوانتر.

## گەشەسەندنی مێژووی سیاسەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنی

لە چ ڕوویەکەوە ئەم دیدە پیچەوانەیە لەگەڵ ئەوەی دەتوانین فێرببین لە پەرەسەندنی بواری سیاسیدا؟ لەم بەشەدا دەڕوانین لە مێژووی پەرەسەندنی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە کێشە ئاسایشی‌و سیاسییەکاندا، بۆ پیشاندانی ئەو ڕۆڵە جیاوازەی دەوڵەت بە درێژایی ساڵەکان، کە لەلایەن هۆکارە جیاوازەکانەوە کاریگەریی لە سەر دروستدەکات. ئەمە زامنکەری مێژوویی گوتاری دروستدەکات بۆ ئەو کارانەی دەوڵەت دەیەوێت‌و دەتوانێت پڕیبکاتەوە. گێڕانەوەی چیرۆکی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە سەرەتاوە واتە گێڕانەوەی چیرۆکێکی ئەمریکی. بە هۆی هۆکارە مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەکانەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە پەرەسەندنی زانیاری لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا.
بە تایبەتی‌و گرنگی بۆ وتووێژی ئێستا لە بارەی ئاسایشی ئەلیکترۆنییەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشینەی گەشەپێدانی ڕێگە تایبەتەکانە بۆ تێگەیشتن لە سوودو مەترسییەکانی پەرەسەندنی تەمەنی زانیارییەکان. کاتێک وڵاتانی دیکە بیریانکردەوە لە تەمەنی زانیاری‌و سیاسەتەکان، بە تایبەتی لە پێویستی بە پاراستنی ژێرخانی زانیارییە گرنگەکان لە کۆتایی ساڵانی هەزارو نۆسەدو نەوەدەکاندا، ژمارەیەکی زۆر لە بیرۆکەی سیاسەت‌و پاراستن لە مەترسی، وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیڕەودەکرا، بە لایەنی کەمەوە لە سەرکەوتنە گەورەکانیاندا. ئەگەر باس لە ڕۆڵی دەوڵەت بکەین لە بابەتەکانی دواییدا، دەتوانین بەگشتیبوون بدەین بە دەوڵەتەکانی دیکە، لەگەڵ ئەوەیشدا شیکردنەوەی کردەیی ورد بۆ سیاسەتە جیاوازەکان دەتوانێت چەندین تایبەتمەندیی وردی دەوڵەت بخاتەڕوو.
لە ساڵی هەزارو نۆسەدو هەشتاکاندا، مەترسییە ئەلیکترۆنییەکان کاریگەریی سەرەکییان لە سەر تۆڕەکانی حکومەت هەبوو و گفتوگۆکان زیاتر لە سەر سیخوڕیکردنی ئەلیکترۆنی جێگیربوون. لە دواتردا لە ساڵی هەزارو نۆسەدو نەوەدەکاندا

گۆڕانکاریی جۆری لە مەترسییەکاندا تێبینیکرا. زیاترو زیاتر دۆکیومێنتە ئەمریکییەکان پەیوەندییان لە نێوان کۆمپیوتەرەکان یاخود ژێرخانە زانیارییەکاندا، کە ژێرخانی ڕەخنەگرانەیە، دروستدەکرد، لەگەڵ کاریگەرییە تایبەتەکانی سەر گفتوگۆکە، بە ڕەخنەگرانە وەسفدەکرێن، لەبەرئەوەی شکستیانهێناوە، یاخود نەیانتوانیوە جێگرەوە دابنێن بۆ ئەو دامەزراوەو ڕێکخراوانەی کە کاریگەریی زۆر گەورەیان لە سەر کۆمەڵگە هەیە.

جێبەجێکردنی هەموو ئەم ژێرخانانە لەگەڵ تەکنەلۆژیای زانیاریدا ترێندێکی خێرا گەشەسەندووە. لە نیوەی دووەمی دووهەزارەکاندا، (٢) گەشەسەندن لە توندوتیژیی ئەلیکترۆنیدا سەریهەڵدا؛ یەکەم: لاچوونی سەرنجەکان لە سەر سیناریۆکانی تیۆری "ڕۆژی کۆتایی"و زیاتر بەرەو واقیعی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی دەچین لە حاڵەتە ناکۆکییەکاندا، کە کاریگەریی لە سەر هەردوو کارەکتەری دەوڵەتیو نادەوڵەتی هەیە. هۆکاری ئەم ئاساییکردنەوەیەی ناکۆکیی ئەلیکترۆنی ئەوەیە کە بەردەوام هاوشانی گرژییە سیاسییەکان دەڕوات. دووەم بریتییە لە سەرنجدانی زیاتری هێرشە ئامانجدارەکان. لە لایەکەوە زیادبوونمان هەیە لە مێگا هاکەکان، چوونەناوەوەی سەرکەوتوو بۆ ئامانجە ئابووریو سیاسییە دیارەکان. لە لایەکی دیکەوە، سەرنجی گفتوگۆ سیاسییەکان لە سەر هێرشە بەردەوامە پێشکەوتووەکان (APTs)، کارەکتەرە تواناداەکان، کە ئەدەبیاتە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردەهێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەردەوامو دیاریکراوەکان. هەردوو مێگا هاکو (APT) نیشانەی پرۆفیشناڵیی هێرشبەرەکانو هێرشەکانن، وەک هاکی بوندستاگ. بەیەکەوە نیشاندەرن بۆ زیادبوونی ڕۆڵە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆکانی دەوڵەت لە گرژییە ئەلیکترۆنییەکاندا دەیبینن. هەرچەندە ڕاپۆرتی زیاتر لە سەر ئەو ئۆپراسیۆنانەی دەوڵەت ڕێکیدەخات، لە بواری ئەلیکترۆنیدا لە میدیاکاندا بڵاوکراوەتەوە، بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا، هێرشە زۆر کاریگەرەکان تا ئێستایش ڕێژەیان زۆر نییە.

ئەم بۆچوونە یاسایەک دەچەسپێنێت، نموونەی زیندوو هێرشەکانی سەر ئارامکۆی سعودیە لە ساڵی (٢٠١٢)داو هێرشی دژی تۆڕی کارەبای ئۆکرانیا لە ساڵانی (٢٠١٥) و (٢٠١٦)دا، هەروەها بڵاوبوونەوەی جیهانیی هاکەکانی (WannaCry)و (NotPetya) لە (٢٠١٧)دا. واتا ئەلیکترۆنییەکان بەکارهێنرابوون بۆ کردەی شێواندنی ژینگەی سیاسی، بەڵام بە دەگمەن بۆ وێرانکاری بەکارهاتوون، لەبەر ئاستەنگی لە دروستکردنی کاریگەریی دیاری کۆنترۆڵکراو، هەروەها بە هۆی ستراتیجییە بەرهەڵستیکارەکانی دەوڵەتەوە. بە شێوەیەکی ناسەرنجڕاکێش، زۆرینەی ڕووداوە ئەلیکترۆنییەکانی بە سەر کۆمپانیاو تاکەکەسەکاندا دێت، لە ژیانی ڕۆژانەدا ناگەنە سەردێڕی هەواڵەکان. بە شێوەیەکی سادە زۆر ئاساییترن لەوەی چاوی میدیاکان بۆ خۆیان ڕابکێشن.

ئاساییبوونەوەی ژیانی ئەلیکترۆنی دەمانگەیەنێت بەو ڕاستییەی کە هەر کارەساتێکی

ئەلیکترۆنی ڕوبدات، دەبێت لە پرۆسەی سیاسیدا بسەلمێنرێت. بۆئەوەی ئەم کارە بەئەنجامبگات، مەترسیی ڕودانی ئەم جۆرە بەسەرهاتە، هەمیشە پشتبەستن بەو بەسەرهاتو ڕوداوانەی کە نزیکن لە ڕودانو ڕوونکردنەوەی ئەوەی دەکرا چی بن، وەک بابەتێکی نزیک لە ڕودان سەیردەکرێت. خراپترین حاڵەت بەکاردەهێنین، کە دەتوانن زیانی زۆر زەبەلاح دروستبکەن.
لە ئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت کە سەرچاوەی مەترسییە سەرەکییەکە چیدیکە مەترسیی ڕاستەقینەی کارەساتەکە نییە، بەڵکو نەبوونی هیچ کارێک لە کاتی ڕودانەکەیدا مەترسییە. دواجار، نەک لە کۆتاییدا، کاردانەوەی لۆژیکی ئەم جۆرە مەترسییە ناوبراوە بە دەوڵەت کاری تەواوەتی بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنی ناکات! بەڵام دەکرێت دەوڵەت بە تەواوەتی چی بکات؟ لە بەشەکانی دیکەدا دەڕوانینە کێشەو چارەسەرەکان.

**تێڕو انینی سەربازی بۆ مەترسی**

هەڵسەنگاندنەکانی نادڵنیایی زیاتر مەترسییەکانی ئەو ئامرازانەیان گریمانەدەکرد کە دەتوانێت لە بەردەستی نەیارانی ئەگەری ئەمریکادا بێت، هەروەها گرنگیدان بە لاوازییەکانی مرۆڤ.
لە ڕاستیدا هۆشدارییەکی نوێ هەبوو دەربارەی ئەو مەترسییەی لەلایەن دووبارە ئاڕاستەکردنەوەی سیاسەتی ئاسایشەوە لە دوای ڕوخانی یەکێتیی سۆڤیەتەوە دروستبوون، کاتێک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زیاتر گرنگی بە کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان دەدات، کە سەرچاوەی مەترسی بوون بۆ هاوڵاتیانی ئەمریکی لە ڕێگەی هێرشە تیرۆریستییەکانەوە. بابەتێکی هەستیارو جێی نیگەرانییە کە چیدیکە ناتوانرێت "ڕکابەرە نوێیەکان" بە شێوەیەکی ڕوون بناسێنرێت. لە ئەنجامدا ئامرازە نادڵنیاییەکان زیاتر ئەگەری مەترسییەکانیان پێشبینیکردووە، کە دەکرێت بۆ ڕکابەرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەردەست بێت، هەروەها تیشکدەخاتەسەر خاڵە لاوازەکانی تاکەکەیش. لە نیوەی یەکەمی هەزارو نۆسەدو نەوەدەکاندا دۆکیومێنتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان پڕبوون لەو ئاگادارکردنەوانەی کە ئاسایشی نەتەوەیی ئاگاداردەکردەوە لە مەترسییەکانی لە ئەگەری هێرشە ئەلیکترۆنییەکان بۆ سەر بنکەی وزە، بانکەکان، ترافیکی ئاسمانیو هێزە چەکدارەکان زیاددەکات. لە گفتوگۆی ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا، هاککردن کردەیەکە کە نەک تەنها لەلایەن کەسانی لێهاتوو لە ڕووی تەکنیکییەوە دەکرێت بەکاربێت بۆ سەرپێچیو تاوانی بچووک، دەکرێت وەک ڕێگەی کارکردنی گرووپە باش ڕێکخراوەکان بەکاربێت، کە مەبەستێکی سیاسییان هەیە، وەک ڕێکخراوە تیرۆریستی یاخود دەوڵەتەکان خۆیان.
هەرچەندە زۆرینەی هاککەرەکان لەوانەیە هاندەریان نەبێت بۆ بەکارهێنانی

زانیارییەکانیان بۆ زیانگەیاندنی ئابووریو کۆمەڵایەتی، شارەزایانی بواری حکومی ترسیان هەیە کە ئەو کەسانەی ئەم جۆرە توانایانەیان هەیەو هاندەرێکی ئەوتۆیان نییە، دەکرێت وەک بەکرێگیراوی ئەلیکترۆنی کاریانپێبکرێت لە بەرانبەر بڕەپارەیەکی زەبەلاحکدا. زیادبوونی ئاگادارییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دەربارەی ئەو هێرشە ئەلیکترۆنییانەی ئەگەریان هەیە ڕوبدەن، لە دامەزراوە هەستیارەکاندا هاوتەریبە لەگەڵ زیادبوونی نیگەرانییەکانی زیادبوونی خاڵە لاوازەکانی هێزەکانی ئەمریکا. سەرەتا باس لە شۆڕش لە کاروباری سەربازیو بەکۆمپیوتەرکردنی هێزە چەکدارەکان بە خۆشحاڵییەکی گەورە تایبەتمەند بوو. لە دوای ساڵانی (١٩٩٠) بە دواوە، گرنگیی زیاتر دراوە بەو مەترسییانەی ئەگەریان هەیە دروستببن.
دروستکردنی ستراتیجیو بیروباوەڕەکان، چیدیکە تەنها هێزەکانی دوژمن بەئامانجناگرێت، بەڵکو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گرنگیدەدات بە شێوازی ڕۆیشتنی زانیارییەکان، کە ئەمەیش خاڵی لاوازی هێزەکانی ئەمریکای خستەبەرچاو، کە بەستراوە بە تۆڕە ئەلیکترۆنییەکانەوە. تا زیاتر باس لە هێرشەکانی سەر سیستەمە زانیارییەکانی ڕکابەرە پێشکەوتووەکان بکەین، زیاتر مەترسییەکانی سەر تۆڕەکانی زانیاریی مەدەنیو سەربازیی خودی دەخەینەبەرچاو.

**ڕێبازەکانی چارەسەری مەدەنیانە**

بە هۆی بەهێزیی سروشتی سەربازیی گفتوگۆکەوە، بەرپرسیارێتیی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکی بۆ هەڕەشەکانی سەر زانیارییە جەوهەرییەکانو ژێرخانەکانی پەیوەندی وا دیار بوو ڕوون بێت، بەڵام قورسایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو مەترسییانەی کە چیدیکە پەیوەست نەبوو بە ناوچەوەو نەدەتوانرا بناسێنرێت لەلایەن هۆکارەکانی ناساندنەوە، چەندین پرسیاری بنچینەییو گرنگی دەربارەی دابەشکردنی ئەزموونەکانو ڕێکخستنە یاساییەکان دروستکرد، لەگەڵ ستراتیجی سیاسیو تەکنیکی نوێ لە سیاسەتی ئاسایشدا. ئاستەنگی هەبوو لە دیاریکردنی تاوانبارانداا. تۆمەتبارکردن بە پشتبەستن بە لۆژیکی کیوبۆنۆ (لە بەرژەوەندیی کێیە؟) بە تەنها، لەگەڵ ئەوەیشدا بنچینەیەکی یاسایی بۆ کردەی سیاسی و پۆلیسی نییە. لە دیاریکردنێکی سەلماندندا سیناریۆی ئۆپراسیۆنێک، کە لە ژێر ئاڵایەکی هەڵەدا ڕوودەدات (ئۆپراسیۆنێک کە تێیدا لایەنی سێیەم خۆی وەک کارەکتەرێکی دیکە پیشاندەدات)، دەبێت هەمیشە هەڵبسەنگێنرێت. نادڵنیایی دەربارەی ئەو ئەگەرو سنوورانەی دیاریکراون، یارمەتیی کارەکتەرەکانی دەوڵەت دەدات، کە نکۆڵی لە بوونیان بکەن، بۆئەوەی بە شێوەیەکی فەرمی خۆیان لە هێرشەکان بپارێزن. لە کاتێکدا کە یاساکانی زانیاریی جەنگی زیاتر لە بواری سەربازیدا گەشەیانسەند، لە ناوچە مەدەنییەکاندا کارەکتەرەکانی دیکە هەوڵیانداوە جڵەوی لاوازیی کۆمەڵگە بکەن، بە گشتی بە هۆی پشتبەستن بە ژێرخانی زانیاریی ناسەلامەتو پارێزراویی ماوەوە.

لە ساڵی (١٩٩٥) لیژنەی سەرۆکایەتیی ئەمریکی بۆ پاراستنی ژێرخانە گرنگەکان (PCCIP) بۆ بڕیاردانی گشتگیر لە سەر ئاسایشی هەموو دامەزراوە ژێرخانییەکان دروستکرا. زیاتر جەختیان لە سەر سەرچاوەی مەترسییە گەورەکانی سەر ئاسایشی ئەلیکترۆنییە. (PCCIP) دەبێت مەترسییەکانیان هەڵبسەنگێنێت، ڕێکاری بەرگری پەرەپێبداتو بەشداریبکات لە ڕوونکردنەوەی ڕیفۆرمی دامەزراوەیی و یاسایی پێویست. هەموو دەزگا پێویستەکان لەو لیژنەیەدا نوێنەرایەتیدەکران، تەنها ئامرازەکانی سیاسەتی ئاسایش بەشدارنەبوو. لەگەڵ ئەمەیشدا خاوەنی ژێرخانە تایبەتەکانیش بەشداربوون. ئەم هەوڵە وا لێکیدایەوە کە لە حاڵەتی گرنگیی پاراستنی ژێرخانەکان، ناکرێت چیدیکە سیاسەتی ئاسایش کردەیەکی تایبەت بێت لە دەوڵەتدا، بەڵکو داوای بەرپرسیاریەتیی هاوبەش دەکات، بە تایبەتی لەگەڵ سێکتەرە تایبەتەکاندا. کۆتا ڕاپۆرتی (PCCIP) بنچینەی ڕێگەکانی خستووەتەڕوو، کە چۆن ژێرخانە گرنگەکانو ژێرخانە زانیارییە گرنگەکان لە سەرانسەری جیهاندا دەپارێزرێن. بە سوپاسەوە بۆ کارمەندی دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی؛ ئیدوارد سنۆودێن، ئێستا دەزانین کە خزمەتگوزارییە هەواڵگرییەکان گرنگترین بەکاربەرن، کە دێینەسەر بەکارهێنانی ستراتیجی فەزای ئەلیکترۆنی، بە تایبەتی کە تیشکدەخەینەسەر سیناریۆ گرنگەکانی "جەنگی ئەلیکترۆنی"، کە دەکرێت لە بواری ئۆپراسیۆنە سەربازییەکاندا شوێنیبکەینەوە. توێژینەوەکان زۆر لە مێژە ئەوەیان پشتگوێخستووە کە چۆن پراکتیزەکردن لەم کۆمەڵگەیەدا نۆرمە هەڵسوکەوتییە ستراتیجییەکان شێوەپێدەدات بۆ چەندین ساڵ لە فەزای ئەلیکترۆنیدا. زۆر گرنگە بۆ ڕوونکردنەوەکانی داهاتوو کە خزمەتگوزارییە هەواڵگرییەکان (ناگشتییەکان) بۆشاییە ئاسایشییەکانی سیستەمی ئۆپراسیۆنە باوەکان بەکاردەهێنێت بۆ سوودوەرگرتن لە چەندین ناوچەی هەلپەرستی ستراتیجی لە ژێرخانی ئینتەرنێتدا بۆ چەندین مەبەستی جیاواز. ڕێپێدانو دزەکردنەکانیان بۆ چەندین مەبەست دەتوانرێت بەکاربهێنرێت (چاودێریکردن، سیخوڕیکردن، کاری تێکدەرانەو زیاتر). بە شێوەیەکی تیۆری هەر کاتێک بیانەوێت، دەتوانن کاراییکەن، ئەگەر لە لای قوربانییەکە بە شاراوەیی بمێنێتەوە. ئەم ئامێرە توشبوانە ئاسایشی هەموو سیستەمەکە دادەبەزێنن، هیچ زامنییەک نییە کە ئەم بۆشاییانە نەدۆزرێنەوەو لەلایەن کەسانی دیکەوە بەکارنەهێنرێن، وەک دەزگا هەواڵگرییەکان، هاککەرە تاوانبارەکانو ئەو کارەکتەرانەی هاندەری سیاسییان هەیە. ئاسایشی هەموو ئینتەرنێت بە شێوەیەکی مەبەستدار بۆ مەبەستی ستراتیجی لە مەترسیدایە. لەگەڵ ئەوەیشدا حاڵەتە پارادۆکسییەکان دێنەکایەوە، کە تێیدا کارەکتەرە دەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرپرسن لە خستنەمەترسیی ناڕاستەوخۆی هەموو ئاسایشی نەتەوەیی، کە خۆیان لێی بەرپرسن.

## ڕۆڵی دەوڵەت لە سیاسەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا

بە شێوەیەکی مێژوویی، گەشەسەندن لە ڕۆڵی دەوڵەت دەبینین، کە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ سێ قۆناغی سیاسەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا. لە یەکەم ڕۆڵدا دەوڵەت وەک خاوەنی تۆڕە مەترسیلەسەرەکان دەردەکەوێت (خاوەن). لە دووەم ڕۆڵدا دەوڵەت وەک ئەو کارەکتەرە دەردەکەوێت کە پێویستە لە سەری کێشەکە بە ناوی سیاسەتی ئاسایشەوە چارەسەربکات (خاوەنی کێشە). سێیەمو کۆتایی، دەوڵەت یاخود یەکە تاکەکانی ناو دەوڵەت وەک سەرچاوەی سەرەکیی کێشەکە دەردەکەون (دروستکەری کێشەکە). گرنگتر لەمە، ئەم گەشەسەندنە زیادکەرە: ڕۆڵە نوێیەکان گریمانەیین، لە کاتێکدا ڕۆڵە کۆنەکان دەمێننەوە، کە هۆکارن بۆ ئاڵۆزبوونی بواری سیاسەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنی. ئەم گەشەسەندنە لە خشتەی (١)دا پیشاندراوە.

| ئاست | بواری کێشەکان | ڕۆڵی میللەت |
|---|---|---|
| هەزارو نۆسەدو هەشتاکان | - "هاککردن" وەک کێشە دەناسرایەوە لە سیاسەتی گشتیدا، بە هۆی ڕوداوە جیاوازەکانەوە.<br>- مەترسییە سەرەکییەکە بریتییە لە ڕێگریکردن لە دزرانی داتا نهێنییەکان لە حکومەتو تۆڕەکانی حکومەت.<br>- چارەسەرەکان بە شێوەیەکی گشتی پەیوەست بوون بە دەوڵەتەوە، وەک: خاوەنداریەتیی تۆڕەکانو زانیارییەکان. | خاوەندار |
| هەزارو نۆسەدو نەوەدەکان | - زیادبوونی تۆڕەکانی ئینتەرنێتو بەبازرگانیکردنی ئینتەرنێت هۆکار بوو بۆ کێشەی زیاتر، کە هۆکاری نیگەرانی بوون لە لای بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەو ئابووری.<br>- ژێرخانە دیاریکراوەکان بوون بە خاڵی سەرنج (لە دوای (١٩٩٥)ەوە).<br>- داواکاری لەلایەن هاوڵاتیانەوە ئاڕاستەی دەوڵەتو کارەکتەرە تایبەتییەکان دەکرێت بۆ باشترکردنی ئاسایشی سیستەمەکانو کۆکراوەی کێشەکان. | خاوەندار<br>خاوەنی کێشە |
| دووهەزارەکان | - چەندیەتیو جۆریەتیو گرنگیپێدان، کە دەدرێت بە "هێرشە دیاریکراوەکان"،زیاددەکات.<br>- دەوڵەتەکان (هاوپەیمانەکانیان) وەک کارەکتەر زیاتر کاران.<br>- دەوڵەت بەرپرسە لە خراپتربوونی حاڵەتەکان.<br>- پەرەسەندنی پێشبڕکێی چەکداریی ئەلیکترۆنی | خاوەندار<br>خاوەنی کێشە<br>دروستکەری کێشە |

**خشتەی (١)**: ڕۆڵە مێژووییەکانی دەوڵەت

وەک لە بەشی پێشوودا بینیمان، ئەدەبیاتی پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکان زۆر جەختدەخاتەسەر ڕۆڵی سێیەمو نوێترین. هەروەها دۆکیومێنتەکانی سیاسەتی ئاسایشی

ئەلیکترۆنی لە چەندین دەوڵەتەوە جۆراوجۆریی پراگماتیکی زۆر گەورەتر پیشاندەدات. لە ڕێگەی ئەمانەوە، ئاسایشی ئەلیکترۆنی خۆی وەک کێشەیەکی گشتگیری نموونەیی دەخاتەڕوو، کە پێویستی بە هەماهەنگیی فراوانی نێوان کارەکتەرەکان هەیە. کارەکتەرەکان تەنها لە دەسەڵاتە جۆراوجۆرە گشتییەکانەوە وەرناگیرێن، بەڵکو لە کۆمەڵگە مەدەنیو بازرگانییەکانیشەوە. ڕاستییەکی ئاشکرایە کە دەوڵەت بە تەنها ناتوانێت زامنی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی زیاتر بدات، نەک کەمتریش، لەبەرئەوەی زۆرێک لە تۆڕە سەرەکییەکان لە دەستی تایبەتدان. ئاسایشی ئەلیکترۆنی پەلدەکێشێت بۆ بەرپرسیاریەتیی هەموو تاکێکو هەموو کۆمپانیایەک. نەک تەنها لە پیشەسازییەکەدا (کارگە بچووکو قەبارە مامناوەندەکانیش لەخۆدەگرێت)، کە بە شێوەیەکی سەرەکی بە تاوانی ئەلیکترۆنیو سیخوڕی کاریگەردەبن، زۆرینەی ژێرخانە گرنگەکانیش خاوەنداریەتیی تایبەت دەکرێن، لەبەرئەوە دەوڵەت ناتوانێت زامنی پاراستنیان دژی هێرشی ئەلیکترۆنی بدات. هەروەها مەودای فراوانی ڕێکارە پێویستەکان چەندین توخم لەخۆدەگرێت، کە دەوڵەت بە تەنها ناتوانێت وێنایبکێشێتو جێبەجێیبکات.


پێداچوونەوەیەک بە هەموو ڕۆڵەکانی دەوڵەت ئەمانە دەردەخات؛ یەکەم: دەوڵەت دەبێت تۆڕە مەدەنیو سەربازییەکانی خۆی بپارێزێت لە هەموو جۆرەکانی ئاڵۆزیی ئەلیکترۆنی بە شێوەی تەکنیکیو شێوازەکانی دیکە. لەم ڕۆڵەدا دەوڵەت وەک زامنکەرو پارێزەری دامەزراوە ناوەندییەکانی کاردەکات. دەوڵەت ڕۆڵێکی دیکەی وەک یاسادانەرو ڕێکخەری هەیە. لە لایەکەوە بنچینە یاساییە پێویستەکان دادەنێت بۆ ڕوونکردنەوەی کردە پلەبەندییەکەی لە بەرانبەر کۆمەڵگەو ئابوورییەکەیدا. بۆ نموونە: لە شەڕی دژی تاوانی ئەلیکترۆنی یاخود لە ڕێکخستنی ژێرخانە گرنگەکاندا بەکاردێت (ئەو ژێرخانانەی کە تێکدانیان زیانی جددی بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت). لە لایەکی دیکەوە چوارچێوەی کاری یاسایی دروستدەکات بۆ ڕێکخستنی گرژیی نێوان هاوڵاتیانو بازرگانییەکان. ئەمەو چەندین بابەتی دیکە ڕوودەدەن، لەگەڵ ڕێکخستنی ئاسایش لە بڕوانامەی بەرهەمەکاندا، یاخود لە بەیاساییکردنی پشتپێبەستنی کارگەکان بۆ ئەو بەرهەمانەی ماددەی دیجیتاڵییان تێدایە، چۆنو هەتا کوێ ئەم ڕۆڵە دەگۆڕێتو پشتدەبەستێت بە پەیوەندییە مێژووییە دروستبووەکەی نێوان ئابووریو دەوڵەت. لەو کاتەوەی کارەکتەرەکانی فەزای ئەلیکترۆنی بە شێوەیەکی نێودەوڵەتی کاردەکەن، دوورییە نێودەوڵەتییەکە، بە تایبەتی لە هەماهەنگیی یاسا تاوانبارییەکان، گرنگییەکی زۆری هەیە. دامەزراوەکانی دەوڵەت وەک نوێنەرو پاڵپشتیکاری کۆمەڵگە خۆیان دەنوێنن، بە داکۆکیکردن لە چوارچێوەی کاری نیودەوڵەتی، کە سوودی بۆ هەردوو بواری ئابووریو کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە.

لەگەڵ ڕۆڵەکەیدا وەک ڕێکخەر، لە بواری ژێرخانە گرنگەکاندا دەوڵەت ڕۆڵی هاوبەشێکیش دەبینێت. زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا هەوڵدەدەن پاراستنی زیاتر بۆ

هاوبەشییە تایبەتو گشتییەکانیان دابینبکەن. زۆرینەی ئەمانە لە هەماهەنگییە خۆبەخشییەکانی نێوان پیشەسازیو دەوڵەتدا ڕوودەدەن، بە تایبەتییش لە ڕووبەری گۆڕینەوەی زانیاریدا. هاوبەشییەکان لە ژێر ئەو ڕۆشناییەدا دەبێت، جگە لە نەتەوەییبوونی تەواوەتی یاخود بونیادنانی تەواوەتیی ئاسایشی تایبەتی ژێرخانە گرنگەکان، کێشەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا دەکرێت بە شێوەیەکی یەکگرتوو ئاماژەپێبدرێت. بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە سەر بابەتی ئەلیکترۆنی لە کۆمەڵی گشتیدا هەوڵێکی گرنگی سیاسییە، دەوڵەت تێیدا ڕۆڵی دروستکەری زانیاریو بڵاوکەرەوەی هەیە، کە دەیەوێت وەک سەرچاوەیەکی زانیاریی خاوەنی متمانە ببینرێت. ئەمە سەردەگرێت یان نا، دەکەوێتەوەسەر ئەو پەیوەندیو متمانەیەی، کە بە درێژایی مێژوو لە نێوان گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگەو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا دروستبووە، لە هەندێک حاڵەتدا لە هەموو بوارە جیاوازەکاندایە. لەم کردەیەدا دەوڵەت وەک ئاسایش کاردەکات، بە بەکارهێنانی پێگەی متمانەی، بە بڵاوکردنەوەی وێنایەکی مەترسییەکی دیاریکراو. پەیوەندیی متمانە پێکهاتەیەکی گرنگە لە ڕۆڵی دەوڵەت وەک دروستکەری ئاسایشی ئەلیکترۆنیی زیاتر. دەوڵەت، لە دەقی چالاکییە هەواڵگرییەکانیدا، وەک مەترسییە بۆ هەندێک، ئەم مەودایە نوێ نییە، بەڵام بە شێوەیەکی پراکتیکی تیشکیدەخرێتەسەر، لە ڕێگەی ئەو بەرەوپێشچوونە خێرایە تەکنیکییانەی لەم دە ساڵەی ڕابردوودا شایەتی بووین. بە شێوەیەکی ناوخۆیی، ئەمە دەکرێت کەیسەکە بێت، بۆ نموونە: بەرگریکردن دژی سیخوڕیکردنو تیرۆریزم، هەروەها لە ڕێگریکردن لە توندوتیژیی سیاسیی توندڕەوەکان. لە ژمارەیەک کۆمەڵگەکاندا مێژووی خراپ_بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانەی پەیوەستە بە دەستوەردانی دەوڵەتەوە، بە شێوەیەکی ڕوونەکراوە لە مافە مەدەنییەکان دەوڵەت وەک مەترسی سەیردەکات. هەروەها سیخوڕیکردنی سیاسیو ئابووری لەلایەن وڵاتانی دەرەکییەوە وەک سەرچاوەی مەترسی سەیری دەوڵەتەکان دەکرێت. لەم ڕۆڵەدا ڕۆڵی دەوڵەت دەبێت بە سەرچاوەی دروستکردنی کێشەو دەبن بەو دەوڵەتانەی ئاسایش دەدەن.

**بوارەکانی گرژیی نێوان دەوڵەت، ئابووریو کۆمەڵگە**

ئاستێکی باشی ئاسایشی ئەلیکترۆنی؛ تەنها حکومەت، بازرگانیو کۆمەڵگە بەیەکەوە دەتوانن دەستەبەریبکەن. لەگەڵ ئەوەیشدا گرووپە بچووکەکانی ناو سێکتەرەکان ویستی جیاوازیان هەیە، ئەمەیش هۆکارە بۆ دروستبوونی سێ بواری گرژی، کە سیاسەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنی دەبێت بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لە کوێدا سیاسەتی ئاسایشی ئەلیکرۆنی لە تەوەرەکاندا دادەنرێتو لە ئەنجامی ئەم پرۆسەی مامەڵە ئاڵۆزەدا بە کوێ دەگات، کە بە شێوەیەکی گەورە پشتدەبەستێت بە پێشهاتەکانو چاودێریکردنی مەترسییەکان. (بڕوانە: شێوەی (١)).




**شێوەی (١):** سێ بوارەکەی گرژیی نێوان سیاسەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنی

لە بواری یەکەمی گرژیی نێوان دەوڵەتو ئابووریدا، گرنگە کە سیاسەتێک دابنێین بۆ پاراستنی ژێرخانە گرنگەکان کە ئەنجامە نێگەتیڤەکانی ئازادکردن، نهێنیبوونو بەجیهانیبوون لادەبەن لە دادگای سیاسەتی ئاسایشەوە بەبێ ڕێگەگرتن لە کاریگەرییە پۆزەتیڤەکانیان. لەم بوارەی گرژیدا دەوڵەت نیگەرانە لە پشتبەستن بە کردە ئابوورییەکانو ئەنجامە جیاوازەکانی کۆمەڵگە. چۆن متمانە دروستدەبێت لە نێوان بازرگانیو حکومەتدا؟ لە کوێدا دەبێت دەوڵەت دەستوەربدات، بۆئەوەی بەر بە مەترسییە کەڵەکەبووەکانو کاریگەرییە گوازراوەکانی بگرێت، کە لە سەر کۆمەڵگە دروستدەبێت. دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە لەم بواری گرژییەدایەو بەشێکی گرنگی پرۆسەی سیاسەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنییە. دووەم بواری گرژیی نێوان دەوڵەتو هاوڵاتیان، گرنگە کە هاوسەنگیی گونجاوی سیاسی لە نێوان ئاسایشی زیاترو ئازادیی زیاتر بدۆزینەوە لە فەزای دیجیتاڵیدا. هێزی پۆلیسو هەواڵگری زیاتر ڕووبەڕووی گرژی دەبنەوە لەگەڵ مافە مەدەنییەکاندا، بە تایبەتی مافی سەرەتایی بۆ زانیاریی کەسیەتی یاخود نەناسراوی لە تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا. کاتێک بە قووڵی باسی مەترسییە ئەلیکترۆنییەکان دەکەین، مرۆڤەکان بیریاندەچێت، سەرەڕای زیادبوونی سەرنجو پەیوەندییەکان بۆ پاراستنی زیاترو باشتر، ئاسایشی ئەلیکترۆنی یەکێکە لە چەندین کێشەی هاوبەشی نێوان سێکتەرەکان، کە دەوڵەت دەبێت ئێستا ئاماژەپێبکات. ئەو زیانانەی کە بە هۆی ڕوداوەکانی پێشووەوە ڕویداوە، زۆر نەبووە (یاخود وەک

ئێستا بە ڕاستەوخۆیی ئەزموونینەکراوە)، بۆئەوەی تێچووەکانو کەمکردنەوەکانیان بە شێوەیەکی زۆر لە مافە مەدەنییەکاندا قبوڵکراو بێت. وەک لەوەی ئەو زیانە لە بابەتەکانی تردا هەستیپێبکرێت (وەک تیرۆریزم)، وەک یاسایی خۆی دەنوێنێت بۆ کەمکردنەوەی لە گوتارە سیاسییەکانی لە بارەی بابەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنییەوە هەیە (وەک: کۆدی گفتوگۆی سیاسی یاخود شاردنەوە).

لە سێیەم بواری گرژیی نێوان هاوڵاتیانو بازرگانیدا، گرنگە کە چوارچێوەی مەرجەکانی بۆ پەرەپێدانی سیستەمێکی ژینگەیی ئاسایشی سەرکەوتوو دابنێین. چۆن بازاڕەکانی کە تۆڕەکانی قۆرخکاریی تێدایە، دەکرێت ڕێکبخرێن، بە ڕێگەیەک کە هاوسەنگی لە نێوان ئاسایشو کارکردندا بپارێزرێت؟ چۆن دەکرێت هاندەری زیاتر دروستبکرێت لەگەڵ ڕێکارە پارێزگارییەکان بۆ ئەوانەی خزمەتگوزاری دەستەبەردەکەن؟ چۆن بتوانین بەکارهێنەرەکان هۆشیاربکەینەوە لەو ڕاستییەی کە کاری زیاتر نەکەن پێش بیرکردنەوە لە سەلامەتی؟ چۆن مەرجەکانی چوارچێوەی یاسایی جیهانی بۆ چالاکییەکان لە فەزای دروستکراودا ڕێکبخرێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی بۆشاییەکانو لەپێشینەیی چارەسەرە ئاسانەکان؟ کاتێک لەلایەن کارەکتەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو ئابوورییەوە بەهەندوەردەگیرێت، بە سەر ڕۆڵەکانی دەوڵەتیشدا دەسەپێت؛ چەندین ڕۆڵ دەگرێتەوە، بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە کە ژمارەیەکی زۆر لە دۆسیەکانی سیاسەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، دەوڵەت نوێنەرایەتیی جۆرایەتییەکی فراوانی بەرژەوەندی دەکات لە هەمان کاتدا. لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆری هاوپەیمانیی بابەتی لە نێوان کارگێڕییەکانی دەوڵەت لەگەڵ گرووپەکاندا بەرژەوەندیی جیاوازی ئابووریو کۆمەڵایەتییان هەیە، دروستدەبێت. هەریەک لەم گرووپە سیاسییانە دیدی جیاوازیان هەیە لە ڕۆڵی دەوڵەت لەم بابەتەی کە باسکراوە. لە دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا، ئەم ڕۆڵە گرژیانە لە ئاستێکی سیاسییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێتو دەکرێت بە شێوەیەکی سیستەماتیکیانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. بۆ نموونە: لە کاتێکدا دەوڵەت مەبەستێکی بەرەنگاربوونەوەی تاوانی کاریگەرو توانای هەواڵگریی مۆدێرنی هەیە، بەرژەوەندیی بۆ بەکارهێنی خاڵی لاواز بۆ چاودێریکردنیش هەیە، هەروەها بەرژەوەندیی گەورەتری هەیە لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا ئاسایشییەکان، لەلایەن بازرگانەکانو کۆمەڵگەوە. لە ژمارەیەک لە دەوڵەتەکان، ئەم بەرکەوتنە لە ئامانجە سیاسییەکاندا لەلایەن پرۆسەی بەڕێوەبردنی مەترسییە دامەزراوەییەکانەوە چارەسەردەکرێن. لە میانەی بابەتەکانی دیکەدا، ویستی گشتی لە پلاتفۆرمە سەلامەتەکان لە بەرانبەر ویستی گشتییە بۆ کاریگەریی هێزە یاساییەکانو دانانان بە یاساییبوونی ڕۆڵە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی ئەم

پێزانینە بە ڕێگەیەکی دامەزراوەیی واتادارو بۆ ناسینەوەی ئەو بڕیارانەی لەم بوارەدا دوریەکی سیاسیی گەوهەری وەردەگرن.

## کۆتایی

لەم توێژینەوەیەدا باسمان لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنی کردووە لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لە وێناکردنی لە ئەدەبیاتداو شیکردنەوەی بەڵگەنامەکانی سیاسییەکاندا. شیکارییەکانمان پیشانیدەدات کە سیاسەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنی جۆراوجۆرو دەوڵەکان، ئابوورییەکان، کارەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆدەگرێت. جۆراوجۆریی وڵاتە جیاوازەکان، کە بەشداریی مێژوویيان هەیە لە ڕێکخستنی دەوڵەت، ئابووری‌و کۆمەڵگە، ئەگەرەکان‌و سنوورەکانی ڕۆڵی دەوڵەت‌و گرژییە سیاسییەکانی دەوڵەتەکە دیاریدەکەن. ناسینەوەی جۆراوجۆریی کردەکانی دەوڵەت بنچینەی بەهێزە بۆ گەشەسەندنی هەڵبژاردە ستراتیجییەکان، کە ڕێخۆشکەرە بۆ ستراتیجی گشتی. ستراتیجییەکی گشتیی سیاسەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنی دەبێت پەیوەندیی ڕوون دروستبکات، کە چۆن ئامانجەکان بەرانبەر بە یەکتر دەگیرێن، هەروەها دەبێت بە ڕوونی ئامانجەکانی دەوڵەت بپێکێت لە ڕۆڵە جۆراوجۆرەکاندا. لە دیدێکی ستراتیجییەوە، ڕۆڵی گرژییەکان دەکرێت لە لەپێشنەدا شیکاربکرێت‌و بخرێتە پرۆسەی سیاسییەوە. ئەمە وادەکات بڕیارە ستراتیجییە بنچینەییەکان بدرێت (لە بواری هێزی ناپەسەندی کارەکتەرە تایبەتەکاندا)، هەروەها دەتوانێت ڕۆڵی بەڕێوەبردنێکی ستراتیجی لە ڕۆڵی گرژییەکاندا ببینێت (لە بواری خاڵی لاوازی بەڕێوەبردندا). ئەگەر ئەنجامەکانیش لە وڵاتە جیاوازەکاندا هاوشێوە نەبن، بوارەکانی گرژی کە سیاسەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنی ڕۆڵی تێدا دەبینێت، وەک خۆیان دەمێننەوە. لە بنچینەدا سیاسەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە دەرەوەی دیاریکردنی ڕۆڵە جیاوازەکانی دەوڵەت لە ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا دەسوڕێتەوە (لە ڕێگەی ئەمەوە ڕۆڵی کارەکەرە نادەوڵەتی‌و نیمچەدەوڵەتییەکان دیاریدەکات). دەبێت تێبینیی ئەوە بکرێت کە ئەم جۆرە ڕوونکردنەوەیە، لە ژینگەیەکی خێرا گۆڕاوی تەکنەلۆژی‌و سیاسیدا، هەمیشە کاتییەو بەربژێرە بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسی‌و گۆڕانی دەسەڵات. گۆڕانی هەماهەنگیی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی ڕەنگدەداتەوە لە سەر بڕیارە سیاسییە نوێیەکان، کە بۆ چەندین نەوە لە ستراتیجییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا دەناسرێتەوە.

لە کاتێکدا بابەتی کارلێکی سیاسی هاوشێوەن لە وڵاتە جیاوازەکاندا، بەڵام دەرکەوتنی تەواوی ڕۆڵی جیاواز پەیوەستە بە بەهێزیی گرووپە بەرژەوەندییە جیاوازەکان‌و دابەشکردنی ڕۆڵ‌و پەیوەندیی متمانەوە لە نێوان کارەکتەرەکاندا. بابەتەکان

پرسیارەکانی سنوورەکانی بەرپرسیاریەتی لەخۆدەگرن (واتە بەرپرسیاریەتیی دەوڵەت، کارەکتەرە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان لە کوێوە دەستپێدەکاتو کۆتاییدێت؟)، هەروەها پرسیار دەربارەی ئەگەرە بینراوەکان بۆ ئەم بەرپرسیاریەتییە (ئەمەیش واتای ئەوەیە کە ڕەنگە کام کارەکتەر بەکاربهێنێت بۆ جێبەجێکردنی ڕۆڵی ئەوان؟). وەک لەم توێژینەوەیەدا پیشاندراوە، وەڵامی هەردوو پرسیارەکە پرۆسەی فرەلایەنی سیاسیی ئاسایشی ئەلیکترۆنییە. ئێمە وەک توخمێکی پێکهاتەسازی پێشنیارمانکردووە کە مشتومڕە سیاسییەکان دابەشبکرێن بە سەر سێ بواری گرژیو شەش ڕۆڵدا، ئەمەیش وادەکات شیکارییەکی سیستەماتیکیتر بۆ ململانێ سیاسییەکان لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا بکرێت.

**سەرچاوە**: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئاسایشی زیورخ

# ڕۆڵی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە ئابووریدا

نووسینی: پیتەر بانیاس
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**پوختە**

گۆڕانکارییەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری، ئاڵنگاریی نوێی لە ئاسایشی گەلاندا دروستکردووە. لە مێژووی شەڕەکاندا زۆربەی کاتەکان نایەکسانی لە نێوان لایەنە شەڕکەرەکاندا هەبووە. سەرچاوەی ئەم نایەکسانییە ڕەنگە ئابووری، تەکنەلۆژی، یان تەنیا قەبارەی لایەنەکان بێت. شەڕی مۆدێرن خەریکە سەرنجی خۆی دەگۆڕێت بۆ ئۆپراسیۆنەکانی زانیاری، لەو بوارەدا لایەنەکان هەمان چەك بەکاردەهێنن؛ کۆمپیوتەرەکان. لەم ڕۆژانەدا کۆمپیوتەری تۆڕو فەزای ئەلیکترۆنی قۆناغێکی ململانێی بەردەوامە. یاسای نێودەوڵەتی لە پرۆسەی بونیادنانی ژینگەی یاساییدایە بۆ ئەم شەڕە. گرەوەکە بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو بەرزە. جەنگەکە تەنها بۆ کۆکردنەوە یان بەرگریکردن نییە لە زانیارییە نهێنییەکان، بەڵکو بەرگریکردنە لە ژێرخانی گرنگو ئەو دامەزراوانەی بەرپرسیارن لە یەکپارچەیی ئاسایشی نیشتیمانیو ئابووری. پێشکەشکردنەکانی ئەمڕۆ بڕیارە بەرگری لە ژێرخانە گرنگەکانمان بخەنە ڕوانگەی ڕۆڵی ئاسایشی ئەلیکترۆنیو کاریگەرییەکانیەوە لە سەر ئاسایشی ئابووری.

## بیرۆکەی پێشەکی

لە سەدەی ئێمەدا جۆرێک لە گۆڕانی پارادایم لە بواری شەڕی زانیاریدا بەدیدەکرێت. گۆڕانکارییەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری، ئاڵنگاریی نوێی لە ئاسایشی گەلان دروستکردووە. گرنگیی جەنگی زانیاری بە باشترین شێوە لە شەڕی ئەلیکترۆنیی ئیستۆنیاو ڕوسیا، کە لە ساڵی (٢٠٠٧) سەریهەڵدا، بەدیدەکرێت، یان لە بەکارهێنانی ڤایرۆسی ستۆکسنێت، کە پارادایم دەگۆڕێت لە دژی خێراکردنی تەنۆلکەکان لە ناتەنز، کە هەوڵەکانی ئێرانی بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم دوو ساڵ دواخست. بە بەکارهێنانی تەنها سیستەمێکی کۆمپیوتەری، هێرشبەران دەتوانن ئەو وڵاتانەی کە هێرشیانکراوەتەسەر، بۆردومانبکەنو بیانگێڕنەوە بۆ "سەردەمی بەردی دیجیتاڵی"، بەبێ هیچ شەڕێکی ئاسایی، کە چەکی تێدا بەکاردێت. (بانیاس-ئۆربۆک، ٢٠١٢).

لە فەزای ئەلیکترۆنیدا جەنگێکی بەردەوام لە ئارادایە، نەک تەنها بە مەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین نهێنیی دەوڵەتی یان پیشەسازی، بەڵکو بۆ لێکۆڵینەوە لە لاوازییەکانی دوژمن، کە دەتوانرێت بە شێوەیەکی کاریگەر بەکاربهێنرێت بۆ لاوازکردن یان تەنانەت بە تەواوی لەناوبردنی دوژمن لە فەزای ئەلیکترۆنی لە حاڵەتی ململانێیەکی ئەگەریدا. ڕۆژێک تێناپەڕێت کە فێری هێرشێکی ئەلیکترۆنی نەبێت بۆ سەر وڵاتێک یان بەڕێوەبەرێکی بازاڕ. لە کاتی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا کە بۆ ئەم بابەتە کرا، یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکان بریتی بوو لە هێرشکردنەسەر ژێرخانی گرنگی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە ڕەنگە وەڵامەکەی ترسناکترین بووبێت؛ هەڵکوتانەسەر فەیلەقی ئەندازیارانی سوپای ئەمریکا. هێرشبەرەکان، کە گوایە هاککەری چینی بوون، زانیاری لە سەر (٧٩) هەزار بەنداو بەدەستدەهێنن. بەنداوەکان تەنها ئامرازێکی سەرەکی نین بۆ بەرهەمهێنانی وزە، بەڵکو ئەگەر کۆنترۆڵبکرێت، لەوانەیە مەترسی لە سەر ژیانی خەڵک دروستبکات، بە هۆی مەترسیی بوونی لافاوەوە لە ناوچەکانەوە. ئەوەی دۆخەکەی خراپترکردبوو، وەڵامی (USACE) بوو بۆ ڕوداوەکان (بارەگای فەیلەقی ئەندازیارانی سوپای ئەمریکا، کە دەزگایەکی فیدراڵییە، کە بەرپرسیارە لە بارودۆخو دروستکردنی بەنداوو کەناڵو پاراستنی لافاو)؛ ئەوان ئەو کەسانەیان ئاگادارکردەوە کە بەشداربوون لە هاککردنی ئیمەیڵەکانو ناسنامەو وشەی نوێی نهێنییان (Gertz ٢٠١٣) لە فایلێکی هاوپێچدا نارد بۆ بونیادنانی پرۆتۆکۆڵی ئاسایشی نوێ.

## چەمکی ئاسایشی ئابووری

لە سەردەمی نەزمی جیهانیی دووجەمسەریدا، ئاسایش لە بنەڕەتدا ئەولەویەتی ئاسایشی سەربازی بووە، بەڵام ئێستا چەمکەکە گۆڕاوەو پێویستی بە لێکدانەوەیەکی ئاڵۆز هەیە. ئامرازێکی گرنگ، یان ڕەنگە گرنگترینی ئەم ڕوونکردنەوە بێت، کە ئەویش ئاسایشی ئابوورییە. ئێمە ناتوانین باسی ئاسایش یان ئاسایشی ئابووری بکەین،

ئەگەر چەمکەکەی بە شێوەیەکی ئاڵۆز لێکنەدرێتەوە. دەبێت جیاوازیبکرێت لە نێوان دەرکەوتنی ئاسایشی ئابووری لە پەیوەندییە نیشتیمانیو نێودەوڵەتییەکاندا. لە ڕێبازی یەکەمدا ئاسایشی ئابووری بریتییە لە توانای دەوڵەت بۆ پاراستنو درێژەدان بە بوونی میللەت، سەرەڕای هەموو هەڕەشەو گوشارە دەرەکییەکان، ئەمە جگە لە پاراستنی سەروەریو سەربەخۆیی دەوڵەت.
لەم جیهانە هەمەلایەنەی ئێمەدا، پاراستنو چاککردنی ئەمە چالاکییەکی زۆر ئاڵۆزە، لەبەرئەوەی بەڕێوەبەرە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتیو نادەوڵەتی لە سەر یەکتر دادەنرێتو بەم جۆرەیش هەتا ڕادەیەک پشت بە یەکتر دەبەستن، کە کۆتاییهێنان یان کەمکردنەوەی ئەم وابەستەییە بەیەکەوە زۆر مەحاڵ دەبێت. ڕەنگە ئەم وابەستەییە بە باشترین شێوە لە پشتپێبەستنی ئۆکرانیا بە گازی ڕوسیەوە دەربکەوێت، ئەمەیش ڕێگە بە مۆسکۆ دەدات توانای کاریگەریخستنەسەری لە بڕیاردانی سیاسی لە ڕێگەی گازپرۆمەوە هەبێت. ئەم ڕەوتە لە ئەنجامی چڕبوونەوەی وابەستەیی بە یەکترییەوە لە ئابووریی جیهانیدا گرنگترو پەیوەندیدارتر دەبێت لە داهاتوودا. بەرکەوتنو لاوازیی بەرانبەر بە زیادبوونی وابەستەییە دەرەکییەکان، دیاریکردنی ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئاسایشی ئابووری زیاتر ئاڵۆزدەکات. هەرچەندە یەکگرتن توانای زیادکردنی کارایی ئابووری پێشکەشدەکات، بەڵام وابەستەیی بەیەکەوەو سەرهەڵدانی ئەو هۆکارانەی کە هەڕەشە لە ئاسایشی ئابووریی هەندێک لە ئابوورییە نیشتیمانییەکان دەکەن، ئەگەرییە. وەک قەیرانی دارایی جیهانیی ساڵی (٢٠٠٧) دەریخست ئەم جۆرە لە سەرپێچیکردنە لە ئابووریدا دەبێتە هۆی دارمانی ئابووریی وڵاتانی دیکە لە کاریگەریی دۆمینۆدا (کاردانەوەی زنجیرەیی). لە بابەتەکەماندا بە نیازین خاڵە دەمارییەکانی (بنەڕەتییەکان) وەک "ژینگەی یاسایی، پاراستنی ژێرخانە گرنگەکانو هێرشە ئەلیکترۆنییەکان دژی ئەوان" بخەینەڕوو، کە پەیوەندییان بە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئاسایشی ئەلیکترۆنیو ئاسایشی ئابوورییەوە هەیە.

## جەنگی ئەلیکترۆنی و یاسا

هێرشەکان فرەچینن؛ دابینکەران، کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیو ژێرخانی گرنگ دەکەنەئامانج. ئامانجی توێژینەوەکەمان زیادکردنی گفتوگۆی زانستییە لە سەر بابەتەکەو جەختکردنەوەیە لە سەر گرنگیی بەهێزکردنی تواناکانی پاراستنی ئەلیکترۆنی. هەرچەندە هەڕەشەکانی فەزای ئەلیکترۆنی مەترسیی ڕاستەقینەن، بەڵام زۆر جار کەموکووڕی لە تواناکانی پاراستنی ئەلیکترۆنی لە هەندێک وڵاتدا دەبینرێت. تەنانەت لە هەنگاریا چەند نوسەرێک سەرنجی خەڵک بۆ مەترسییەکانی ئەم بوارە ڕادەکێشن، لەوانە: توێژینەوەی "دیجیتالیس مۆهاکسی کیبەرتەکنیکای فۆرگاتۆکۆنیف ماگیارۆرسزاگ ئێلێن" (مۆهاکی دیجیتاڵیو سیناریۆیەکی تەکنیکیی

ئەلیکترۆنی لە دژی هەنگاریا)، کە لەلایەن لاسلۆ کۆڤاکس‌و کاساپا کراسنایەوە نوسراوەو نوسەران تەنیا هەواڵگریی سەرچاوە کراوەکانیان بەکارهێناوە بۆ پەرەپێدانی ئەوەی کە چۆن هێرشبەران دەتوانن ژێرخانی گرنگی هەنگاریا لە ئۆپراسیۆنێکی ئەلیکترۆنیدا، کە بە باشی ڕێکخراوە، پەکبخەن. هەرچەندە بۆئەوەی بتوانن وەڵامی گونجاو بۆ هەڕەشە سەرهەڵدراوەکان بەکاربهێنن، بڕیاردەران دەبێت مەترسییەکان بزانن‌و لەبەرچاویبگرن، هەر بۆیە هۆشیاری لە گرنگیی لێکدانەوەی ئاڵۆز بۆ ژێرخانە گرنگەکان پێویستە. (هۆرڤات، ٢٠١٠).

لە (١٩)ی تەمموزی (٢٠١٢)، باراک ئۆباما؛ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پڕۆژەیاسایەکی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی پێشکەش بە ئەنجومەنی پیران کرد، کە دەستیکرد بە پێدانی بەرزترین ئەولەویەت بە پرسی درێژخایەنی مشتومڕاویی داواکاری لە سەر وەڵامدانەوەی دروست بۆ هێرشە ئەلیکترۆنییەکان، کە بە ڕێژەیەکی باوەڕپێنەکراو زیاددەکات. ژمارەی هێرشەکان لە ساڵی (٢٠١٢) بە بەراورد بە ساڵی (٢٠١١) بە ڕێژەی (٤٠٠٪) زیادیکردووە. (ئاسایشی زانیاری، ٢٠١٢). پنتاگۆن کار لە سەر ئەو ڕێساو یاسایانە دەکات کە بڕیارە هەتا پاییزی (٢٠١٣) بڵاوبکرێنەوەو لە ساڵی داهاتوودا دەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە، کە ستانداردی ئەمنی بۆ دامەزراوە گشتییە تایبەتەکان‌و دامەزراوە گشتییە گرنگەکانی دیکە دادەنێت، بەڵام بە پشتیوانیی هێزی سەربازی. وەزارەتی بەرگری لە مێژە داوای دارشتنی یاسایەك دەکات بۆ ڕێنماییکردنی حکومەت‌و بەڕێوەبەرانی بازرگانی بۆ کەمکردنەوەی هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان، هەرچەندە زۆرێک دژی ئەگەری کۆنترۆڵکردنی کۆمپیوتەرێکی ناوەندین، کە بە یەکەی پرۆسێسکردنی ناوەندیCPU) ) ئەو بەشەی کۆمپیوتەر، کە تێیدا کارەکان کۆنترۆڵدەکرێن‌و جێبەجێدەکرێن، ناسراوە، بەڵام زیاترو زیاتر خاوەن ژێرخانە گرنگەکان داوایان لە حکومەت کردووە کە ڕێسای یەکسان دابنێت. (ستێرنشتاین، ٢٠١٣). بە لەبەرچاوگرتن‌و پشتبەستن بەو ڕاپۆرتەی کە لەلایەن وەزارەتی ئاسایشی ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە پێشکەشکراوە، لە ساڵی (٢٠١٢)دا (١٩٨) هێرش دژی سیستەمی کۆنترۆڵکردنی پیشەسازی کراوە، هەوڵەکان بۆ دانانی ڕێسایەکی توند زیاتر شیاوترن. (وایر، ٢٠١٣).

لەم خاڵەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە لە وەڵامی زیادبوونی خێرای ژمارەی هێرشەکاندا بازارێک لە سەر بنەمای داواکارییە ئەمنییەکانی هەندێک پیشەسازی وردە وردە گەشەدەکات، بۆ نموونە لە پیشەسازیی نەوت‌و گازدا کۆمپانیا تایبەتمەندەکان داهاتێکی زۆریان بەدەستهێناوە، کە بڕەکەی (١٨.٣١) ملیار دۆلار بووە، کە پێشبینیشدەکرێت هەتا ساڵی (٢٠٢١) بڕەکەی بۆ (٣١.٣٧) ملیار دۆلار بەرزبێتەوە. (ئاسایشی تۆڕ، ٢٠١٣). ئەمریکا بە تەنها درکی بە مەترسییەکانی نەکرد، بەڵکو ترۆلێل ئۆێرتینگ؛ یاریدەدەری بەڕێوەبەری یۆرۆپۆل، ئاماژەی بەوە دا کە حکومەتەکانی ئەوروپا

دەبێت ئامادەبن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هێرشانەی کە زیانەکانی بە چەندین ملیار یۆرۆ دەخەملێنرێت.
کۆمپانیای سیمانتیک سالانە لێکۆڵینەوە لە ڕەوتی ئێستای تاوانە ئەلیکترۆنییەکان دەکات، بۆئەوەی وێنەیەکی گشتگیر لە کاریگەریی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان لە سەر بەکارهێنەران و ئەنجامە ئەمنییەکانی پەرەپێدان و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ پێشکەشبکات. ئەنجامی ڕاپرسییەکەی ساڵی (٢٠١٢) جێگەی نیگەرانی بوو؛ تاوانی ئەلیکترۆنی لە هەر چرکەیەکدا (١٨) قوربانیی هەیە، واتە یەکملیۆن و نیو قوربانی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، واتە ئەگەر زیانەکانی دارایی بۆ ئاستی تاکەکەسی دابەشبکرێت، تێکڕای زیانەکانی بەکارهێنەر نزیکەی (١٩٧) دۆلارە بۆ یەک کەس. (سیمانتیک، ٢٠١٢). لە شوباتی (٢٠١٣) کۆمیسیۆنی ئەوروپا ستراتیجی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی خۆی بە ناوی "پلانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی یەکێتیی ئەوروپا بۆ پاراستنی ئینتەرنێتی کراوەو ئازادی و دەرفەتی ئۆنلاین"ەوە بڵاوکردەوەو پێنج خاڵی لە پێشینەی دیاریکرد:

• بەدەستهێنانی خۆڕاگریی ئەلیکترۆنی،
• کەمکردنەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو،
• پەرەپێدانی سیاسەتی بەرگری ئەلیکترۆنی و تواناکانی پەیوەست بە سیاسەتی هاوبەشی ئاسایش و بەرگرییەوە (CSDP)،
• پەرەپێدانی سەرچاوە پیشەسازی و تەکنەلۆژییەکان بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنی،
• داڕشتنی سیاسەتێکی نێودەوڵەتیی یەکگرتووی فەزای ئەلیکترۆنیی یەکێتیی ئەوروپاو پێشخستنی بەها سەرەکییەکانی یەکێتیی ئەوروپا. (پەیوەندییەکانی یەکێتیی ئەوروپا، ٢٠١٣).

پەیوەندییەکە لیستی زۆرێک لە ژمارە ئامارییەکان دەخاتەڕوو، کە بۆ جەختکردنەوەیە لە سەر گرنگیی دامەزراندنی تواناکانی بەرگریی ئەلیکترۆنیی هاوبەش، چونکە هێرشەکان ئاڵنگارییەکی جددیی ئەمنی و ئابووری دەکەن و تەنها لە ڕێگەی کردەوەی هاوبەشەوە دەتوانرێت بە شێوەیەکی دروست بەڕێوەببرێن. بە گوێرەی گوتەی شارەزایان ئەگەری ڕوخانی ژێرخانی گرنگ بە ڕێژەی (١٠٪)یە لەم دەیەیەدا، کە ڕەنگە ببێتە هۆی زیانێکی ئابووریی گەورە، کە بڕەکەی بە (٢٥٠) ملیار دۆلار دەخەملێنرێت.
خۆشبەختانە هەنگاریا لە دواوە نییەو یەکێک بوو لەو یەکەمین وڵاتانەی کە پاشخانێکی یاسایی یەکگرتووی بۆ هەڕەشەکانی فەزای ئەلیکترۆنی دروستکرد، بە پەسەندکردنی ڕەشنووسی یاسایەک سەبارەت بە "ئاسایشی زانیاریی ئەلیکترۆنیی ئۆرگانەکانی حکومەتی دەوڵەت و ناوخۆیی"، کە لەلایەن پەرلەمانەوە لە نیسانی (٢٠١٣)دا پەسەندکرا. لە یاساکەدا دامەزراندنی دەزگایەکی حکومی دیاریکراوە، کە کاردانەوەی خێرای هەبێت بۆ ڕوپێویی ژێرخانە گرنگەکان، هەروەها بە پێی یاساکە

هێزێکی ئەرکیی بەرگریی ئەلیکترۆنیی سەربازی، کە تازە دروستدەکرێت، بەشداری لە پاراستنەکەدا دەکات. تەنیا پێویستە بە دانانی ستانداردەکان بۆ پاراستنی ژێرخانی گرنگ پرسە یاساییەکان لەبەرچاوبگرین. شەڕی ئەلیکترۆنیی نێوان ڕوسیاو ئیستۆنیا لە ساڵی (٢٠٠٧)دا سەرنجی بۆ کەموکووڕیی ڕێساکان سەبارەت بە هێرشە ئەلیکترۆنییەکان لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا ڕاکێشا. لە شەڕی ئەلیکترۆنیدا وڵاتێکی ئەندامی ناتۆ خراوەتەناو ئەم بابەتەوە، کە ئەمەیش وەک هێرشکردنەسەر خودی ناتۆ لێکدەدرێتەوە، لە سەر بنەمای پرەنسیپی بەرگریی بەکۆمەڵ بە پێی مادەی پێنجەمی هاوپەیمانییەکە، بۆیە ناتۆ ڕوداوەکانی وەک هێرشێکی ناسەربازی لێکدەداتەوە، نەک وەک ڕوداوێک. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا خەڵکانێکی زۆر دەڵێن کە هێرشە ئەلیکترۆنییەکان کردەوەی شەڕن‌و بەو پێیەیش مافی بەرگریکردن لە خۆیان هەیە. یەکێک لەوانە هارۆڵد کۆهـ؛ ڕاوێژکاری یاسایی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا یان ڕاوێژکاری پێشووی تۆنی بلێر؛ سێر ڕیچارد مۆترام‌و ئەوەی پێیدەگوترێت دەستنووسی تالین (٢٠١٣)، کە لەلایەن پسپۆڕانی نێودەوڵەتییەوە لە سەر داوای ناتۆ دارێژراوە، بۆئەوەی وەک ڕاسپاردەیەک بێت سەبارەت بەو بنەما یاساییە نێودەوڵەتییانەی کە دەبێت لە سەر بنەمای شەڕی ئەلیکترۆنی ڕێکبخرێت. شەڕی ئەلیکترۆنی ڕوونبکاتەوەو ڕایدەگەیەنێت کە هاوڵاتیان دەپارێزێت. ئەم دەستنووسە هەوڵدەدات شەڕی ئۆنلاین لە سەر بنەماکانی شەڕی کلاسیک لێکبداتەوە، بە پێی ڕێککەوتننامەکانی جنێڤ‌و لاهای، کە بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی مەدەنی ڕاگەیەنراوە، هەر بۆیە هێرشکردنەسەر نەخۆشخانەکان‌و ئاوو وێستگە ئەتۆمییەکان قەدەغەدەکات. بە تایبەتی ئەو هێرشانەی کە دەبنە هۆی مردن یان زیانێکی گەورە بە کردەوەی جەنگ دادەنرێت، کە وەک بنەمایەک بۆ بەکارهێنانی مافی وەڵامدانەوە بە ڕێگەی ئاسایی کاردەکەن‌و ئەو هاککەرانەی کە هێرشەکە دەکەن، وەک هاوڵاتیانی مەدەنی نا، بەڵکو وەک سەرباز لێکدەدرێنەوە، بەڵام گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە سەلماندنی ناسنامەی هێرشبەرەکان لە ڕادەبەدەر قورسە. هەروەها ئەو جەنگە ئەلیکترۆنییەی ڕوسیاو ئیستۆنیا یان دۆسیەی ستۆکسنێت، کە پێشتر باسمانکرد، دەریخست کە سەرەڕای ئەوەی کە هێرشبەرەکان ناسراو بوون، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی دیاریکراو لە بەردەستدا نەبووە بۆ پشتڕاستکردنەوەی تێوەگلانی ڕوسیا یان ئەمریکا-ئیسرائیل.

بە پشتبەستن بە تایبەتمەندی ئەو کەیسانەی کە بە کردەوەی جەنگ دادەنرێت، لە دەستنووسی تالیندا دەتوانرێت مافی بەرگریکردن لە خۆ لە هەردوو حاڵەتەکەدا بەکاربهێنرێت (بە تایبەتی ئەگەر هێرشێک هەبێت کە زیانێکی زۆری لێبکەوێتەوە، یان لە دژی وێستگەیەکی ئەتۆمی بکرێت). لە هاوینی ساڵی (٢٠١٢)دا ئەمریکاو چین دەستیان بە دانوستانەکانی دوولایەنە کرد، کە مەبەست لێی سنووردارکردنی هێرشە ئۆنلاینەکان‌و جێبەجێکردنی پەیوەندییەکی باشترو کەمکردنەوەی مەترسییەکانی

پەیوەست بە لایەنی سێیەمەوە بوو، بەڵام نابێت لە ژێر وەهمدا بین، لە پشت پەردەوە شەڕێکی ئەلیکترۆنیی بەرفراوان لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەیە.
بە لێکۆڵینەوەکانی کۆمپانیای ئاسایشی مەندیانت (Mandiant) لەبەرچاوبگرین، کە بە پێی زانیارییەکان تێیدا هاککەرەکان سەدان تێرابایت زانیارییان بەدەستهێناوە لە هێرشەکاندا، کە لەلایەن سوپای چینەوە سپۆنسەرکرابوون. لە مانگی ئایاری ساڵی (٢٠١٣)دا، هەردوو ویلایەتەکە لە ڕێگەی میدیاوە پەیامیان بۆ یەکتری ناردو یەکتریان بە زنجیرەیەک هێرش تۆمەتبارکردو خۆیان وەک قوربانی نیشاندەدا. (گلۆباڵ تایمز، ٢٠١٣). لە ڕاپۆرتی ساڵانەی پنتاگۆندا، کە لێکۆڵینەوە لە توانا سەربازییەکانی چین دەکات، ڕوونو ئاشکرا دیارە کە چین بەرپرسیارە لە هێرشە ئەلیکترۆنییەکان بۆ سەر ئەمریکا. (ڕاپۆرتی دۆد، ٢٠١٣).
سەرەڕای ئەوەیش، لە ئەمریکا خەڵکێکی زۆر زیاتر پێیانوایە کە هێرشەکان ئیعتیباری وڵاتەکە لەناودەبەن، لە کاتێکدا وەبەرهێنەرانی بیانی ترسیان لەوە هەیە کە هاککەرەکان دەست بە سەر موڵکوماڵی فیکرییاندا بگرن. لە وەڵامی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی بەرگریدا، کارل لیڤینو جەی ڕۆکفێلەری دیموکراتەکانو جۆن مەککەینو تۆم کۆبورنی کۆماریخوازی سیناتۆرەکان، "یاسای ڕێگریکردن لە دزیی ئەلیکترۆنی"یان ناساند، کە مەبەست لێی بەرەنگاربوونەوەی دزینی زانیارییە بە شێوەیەکی توندتر لە ڕێگەی دابینکردنی پاراستن بۆ بازرگانەکانو ئەوانەوە... داتای نهێنیی دژی هاککەرو حکومەتە بیانییەکان لە وەڵامی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی بەرگریدا، دیموکراتەکان کارل لیڤینو جەی ڕۆکفێلەرو سیناتۆری کۆمارییەکان جۆن مەککەینو تۆم کۆبورن، یاسای ڕێگریکردن لە دزیی ئەلیکترۆنییان خستەڕوو، کە ئامانج لێی بەرەنگاربوونەوەی دزینی زانیارییەکان بوو بە شێوەیەکی توندتر لە ڕێگەی دابینکردنی پاراستن بۆ کۆمپانیاکانو موڵکوماڵی ئەوان، داتا نهێنییەکان لە دژی هاککەرو حکومەتە بیانییەکان.

**ئەنجام**

بنەمای "باشترین بەرگری هێرشێکی باشە"، دەگەڕێتەوە بۆ ناپلیۆنو بە شێوەیەکی سروشتی ئەمە بۆ هێرشە ئەلیکترۆنییەکانیش دەگونجێت. ئێستا وڵاتان زیاترو زیاتر درک بە پێویستیی ئەمە دەکەنو یەکەی سەربازیی تایبەت بە خۆیان دروستدەکەن، کە تایبەتمەندن لە هێرشە ئەلیکترۆنییەکانی هاوشێوەی چین (لە ڕاپۆرتی مەندیانت کە پێشتر لە سەرەوە باسمانکرد، یەکەی (٦١٣٩٨)ی سوپای ڕزگاریخوازی گەل وەک ئەنجامدەری هێرشەکان لە چینەوە دەستنیشانکرا. هیندستان لە ترسی ئەوەی ژێرخانە گرنگەکەی هێرشیبکرێتەسەر، دەسەڵاتی بە دەزگای هەواڵگریی بەرگریو ڕێکخراوی توێژینەوەی تەکنیکیی نیشتیمانی دا، کە ئەگەر پێویست بوو، ئۆپراسیۆنی هێرشی ناورد، کە وردەکارییەکانی نەخراونەتەڕوو، بکەن. فەرماندەیی ئەلیکترۆنیی پێنتاگۆن

ئامانجی ئەوەیە کە (١٣) تیمی هێرشبەری دابمەزرێنێت هەتا ساڵی (٢٠١٥). تیمە نوێیەکان لە چوارچێوەی هەوڵە بەرفراوانەکانی حکومەت دادەمەزرێنرێن بۆ پاراستنی وڵات لە هێرشەکان، کە ڕەنگە کاریگەرییان هەبێت، بۆ نموونە: لە سەر وۆڵ ستریت یان تۆڕی کارەبا. بێگومان ڕوسیا لە دواوە نییە، وەک چۆن لە هێرشەکانی دۆس (DOS) دژی ئیستۆنیا، یان ئەو هێرشانەی کە لە شەڕی ڕوسیاو جۆرجیا ساڵێک دواتر وەک تەواوکەرێك بۆ شەڕی ئاسایی کراون، ئاماژەپێکراوە، بەڵام ئێران گرنگییەکی زۆری هەیە لەگەڵ سوپاکەیدا، کە ژمارەیان مەزەندەدەکرێت بە (٤) بۆ (٥) هەزار هاککەر، کە پێدەچێت چوارەم گەورەترین یەکەی لەم جۆرە بن. (ئێران یەکملیار دۆلاری وەبەرهێنا لە دامەزراندنیدا، کە ئەمەیش شتێکی گونجاوە دوای لەناوبردنی لەلایەن ستۆکسنێتەوە). (هێرشەکەی سەر کۆمپانیای ئارامکۆی سعودیە هەموو شتێکی لە کالیفۆرنیا سڕییەوە. ئەوان بە (٣٠) هەزار کۆمپیوتەرو لەشکرکێشییەکی ئەلیکترۆنی بۆ سەر بانکەکانی ئەمریکا دەزانرێن). هەروەها ناتوانرێت سوپای ئەلیکترۆنیی کۆریای باکوور، کە (٣) هەزار کەسی تێدایە، بەکەمسەیربکرێت، ئەمەیش مەترسییەکانی زیاتردەکات، ئەگەر لەلایەن ڕژێمێکەوە خاوەنداریەتیبکرێت، کە ئامادەبێت بڕیاری پێشبینینەکراوو نائاوەزی بدات. لەم بابەتەدا هەوڵماندا کاریگەریی هێرشە ئەلیکترۆنییەکان لە سەر ئابووری بخەینەڕوو. هیوادارین بتوانین پشتڕاستیبکەینەوە کە هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان، کە لە ئەنجامی زیادبوونی بەرچاوی ژمارەی هێرشەکان دژی ژێرخانە گرنگەکان دروستدەبن، کاریگەرییەکی بەرچاویان لە سەر ئابووریی وڵاتان هەیە. مەترسییەکە بە هۆی ئەوەی زیاتردەبێت، کە هێرشکردنەسەر ژێرخانە گرنگەکان ئاسانترە لە پاراستنیان، بەڵام تێچووی پاراستن زۆرە، ڕەنگە یاسادانەران بە هۆی سنووردارbوونی بودجەوە ئەولەویەتی گونجاو نەدەن. (لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەرکەوتووە ئەو تێچوونانەی دەگەڕێتەوە بۆ هێرشە ئەلیکترۆنییەکان، بە ڕێژەی (٥٪) زیادیکردووە، کە تێچووی ساڵانەی (٨.٤) ملیۆن دۆلار بووە، لە ساڵی (٢٠١١)دا بۆ (٨.٩) ملیۆن دۆلار بەرزبووەتەوە بۆ هەر کۆمپانیایەک، بەڵام چین لە ساڵانی داهاتوودا تێچووی زۆر بۆ بەهێزکردنی خەرجەکات بە هۆی نیگەرانییەکانییەوە لە ئاسایشی تۆڕی کارەبا، بۆیە بازاڕی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی چین بە ڕێژەیەکی زۆر گەشەدەکات. لە ساڵی (٢٠١١)دا (١.٨) ملیار دۆلار بووەو پێشبینییانکردووە کە تا ساڵی (٢٠٢٠) بۆ (٥٠) ملیۆن دۆلار بەرزدەبێتەوە، کە ساڵانە بە ڕێژەی (٤٤.٧٪) فراوانتردەبێت، لە هەمان کاتدا ئەوروپاو ئەمریکای باکوور تەنها (١٦) ملیار بۆ ئەو مەبەستە خەرجدەکەن لە ماوەی هەمان ساڵدا). ئەگەر ئەوە لەبەرچاوبگرین کە ئەو ڕێکخراوانەی لە ژێر لێکۆڵینەوەدان، لە ساڵی (٢٠١٢)دا لە هەر سێ خولەک جارێکدا توشی جۆرێک لە

هێرشی ئەلیکترۆنی بوونو (٩٤٪)ی ئەو کۆمپانیایانەی کە هێرشیانکراوەتەسەر، نەیانزانیوە کە سیستەمەکانیان هاککراوە، بەو هۆیەشەوە مەترسییەکان زۆر زیاتر لە زیادبووندان.

بە بۆچوونی ئێمە دەبێت چوار بوارە سەرەکییەکە پەرەیانپێبدرێت، بۆئەوەی بتوانرێت توانایەکی بەرگریی ئەلیکترۆنیی سەرکەوتوو دروستبکرێت:

•یاسادانان،

•بودجەی پێویست،

•فراونکردنی پەروەردە،

•هاوکاریی نزیک لەگەڵ وۆرکشۆپەکانی توێژینەوە.

پرسیارە زانستییەکە ئەوەیە: ئایا ئێمە ئامادەین؟

**سەرچاوە:** وێبسایتی ڕیسێرچ-گەیت

# ڕۆڵی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە سیاسەتی جیهاندا

**نووسینی: ڤلادیمێر تیگرانۆڤیچ تساکانیان**
**وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی**

**پوختە**


مەبەست لەم توێژینەوەیە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە گرنگیو زیادبوونی ڕۆڵی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە سیاسەتی جیهانیدا. هەڕەشەی ئاسایشی ئەلیکترۆنی یەکێکە لە پرسە سەرەکییەکان لە ئاسایشی نیشتیمانیو پاراستنی گشتیو ئاڵنگارییە ئابوورییەکاندا، کە ڕووبەڕووی هەموو نەتەوەیەک لە سەدەی بیستویەکەمدا دەبێتەوە. فەزای ئەلیکترۆنی پێناسەیەکی تایبەتمەندی ژیانی مۆدێرنە، کە تێیدا تاکەکانو کۆمەڵ لە سەرانسەری جیهاندا پێکەوەدەبەستێتەوەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو خۆگونجاندنیان لە جیهانی ئەلیکترۆنیاتدا ڕێکدەخەن. هەبوونی زۆری کێشەی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا، بە شێوەیەکی سروشتی دەبێتە هۆی زیادبوونی گرنگیو بایەخی سیاسی بۆ چارەسەکردنیان. پێویستی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە گەشەسەندندایە، لە حاڵەتی تایبەتی نەتەوەییەوە گۆڕاوە بۆ نێونەتەوەیی، تەنانەت بووەتە کێشەیەکی سەرەکی لە جیهانی دیبلۆماسیو سیاسیشدا. بە پێی بنەماو ڕێبازە جیاوازە نیشتیمانییەکان، ئاسایشی ئەلیکترۆنی وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان دەبینرێت. هەموو وڵاتان بڕوایان وایە کە ئاسایشی ئەلیکترۆنی ئامرازێکە بۆ دەستکەوتنی بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان،

لەبەرئەوەی زۆرێک لە تیۆرییە مۆدێرنەکان تیشکیانخستووەتەسەر بەدەستهێنانی دەسکەوتی ماددی. لە هەمان کاتدا هەندێک لە وڵاتان ئاسایشی ئەلیکترۆنی وەک ئامرازێک سەیردەکەن بۆ کاریگەری دروستکردن لە سەر تێڕوانینی نەیارانیان. دروستبوونی ئەم دۆخە پشت بە هێزێکی وێرانکەری زەبەلاحی هێرشە ئەلیکترۆنییەکان دەبەستێت، کە ئەمەیش پێچەوانەی هەردوو ڕێبازە سەرەکییەکەیە، دامەزراوەکانی ئاسایشی نیشتیمانی جەختدەکەنەوە لە سەر بیرۆکەکە نەوەک بەدەستهێنانی دەسکەوتی ماددی. جیاوازی لە نێوان ڕێبازەکانی ئاسایشی نیشتیمانیدا ئەوەیە کە چۆن ئەم ئامرازە بەکاربهێنرێت بۆ بەدەستخستنی ئامانجەکانیان. لە ڕاستیدا ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە جیهانی سیاسیدا ڕۆڵێکی گرنگو تایبەتی هەیە.

مانای چەمکی "ئاسایش" زۆر جار هەروەک دەستەواژەیەکی لۆژیکی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، کە دەکرێت لە ڕێگەی "کۆدەنگییەکی دانپێدانەنراو"ەوە لێیتێبگەین. ناوەڕۆکی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەم ساڵانەی ڕابردوودا فراوانبووە، بە جۆرێک لەمڕۆدا ئەو بابەتانە لەخۆدەگرێت کە پێکەوە وابەستەن، کاریگەرییان لە سەر مانەوە هەیە، ئەمەیش لە سەر شێوازە باو یاخود ئاساییەکانی هێزی سەربازیو هۆکارو ئەنجامەکانی جەنگی نێوان دوو دەوڵەت، بە هێزی ئابوورییەوە دەستپێدەکات، تا دەگاتە ململانێی نەژادیو ئایینیو ئایدۆلۆژی، بازرگانیو ئابووری، دابینکەری وزە، زانستو تەکنەلۆژیاو خواردن، هەروەها هەڕەشەن بۆ ئاسایشی مرۆڤو سەقامگیریی دەوڵەتەکان لە خراپبوونی ژینگەیی، گۆڕانی کەشوهەواو چالاکییەکانی کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان.

ئەوەی پێیدەگوترێت شۆڕشی نێوان جەنگەکان، پەیدابوونی هێزی جەنگیی جیاوازە، وەک: میکانیزمی ئۆپراسیۆنی ئاسمانیو زەمینی، جێگرتنەوەی هێڵی جەنگ لە دەریادا لەلایەن هێزەکانی ئەرکی خێراوە، هەروەها بەرزبوونەوەی ستراتیجی بۆمببارانی مەودادرێژو دەستنیشانکردنی تۆڕەکانی بەرگریی ئاسمانی. لە پاشاندا جەنگی دووەمی جیهانی شاهیدی ناساندنی چەکی ئەتۆم بووە، هەروەک کەشتیی دەریاییو موشەکی بالیستی، کە بووەتە هۆی دەستپێکەری گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە تایبەتمەندیی جەنگدا، لەبەرئەوەی بیرۆکەی کلاسیکیی ئاسایش لە سەدەکانی ڕابردوودا تیشکیانخستبووەسەر بەکارهێنانی هێز لە نێوان وڵاتە زلهێزە مەزنەکاندا. تێڕوانینی ئاسایشی نێودەوڵەتی، کە لێیکۆڵراوەتەوە، لە ماوەی جەنگی سارددا بریتی بووە لە ململانێی زلهێزەکانو جەنگی ناوەکی. لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی سارددا، شارەزایان دەستیانکرد بە گفتوگۆ لە سەر بابەتی ئاسایشی نێودەوڵەتی، "کە دەبوو سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە لە سەر ڕەنگدانەوەی گۆڕانی سروشتی ململانێکان". هەروەک چۆن ئینتەرنێت لە ساڵی (١٩٩٠)دا ئەزموونی فراوانبوونی خێرای بەخۆیەوەبینی، هاککەرەکانیش دەستیانکرد بە بەشداریکردن لە گەمەی ئەلیکترۆنیدا، لە کاتێکدا کە تاوانبارانی ئاستنزم دەستیانکرد بە دۆزینەوەی ڕێگە بۆ تاوانی ئەلیکترۆنی. کاتێک

کە زانرا "تاوانباری ئەلیکترۆنی لە بەرانبەر تاوانەکەیدا پارە وەردەگرێت لە دۆمەینی ئەلیکترۆنیدا"، تاوانی ڕێکخراو هاتەکایەوە، لە هەندێک کاتدا بە پاڵپشتیو هاوکاریی حکومەتیشەوە لە ناوچەکەدا کاریانکردووە. لە دەستپێکی ئەم توێژینەوەیەدا ئەو ڕێبازانە خراونەتەڕوو کە ڕۆڵی فەزای ئەلیکترۆنی لە سیاسەتی جیهانیدا ڕووندەکەنەوەو باس لە تێڕوانینی جیاواز دەکەن لە بیروباوەڕی ئاسایشی نەتەوەییدا. ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەورووپای ڕۆژئاواو ژاپۆن یەکەمین وڵاتەکانن کە هاتنەناو کایەی کۆمەڵگەی زانیارییەوە. هەر لە سەرەتاکانی ساڵی (١٩٧٠)دا، بەشی باڵادەستیی هێزی کار (٧٠٪)ی لەو وڵاتانەدا بوون کە لە کەرتی خزمەتگوزاریدا بوونو هەروەها کرێکارانی زانیارییشی لەخۆگرتبوو. جەنگی زانیاری مەودایەکی بەرفراوانی چالاکی دەگرێتەوە لە فەزای زانیاریدا، لە هێرشکردن لە سەر سیستەمی پەیوەندییەکانو ژێرخانە گرنگەکان، هەروەها کۆتاییهێنان بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردنو زانیاری بۆ هێنانەدیی تاکتیکەکانی کاریگەریی دەروونی. تەکنەلۆژیای زانیاریو پەیوەندیکردن لەمڕۆدا بنەمایە بۆ کۆمەڵگەیەکی زانیاریی جیهانی، کە زۆر بە خێرایی گەشەدەسێنێت. تۆڕی جیهانیی ئینتەرنێت نزیکەی (٣.٦) ملیار خەڵک لەخۆدەگرێت (کە بە نزیکەیی (٤٩.٥٪)ی دانیشتوانی جیهانە).




پەرەپێدانی چالاکیی "بەرهەمەکانی ئینتەرنێت" نەک تەنها هەر خەڵک، بەڵکو تۆڕەکانو ئامێرەکانی کۆمپیوتەرو بەرنامەکانو هەروەها بابەتەکانی دیکەیش دەبەستێتەوە. بە پێی پێشبینییەکانی ساڵی (٢٠٢٠) نزیکەی (٥٠) ملیار ئامێر پەیوەستدەبن بە هێڵی ئینتەرنێتەوە. سەرۆکی پێشووی دامەزراوەی ناوی دۆمەین (کە تێیدا (Ip) دەگۆڕێت بۆ ناو)و هەروەها (ICANN IP-address (کۆمپانیای ئینتەرنێت بۆ دابینکردنی ناو و ژمارە)؛ ڕۆد بێکسترۆم، سێ بنەمای گرنگی ئینتەرنێت ڕووندەکاتەوە:

١. هەموو ئەو شتانەی کە ئینتەرنێتیان هەیە، دەکرێت هاکبکرێت.

٢. هەموو ئەوانەی دەستیان دەگات بە ئینتەرنێت.

٣. بەم جۆرەیش هەموو شتێک لە مەترسیدایە، جیهان دەچێتەناو ململانێیەکی

ناکۆتاوە لە بەرانبەر هەڕەشەی ئەلیکترۆنیدا، کە بەردەوام نوێدەکرێنەوە.
لە مانگی ئایاری ساڵی (٢٠٠٧)دا، کۆمسیۆنی ئەوروپا پەیوەندییەکی بڵاوکردەوە (بەرەو سیاسەتێکی گشتی لە بەرانبەر تاوانی ئەلیکترۆنیدا)، کە ئاماژەی بەوە دا هیچ شتێک، تەنانەت پێناسەیەکی قبوڵکراو، لە سەر تاوانە ئەلیکترۆنییەکان نەبووە. هەروەها پێشنیاری پێناسەیەکی سێ_چەمکییان کرد:
١. شێوە کلاسیکییەکانی تاوان، وەک: ساختەکردن و فێڵکردن، لە ڕێگەی تۆڕەکانی پەیوەندیی ئەلیکترۆنیو سیستەمی زانیارییەوە دەکرێن.
٢. بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی نایاسایی لە سەر میدیای ئەلیکترۆنی (وەک ماددەی دەستدرێژی بۆ سەر منداڵان یاخود هاندانی ڕەگەزپەرستی).
٣. تاوانی تایبەت بە تۆڕی ئەلیکترۆنی (بۆ نموونە هێرش لە بەرانبەر سیستەمی زانیاری، پەسەندنەکردن یاخود ڕەتکردنەوەی خزمەتگوزاری، هەروەها هاککردن).
پاراستنی ژیانو موڵکی کارەکتەرە بیانییەکان لە جیهاندا بە ڕۆڵی حکومەت ناسێنراوە، هەروەها سەردەمی ئەلیکترۆنی توانای نوێ بۆ نەتەوەکانی دیکە بۆ جەنگ دەخاتەڕوو. هەروەک بیردۆزەوانی یاسایی ئەلیکترۆنی؛ پاول ڕۆزنزڤایگ، ئاماژەیپێدا، هەروەک ئەوەی هەموو کەسێک چاوەڕێدەکات کە حکومەت بەرگریلێبکات لە بەرانبەر هەر فرۆکەیەکی دوژمندا، نەوەک بەجێیهێڵێت، بە هەر تاکێک یاخود هەر دامەزراوەیەکی دیکە، هەروەها ئێمەیش چاوەڕێدەکەین، کە بەرگریی هاوبەش زۆر گرنگە بۆ پەرەپێدانی لە فەزای ئەلیکترۆنیدا. هەروەها لە ناوشیاندا هەڕەشەی کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان، کە ژێرخانی مەدەنی دەکەنەئامانج بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی سیاسی، تەنانەت ئەگەر هەڕەشەی تیرۆریستیی ئەلیکترۆنییش بکرێت، کە ڕەنگە زیاد لە پێویست بێت.
ڕێگریکردنو بەرپەرچدانەوەی ئەم جۆرە هەڕەشانەو پاراستنی ئاسایشی فەزای ئەلیکترۆنی ژمارەیەک هۆکار لەخۆدەگرێت، کە بڵاوبوونەتەوە بە سەر کەرتە گشتیو تایبەتەکاندا، هەروەها کۆمەڵگەیش بە گشتی دەگرێتەوە، نموونەیش بۆ ئەو کارەکتەرانەی کە بەشدارن لە وەڵامدانەوە، ئەمانە لەخۆدەگرێت:
•یەکەکانی سیاسەتی نیشتیمانی بەرپرسن لە کێشەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، بۆ نموونە: ئۆفیسی ئاسایشی ئەلیکترۆنیو دڵنیایی زانیاری لە بەریتانیا (OCSIA)، هەروەها لە ئیستۆنیایش دەسەڵاتی سیستەمی زانیاریی ئیستۆنیا (RIA).
•یەکەکانی هەماهەنگیی نیشتیمانی یاخود دامەزراوەکان، کە بەرپرسنو ئەرکیان پاراستنی ژێرخانە گرنگەکانی نیشتیمانییە، بۆ نموونە: سەنتەری پارێزگاریی ژێرخانی نیشتیمانی لە بەریتانیاو سەنتەری هەماهەنگیی ژێرخانی نەتەوەیی لە هۆڵەندا.
•یەکە نێودەوڵەتییە تایبەتیەکان، کە ئەرکیان بەرگریی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانییە، بۆ نموونە: سەنتەری ئۆپراسیۆنی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە بەریتانیا.
•ئاژانسەکانی ئۆپراسیۆنو هەواڵگری، هێزی سەربازیو هەروەها دەسەڵاتەکانی

نوسینگەی یاسا، هەروەها ئەو ئاژانسانەی کە ڕەنگە بەشداربێت لە گەیاندنی بەشەکانی توانای ئەلیکترۆنی، ڕێگریی ئەلیکترۆنی، جەنگی ئەلیکترۆنی، توێژینەوە، بەرپەرچدانەوەو لێکۆڵینەوە لە تاوانە ئەلیکترۆنییەکاندا، بۆ نموونە: فەرمانگەی ئەلیکترۆنیی ئەمریکاو هەروەها ئاژانسی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانیی ئەمریکا.

•تیمەکانی وەڵامدانەوەی فریاگوزاریی کۆمپیوتەری نیشتیمانی یاخود حکومەت، جۆرەکانی وەڵامدانەوەی فریاگوزاریی کۆمپیوتەر، کە زانیارییەکان کۆدەکاتەوەو دەینێرێت بۆ تیمەکانی دیکەی فریاگوزاریی کۆمپیوتەر، کە پەیوەندییەکی هاوشانیان لەگەڵیاندا هەیە، بەڵام ڕۆڵێکی تایبەت دەگێڕن لە پارێزگاریی زانیاریی ژێرخانە گرنگەکان.

•دابینکەرانی خزمەتگوزاریی پەیوەندییەکان بە شێوازی جۆراوجۆر بەرپرسن لە بەشی ژێرخانەکان، کە "فەزای ئەلیکترۆنی" پێکدەهێننو پێدەچێت ئەوان دابینکەری پێویستیی خزمەتگوزارییەکە بن، کە وەک "بڕبڕەی پشتی" خزمەتگوزارییەکە وان، کە پەیوەندییەکی دوورمەودا بۆ بەڕێوەبەرانی تۆڕی مۆبایل یان دابینکەرانی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتی تاکەکەسی دابیندەکەن. تەنانەت ڕەنگە هەندێک جۆری دابینکەرانی خزمەتگوزارییەکە فرۆشیاری خەیاڵی باندوز یان دەستڕاگەیشتن بە بازاڕە جیاوازەکان بن (بۆ نموونە: بی_تی‌و سی_ئاند_دەبلیو لە بەریتانیا، ڤێریزۆن لە ئەمریکا).

•هەروەها ژێرخانی بەشە ڕەقەکان (هاردوێر/ ئامێرەکان) دابیندەکرێت لەلایەن کۆمپانیای سیسکۆ جونیپەر نێتۆرکس یان هواویەوە، ئەو کۆمپانیایانە کەلوپەلی کۆمپیوتەر (هاردوێر)و ئۆپراسیۆنی ناوەندی، کە لە نێوان ویندۆزو ماجو ئێسدا کاردەکات، هەروەها سۆفتوێر دابیندەکەن بۆ ژێرخانەکان. هەندێک لەو کۆمپانیایانە ڕۆڵی یەکخستنی سیستەمەکانیش دەبینن، کە دەکرێت کاریگەریی ئاسایشی هەبێت بۆ کۆمپانیاکە، وەک: هواوی، کە ڕەنگە هاوپەیمانییەکی نزیکی نەبێت، یاخود خاوەندارییەکی فیکریی نەبێت بۆ ژێرخانە نەتەوەییە گرنگەکان.

•دابینکەرانی پرۆگرامەکان (سۆفتوێر)و خزمەتگوزارییەکان کە دیزاینو گەشەپێدانو بەرهەمهێنانو سۆفتوێر بازاڕیدەکەن، کە هەندێک لەو کۆمپانیایانە دەکرێت تایبەتمەند بن، بۆ نموونە: سۆفتوێری کریپتۆگراف (کە لە پرۆسەیەکی شاردنەوە یان کۆدکردنی زانیارییە، بۆئەوەی تەنها ئەو کەسەی کە پەیامێک بۆی دانراوە، دەتوانێت بیخوێنێتەوە)، خزمەتگوزاری یاخود ژێرخانو کۆمپانیا پیشەسازییەکان، ئەوانەی کە بەرهەمهێنان لە پەیوەندییە لێکچووەکاندا دەکەن، کە مایکرۆچیپەکان دیزایندەکەن، وەک: ((ARM) یاخود (Intel)).

بەم جۆرە دۆرۆتی دێنینگ، کە یەکێکە لە شارەزا دەسەڵاتدارەکان لە بابەتی تیرۆری ئەلیکترۆنی، پێناسەی ئەم چەمکەی کرد: هەڕەشەیەک یاخود هێرشێکی نایاساییە، کە هێرشێکی ڕاستەوخۆیە دژی کۆمپیوتەرو تۆڕو زانیارییە هەڵگیراوەکان، کە لە حکومەتو دانیشتوانی وڵاتەکان ناچاربکات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی سیاسی

یاخود کۆمەڵایەتی.

**ڕێبازە سەرەکیەکە**

لەم بەشەدا ڕۆڵی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە جیهانی سیاسیدا باسدەکرێت لە سەر بنەمای بۆچوونەکان لە ئەمریکاو ڕوسیاو چین. هەروەها توانای ئاسایشی ئەلیکترۆنی ڕووندەکرێتەوە لە جیهانی سیاسیدا بە پێی ئەو بۆچوونانە. هەروەها ئەم پرسیارانەی لای خوارەوەیش دەخاتەڕوو: ئاسایشی ئەلیکترۆنی چۆن کاریگەری لە سەر پەیوەندیی نێوان دەوڵەتەکان هەیە؟ فەزای ئەلیکترۆنی چ جۆرە ڕۆڵێک دەگێڕێت؟

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**

ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕۆڵی پێشەنگ دەبینێت لە بواری تەکنەلۆژیای زانیاریو پەیوەندیکردندا، لە نێوان یەکەمین وڵاتەکانن کە دووچاری ئاکامە نەرێنییەکانی شۆڕشی زانیاری دەبنەوە، تا ئێستا ئەزمونی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بواری ئاسایشی زانیاریدا پێشکەوتووە، کە ئەمەیش دەبێتە پێشەنگی پەیوەندیو گرنگیی توێژینەوەکە. لە ساڵی (١٩٩١)دا ویلایەتە یەکگرتووەکان چەمکی شۆڕشی لە کاروباری سەربازیدا دارشتو بەرفراوانیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاریو پەیوەندیی بۆ دابینکردنی بەڕێوەبردنو کۆنترۆڵو هەواڵگریو جەنگی زانیاریو بەکارهێنانی جۆری جیاوازی چەکی کوشندە دیاریکرد. ئەمڕۆی ئابووریو ئاسایشی نیشتیمانیی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە تەواوی پشتدەبەستێت بە زانیاریی تەکنەلۆژیو زانیاریی ژێرخان. تەکنەلۆژیای تۆڕ دڵنیاییدەدات بە کارکردن لە ژێرخانە گرنگەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کەرتەکانی وەک وزە، گواستنەوە، داراییو بانک، زانیاریو پەیوەندی، چاودێریی تەندروستی، خزمەتگوزاریی فریاکەوتن، کشتوکاڵ، خۆراک، ئاو، بنکەی سەربازیو پیشەسازی، بەرهەمهێنانی کیمیاییو مادده مەترسیدارەکانو خزمەتگوزاریی پۆستو گەیاندن. نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی (FBI) لە چالاکییەکانیاندا لە سەر بنەمای تێڕوانینیان باس لە سێ کارەکتەری سەرەکی دەکەن، کە هەڕەشەن بۆ سەر پێگەی فەزای ئەلیکترۆنی:

١. گرووپە تاوانکارییە ڕێکخراوەکان، کە زیاتر توشی کەرتی خزمەتگوزاریی دارایی دەبنو بە بەردەوامی کار لە سەر باشترکردنی هێزی ئەلیکترۆنییان دەکەن.

٢. ئەوانەی کە لەلایەن حکومەتەوە سپۆنسەردەکرێن، کە خواستیان هەیە لە دزینی داتاکان، لە ناویشیاندا خاوەندارێتیی فیکری، توێژینەوەو گەشەپێدانی پرۆژەی ئابووری، دامەزراوە گشتییەکانو بەڵێندەران.

٣. گرووپە تیرۆرستییەکان، کە تەکنەلۆژیای تۆڕ بەکاردەهێنن بۆ کردەوەو وێرانکارییەکانیان لە بەرانبەر ژێرخانە گرنگەکانی وڵاتاندا، بەم جۆرە هەڕەشە دروستدەکەن بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانیی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

لە بەرانبەردا، لە چوارچێوەی گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکاندا لە سەر پێشنیارەکەی پەیمانگەی بانکە نێودەوڵەتییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، ئەم چوار سەرچاوەیە هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی ئەلیکترۆنیو لەبەرچاویدەگرن: تاوانباران، تیرۆریستانی دەوڵەت، هەروەها ناوەندەکان (تاکەکان یان گرووپەکان، کە چالاکیی تۆڕی مەترسیدار دەکەن بە ناوی کەسێکی دیکەوە، جا کارەکتەری دەوڵەتی بن یاخود کارەکتەری نادەوڵەتی، بۆ بەدەستهێنانی دارایی یاخود لە سەر بنەمای ڕەگەزپەرستی یان پاڵنەری سیاسی). وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا ئەم چالاکییانەی لە سەر بنەمای چوار پۆل دانا بۆ هەڕەشەی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، کە تێیدا هەردوو کارەکتەرو هەنگاوە تاکەکەسییەکان دەگرێتەوە: ئەو هەڕەشانەی کە لەلایەن کارەکتەری دەرەوەوەن، وەک: حکومەتە بیانییەکانو گرووپە تاوانکارییەکان، ئەو هەڕەشانەی کە لەلایەن کارەکتەرە ناوخۆییەکانەوەن (کەسانی ناوخۆیی)، هەڕەشەکانی پەیوەست بە لاوازیو کەموکورتییەکانی کۆمپانیای دابینکەرانی کەلوپەلو سۆفتوێر، هەڕەشەکانی چالاکییەکانی کردەی وەزارەتەکان.

## ڕوسیای فیدراڵی

کێشەکە لە ڕێکخستنی یاسایی بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە فیدراسیۆنی ڕوسیادا ئەوەیە کە ڕەگەزێکی سەرەکییە لە سیاسەتی دەوڵەت بۆ گەشەپێدانی کەرتی نیشتیمانی لە تەکنەلۆژیای زانیاریدا. لە نێوان ئەو دۆکیومێنتانەی کە ئەمڕۆ پێناسەی بۆچوونو ڕێبازی بنچینەیی ئاسایشی زانیاری لە فیدراسیۆنی ڕوسیادا دەکەن، لە سەرەتادا دەتوانین ئەم بابەتانەی لای خوارەوە جیابکەینەوە:

•لە یاسای ژمارە (FL-١٤٩)ی ڕێکەوتی (٢٠٠٦/٧/٢٧)ی فیدراسیۆنی ڕوسیادا هاتووە (لە سەر زانیاریو تەکنەلۆژیای زانیاری، هەروەها پارێزگاری لە زانیارییەکان).

•بنەماکانی سیاسەتی دەوڵەتیی فیدراسیۆنی ڕوسیا لە بواری ئاسایشی زانیاریی نێودەوڵەتی تا ساڵی (٢٠٢٠).

•بنەماکانی ئاسایشی زانیاریی نەتەوەیی.

•ستراتیجییەکان بۆ گەشەپێدانی زانیاریی کۆمەڵگەیی لە فیدراسیۆنی ڕوسیادا.

ئەمانەو ئەو بەڵگەنامە دەستوورییانەی کە لە وەزارەتەکان (بە تایبەت دۆکیومێنتەکانی خزمەتگوزاریی فیدراڵی بۆ کۆنترۆڵکردنی تەکنیکیو هەناردەکردنی ڕوسیا) ئەمڕۆ پێداویستییەکانی سیستەمێکی ڕێکخراوی ئاسایشی زانیاری بۆ سیستەمی زانیاری لە قۆناغە جیاوازەکان پێکدەهێنێت. لە هەمان کاتدا شیکردنەوەی کێشە تایبەتمەندەکانی فەزای ئەلیکترۆنی، هەروەها هەڕەشە پەیوەندیدارەکانو میکانیزمەکانی پارێزگاری، کە بە تایبەت شایەنی بایەخپێدانی تایبەتە.

ئامرازە مۆدێرنە یاساییەکان لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا پێویستی بە

جەختکردنەوەیە لە سەر ئەو خاڵانەی خوارەوە:
•تێڕوانینە چەمکییەکان لە سەر چالاکیی هێزە سەربازییەکان لە بواری زانیاریدا.
•ڕەشنوسی یاسایی لە سەر ئاسایشی فیدراسیۆنی ڕوسیا بۆ زانیارییە ژێرخانییە گرنگەکان.
•سەرۆکی ڕوسیا لە ساڵی (٢٠١٣)دا، بە ژمارە (31c) فرمانی بە "دامەزراندنی دەستنیشانکردن‌و پشکنینی دەوڵەت‌و ڕێگری‌و وەڵامدانەوەی هەڕەشەی ئەلیکترۆنی لە سەر سەرچاوەی زانیارییەکانی فیدراسیۆنی ڕوسیا" کردووە.
بە پێی ستراتیجی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە فیدراسیۆنی ڕوسیادا، ستراتیجی فەزای ئەلیکترۆنی پێویستە بە تەواوی ڕەچاوبکرێت، چونکە لە فەزای زانیاریدا مەودایەکی زۆری دەستکەوتنی زانیاریی تێدایە. ئەم بۆچوونە جێگیرە لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکاندا، کە پێناسەیەک دەبەخشێت بە دەستەواژەی کەرتی ئاسایشی زانیاری‌و دامەزراندنی پەیوەندی. بەم پێیەش "ئاسایشی ئەلیکترۆنی" لە ڕووی چەمکەوە سنووردارترە لە "ئاسایشی زانیاری".
ئەم ستراتیجییە لە سەر بنەما سەرەکییەکانی یاسای فیدراڵی دانراوە، لە ژمارە (١٤٩) ی ڕێکەوتی (٢٠٠٦/٧/٢٧)دا یاسای فیدراڵی دەربارەی "زانیاری‌و تەکنەلۆژیای زانیاری‌و پاراستنی زانیاری" دانراوە، کە:
١. ئاسایش دەتوانرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ ڕوسیای فیدراڵی لە ڕێگەی دروستکردنی سیستەمی زانیاری، ئۆپراسۆنەکانیان، پاراستنی نهێنی‌و کۆکردنەوەی، بیرگە، بەکارهێنان‌و بڵاوکردنەوەی زانیاریی کەسییەوە بەبێ ڕەزامەندیی خۆی.
٢. ستراتیجییەکە لەگەڵ بنەماکانی ئاسایشی زانیاریی ڕوسیادا هاوسەنگە‌و گەشەدەدات بە ماددە تاکەکەسییەکان، یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکان لە بواری لە ئاسایشی زانیاریدا.
بە پێی بنەماکە، گەشەپێدانی پێوەرەکان‌و شێوازەکانی هەڵسەنگاندنە بۆ کاریگەری لە سەر سیستەم‌و ئاسایشی زانیاری. ئەم ستراتیجییە کردەییە دڵنیایی بۆ سەلامەتیی سەرچاوەکانی زانیاریی حکومەت دابیندەکات، وەک هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوەیی بۆ ئاسایشی سەرچاوەکانی زانیاریی دەوڵەت‌و سیستەمەکان.
کارەکتەرە سەرەکییە حکومییەکان، کە بەشدارن لە سیستەمی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نەتەوەییدا، ئەمانەن:
•حکومەتی فیدراڵیی ڕوسیا (٢٠٠٩)، ستراتیجی ئاسایشی نیشتیمانیی ڕوسیا تا ساڵی (٢٠٢٠)،
•حکومەتی فیدراڵیی ڕوسیا، وەزارەتی بەرگری (٢٠١١)، ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتیی ئاسایشی زانیاری،
•حکومەتی فیدراڵیی ڕوسیا (٢٠٠٠)، بنەمای ئاسایشی زانیاریی ڕوسیای فیدراڵی.
هەردوو وڵاتی فیدراڵیی ڕوسیاو چین ئاسایشی ئەلیکترۆنی وەک پێکهاتەیەکی ئاسایشی

زانیاری دەبینن، کە تێیدا بەرەوپێشبردن و کاریگەریی لە سەر دانیشتوان لەخۆدەگرێت.

**گەلی کۆماری چین**

حکومەتی چین سۆفتوێر (بەرنامەکان)و وەبەرهێنانی وڵاتانی رۆژئاوا وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانیی دەبینێت، هەر لەبەرئەوەیش بەکارهێنانیان لە چین بە توندی کۆنترۆڵکراوە. ئێستا کاریگەرییە نێودەوڵەتییەکان و پەیڕەوەکانیان ڕووندەبێتەوە. بە شێوەیەکی سەرەکی سیاسەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی چین بە گشتی توانای گۆڕینی جیهانی بازاڕیکردنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی (IT)ی هەیە. حکومەتی چین ئێستا هەنگاوی گرنگ دەنێت بۆ زیادکردنی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، لە بەهاری ساڵی (٢٠١٤) دا ناوەندێکی گرنگی ئاسایشی ئەلیکترۆنی و زانیاریدانی دامەزراند.

**"بەبێ ئاسایشی ئەلیکترۆنی، ئاسایشی نەتەوەیی نییە"**

لە ساڵی (٢٠١٤) سەرۆک شی جیپینگ بە ئاژانسی هەواڵی شینهوای ڕاگەیاند کە بەبێ ئاسایشی ئەلیکترۆنی، ئاسایشی نەتەوەیی نییە. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، ئەگەرچی کێشەکانی بەجێهێنانی سیاسەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنی تەنها بۆ چین توندو قورس نەبووە، وڵاتانی دیکەیش کێشەیان هەبووە، بەڵام لە بوارە جیاوازەکاندا، بۆ نموونە: لە ئەڵمانیا ئاسایشی ئەلیکترۆنی هێشتا کێشەیەکی سەرەکیی سیاسی نییە. ئەو ڕێکارانەی کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە دەردەکرێت، وەک داهێنانی "ناسیخوڕی"، دامەزراندنی تۆڕی پەیوەندیی سەربەخۆ بۆ حکومەتە فیدراڵییەکان بە تەنها، کە لەلایەن شارەزایانی تەکنەلۆژیای زانیارییەوە جێی سەرنجەو دەسەڵاتدارانی گشتی، وەک نوسینگەی چاودێریی ئەڵمانیای فیدراڵ، جێی گرنگی نییەو بێکاریگەر دادەنرێت. بە پێی بۆچوونە جیاوازەکان لە دەستەبەرکردنی ئاسایشی نیشتیمانیی و لەبەر تێگەیشتنە جیاوازەکان لە کێشەی ئاسایش، هیچ بۆچوونێکی هاوبەش نییە لە سیاسەتی جیهانیدا، وەک ئەوەی لە فەزای ئەلیکترۆنیدا ڕێککەوتنی لە سەر کراوە. دەوڵەتەکان لە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ڕێککەوتنێکی دوولایەنە بۆ پابەندبوون و یارمەتیدان لە فەزای ئەلیکترۆنیدا. یەکێک لە شێوازانەی کە ئێستا بۆ هاوشێوەکردنی بۆچوون و ڕێبازەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی هەیە، بڕیارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانە. هەروەها وەک بیرهێنانەوەیەک، لە بڕیارنامەکان لە سەر ڕۆڵی زانست و تەکنەلۆژیا نیگەرانی و دودڵیی خۆی دەردەبڕێت لە سەر ئەم تەکنەلۆژیاو کەرەستانە، کە دەکرێت بۆ مەبەستێک بەکاربهێنرێت کە لەگەڵ ئامانج و هێشتنەوەی سەقامگیریی نێودەوڵەتیدا نەگونجێت، هەروەها ئاسایش ڕەنگە کاریگەریی زیانبەخش لە سەر یەکپارچەیی ژێرخانی دەوڵەتەکان هەبێت لە زیانگەیاندن بە ئاسایش لە هەردوو بواری سەربازیی و مەدەنیدا، بە پشتڕاستکردنەوەی ئەو داواکارییەی ئاڕاستەی سکرتێری گشتی کراوە،

هەروەک لە بڕگەی (٤)ی بڕیارنامەکانی (١٩/٥٦)و (٥٣/٥٧)دا هاتووە:
١. داوا لە دەوڵەتە ئەندامەکان دەکات کە زیاتر گرنگیبدەن بە ئاستە فرەلایەنەکان بۆ بایەخدان بە هەڕەشەی شاراوەو ئاشکرا لە بواری ئاسایشی زانیاریدا، هەروەها ڕێکاری شیاو بۆ سنووردارکردنی ئەو هەڕەشانەی کە لەم بوارەدا سەرهەڵدەدەن، کە لەگەڵ پێویستیی پارێزگاریکردندا بۆ جوڵەو ئاڵوگۆڕی بێسنووری داتاو زانیارییەکان بگونجێت.
٢. دەکرێت ئامانجی ڕێکارەکان بەدیبهێنرێت لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لەو چەمکە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارانەی کە ئامانج لێیان بەهێزکردنی ئاسایشی زانیاریی جیهانیو سیستەمی پەیوەندییەکانە.
٣. داوا لە هەموو وڵاتانی ئەندام دەکات کە بەردەوامبن لە سەر ئاگادارکردنەوەی سکرتێری گشتیو تێڕوانینو هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەمانەی لای خوارەوە:
ا- هەڵسەنگاندنی گشتیی کێشەی ئاسایشی زانیاری،
ب- پێناسەکردنی بۆچوونە سەرەکییەکانی پەیوەست بە ئاسایشی زانیارییەوە، لە ناویشیاندا دەستوەردانی ڕێگەپێنەدراوو بەکارهێنانی نادروست لە سیستەمی زانیاریو پەیوەندیو سەرچاوەی زانیارییەکان،
پ- ناوەڕۆکی ئەو چەمکانەی کە لە بڕگەی دووەمی بڕیارنامەکەدا ئاماژەپێکراوە.
٤. داوا لە سکرتێری گشتی دەکرێت بۆ ڕەچاوکردنی ئەو هەڕەشە ئەگەریو هەبوانەی کە لە گۆڕەپانی ئاسایشی زانیاریو ئەگەری ڕێکاری هاوکاری بۆ چارەسەرکردنیان هەن، لێکۆڵینەوەیەک بکەن سەبارەت بەو چەمکانەی کە لە بڕگەی دووەمی بڕیارنامەکەدا ئاماژەپێکراوە، لەگەڵ هاوکاریی گرووپێک لە شارەزایانی حکومەت، لە ساڵی (٢٠٠٤) دا دامەزرا، لە سەر بنەمای دابەشکردنی جوگرافیای دادپەروەرانەو یارمەتیی وڵاتانی ئەندام، کە توانای پێشکەشکردنی ئەم جۆرە یارمەتیدانەیان هەیە.
٥. بڕیاری ئەوە دەدات کە بڕگەیەک لە ژێر ناونیشانی پێشهاتەکان لە بواری زانیاریو پەیوەندییەکان لە چوارچێوەی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا بخاتە بەرنامەی کاری کاتی پەنجاونۆیەمین دانیشتنی خۆیەوە.
یەکەمین بۆچوون لە ویلایەتە یەکگرتووەکانو هاوپەیمانانی، بە گوێرەی ئەو بوچوونە ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی پێویستی بە گەشەپێدانو هەڵبژاردنی یاساو پرەنسیپی نوێ نییە. بە گوێرەی ئەو بۆچوونە، بنەمای دابینکردنی ئاسایشی ئەلیکترۆنی بە بڕیاری کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوە لە تاوانی خراپ_بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاریو کولتووری جیهانی بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنی پێکدەهێنێت، بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ئامانج لێی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرە، هەروەها بڕگەکانی پەیماننامەی یاساکانی ئەنجومەنی ئەوروپا بۆ تاوانی ئەلیکترۆنی. لە بەرانبەردا، بڕیاری ویلایەتە یەکگرتووەکانو پرەنسیپەکانی ئێستا بۆ یاسای نێودەوڵەتی چوارچێوەیەکی گرنگ دابیندەکەن بۆ

ڕێکخستنی چالاکییەکانی دەوڵەت لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاریو پەیوەندی لە مەبەستی سیاسی و سەربازیدا. گرنگە جەخت لە سەر ئەوە بکەینەوە کە بۆچوونی ئەمریکا سەرنجدەخاتەسەر گەشەپێدانی میکانیزمی نێودەوڵەتی بۆ ئاسایشی زانیاری بە مانا سنووردارییەکەی ئاسایشی ئەلیکترۆنی. دووەم: بۆچوونی ڕوسیای فیدراڵیو هاوبەشەکانی، کە لە سەر بنەمای پێویستیی گەشەپێدانو ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی فەزای زانیاریو سیستەمێکی تایبەت لە شێوەی ڕێککەوتننامەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ دابینکردنی ئاسایشی زانیاریی نێودەوڵەتی دامەزراوە. ڕەشنوسە بەڵگەنامەییەکەی کە پێشنیارکراوە، هەموو هەڕەشەی ئاسایشی زانیاری دەگرێتەوە (سەربازی، سیاسی، تاوانکاریو تیرۆریستی)، لەوانەیش: گرنگیی تێڕوانینی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی هەرەشەی ڕوسیا، وەک کردەیەک لە فەزای زانیاریدا لە پێناوی لاوازکردنی سیاسەت، سیستەمی ئابووریو کۆمەڵایەتیی دەوڵەتانی دیکەدا، چارەسەری دەروونیی دانیشتوانو کۆمەڵگە ناسەقامگیردەکاتو دەستکاریی ئاڵوگۆڕی زانیاری لە فەزای زانیاریی وڵاتانی دیکە دەکات.

**ئەنجام**

لە سەر بنەمای ئەو بۆچوونانە، ئاسایشی ئەلیکترۆنی وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی نیشتیمانی دەبینرێت، هەموو وڵاتێک بڕوای وایە کە ئاسایشی ئەلیکترۆنی ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەوڵەت، لەبەرئەوەی هەردوو تیۆرەکە تیشکدەخەنەسەر بەدەستهێنانی دەستکەوتی ماددی. لە کاتێکدا هەندێک لە وڵاتان ئاسایشی ئەلیکترۆنی وەک ئامرازێک دەبینن بۆ کاریگەری لە سەر تێڕوانینی نەیارانیان، ئەم دۆخەیش لە سەر بنەمای هێزی گەورەی وێرانکاریی هێرشی ئەلیکترۆنییە. بە پێچەوانەی ئەو دوو بۆچوونەی پێشووەوە، دامەزراوەی ئاسایشی ئەلیکترۆنی جەخت لە سەر بیرۆکەکە دەکەنەوە، نەک بەدەستهێنانی دەستکەوتی ماددی. جیاوازی لە نێوان بۆچوونەکانی ئاسایشی نیشتیمانیدا لە ڕێگەی شێوازی بەکارهێنانی ئامرازەکەوەیە لە پێناوی بەدەستهێنانی ئامانجەکاندا، لە ڕاستیدا ئاسایشی ئەلیکترۆنی ڕۆڵێکی گرنگو تایبەتی هەیە لە جیهانی سیاسیدا.

**سەرچاوە:** وێبسایتی ڕیسێرچ_گەیت

# جەنگی ئەلیکترۆنی

**نووسینی: جۆن ب. شێلدن**
**وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی**

جەنگی ئەلیکترۆنی، جەنگێک کە لە ناوو لە ڕێگەی کۆمپیوتەرو ئەو تۆڕانەی بەیەکیانەوەدەبەستێتەوە، ئاراستەکراوە، کە دەوڵەتانو پاشکۆکانیان دژی دەوڵەتانی دیکە دەیکەن.زۆرینەی کات جەنگی ئەلیکترۆنی دژی حکومەتەکانو تۆڕە سەربازییەکان بەرپادەکرێت بۆ تێکدانو پچڕان یاخود وەستاندنی بەکارهێنانیان. نابێت جەنگی ئەلیکترۆنی تێکەڵبکرێت لەگەڵ بەکارهێنانی تیرۆریستیی فەزای ئەلیکترۆنیدا، یاخود لەگەڵ سیخوڕیی ئەلیکترۆنیو تاوانی ئەلیکترۆنیدا.

هەرچەندە تاکتیکی هاوشێوە بەکاردەهێنرێت لە هەر چوار جۆرە چالاکییەکەدا، خراپ شرۆڤەکردنە کە هەموویان وەک جەنگی ئەلیکترۆنی بناسێنین. هەندێک لەو دەوڵەتانەی لە جەنگی ئەلیکترۆنییەوە تێوەگلاون، لە چالاکیی کێشەداری دیکەیشەوە تێوەگلاون، وەک سیخوڕیی ئەلیکترۆنی، بەڵام ئەو جۆرە چالاکییانە وەک جەنگی ئەلیکترۆنی ناناسێنرێن.

کۆمپیوتەرو ئەو تۆڕانەی بەیەکیانەوەدەبەستێتەوە، بە گشتی بە دۆمەینی فەزای ئەلیکترۆنی دەناسرێن. دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان پشت بە فەزای ئەلیکترۆنی دەبەستن، بە نزیکەیی بۆ هەموو کارەکانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەی مۆدێرن، گەشەسەندنی دەوڵەتیش ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر پشت بە فەزای ئەلیکترۆنی دەبەستێت. هەموو ئەوەی

کۆمەڵگەی مۆدێرن پێویستیەتی بۆ کارکردن، لە ژێرخانی گرنگەو دامەزراوە چالاکە ئابوورییەکان بۆ ئاسایشی نیشتیمانی، بە شێوەیەک لە شێوەکان دەچێتەناو فەزای ئەلیکترۆنییەوە، هەر بۆیە مەترسیی جەنگی ئەلیکترۆنیو کاریگەرییە مەبەستدارەکانی سەرچاوەی نیگەرانیی گەورەی حکومەتەکانو دامەزراوە سەربازییەکانە لە جیهاندا، هەروەها ئەو هێرشە ئەلیکترۆنییانەی کراون، لەگەڵ ئەوەی ناکەونەوە چوارچێوەی پێناسەیەکی دیاریکراوی جەنگی ئەلیکترۆنییەوە، بەڵام دەکرێت وێنایەک نیشانبدەن بۆ ئەوەی جەنگی ئەلیکترۆنی لە داهاتوودا چۆن دەبێت.

## هێرشەکان لە فەزای ئەلیکترۆنیدا

دۆمەینی فەزای ئەلیکترۆنی لە سێ چین پێکدێت. یەکەم چین چینی فیزیکییە، هاردوێرەکانی وەک کێبڵ، سەتەلایتەکانو ئامێرەکانی دیکە لەخۆدەگرێت، بەبێ ئەم چینە چینەکانی دیکە ناتوانن کاربکەن. دووەم بریتییە لە چینی سینتاکتیک، کە ئەو سۆفتوێرانە لەخۆدەگرێت کە ڕێنمایی کارکردن بۆ ئامێرە فیزیاییەکان دەستەبەردەکەن. سێیەم چین، چینی سیمانتیکە (واتاداری)، کە کاردانەوەی مرۆڤەکانە لەگەڵ ئەو زانیارییانەی لەلایەن کۆمپیوتەرەکانەوە بەرهەمدەهێنرێنو لەلایەن بەکارهێنەرەکەیەوە پەیپێدەبرێتو شیدەکرێتەوە.
هەرسێ چینەکە ئەگەری ئەوەی هەیە هێرشیبکرێتەسەر. هێرشە ئەلیکترۆنییەکان بۆ سەر دامەزراوە فیزیکییەکان دەتوانرێت لە ڕێگە تەقلیدییەکانی وەک بەکارهێنانی چەکو میتۆدەکانی شەڕ بکرێت. بۆ نموونە: کۆمپیوتەرەکان دەتوانرێت بە شێوەیەکی بەرجەستە تێکبشکێنرێن، تۆڕەکانی ئینتەرنێت دەکرێت بپچڕێنرێن، یاخود دەستیانتێوەربدرێت، هەروەها بەکارهێنەرە مۆرڤەکان دەکرێت بەرتیلیان پێبدرێت، هەڵبخەڵەتێنرێت، یاخود بکوژرێت بۆ بەدەستهێنانی چوونەناوەوەی فیزیاییو کرداری بۆ سەر تۆڕەکانو کۆمپیوتەرەکان.
هێرشە فیزیکییەکان زۆرینەی جار لە کاتی پێکدادانە بەمەبەستەکاندا ڕوودەدەن، وەک لە ئۆپراسیۆنی هاوبەشی هێزی ناتۆ دژی یۆگۆسلاڤیا لە ساڵی (١٩٩٩)داو هێرشی ئەمریکا دژی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)دا، کە تێیدا تۆڕەکانی پەیوەندی، دامەزراوەییە کۆمپیوتەرییەکانو ئامێرە پەیوەندییە تەلدارەکان زیانیانپێگەیەنراو تێکشکێنران.

## مێژووی جەنگ

دەکرێت هێرشەکان دژی چینی سینتاکتیک بەرپابکرێت بە بەکارهێنانی چەکی ئەلیکترۆنی، کە توانای تێکشکاندن، دەستوەردان، شێواندن، چاودێریو تێکدانی

سۆفتوێری کارپێکەری سیستەمەکانی کۆمپیوتەری هەیە. چەکەکان ئەمانە لەخۆدەگرن: ماڵوێر، پرۆگرامی زیانبەخش، وەک: ڤایرۆس، ئەسپی تەڕوادە، پرۆگرامی سیخوڕیو کرمەکان، کە دەتوانێت کۆدەکانی ناو کۆمپیوتەرەکە تێکبدات، وابکات کۆمپیوتەرەکە کارێک بکات کە لەلایەن بەکارهێنەرەکەیەوە داوانەکراوەو مەبەست نەبووە بیکات. جۆرەکانی دیکەی چەکی ئەلیکترۆنی بریتییە لە هێرشی ڕەتکردنەوەی خزمەتگوزاریی دابەشکراو، کە تێیدا هێرشکەرەکان ماڵوێرەکان بەکاردەهێنن بۆ دەستبەسەرداگرتنی ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپیوتەرەکان بۆ دروستکردنی تۆڕی ڕۆبۆتی، گرووپی کۆمپیوتەریی زۆمبی دروستدەکرێت، کە هێرشدەکەنەسەر ئەو کۆمپیوتەرانەی دیکە، کە بەئامانجگیراون و ڕێگریدەکەن لە کردنی کاری ئاسایی خۆیان.

ئەم میتۆدە لە هێرشی ئەلیکترۆنیی دژی وڵاتی ئیستۆنیا لە نیسانو مایسی (٢٠٠٧)و دژی وڵاتی جۆرجیا لە ئابی (٢٠٠٨) بەکارهێنرا. لە هەردوو کاتەکەدا دەنگۆی ئەوە هەبوو کە هاککەرە ڕوسەکان، کە زۆرینەیان کەسانی مەدەنی بوون، هێرشی ڕەتکردنەوەی خزمەتگوزاریی دابەشکراویان لە دژی حکومەتی سەرەکی، وێبسایتە ئابووری، میدیاو بازرگانییەکان لە هەردوو وڵاتدا کرد. ئەم هێرشانە بە شێوەیەکی کاتی ڕێگرییانکرد لە دەستگەیشتنی حکومەتو کەسانی مەدەنی لەو وڵاتانەدا بۆ سەرچاوەکانی زانیاریو پەیوەندییە ناوەکی و دەرەکییەکان.

لە کۆتاییدا هێرشی ئەلیکترۆنیی سیمانتیک، کە بە ئەندازیاری کۆمەڵایەتی دەناسرێت، بەکارهێنەرەکان فریودەدات لە ڕێگای وێناکردنو لێکدانەوەی داتای بەکارهاتووی کۆمپیوتەرەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی گرنگ، وەک: وشەی نهێنی، وردەکاریی دارایی، زانیاریی نهێنیی حکومەتەکان، لە ڕێگەی هەڵخەڵەتاندنو فریودانەوە. تەکنیکی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیی ڕاوکردنیش لەخۆدەگرێت، کە تێیدا هێرشکەرەکە ئیمەیڵی بێزیان بۆ بەکارهێنەرەکە دەنێرێت، کە بانگهێشتیدەکات بۆ ئاشکراکردنی زانیاریی پارێزراو، کە بە مەزەندە بۆ مەبەستێکی ڕاستەقینە بەکاردەهێنرێتو وادەکات بکەوێتەداوەوەو ماڵوێرێکی خراپ لە شوێنێکی گشتیدا وەک وێبسایتێک بەجێدەهێڵێت، بەو ئاواتەی کە بەکارهێنەرەکە بیدۆزێتەوەو دایببەزێنێت، کە ئەمەیش هەموو کۆمپیوتەرەکەی داگیردەکات.

لە ئابی (٢٠١٠)دا هەوادارانی کارەکتەری ئینگلۆهیندی؛ کاترینا کێف، ڕێنوێنیکران بۆ چوونەناو وێبسایتێکەوە، کە دەگوترا وێنەی کارەکتەرەکەی تێدایە، ڕاستەوخۆ لە وێبسایتەکەوە دەچوونە وێبسایتێکی کۆمەڵایەتییەوەو داوای زانیاریی چوونەناوەوەکانی خۆیان لێدەکرا. بەم زانیارییانەی کە بەکارهێنەران دەیاندا، ڕاستەوخۆ دەبوون بە داوی ڕاوکردنەکەوە.

نموونەیەکی دیکەی ڕاوکردن ڕوداوێکی ساڵی (٢٠٠٨) بوو، کە فلاش_میمۆرییەک ماڵوێری تێدا بوو، درا لە کۆمپیوتەرێکی بنکەیەکی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەوێوە کۆدی کۆمپیوتەرەکە لە تۆڕی سەربازییەکەوە بڵاوکرایەوە، کە ئامادەکارییدەکرد بۆ گواستنەوەی داتا بۆ سێرڤسێکی هەواڵگریی نەناسراوی بیانی پێش ئەوەی ئاشکرابکرێت. وەک لەم نموونانەی سەرەوە دەیبینین، میتۆدی سیمانتیک زۆرینەی کات بۆ چالاکیی سیخوڕیو تاوانکاری بەکاردێت.

**تاو انی ئەلیکترۆنی، سیخوڕیکردنی ئەلیکترۆنی یاخود جەنگی ئەلیکترۆنی؟**

دەستەواژەی جەنگی ئەلیکترۆنی وتووێژی زۆری لە سەرە. ژمارەیەک لە شارەزایانی بواری ئاسایشی کۆمپیوتەرو سیاسەتی نێودەوڵەتی دەپرسن: ئایا دەستەواژەکە بە وردی کاراکتەرەی ئەو چالاکییانە دەردەخات کە لە فەزای ئەلیکترۆنیدا ڕودەدات؟ زۆرێک پێشنیاری ئەوە دەکەن کە چالاکییەکان دەتوانرێت زۆر وردتر وەسفبکرێن بە تاوان، سیخوڕیکردن، تەنانەت تیرۆریش، بەڵام وەک جەنگ وەسفناکرێت، لەو کاتەوەی دەستەواژەکە ئاماژەی گرنگی سیاسی، یاسایی‌و سەربازیی هەیە. بۆ نموونە: زۆر دوورە لە ڕاستییەوە کە کردەیەکی سیخوڕیی دەوڵەتێک بە سەر دەوڵەتێکی دیکەوە لە ڕێگەی فەزای ئەلیکترۆنییەوە یەکسان بێت بە کردەیەکی جەنگییەوە، هەروەک چۆن کردەی سیخوڕیکردنی لەم جۆرە بە دەگمەن، یان دەکرێت بڵێین: هەرگیز هۆکار نەبووە بۆ سەرهەڵدانی جەنگ، بەڵام تاوانبارکردنی سیخوڕیکردنی ئەلیکترۆنیی چین ئەمە ڕەتدەکاتەوە. ژمارەیەک لە وڵاتەکانی وەک هیندستان، ئەڵمانیاو ویلایەتە یەکگرتووەکان، بڕوایان وایە کە قوربانیی دەستی هەوڵە سیخوڕییە ئەلیکترۆنییەکانی چینن. لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕوداوە گرژیی دروستکرد لە پەیوەندیی نێوان وڵاتی چین‌و وڵاتانی ناوبراودا، بەڵام پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانیان هیچ زیانێکی پێنەگەیشتووە.

هاوشێوەی ئەمە، کردە تاوانکارییەکان، کە لە فەزای ئەلیکترۆنیدا دەکرێت لەلایەن تاکەکان یاخود گرووپەکانەوە، وەک بابەتێکی یاسایی سەیریدەکرێت نەک سەربازی، ئەمە بەڵگەیە کە پیشانیدەدات سەندیکای تاوانە ڕێکخراوەکانی ڕوسیا یارمەتیدەر بوون بۆ بەرپابوونی هێرشە ئەلیکترۆنییەکان دژی جۆرجیا لە (٢٠٠٨)داو لەلایەن حەماس یاخود حیزبوڵڵاوە بەکرێگیرابوون بۆ هیرشکردنەسەر وێبسایتەکانی ئیسرائیل لە کانوونی دووەمی (٢٠٠٩)دا. لە لایەکی دیکەوە، هیرشێکی ئەلیکترۆنی لەلایەن دەوڵەتێکەوە دژی دەوڵەتێکی دیکە کە هۆکار بێت بۆ زیانگەیاندن بە پێکهاتەی گرنگ، وەک: تۆڕی کارەبا، سیستەمی کۆنترۆڵکردنی ترافیکی ئاسمانی یاخود تۆڕی دارایی، دەکرێت بە شێوەیەکی یاسایی، وەک هیرشی چەکداری هەژماربکرێت، ئەگەر بتوانرێت بخرێتەپاڵ لایەنێک.

ژمارەیەک لە شارەزایانی یاساکانی ناکۆکیی چەکداری پرسیاری دەربارەی بیرۆکەی ئەوەی ئایا چالاکیی ئەلیکترۆنیی توندوتیژ دەکرێت جەنگ دروستبکات (هەرچەندە زۆر دڵنیاترن لە بیرۆکەی بەکارهێنانی چالاکیی ئەلیکترۆنی توندوتیژ لە کاتی جەنگدا). باس لەوە دەکەن کە ئەم جۆرە چالاکیو تەکنیکانە جۆرێکی نوێی جەنگ دروستناکەن، بەڵام ڕێخۆشکەرو هاوتەریبن لەگەڵ جۆرە باوەکەی میتۆدەکانی جەنگدا. بە دڵنیاییەوە لەم ساڵانەی دواییدا جەنگی ئەلیکترۆنی ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە پێکدادانە چەکدارییەکاندا، وەک لە گرژیی نێوان ئیسرائیلو حیزبوڵڵادا لە لوبنان لە ساڵی (٢٠٠٦)و داگیرکاریی ڕوسیا بۆ جۆرجیا لە ساڵی (٢٠٠٨)دا.

لەم حاڵەتانەدا هێرشە ئەلیکترۆنییەکان لەلایەن شەڕخوازەکانەوە دەستپێکرا، پێش ئەوەی جەنگی ڕاستەقینەی چەکداری دەستپێبکات، هەروەها هێرشە ئەلیکترۆنییەکان بەردەوامدەبوو، تەنانەت پاش کۆتاییهاتنی پێکدادانە سەربازییەکانیش. سەرەڕای ئەمانەیش، ناتوانین بڵێین کە هێرشە ئەلیکترۆنییەکان هۆکار بوون بۆ دەستپێکردنی هێرشی چەکداری. نموونەی ئەمەیش، هێرشی ئەلیکترۆنیی دژی ئیستۆنیا لە (٢٠٠٧) دا، کە لێکەوتەیەکی سیاسیی فراوانی هەبوو و پەیوەندیی هەبوو بە لابردنی مۆنۆمێنتی جەنگیی سۆڤیەتەوە لە سەنتەری شاری تالینو گواستنەوەی بۆ دەرەوەی شار، کە هۆکاری ناڕەزایی ڕوسە ڕەسەنەکانی ئیستۆنیاو ڕوسیایش بوو.

ئەم ئەزموونانە بخەینەلاوە، بە شێوەیەکی گشتی ئەو بڕوایە هەیە کە جەنگی ئەلیکترۆنی نەک تەنها ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت لە جەنگەکانی داهاتوودا، بەڵکو بەشی پێشەکیی جەنگەکانیش دەبێت. ڕۆڵو دەسەڵاتی جەنگی ئەلیکترۆنی لە جەنگەکانی ئێستایشدا بەردەوامە لە زیادبوون.

**هێرشی ئەلیکترۆنیو بەرگریکردنی ئەلیکترۆنی**

سەرەڕای زیادبوونی گرنگییەکەی، بەڵام ئاڵنگاریی زۆر هەیە بۆ هەردوو هێرشبەرو بەرگریکار، کە بەشداریی شەڕی ئەلیکترۆنی دەکەن. هێرشبەرانی ئەلیکترۆنی دەبێت بە سەر بەرگریکارە ئەلیکترۆنییەکاندا زاڵببنو هەردوو لایەنیش دەبێت لەگەڵ خولێکی خێرای هێرشبردنو بەرگریدا ڕووبەڕووببنەوە. سەرەڕای ئەوەیش، تاوانەکە لە فەزای ئەلیکترۆنیدا زاڵە، چونکە هەر بەرگرییەک دەبێت ڕووبەڕووی هێرشەکانی سەر تۆڕە گەورەکان ببێتەوە، کە لە بنەڕەتدا لاوازنو لەلایەن بەکارهێنەرانی مرۆڤی هەڵەکارەوە بەڕێوەدەبرێن. بۆ ئەوەی لە هێرشی ئەلیکترۆنیدا کاریگەر بێت، ئەنجامدەر دەبێت تەنها جارێک سەرکەوتوو بێت، لە کاتێکدا بەرگریکار دەبێت دووبارەو سێبارە سەرکەوتوو بێت.

ئاڵنگارییەکانی دیکەی جەنگی ئەلیکترۆنی بریتییە لە ئاستەنگی بۆ جیاکردنەوەی نێوان شەڕکەرە یاساییەکانو کەسانی مەدەنیی شەڕنەکەر. یەکێک لە کاراکتەرە جیاکەرەوەکانی فەزای ئەلیکترۆنی بریتییە لە کەمیی تێچوو بۆ هەر کەسێک کە بیەوێت بەکاریبهێنێت، لە ئەنجامدا دەکرێت هەر کەسێک کە ئامێرەکانی بە زیرەکانە بەکاربهێنێتو کاریپێبکات. کێشەی ئەم کراوەییەی جەنگی ئەلیکترۆنی کەسانی مەدەنییە، کە ئەگەر بە سۆفتوێری گونجاو پڕچەکبکرێن، دەتوانن بەشداریبکەن لە هێرشی ئەلیکترۆنی دژی دەزگاکانی دەوڵەت، ڕێکخراوە ناحکومییەکانو تاکە بەئامانجگیراوەکان.

دۆخی یاسایی بۆ ئەم تاکانە، لە چوارچێوەی یاسای جەنگی چەکداریی ڕێککەوتننامەی جنێڤ ڕوون نییە، ئاستەنگی زیاتر بۆ ئەو کەسانە دروستدەکرێت کە بەرگریدەکەن لە دژی جەنگی ئەلیکترۆنی. هێرشە ئەلیکترۆنییەکانی دژی ئیستۆنیاو جۆرجیا نموونەن بۆ ئەم ئاستەنگییانە، گوماندەکرێت کە هەموو ئەوانەی بەشداریی هێرشەکەیان کردووە، کەسانی مەدەنی بوون، کە پاڵنەری نەتەوایەتییان هەبووە.

ڕەنگە گەورەترین ئاڵنگاری بۆ ئەو وڵاتانەی بەرگریدەکەن دژی هێرشە ئەلیکترۆنییەکان، بریتی بێت لە نەناسراویی فەزای ئەلیکترۆنی. لە سەرەوە باسی کەمیی تێچووی چوونەناوەوەی فەزای ئەلیکترۆنیمان کردووە، کاراکتەرێکی سەرەکیی دیکە ئاسانیی بەکارهێنانی ئامێری گونجاوە، کە هەموو کەسێک دەتوانێت بەکاریبهێنێت بۆ شاردنەوەی ناسنامەو جێگەو مەبەستی خۆی. بۆ نموونە: چەند بەڵگەیەکی تەواوەی سەلمێنراو هەیە، کە حکومەتی ڕوسیا دەبەستێتەوە بە هێرشە ئەلیکترۆنییەکانی ئیستۆنیاو جۆرجیاوە، بۆیە ناتوانین بیسەلمێنین کە چی هێرشکەرەکانی هانداوە، ئەگەر فەرمانی ڕاستەوخۆیان لە مۆسکۆوە وەرنەگرتبێت. ئەم خۆشاردنەوەو بێناسنامەییە ئاسانە، کێشەی گەورەی بۆ ئەو دەوڵەتو دەزگایانە دروستکردووە کە دەیانەوێت هێرشە ئەلیکترۆنییەکان بوەستێننو وەڵامیانبدەنەوە. ئەگەر ناسنامە، شوێنو هاندەری هێرشێک نەتوانرێت دیاریبکرێت، ئەوە زۆر قورس دەبێت هۆکاری ئەم هێرشە بزانرێت، هەروەها بەکارهێنانی توانا ئەلیکترۆنییەکان لە تۆڵەسەندنەوەدا مەترسییەکی زۆرو قبوڵنەکراو دروستدەکات، کە ئامانجی هەڵە توشی تۆڵەسەندنەوە دەکات.

سەرەڕای ئەم ئاڵنگارییانە، بەرگری دژی جەنگی ئەلیکترۆنی بووە بە لەپێشینەیی چەندین نەتەوەو هێزە سەربازییەکانیان. کلیلی سەرەکی بۆ هەر پێکهاتەیەکی بەرگریی ئەلیکترۆنیی بەهێز دیواری بەرگری یاخود فایەرواڵ لەخۆدەگرێت بۆ فلتەرکردنی قەرەباڵغیو جەنجاڵیی تۆڕەکان، شیکردنەوەی داتاکان، ئامێرەکانی بەرگریو دۆزینەوەی دزەکەرانی ناو تۆڕەکان، ئاسایشی فیزیکی بۆ دامەزراوەوە ئامێرەکانو مەشقپێکردنو

چاودێریی بەکارهێنەرانی تۆڕەکان. ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزە سەربازییە مۆدێرنەکان یەکەی تایبەت بە بەرگری دژی زیادبوونی هەڕەشەی جەنگی ئەلیکترۆنی دروستدەکەن. بۆ نموونە: ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا، هێزی ئاسمانیی بیستوچوارەمینیان دروستکردووە بۆ بەرگری لە تۆڕو نێتۆرکەکانی هێزی ئاسمانی. هاوشێوەی ئەمە، هێزی دەریایی ویلایەتە یەککگرتووەکان؛ هێزی فەرماندەیی کەشتیگەلی دروستکردووە، وەک بەشێک لە هێزی فەرماندەیی کەشتیگەلی دەیەم، بۆ پاراستنی تۆڕەکانیان. هەردوو ئەم فەرماندەییە لە ژێر فەرمانی ڕاستەوخۆی فەرماندەیی ئەلیکترۆنیی ویلایەتە یەککگرتووەکاندان، لە فۆرتمید، کە هەموو ئۆپراسیۆنە ئەلیکترۆنییەکانی سوپای ئەمریکا بەڕێوەدەبات. لە شانشینی یەککگرتووی بەریتانیا، بنکەی سەرەکیی پەیوەندییەکانی حکومەت سەنتەرێکی ئۆپراسیۆنی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە کانوونی یەکەمی (٢٠٠٩)دا دروستکردو فەرەنسایش لە تەمموزی (٢٠٠٩)دا دەزگای ئاسایشی زانیاریو نێتوۆرکو تۆڕەکانی دامەزراند.

لە کۆتاییدا کاتێک سەرنجی ئێستا لە سەر بەرگرییە دژی هێرشە ئەلیکترۆنییەکان، بەکارهێنانی توانا ئەلیکترۆنییە توندوتیژییەکانیش لەبەرچاودەگیرێت. کاریگەریی یاسایی، مۆراڵیو کردەیی هەیە لە بەکارهێنانی ئەم توانایانەی سەرچاوەدەگرن لەو ئاڵنگارییانەی لەم نوسینەدا ئاماژەمانپێدا. دواتریش لە زۆرینەی وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا ئەم توانایانە بە شێوەیەکی توند لەلایەن یاساوە قەدەغەکراونو وا دانراوە کە تەنها دەزگا هەواڵگرییەکان، وەک: دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی لە ئەمریکاو بنکەی سەرەکیی پەیوەندییەکانی حکومەت لە بەریتانیا، بەکاریبهێنن. لە چین، کە ئاماژە یاسایی، مۆراڵیو کردەوەییەکان جیاوازن، یاخود وا دەردەکەوێت کە جیاواز بن، وا دادەنرێت کە ڕێکخراوەکانی وەک یەکەی ستافی گشتیی بەشی سێیەمو بەشی چوارەم، بە لایەنی کەمەوە شەش نوسینگەی سیخوڕیی تەکنیکیو ژمارەیەک لە یەکەکانی میلیشیای جەنگی زانیاریی سوپای ڕزگاریی گەل ( (PLA. هەموویان کاردەکەن لەگەڵ بەرگریی ئەلیکترۆنی، هێرشو سیخوڕیدا. هاوشێوەی ئەمەیش، وا دەبینرێت کە لە ڕوسیادا هەردوو خزمەتگوزاریی ئاسایشی فیدراڵی (FSB)و وەزارەتی بەرگری دوو دەزگای لەپێشینە بن لە چالاکییەکانی جەنگی ئەلیکترۆنی. مشتومڕەکان لە سەر پرۆگرامی سیخوڕیی ئەسپی باڵدار (Pegasus ) ئەو ئاماژە مۆراڵییانە دەردەخات کە نیشاندەری گەشەسەندنی توانستە ئەلیکترۆنییەکانە. هەرچەندە دروستکەری (Pegasus)، کە کۆمپانیای (NSO)ی هەواڵگریی ئەلیکترۆنی ئیسرائیلییە، کە لە ساڵی (٢٠١٠) دامەزراوە، بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەرهەمەکەی تەنها بۆ ئاسایشی حکومەتو دەزگای هێزە ئاسایشییەکان فرۆشراوە، تەنها بۆ مەبەستی یارمەتیدان لە ئۆپراسیۆنی

پارێزراوو بەرەنگاربوونەوەی تاوانبارەکانی وەک سپیکردنەوەی پارە، بازرگانیکەرانی لەشفرۆشیو ماددەی هۆشبەرو تیرۆریستەکان، پرۆگرامە سیخوڕییەکان بەکارهێنراون بۆ چاودێریی کەسە سیاسییەکان، ڕابەرانو بەڕێوەبەرانی حکومەتەکان، چالاکوانانی مافی مرۆڤو ڕۆژنامەنوسان. تەنانەت بۆ سیخوڕی بە سەر ڕۆژنامەنوسی سعودیی نیشتەجێی وڵاتی ئەمریکا؛ جەمال خاشاعچی، کە چەندین مانگ بەر لە کوشتنەکەی کرابوو لەلایەن سعودییەکانەوە لە تشرینی یەکەمی (٢٠١٨)دا.

**سەرچاوە:** وێبسایتی بریتانیکا

# ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

## ڕێبازێکی ستراتیجی بۆ پاراستنی سەروەت و سامان و ژێرخانی دیجیتاڵیی نیشتیمانی

نووسینی: کۆمەڵێک نووسەر
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**پوختەی جێبەجێکردن**

سەرکەوتنی بەردەوامی دەستپێشخەرییەکانی دیجیتاڵکردن لە نێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرکەوتنی زیاترو زیادبوونی مەترسییەکانی هێرشی ئەلیکترۆنی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. ئەم هێرشانە کە لەلایەن وڵاتانی دیکەو باندە تاوانکارییە ئاڵۆزەکانەوە لە سەرانسەری جیهانەوە تا دێت، ئاڵۆزتردەبن، توانای ئەوەیان هەیە کە ڕێگری لە پێشکەوتنی دیجیتاڵکردن بکەن و هەڕەشە لەو سوودانە بکەن کە لە ڕێگەیەوە بەدەستدەهێنرێن. هەموو حکومەتێکی نیشتیمانی لە ناوچەکەدا هەوڵدەدات ژینگەیەکی دیجیتاڵیی پارێزراو دروستبکات، بەڵام زۆر جار ئەم هەوڵانە پارچە پارچەو تاکتیکین و کاردانەوەیان هەیە. جگە لەوەیش، بەشداریکردنی هەموو لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکییەکان ناگرێتەوە. لە ئەنجامدا زۆر جار وەڵامەکانی حکومەت لە دوای دیمەنی هەڕەشە هەمیشە پەرەسەندووەکانەوە دەمێننەوەو ڕێوشوێنە بەرگرییەکانیش کە دەگیرێنەبەر، دەورەدرێن یان دەقۆزرێتەوە. ڕێبازێکی ستراتیجی بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانیی پێویستە، کە چوارچێوەیەکی پۆلێنکردنی چاودێریی کلینیکی (CCC) پەیڕەوبکات، کە لە سروشتدا گشتگیر بێت، بە مەبەستی هاوبەش و لە

سەر بنەمای تواناکان بێت. حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەتوانن چوارچێوەی (CCC) لە بەرنامە نیشتیمانییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی خۆیاندا بەکاربهێنن.

یەکەم: پێویستە دەزگایەکی ناوەندیی نیشتیمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی دابمەزرێنن، کە ئەرکێکی ڕوونو دیاریکراوی هەبێت. دەزگای دامەزراو دەبێت ستراتیجی نیشتیمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی دیاریبکاتو گفتوگۆیەکی نیشتیمانی دابمەزرێنێت. دواتر پێویستە گرنگی بە بونیادنانی تواناکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی بدرێت، بە هەردوو شێوەی خۆپارێزیو کاردانەوە، هەروەها پەرەپێدانی ئەو بەهرەو توانایانەی کە ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانیی لە سەر بونیادنراوە. حکومەتەکان بە مامەڵەکردنی دەستبەجێ بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئیمتیازاتانە، دڵنیادەبن لەوەی کە وڵاتەکانیان سوودی تەواوی دیجیتاڵکردن دەچنن لە ئێستاو لە داهاتوویشدا.

### دەستەبەرکردنی پاداشتی دیجیتاڵی

*"دەوڵەتە نەتەوەییەکان تەکنیکی ئیستغلالو هێرشی ئەلیکترۆنیی بێهاوتاییان پەرەپێداوەو دەستیانکردووە بە تێکەڵکردنی لەگەڵ توانا سەربازییە نیشتیمانییەکانیان."*


وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دوای گۆڕانکاری دیجیتاڵیدا دەگەڕێن، واتە وەرگرتنی بەکۆمەڵ لە تەکنەلۆژیاو ئەپڵیکەیشنە دیجیتاڵییە بەستراوەکان لەلایەن بەکاربەرانو بازرگانیو حکومەتەکانەوە بە خێرایی. بازاڕە دیجیتاڵییەکانی ناوچەکە بە ڕێژەیەکی گشتی گەشەسەندنی ساڵانەی ئاوێتە بە ڕێژەی (١٢٪) فراواندەبنو پێشبینیدەکرێت لە ساڵی (٢٠١٥)دا بەهاکەی بگاتە (٣٥) ملیار دۆلاری ئەمریکی. ستراتیجییەکە بەو شێوەیە مەزەندەیدەکات کە دیجیتاڵکردن دەتوانێت هەتا ساڵی (٢٠٢٠) بگاتە (٨٢٠) ملیار دۆلار بۆ بەرهەمی ناوخۆیی ناوچەکەو هەروەها دەتوانێت (٤.٤) ملیۆن هەلی کاری نوێی زۆر پێویست دروستبکات. هەرچەندە دیجیتاڵکردن توانای پاداشتی گەورەی هەیە، بەڵام مەترسیی گەورەیش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت لە کۆمەڵێک هەڕەشەی ئەلیکترۆنی، کە هەمیشە لە گەشەکردندایە، کە لەلایەن تاوانبارانی ئەلیکترۆنی، دەوڵەتە نەتەوەییەکانو هاککەرە ئەلیکترۆنییەکانەوە دەکرێن. ئەم کارەکتەرانە هاندەرو تواناو مەبەستیان هەیە بۆ ئیستیغلالکردنی ئەو لاوازییانەی کە لە ئەنجامی پشتبەستنی دەوڵەت بە تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی بۆ بازرگانیو خزمەتگوزارییە حکومییەکانەوە سەرچاوەدەگرن. ئەم هێرشە ئەلیکترۆنییە بەردەوامانەو ئیستیغلالکردنی دەتوانێت ئەو متمانەیەی حکومەتو کەرتی بازرگانیو کۆمەڵگەی مەدەنی بە دیجیتاڵکردن هەیانە، تێکبداتو ڕێگری لە پێشکەوتنەکانی بکاتو بەم جۆرە هەڕەشە لە بەدیهێنانی سوودە بەڵێندراوەکانی بکات. هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان دیاردەیەکی جیهانینو بەردەوام لە ئاڵۆزییەکانو کاریگەرییەکاندا پەرەدەسێنن، سەرەڕای پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیاو پراکتیکەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی. تاوانە ئەلیکترۆنییەکان پەرەیسەندووەو بووەتە تۆڕێکی باش ڕێکخراوو هەبوونی توانای پێشکەوتوو و دابەشکردنی کارە تایبەتمەندەکان.

دەوڵەتە نەتەوەییەکان تەکنیکی ئیستیغلال و هێرشی ئەلیکترۆنیی بێهاوتاییان پەرەپێداوەو دەستیانکردووە بە تێکەڵکردنی لەگەڵ توانا سەربازییە نیشتیمانییەکانیاندا. سەرچاوەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو پرۆسەی خێرای بەدیجیتاڵکردن، ناوچەکەی کردووەتە ئامانجێکی گرنگ بۆ کۆمەڵێک هەڕەشەی ئەلیکترۆنیی بەرفراوان. لە ڕاستیدا حکومەتەکانو ڕێکخراوە گەورەکان بە نزیکەیی لە هەموو کەرتێکی گرنگ لە ناوچەکەدا بە هۆی هێرشە ئەلیکترۆنییەکانەوە زیانیان بەرکەوتووە. ڤایرۆسی (Flame) و (Gauss) بەکارهێنراوە بۆ سیخوریی ئەلیکترۆنیی بەرفراوان، لەوانە: دزینی زانیاریی دارایی لە کەسەکانو کۆمپانیاو حکومەتەکان. سیتادێل، کە جۆرێکە لە بەرنامەی زیانبەخشی دارایی، بەکارهێنراوە بۆ هێرشکردنەسەر تۆڕەکانی کۆمپیوتەری چەندین کۆمپانیای پترۆکیمیایی، کە ڕەنگە هەوڵی دەستڕاگەیشتن بە کۆنترۆڵی کارگەکانی پرۆسێسکردن بدەن.

ڤایرۆسێکی زیانبەخش بەکارهێنرا بۆ تێکدانی ئاسایشی (٧٥٪)ی کۆمپیوتەرەکانی کۆمپانیایەکی گەورەی نەوت و گاز لە هەرێمەکەدا. هێرشکردنەسەر دوو بانکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە هۆی ئەوەی لە ماوەی چەند کاژێرێکدا زیانی دارایی ڕاستەوخۆی (٤٥) ملیۆن دۆلاری لێکەوتەوە. ئەمانە تەنها چەند نموونەیەکن، تەنها مشتێکن لە خەرمانێک. ئامارێکی زۆر زیاتر دەتوانین بدۆزینەوە لە ژمارەی ئامێرە کۆمپیوتەرییەکانی توشبوو بە ڤایرۆس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ڕێژەکەی چوار هێندە زیاترە لە تێکڕای جیهانی، کە جیاوازییەکە لەم ساڵانەی دواییدا زیادیکردووە. (بڕوانە: وێنەی (١)).

**وێنەی (١)**

کۆمپیوتەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە ڕێژەیەکی زیاتر لە تێکڕای جیهانی توشی ڤایرۆسەکان دەبن، ئامێرە کۆمپیوتەرییە توشبووەکان بە ڤایرۆس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە نێوان ساڵانی (٢٠١٢-٢٠١٤)دا.



**دۆخی سیاسەتە نیشتیمانییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی**

حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە وردی ئاگاداری ئەو دیمەنە نوێیانەی هەڕەشەن کە پەیوەندیی بە بەدیجیتاڵکردنەوە هەیە. بۆ بەهێزکردنی توانا نیشتیمانییەکانیان لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیو بەرزکردنەوەی ئاستی پاراستنی ژێرخانی زانیارییە گرنگە نیشتیمانییەکانیان، بەشێکی زۆریان لەم ساڵانەی دواییدا چالاکییەکانیان لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا چڕترکردووەتەوە. هەندێک لە وڵاتان یاسای نوێیان دروستکردووە، بە ئامانجی پاراستنی مامەڵە ئەلیکترۆنییەکانو لێپێچینەوە لە تاوانە ئەلیکترۆنییەکان. هەندێکی تریش سیاسەتیان بۆ پاراستنی ژێرخانی زانیارییە گرنگەکانو پلانەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی داڕشت، بەرپرسیاریەتیی ئاسایشی ئەلیکترۆنییان بە دەزگا یان بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئێستا سپارد. لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێک لە وڵاتانی دیکە دەستیان بە پرۆتۆکۆڵی نیشتیمانیی وەڵامدانەوەی ڕوداوەکان کردووەو هەروەها دەستیانکردووە بە بونیادنانی هۆشیاریو تواناکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی. ئەمانە هەموو هەنگاوی باشن بەرەو باشترکردنی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانی، بەڵام ئەم هەنگاوانە بە تەنیا بەس نابن بۆ بەڕێوەبردنی مەترسییەکانی پەیوەست بە سەروەتو سامانی دیجیتاڵی بۆ تەواوی وڵاتێک. زۆربەی ئەم دەستپێشخەرییانەی ئێستا ڕێبازێکی ناوەندیی ئایتی بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانی پەیڕەودەکەن، ئەوانەیش وەڵامدانەوەی تاکتیکین بۆ کێشەیەک کە پێویستی بە چارەسەری ستراتیجی هەیە. بەرنامەی نیشتیمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی پێویستی بە ستراتیجییەکی یەکگرتوو و گشتگیر هەیە، کە توانا سەرەکییە ئەلیکترۆنییە نیشتیمانییەکان دەستنیشانبکاتو بە ڕوونی خاوەندارێتی ئەم تواناو بەرپرسیاریەتییە بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانی بۆ دەزگایەکی سەرەکیی تایبەتمەند دیاریبکات.

زۆربەی هەوڵەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی ئێستا کاردانەوەیان هەیە. سەرنجیان لە سەر چاکبوونەوەو ڕزگاربوون لە هێرشێکی ئەلیکترۆنییە، نەک ڕێگریکردن لە هێرشەکان. بەرنامەیەکی کاریگەرو بەردەوامی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانی دەبێت توانا ئەلیکترۆنییە چالاکەکان لەخۆبگرێت، کە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە ڕێگریکردن لە هێرشەکان، وەک هاوبەشکردنی زانیاریو چاودێریکردنی بەردەوام بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاریی بارودۆخەکە. زۆربەی هەوڵەکانی ئێستا لە سەر ڕۆڵی حکومەتە لە دامەزراندنو پاراستنی ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا. لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێت بەرنامەی نیشتیمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی یەکگرتوو بێت. دەبێت کەرتی تایبەتو هاوڵاتیان بگرێتەوەو هاوکارییەکانیان لە چارەسەرکردنی پاراستنی سەروەتو سامانو ژێرخانی دیجیتاڵیی گرنگدا کۆبکاتەوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی لە کوێی وڵاتدا هەڵکەوتوون. کەلێنی نێوان تواناکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی دامەزراوەکانی کەرتی گشتیو تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو توانای نەیارەکانیان لە فەزای ئەلیکترۆنیدا لە ئێستاوە

مەترسییەکی بەرجەستەن‌و ڕۆژانە پەرەدەسێنن. بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە، ئێمە پێمانوایە کە حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستیان بە گرتنەبەری ڕێبازێکی ستراتیجی هەیە بۆ دووبارە بیرکردنەوەو نوێکردنەوەی هەوڵە نیشتیمانییەکانیان بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنی. تا ئەو کاتە چارەسەری تاکتیکی‌و تەکنیکی بۆ هێرشە ئەلیکترۆنییەکان تەنها دەتوانێت وەک ڕێوشوێنێکی کاتی بێت.

**سێ پێویستیی ستر اتیجی**

سروشتی دابەشکاریی ئینتەرنێت، کە چالاککەری سەرەکیی نەتەوەیەکی دیجیتاڵییە، بەربەستێکە لە بەردەم دەستەبەرکردنی سەروەت‌و سامانی دیجیتاڵیی فراوان‌و جۆراوجۆریی تەواوی وڵاتێک.

ئینتەرنێت بێسنوورە، بەو هۆیەیشەوە ڕێگەدەدات هێرشی ئەلیکترۆنی لە شوێنێکەوە بۆ هەر شوێنێکی دیکەو لە هەر کاتێکداو لەلایەن دوژمنە ناسراوو نەناسراوەکانەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە بکرێت. هەندێک لە وڵاتان هەوڵی ئەوەیان داوە ئەو بەربەستە تێبپەڕێنن بە دروستکردنی تۆڕێکی ئەلیکترۆنیی ناوخۆیی، کە جێگەی ئینتەرنێت دەگرێتەوە لە سنوورەکانیاندا، کە جۆرێکە لە ئینتەرنێتی نیشتیمانی، کە دەستڕاگەیشتن پێی بە تەواوی لەلایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵدەکرێت‌و چاودێریدەکرێت، وەک چۆن لە ساڵی (٢٠٠٧)دا لە میانمار، لە میسر لە کاتی خۆپیشاندانەکانی ساڵی (٢٠١١)، لە لیبیا لە ساڵی (٢٠١١)و لەم دواییانەیشدا لە سوریا لە کاتی جەنگی ناوخۆدا ڕوویاندا. هیچ کامیان لەم ڕێبازە بێسوودەدا سەرکەوتوو نەبوون، کە ڕەنگە دواجار ببێتە هۆی خۆشکستن. گەورەترین مەترسی‌و هێزی ئینتەرنێت ئەوەیە کە هەتا ڕادەیەکی زۆر قەوارەیەکی سەروو نەتەوەییەو سەرپێچیی کۆنترۆڵی دەوڵەت دەکات. هیچ وڵاتێک ناتوانێت بە تەواوی سوودمەند بێت لەو سوودانەی کە پێشکەشیدەکات، بەبێ ئەوەی بەر ئەو مەترسیانە بکەوێت کە ڕووبەڕوویدەبێتەوە، بۆیە تاکە چارەسەری بژاردەی ڕاستەقینە بەرنامەیەکی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانییە، کە ئامانجی بەڕێوەبردنی ئەو مەترسیانەیە کە لە دیجیتاڵکردندا هەیە، بە شێوەیەک کە لە هەر کاتێکدا بتوانرێت هێرشەکان ڕابگیرێت‌و لە کاتی خۆیداو بە شێوەیەکی کاریگەر وەڵامی ئەو هێرشانە بداتەوە، کە ناتوانرێت ڕێگریلێبکرێت. سێ پێویستیی ستراتیجی بۆ بەرنامەیەکی لەو جۆرە هەیە: دەبێت لە سروشتدا گشتگیر بێت، بە مەبەستی هاوبەشی بێت‌و بە هۆی تواناکانەوە بەڕێوەبچێت‌و ئەنجامەکانی چوارچێوەی (CCC). (بڕوانە وێنەی (٢)).


چارەسەرە تاکتیکییەکان لە ڕاستیدا دەتوانن بۆشایی لە ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا دروستبکەن، کە تاوانبارانی ئەلیکترۆنی بە ناچاری دەیقۆزنەوە.

١. سروشتی گشتگیر: بەرنامەیەکی کاریگەری ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانیی

دەبێت، نەک تەنها بۆ حکومەت، بەڵکو دەبێت کەرتی تایبەتو هاوڵاتیانیش بگرێتەوە. دڵنیابوون لە ئاسایشی ئەلیکترۆنیی وڵاتێک ئەرکێکی ئاڵۆزە، کە پێویستی بە ڕەچاوکردنی زۆر لایەنو بەشداریکردنی کۆمەڵێک لایەنی پەیوەندیدار بە حکومەتو کەرتی تایبەتو ڕێکخستنی کۆمەڵێک ئامرازی بەرفراوان هەیە.

**وێنەی (٢)**

ئیمتیازاتی ستراتیجیی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانی




ئەمەیش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە بۆچی کارکردن لە سەر بەشی جیا جیا شکستدەهێنێت.

بە شێوەیەکی ئاسایی ئەم هەوڵە هەرەمەکییانە بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنی دان بە هەموو ئەو مەترسییانەدا نانێت کە بۆ وڵاتێک بەرکەوتەی دەبێت، لە ئەنجامدا چارەسەرە تاکتیکییەکان لە ڕاستیدا دەتوانن بۆشایی لە ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا دروستبکەن، کە تاوانبارانی ئەلیکترۆنی بە ناچاری دەیقۆزنەوە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا بینیمان هەموو کەرتەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاشکرابوون، لەوانەیش:

•کەرتی گشتی، بە پێی ئامارەکانی دەسەڵاتی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی ئیمارات (TRA) لە مانگی تەمموزی (٢٠١٤)دا (١٩) ماڵپەڕی حکومی لە ئیمارات کراونەتەئامانج.

•نەوتو گاز، کۆمپانیای ئارامکۆی سعودیو کۆمپانیای ڕاسگاز (RasGas)، کە کۆمپانیای نیشتیمانیی گازی قەتەرە، لە ساڵی (٢٠١٢)دا بوونەتە قوربانیی هێرشەکان.

•خزمەتگوزارییە داراییەکان، بانکی (RAK) لە ئیماراتو (BMI) لە عەمان لە ساڵانی (٢٠١٢)و (٢٠١٣)دا لەلایەن گرووپێکی نێودەوڵەتیی هاککەرەوە هێرشیانکرایەسەر، بۆئەوەی ئەمە ڕونەدات، ڕێبازێکی ستراتیجی بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانی هەوڵدەدات هەموو لایەنەکانو یاریزانانی ئیکۆسیستەمی ئاسایشی ئەلیکترۆنی

دەستنیشانبکات.
ڕێبازێکی لەو شێوەیە پێویستە ئەم سێ خاڵەی خوارەوە لەخۆبگرێت:
•دەستنیشانکردنی لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکییەکان لە کەرتی گشتیو کەرتی تایبەتدا، کە پێویستە بەشداری لە پرۆگرامی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتمانیدا بکەنو ڕۆڵەکانیان لە سەرکردایەتیکردنی بەکۆمەڵ بکەن.
•پێداویستییەکانی هەر لایەنێکی پەیوەندیدار دەستنیشانبکەنو لە بەرنامەیەکی گشتگیردا بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنی چارەسەری ئەم پێداویستییانە بکەن.
•دامەزراندنی ڕێبازێکی یەکگرتوو بۆ پلاندانانو جێبەجێکردنی دەستپێشخەرییە تاکەکەسییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانی بە ئامانجی دڵنیابوون لە بەشداریکردنی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکاندا.
*"تایبەتمەندییەکی ڕێبازێکی ستراتیجی ئەوەیە کە هەردوو توانای کاردانەوەو توانای پێشوەختە لەخۆدەگرێت، کە ڕێگری لە هێرشە ئەلیکترۆنییەکان دەکات."*
٢. هاوکاریکردنی بەمەبەست: ڕێبازێکی ستراتیجی بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە سەر ئەو ڕاستییە سەختە دامەزراوە کە ناتوانرێت بەرگری لە هەموو سەروەتو سامانە دیجیتاڵییەکانی وڵاتێک بکرێت، بەبێ هاوکاریو یەکخستنی هەموو لایەنە گرنگەکانی کەرتی تایبەتو گشتیو ئەو هاوڵاتییانەی کە تۆڕە دیجیتاڵییەکانی وڵاتەکە بەکاردەهێنن. کۆمپانیا تایبەتەکان دەتوانن لەلایەن دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە بکرێنە ئامانجو لەوانەیە پێویستیان بە پشتیوانیی دەوڵەتەکەی خۆیان هەبێت. بۆ نموونە: پێدەچێت هاککردنی سۆنی (Sony) لە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠١٤)دا کارەکتەرێکی دەوڵەتی هەبووبێت، کە ڕێکخراوێکی بازرگانیی کردووەتەئامانج.
بەم پێیەیش هاوکاریی نێوان حکومەتو بازرگانانو تاکەکان لە داهاتوودا گرنگییەکی گەورەی دەبێت. هەرچەندە ئەمە گەشتێکی دوورودرێژە، وەک سەرۆک باراک ئۆباما لە گوتارەکەیدا لە سەنتەری نیشتیمانیی یەکخستنی پەیوەندییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە مانگی یەکی ساڵی (٢٠١٥)دا گوتی: "لە هەندێک کاتدا، هێشتا زۆر قورسە بۆ حکومەت کە زانیارییە مەترسیدارەکان لەگەڵ کۆمپانیاکاندا هاوبەشیپێبکات." هەندێک جاریش، هێشتا زۆر قورسە بۆ کۆمپانیاکان کە زانیاری سەبارەت بە هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان لەگەڵ حکومەتدا هاوبەشیپێبکەن. پرسی یاساییو پرسی بەرپرسیاریەتیی تێدایە. هەندێک جار، کۆمپانیاکان ئامادە نین لاوازییەکانی خۆیان ئاشکرابکەن، یان بە ئاشکرا دان بەوەدا بنێن کە هاککراون. دڵنیابوون لە پاراستنی سەروەتو سامانی دیجیتاڵی بەرپرسیاریەتییەکی هاوبەشە، کە پێویستی بە کردار هەیە لە چەندین ئاستدا. هەرچەندە سەرکردایەتییەکی بەهێز بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانی گرنگە، بەڵام ڕێکخەرانی کەرتەکان، حکومەت، دامەزراوەکانی کەرتی تایبەتو کۆمەڵگەی نیشتیمانیو نێودەوڵەتی بە گشتی ڕۆڵی سەرەکییان هەیە.

یەکخستنی یەکگرتوو و هاوکاریی وڵاتێک دەتوانێت سوود لە خاڵە بەهێزەکانی ئێستای ئاسایشی ئەلیکترۆنی وەربگرێتو ببێتە هاندانی جێبەجێکردنو پەسەندکردنی ڕێوشوێنی نوێی ئاسایشی ئەلیکترۆنی.

بۆ بەدیهێنانی ئەمەیش، دەبێت ئەم چوار خاڵەی خوارەوە ڕەچاوبکرێت:

•دامەزراندنی بەرپرسیاریەتیی هاوبەشی کارکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی کەرتی تایبەتدا. ڕێکخەرانی کەرتەکان دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لەم ڕووەوە بگێڕن، بە هاندانی پەرەپێدانی پێداویستییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە کەرتەکانو پلانەکانی پاراستنی ژێرخانی زانیاری، بە ئامانجی بەرزکردنەوەی تواناکانی ئاسایشو ئەلیکترۆنی لە ناو کەرتەکاندا.

•بەشداریکردنو بەهێزکردنی هاوڵاتیانو کۆمەڵگەکان، بۆئەوەی بتوانن پشکی خۆیان لە بەرپرسیاریەتیی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانی وەربگرن. هێزی کاری نیشتیمانیو خەڵک بە گشتی دەبێت زیاتر هۆشیار بن، لە ڕێگەی ڕاهێنانو هەڵمەتە میدیاییەکانەوە، لە بنەماکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، چونکە پەیوەندیی بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە هەیە لە هەڕەشەو تەکنیکەکان، کە دەتوانرێت لە دژی ئەوان بەکاربهێنرێن.

•داواکاری بۆ دامەزراندنی دەزگایەکی ناوچەیی بۆ هاوبەشکردنی بەرپرسیاریەتیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم دەستە هەماهەنگکارە دەبێت تواناکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی پەرەپێبدات، کە بۆ پاراستنی ئابووریو کۆمەڵگەو بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی هەرێمەکە، کە هەتا دێت، پەیوەندییەکانیان زیاتردەبێت.

•بەهێزکردنی هاوکاریی نێوان لایەنە پەیوەندیدارە نیشتیمانیو نێودەوڵەتییەکان بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، کە تێیدا زانیارییەکان، باشترین پراکتیزەکانو ئەو وانانەی فێرکراون، هاوبەشیپێبکرێنو بە شێوەیەکی بەرفراوان وەربگیرێن.

٣. بەڕێوەبردن بە هۆی تواناکانەوە: توانای وەڵامدانەوەی خێراو کاریگەرانە بۆ هێرشە ئەلیکترۆنییەکان، هەرچەندە پێکهاتەیەکی گرنگی بەرنامەیەکی نیشتیمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنییە، بەڵام بەس نییە بۆ پاراستنی سەروەتو سامانو ژێرخانی دیجیتاڵیی وڵاتێک. تایبەتمەندییەکی جیاوازی ڕێبازی ستراتیجی ئەوەیە کە هەردوو توانای کاردانەوەو توانای پێشوەختە لەخۆدەگرێت، کە ڕێگری لە هێرشە ئەلیکترۆنییەکان دەکات. بەرنامەیەکی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی ئاستبەرزی جیهانی پێویستە پاراستنی چالاکانە پێشکەشبکات، بە چارەسەرکردنی ئەم سێ خاڵەی خوارەوە:

•پەرەپێدانو پەسەندکردنی ستانداردەکانی دڵنیایی زانیاری لە سەر ئاستی نیشتیمانی، کە بۆ زیادکردنی خۆڕاگریی سەروەتو سامانە ئەلیکترۆنییە گرنگەکانی وڵاتو

کەمکردنەوەی ئاستی مەترسیی هاوتاکان دارێژراون.
•پێوانەکردنو تاقیکردنەوەی بەردەوامو تاقیکردنەوەی تواناکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتمانی بۆ دەستنیشانکردنی لاوازیو بۆشاییە ئیستیغلالکراوەکانو پەرەپێدانی پلانی کەمکردنەوە.
•دڵنیابوون لەوەی کە ئاسایشی ئەلیکترۆنی بە پێکهاتەیەکی پرۆسەی بڕیاردانو چالاکییەکانی ڕۆژانەی حکومەتو کەرتی تایبەتو هاوڵاتیان دادەنرێت.
بە زانینی ئەوەی کە ناتوانرێت ڕێگری لە هەموو هێرشە ئەلیکترۆنییەکان بکرێت، تواناکانی کاردانەوە دەبێت لە شوێنی خۆیان جێگیر بن، کە بریتین لە:
•پلاندانان بۆ خراپترین سیناریۆکان، بۆ دڵنیابوون لە کاردانەوەی گونجاوو چاکبوونەوە لە هێرشێکی ئەلیکترۆنی بە هەماهەنگی لەگەڵ یاریزانە ناوخۆییو نێودەوڵەتییەکاندا.
•پەرەپێدانی توانای ڕوداوە نیشتیمانییەکان، کە بتوانین وەڵامی هێرشە ئەلیکترۆنییەکان بدەینەوەو بگەڕێنەوە باری ئاسایی، بە شێوەیەک کە کەمترین کاریگەریان لە سەر کۆمەڵگەو ئابووری هەبێت.
•دامەزراندنی دامەزراوەیەکی هەڕەشەی بێلایەنو توانای جێبەجێکردنی یاسای ئەلیکترۆنی، کە هاوڵاتیانو کەرتی تایبەتو حکومەت لە تاوانبارانی ئەلیکترۆنی دەپارێزێت.
بۆ پشتگیریکردن لە هەردوو توانای چالاکانەو کاردانەوە، بەرنامەی نیشتیمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی پێویستە پەرەپێدانی توانا هێرشبەرە ئەلیکترۆنییەکانو بەرگرییەکان لەخۆبگرێت، کە پێویستن بۆ بێلایەنکردنو وەڵامدانەوەی شەڕی ئەلیکترۆنیو بەرزکردنەوەی ئاسایشی نیشتیمانی. پێویستە چاودێریکردنی دیمەنی هەڕەشە لەخۆبگرێت لە ڕێگەی توانای هۆشیاریی دۆخی نیشتیمانییەوە، کە پشتگیریدەکرێت لەلایەن پلاتفۆرمو مۆدێلی ئاڵوگۆڕی زانیارییەوە، کە پشتگیری لە تواناکانی هەواڵگریی هەڕەشەی ئەلیکترۆنی دەکات. جگە لەوەیش، پێویستە کاربکات بۆ پێشخستنی توێژینەوەو داهێنان لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیداو پەرەپێدانی ئەو بەهرەمەندانەی کە پێویستن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانی.

*"ڕێبازێکی ستراتیجی بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانی پێویستە کۆنترۆڵی ناوەندی لەخۆبگرێت."*

بۆ نموونە: لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چوارچێوەی ئاسایشی ئەلیکترۆنی کە لەلایەن پەیمانگای نیشتیمانیی ستانداردو تەکنەلۆژیاوە لە شوباتی (٢٠١٤)دا بڵاوکرایەوە، باس لە پێنج ئەرکی سەرەکیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی دەکات (ناسینەوە، پاراستن، دیاریکردن، وەڵامدانەوەو گەڕاندنەوە)، کە ڕێژەی توانا چالاکانەو کاردانەوەکان دەگرێتەوە. لە بەریتانیا، هاوبەشیی زانیاریی ئاسایشی ئەلیکترۆنی

(CISP)، کە هاوبەشییەکی فراوانە لە نێوان حکومەتو پیشەسازیدا، لە ساڵی (٢٠١٣) دەستپێکرد بۆ هاوبەشکردنی زانیاریو هەواڵگری لە سەر هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان. "ژینگەیەکی هاوکاری" مەجازی پارێزراو لەخۆدەگرێت، کە لە ڕێگەیەوە هاوبەشەکانی حکومەتو پیشەسازی دەتوانن زانیاری لە سەر هەڕەشەو لاوازییەکان لە کاتی ڕاستەقینەدا ئاڵوگۆڕبکەن، کە لە لای حکومەتەوە لەلایەن خزمەتگوزاریی ئاسایش، بارەگای پەیوەندییەکانی حکومەت (GCHQ)، دەزگای تاوانی نیشتیمانیو لەلایەن شیکارانی پیشەسازییەوە لە چەندین کەرتەوە پشتگیریدەکرێن. جگە لە چوارچێوەی (CCC)، ڕێبازێکی ستراتیجی بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانی دەبێت کۆنترۆڵی ناوەندی لەخۆبگرێت. بۆ بەرزکردنەوەی بەرپرسیاریەتیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی بۆ بەرزترین ئاستو دڵنیابوون لەوەی کە وەک ئەولەویەتێکی نیشتیمانی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت (نەک تەنها وەک نیگەرانییەکی ئایتی)، پێویستە یەکەیەکی سەرەکیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە ئاستی وڵاتدا دابمەزرێت. ئەم دەسەڵاتە بەرپرسیاردەبێت لە پێناسەکردنی ستراتیجی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، دروستکردنو جێبەجێکردنی سیاسەتو ستانداردە نیشتیمانییەکان، پێکهاتەکانی حوکمڕانی، مۆدێلی خاوەنداریەتی، ڕۆڵو بەرپرسیاریەتیی گشتیو تواناکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، کە بەرنامەی نیشتیمانیی لە سەر بونیادنراوە.

### ڕێبازێکی کردەیی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

دروستکردنی ژینگەیەکی سەلامەتو پارێزراو بۆ دەستپێشخەرییەکانی دیجیتاڵکردنی ئێستاو داهاتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئەرکێکی چالاکانەیەو پێمانوایە دەبێت لە سەر ئاستی نیشتمانیدا بە ڕێبازێکی ستراتیجی دەستپێبکات بۆ پەرەپێدانی بەرنامەیەکی گشتگیری ئاسایشی ئەلیکترۆنی، کە چوارچێوەی (CCC) پەیڕەوبکات، بەرنامەیەکی لەو جۆرە دەبێت لە ژێر دەسەڵاتی تایبەتمەنددا بێتو دەبێت پابەندبوونو هەوڵو سەرچاوەی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆبکاتەوە، بۆئەوەی بە شێوەیەکی چالاکانە هێرشە ئەلیکترۆنییەکان ڕابگرنو وەڵامی کاریگەرانە بدەنەوە. لەم ڕووەوە حکومەتە نیشتمانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕەچاوکردنی تایبەتیان هەیە، کە هەمیشە لە دەرەوەی هەرێمەکە کاریپێناکرێت. بۆنموونە: پەیوەندییە نزیکەکانی نێوان حکومەتو پیشەسازییە گەورەکانو دەستپێشخەرییە گشتییەکان، کە پەرەپێدانی کەرتەکان دەباتەپێشەوە (وەک پرۆگرامی ئابووریی هەڵگرتنی تەوازون لە ئیمارات)، پاڵپشتی بۆ پێویستیی ستراتیجی هاوکاری دابینندەکەن. بە پێچەوانەوە، کەمیی بەهرەمەندە ناوخۆییەکان ئاستەنگ بۆ پشتگیریکردن لە توانا سەرەتاییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیو لەگەڵ ئەوەیشدا لە جێبەجێکردنی ستراتیجی نیشتیمانی دروستدەکات. بە لەبەرچاوگرتنو ڕەچاوکردنی ناوازەیی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێشنیاری

شەش هەنگاوی سەرەتایی دەکەین، کە پێویستە حکومەتەکان لە کاتی پەسەندکردن و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی خۆیاندا بیگرنەبەر. (بڕوانە: وێنەی (٣)).

**وێنەی (٣):** ڕێبازێکی پراکتیکی بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنی نیشتیمانی




*ستراتیجییەکە دەبێت هەمەلایەنەو پڕ هاوکاری و تواناسازی بێت.*

**١. دامەزراندنی دەزگایەکی ناوەندیی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانی:** پێویستە حکومەتی نیشتمانی دەزگایەکی ناوەندیی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانی (CNCB) دابمەزرێنێت، کە بەرپرسیار بێت لە دانان و سەرپەرشتیکردنی کارنامەی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانی. زۆر گرنگە کە ئەم دەزگایە سەربەخۆ بێت و پەیوەندیی بە هیچ دامەزراوەیەکی گشتییەوە نەبێت، وەک وەزارەتەکان، ئەنجومەنەکان یان دەسەڵاتەکانی ڕێکخستن، ئەمەیش بێلایەنیی ئۆرگانەکە مسۆگەردەکات، کە ئەمەیش شتێکی بنەڕەتییە بۆ نەهێشتنی هەر کەمی هاوکارییەک لەلایەن کۆمەڵێک لایەنی پەیوەندیدارەوەو دەستەبەرکردنی هاوکارییە. لە هەمان کاتدا ئەم دەستە تازە دروستکراوە دەبێت لەلایەن باڵاترین دەسەڵاتەوە، وەک ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی دەسەڵاتی پێبدرێت و لە ڕێگەی یاسا یان فەرمانەوە بە فەرمی ئەرکی پێبدرێت، بۆئەوەی متمانەپێکراویی خۆی مسۆگەربکات و دەسەڵاتی تەواوی پێبدرێت لە بەرانبەر ڕێکخراوە گشتی و تایبەتەکاندا.

**٢. پێناسەکردنی ستراتیجی نیشتیمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی:** (CNCB) دەبێت ستراتیجییەکی نیشتیمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی دروستبکات، کە بگونجێت لەگەڵ دیدی وڵات، بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان و ئیمتیازاتی ئاسایشی نیشتیمانی/ ناوچەییدا. وەک پێشتر ئاماژەمانپێدا، ستراتیجییەکە دەبێت هەمەلایەنەو پڕ هاوکاری و تواناسازی بێت. هۆکاری سەرەکیی سەرکەوتن بۆ ستراتیجییەکە بەشداریکردنی تەواوی لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکییە نیشتیمانییەکانە بە درێژایی پرۆسەی

پەرەپێدانی ستراتیجییەکە، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بیرۆکەو ئامرازە سەرەکییەکان لە ستراتیجییەکەدا ڕەنگدەدەنەوە. ئەم ڕێبازە باشترە لەو ڕێبازەی کە هەندێک لە دەسەڵاتداران لە پەرەپێدانی ستراتیجییەکدا بە شێوەیەکی گۆشەگیر گرتوویانەتەبەر، ئەمەیش وادەکات بڵاوکردنەوەی ستراتیجییەکە بۆ کۆمەڵگەو بەدەستهێنانی پشتیوانیی لایەنە پەیوەندیدارەکان زۆر قورس بێت.

**٣. دامەزراندنی دیالۆگێکی نیشتیمانی:** پێویستە (CNCB) گفتوگۆیەکی نیشتمانی لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکییەکان درووست بکات بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی هاوکاری. ئەم گفتوگۆیە دەتوانێت لە شێوەی دەزگایەکی نیشتمانی حوکمڕانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا بێت کە لەلایەن (CNCB)یەوە سەرۆکایەتیدەکرێت، لە ڕێگەی گرووپی کارکردنەوە، کە سەرنجیان لە سەر بابەت یان پیشەسازییە تایبەتەکانە، یان لە ڕێگەی کۆنفرانسی ئاسایی‌و بۆنەو چالاکییەکانی ترەوە.

**٤. بونیادنانی تواناکانی خۆپارێزیی نیشتیمانی لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا:** پێویستە (CNCB) پێشەنگ بێت لە بونیادنانی تواناکانی خۆپارێزیی نیشتیمانی لە ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا، ئەمەیش پەرەپێدانی ستانداردو سیاسەتەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانی دەگرێتەوە، وەک: ستانداردی نیشتیمانیی دڵنیایی زانیاری. هەروەها دامەزراندنی دەزگایەکی نیشتیمانیی پابەندبوون لەخۆدەگرێت، کە دڵنیاییدەدات لە جێبەجێکردنی ئەم ستانداردو سیاسەتانە.

**٥. بونیادنانی توانای کاردانەوە نیشتیمانییەکان لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا:** هەروەها پێویستە (CNCB) سەرکردایەتیی دروستکردنی تواناکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانی بکات، ئەمەیش دامەزراندن یان بەهێزکردنی تیمێکی نیشتیمانیی ئامادەکاریی فریاگوزاریی کۆمپیوتەر لەخۆدەگرێت. لەبەرئەوەی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە ئێستا لە زۆربەی وڵاتان بە شێوەیەک یان فۆڕمێکی تر کاردەکەن، زۆر گرنگە ئاڕاستەی ستراتیجیی تیمێکی نیشتیمانیی ئامادەکاریی فریاگوزاریی کۆمپیوتەر (CSPT) لەگەڵ ستراتیجی نیشتیمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا یەک ئاڕاستە بن، ئەمەیش هێزی هاوکاری بەهێزتردەکات بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی وەڵامدانەوە، کە وڵات دەیەوێت بونیادیبنێت.

**٦. پێناسەکردنی ستراتیجیەتی بەهرەی نیشتیمانی:** ڕاکێشانی بەهرەمەندەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە بنەڕەتدا ئاڵنگارییە. ئەم ئەرکە بە تایبەتی لە زۆربەی بازاڕە تازەپێگەیشتووەکاندا قورسە، لەوانەیش: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ زیادکردنی ئارەزووی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، چ بە شێوەیەکی ئۆرگانیک یان نائۆرگانیک، پێویستە تاکەکان‌و بە تایبەت خوێندکاران پاڵنەریان بۆ دروستبکرێت بۆ بەشداریکردن لە پیشەسازییەکەدا، ئەمەیش پێویستی بە دامەزراندنی بەرنامەیەکی ڕوونی ئاسایشی ئەلیکترۆنی هەیە لە زانکۆ نیشتیمانی‌و هەرێمییەکاندا، کە گونجاو بێت لەگەڵ مەرجەکانی ڕێکخراوە

حکومیو بازرگانییەکاندا. پێویستە پسپۆڕان لە ڕێگەی بەرنامەی هاوکارییەوە لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانو ئۆفەری دارایی دیاردا ڕابکێشرێن. لە کۆتاییدا پێویستە وڵاتانی ناوچەکە میوانداریی کۆڕبەندی جیهانی بکەن بۆ هۆشیارکردنەوەو سەرنجدان لە سەر ئاستی نیشتیمانیو ناوچەیی. هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە پێشوو ستراتیجی بەهرەی نیشتیمانییان هەبووە، پێویستە ئاسایشی ئەلیکترۆنی بخەنەناو ئەجێندای پەرەپێدانی بەهرەمەندییەکانی ئێستایانەوە.

**ئەنجام**

حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاکە لایەنی پەیوەندیدارن کە هێزو دەستڕاگەیشتنو سەرچاوەیان هەیە بۆ پەرەپێدانو هاندانی کارنامەیەکی ڕاستەقینەی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانی، بۆ دڵنیابوون لە یەکخستنی هەوڵەکانو پەرەپێدانی هاوکاریو پێشکەوتنی بەردەوام لە ڕێگەی کەرتە تایبەتو نیشتیمانیو دواتر دەزگا حوکمڕانییە ناوچەییەکانەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیش ئەرکی حکومەتە کە بەرنامەیەکی نیشتیمانی بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنی دیاریبکاتو خاوەندارێتیو بەرپرسیارێتی لە بەرزترین ئاستدا دیاریبکەنو بەرنامەکە دەستپێبکەن. سەرکردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هیچ بژاردەیەکیان نییە، جگە لە چارەسەرکردنی ئەم کێشە گرنگە، کە ئەمەیش مەترسی لە سەر هەوڵە نیشتیمانییەکان لە بواری دیجیتاڵکردنو ئاسۆی ئابووریی سەدەی بیستویەکەمدا دروستدەکات.

**سەرچاوە:** وێبسایتی ستراتیجی ئاند

# ئاڵنگارییە پەیدابووەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی؛ کاریگەرییەکانی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران

نووسینی: نوورین ئەختەر
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**پوختە**

لە دەیەی سێیەمی سەدەی بیستویەکەمدا، ئاسایشی ئەلیکترۆنی بوو بە پارادایمێکی تەواو گەشەسەندووی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، هاوشێوەی پارادایمە بنچینەییەکانی دیکەی ئاسایش، وەک: ئاسایشی بەرجەستە، ئاسایشی ئابووریو ئاسایشی خۆراک.

بەرەوپێشچوونی نارێکی تەکنەلۆژی لە بواری تەکنەلۆژیای زانیاری، هەواڵگری دەستکرد، بەرۆبۆتکردنو سێرڤەرە پەیوەندییەکان؛ کلیلە سەرەکییەکانی پرۆسەکانی حکومەت، بازرگانیو ئالوگۆڕی لە فیزیکییەوە بۆ فەزای ئەلیکترۆنی گۆڕی. لە کاتێکدا پشتپێبەستنی مرۆڤەکان بە تەکنەلۆژیا ئەلیکترۆنییەکان زیاددەکات، ئێستا پرسیارەکان دەربارەی پاراستنی مۆدێلەکانی ئاسایش لە هەمان کاتدا هاتوونەتەکایەوە.

بیرۆکەکانی وەک ئاسایشی تۆڕەکان، ئاسایشی داتا یاخود ئاسایشی ژێرخانەکان؛ چیدیکە دۆمەینی جیاکراوە نین، بەڵام وەک بەئاسایشکردنی دۆمەینە ئەلیکترۆنییەکان

گۆڕاونو بوون بە دیاردەیەکی بەردەوامی جیهانی. ئەم پەڕاوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە چۆن ئەم گۆڕانەی ململانێ جێیۆپۆلەتیکییەکان، لە بەرجەستەوە بۆ مەیدانی ئەلیکترۆنی ڕودەدات، کە بیرۆکە تەقلیدییەکانی جەنگە ئاساییەکان دەگۆڕێن. هەروەها لە چۆنیەتیی مەترسیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە سەر ناوەندەکانو جیاوازیی تەواوەتیی لەگەڵ هەموو پێکهاتە عەقیدەییە سەربازییە ئاساییەکاندا دەکۆڵێتەوە، ئەمە پێویستی بە چوارچێوەیەکی تیۆریی نوێ هەیە، کە بتوانێت پارادایمی خێرای بەرەوپێشچووی ئاسایشی نوێ دابمەزرێنێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات کە تیشکبخاتەسەر ئەم پرسیارە گرنگەو گەشەسەندنی نێودەوڵەتیو ناوخۆیی دروستبکات، بە تێڕوانینی تایبەت لە بەرەوپێشچوونی دۆمەینەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە ئێراندا.

## پێشەکی

لە ماوەی دەیەی سێیەمی سەدەی بیستویەکەمدا، ئاسایشی ئەلیکترۆنی بووە بە پارادایمێکی تەواو پێشکەوتووی ئاسایشی نەتەوەیی، هاوشێوەی پارادیمەکانی دیکە؛ ئاسایش وەک ئاسایشی فیزیکی، ئاسایشی ئابووری، ئاسایشی خۆراکو ...هتد. ئەو گەشەسەندنە لە ماوەی نێوان دوو دەیەی ڕابردوودا بە خێرایی گەشەیسەندووە بە هۆی پێشکەوتنە تەکنەلۆژیا بێهاوتاکان لە بوارە جیاوازەکانی وەک زیرەکیی دەستکردو ئۆتۆمبێلو تەکنەلۆژیا پەیوەندیدارەکان لە بوارەکانی پەیوەندیو ژماردندا، لە کاتێکدا کە زۆربەی وڵاتان بەرەو بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنیو بازرگانیی ئەلیکترۆنی هەنگاودەنێن، مۆدێلەکانی ئاسایشە بنچینەییەکان بە گۆڕانکارییەکی خێرادا تێدەپەڕن لە فیزیکییەوە بۆ بۆشایی ئەلیکترۆنی، یەکەم نیشانەی ئەم گۆڕانکارییە لە ماوەی جەنگی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٧) لە فەزای ئەلیکترۆنیدا دەرکەوت کە وڵاتی ڕوسیا توانای ئەلیکترۆنیی خۆی بەکارهێنا بۆ گۆڕانکاریی دۆخی سیاسی لە وڵاتی ئیستۆنیا، لەو کاتەوە جیهان چەندین ڕوداوی ئەلیکترۆنیی گەورەی بەخۆوەبینیوە، کە کاریگەرییان لە سەر گۆڕانکارییە سیاسییەکان هەبووە لە دەرەوەی سنوورە نەتەوەییەکانی دەوڵەتێکی دیاریکراودا.

لە ئەنجامدا ئەم پێشکەوتنە بەرچاوەی بواری ئەلیکترۆنی کێشەی نوێ دەخاتەڕوو، کە تا ئێستا بۆ مرۆڤایەتی نەزانراوە، ناکۆکییە جیۆپۆلەتیکییەکان لە فیزیکییەوە دەگوازرێتەوە بۆ فەزای ئەلیکترۆنی، کە تێیدا چەمکە نەریتییەکانی دەوڵەتی بەهێزو لاواز بەکارناهێنرێت، لە فەزای ئەلیکترۆنیدا دەکرێت کە دەوڵەتێکی بچووک سەرچاوەی مرۆییو ویستی سیاسیی پێویستی هەبێت، دەتوانێت زۆر خەرجبکاتو هێرشی توند بکاتەسەر دەوڵەتێکی بەهێزتر لە ڕووی سەربازیو ئابوورییەوە، بەبێ ئەوەی مەترسییەکی زۆری لە تۆڵەسەندنەوە هەبێت.

چەمکەکانی وەک ئاسایشی ئینتەرنێتو ئاسایشی داتا، یان ژێرخانی ئاسایشی، چیتر دۆمەینی دابڕاو نین، بەڵام گۆڕدراون بۆ تەنە ئاماژەپێکراوەکانی بریدۆزی ئاسایشی

جێبەجێکراو لە سەر دۆمەینی ئەلیکترۆنی. ئەم توێژینەوەیە تیشکدەخاتەسەر پەیوەندییەکانی ڕەگەزە جیاوازەکان، هەروەها لێکۆڵینەوە لە ناکۆکییە جیۆپۆلەتیکییەکان دەکات لە جیهانی فیزیکییەوە بۆ جیهانو فەزای ئەلیکترۆنی لە ناو یان لە دژی دەوڵەتێک کاریگەریی دەبێت لە سەر هەموو هەرێمەکە، کە دەتوانین ئێرانو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە نموونە وەربگرین.

**ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە بۆ ئەوەیە کە:**

١. هەڕەشەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی دیاریبکرێت وەك ڕەچاوکردنی.

٢. بۆ توێژینەوە لە پەیوەندییەکانو گۆڕانکاریی ململانێکان لە جیۆپۆلەتیکییە ئەلیکترۆنییەکاندا.

٣. بۆ شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٤. شیکردنەوەی توانا ئەلیکترۆنییەکانی ئێران لە سەر سیاسەتی هەرێمایەتی.

ئەم توێژینەوەیە باس لەوە دەکات کە چۆن تیۆری ئاسایشی؛ سەرهەڵدانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی ڕووندەکاتەوە، وەکو بوارێکی ئاسایشی جودا، بە گەڕان بە دوای ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لە پێشکەوتنە سەربازییە مۆدێرنەکانو بونیادە سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان، لەبەرئەوەی کە ئاسایشی ئەلیکترۆنی وەک بوارێکی ئەمنیو سەربازیو ئابووری دەرنەکەوتووە، چونکە هەڵبژاردەی ئاسایش زۆر ئاشکرایە.

**چوارچێوەی تیۆری بەئاسایشکردن**

تیۆری بەئاسایشکردن دەڵێت کە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی شتێکی سروشتی نییە، بەڵام بە وریاییەوە دیزاینکراوە لەلایەن سیاسەتمەدارانو بڕیاردەرانو ئەو کەسانەی کە ناودەبرێن بە کادیر یان بەرپرسی ئاسایشی بە پێی تیۆرییەکە. ئەم بەرپرسانە بەرپرسیارن لە ڕاگەیاندنی هەندێک کێشە، وەک کێشەی ئابووری. بەرپرسی ئاسایشی دەکرێت سیاسەتمەدار بێت، یان دامەزراوەی دەوڵەت بێت.

بڕیارەکان لە سەر بنەمای هەندێك "ڕەگەزی مەرجەعی" دراوە، کە بە لایەنی کەمەوە پەیوەندییان هەیە بە چەند لایەنێکەوە، لەوانە: ئاسایشی گشتیی نیشتیمانیی نەتەوەیەك، سیاسەتی نێودەوڵەتی یان سیستەمی ئابووری. یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی ئاسایش ئەوەیە کە پرۆسەیەکی دووروردرێژە، چەندین کارەکتەری جیاواز تێیدا بەشداریدەکات، لەوانە: ڕۆشنبیر، لێکۆڵەر، ئەو شیکەرەوانەی کە شیکردنەوەیەکی فرەڕەهەندی بۆ پرسێکی دیاریکراو دەکەن، هەروەها سروشتی پرسەکان زۆر گرنگن، بۆ نموونە: ئەگەر کێشەیەک یان پرسێک گەشەبکات، گەورەببێت، یان گۆڕان بە سەر سروشتیدا بێت، ئەوا پێویستی بە کاتی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی کە بڕیارێک لە سەر بەئاسایشکردنی ئەو کێشەیەوە بدرێت لەلایەن بەرپرسێکی ئاسایشییەوە.

بەئاسایشیکردنی لایەنی ئەلیکترۆنی وەک هەمان ئاسایشی فیزیکی وایە، هێرشەکان،

شیکردنەوە کاریگەرەکان، هەڵسەندگاندنە تەکنیکییەکان، ئەنجامە شیاوەکانی داهاتوو، چاککردنی لاوازییەکانی سایبەر، مشتومڕە سیاسییەکان لە سەر بەڕێوەبردنی ئەم تەکنەلۆژیایە بەرپرسیاریەتیی هەموو بەشداربوانە.
لەمرۆدا فەرماندە ئەلیکترۆنییەکان لە لقە سەربازییە جۆراوجۆرەکاندا واکەوتێکیان خوڵقاندووە کە بەرەنگاری تێزە ڕەسەنەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن دەبێتەوە، کە مەبەست لێی "قوتابخانەی کۆپنهاگنی باریبوزان، ئۆلی وۆڤەر، جاد دی وێلدو ئەوانی دیکەیە لە ساڵەکانی هەزارو نۆسەدونەوەدەکاندا"، کە وایان ڕاگەیاند ئاسایشی سایبەر تەنها درێژکراوەی ئاسایشی بواری سەربازیو ئابووریەو هەموو ئەو نیگەرانییانەی کە سەبارەت بە ئاسایشی ئەلیکترۆنی هەیە، وەك "هەوڵدان بۆ بەئاسایشکردن" ناوزەندکرد.
لە ماوەی ساڵانی نەوەدەکاندا کاتێک کە وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا زەنگی ئاگادارکردنەوەی سەبارەت بە ئەگەری هێرشی ئەلیکترۆنی بۆ سەر ژێرخانە گرنگەکان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا ئەلیکترۆنییەکانەوە وروژاند، ئەوە ڕاگەیانرا کە ئەو کارە بۆ پاراستنی ژێرخانە گرنگەکان دەرکرا. ڕاگەیاندنەکە ڕەتکرایەوە، لەبەرئەوەی "هیچ کاریگەرییەکی لە سەر کێشە گرنگەکان نەبوو". ئەو جۆرە ڕاگەیاندنە سەرەتاییانە هەڵە نەبوون، ئەگەر ئێمە  لە سەر بنەمای تیۆری بەئاسایشکردن لێیانبکۆڵینەوە، کە ڕووبەڕووی ڕێبازە نەریتییەکان دەبێتەوە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانداو ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە کە ڕوداوەکان لە خودی خۆیاندا بە شێوەیەکی بنەڕەتی هەڕەشە دروستناکەن، بەڵکو ئاماژەدان بەو ڕوداوانە وەکو "دۆزێکی ئاسایشی" دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەی ئاسایشی، بەڵام لەگەڵ پشتبەستنی زیاتر بە دیجیتاڵ لە سەدەی بیستویەکەمدا، سەرچاوە نوێیەکانی وەك تۆڕەکانی پەیوەندیکردن، فراوانکردنی ژێرخانی ئینتەرنێتی، ئۆپراسیۆنە سەربازییە ئەلیکترۆنییەکان، داتا مینڕێژکراوەکان، بۆکسی ئامرازەکانی ئەلیکترۆنی و ...هتد، بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە ئاسایشی ئەلیکترۆنیو سروشتی جەنگی ئەلیکترۆنی.
لە کۆتاییدا لە ساڵی (٢٠٢٠)دا، هەردوو شیکەرەوە ڕیچارد هارکنتو ماکس سمیتس بە وردیو بە شێوەیەکی بەرچاو مشتومڕی جەنگی ئەلیکترۆنییان شیکردەوەو گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە "پێویستە ستراتیجیەت لەو گریمانەیە جیابکرێتەوە کە تەنها مامەڵە لەگەڵ زۆرداركردنی جیهانو قەیرانی سەربازیو جەنگ لە فەزای ئەلیکترۆنیدا دەکات، چونکە بە شێوەیەکی ئەزموونی زۆربەی هەڵسوکەوتەکانی دەوڵەت لە فەزای ئەلیکترۆنیدا لە ڕێگەی دروستکردنی جەنگو ناچارکردنەوە نابێت، کارە بەشداربووەکانیان لە داهاتوودا فراوانکردنی مشتومڕی ئەجێندای ئاسایشە، کە لە هەمان کاتدا ئامانجی تیۆری بەئاسایشکردنە.
ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن تیۆری بەئاسایشکردن دەتوانێت

پێشکەوتنە جیۆپۆلەتیکییە جۆراوجۆرەکانی پەیوەست بە تەلارسازیو بناغەی ئاسایشی ئەلیکترۆنی ڕوونبکاتەوە لە سەر ئاستی جیهانیو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها ئەم توێژینەوەیە ناکۆکییە ئەلیکترۆنییەکان لە سەر ئاسایشی نێودەوڵەتیو ناوچەییو هاوپەیوەندییەکان لە ناوچە جیۆپۆلەتیکییەکاندا ڕووندەکاتەوە، هەروەها لەوە دەکۆڵێتەوە کە ئاسایشی ئەلیکترۆنی کاریگەریی لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران هەیە.

**ئاسایشی ئەلیکترۆنی و سیستەمی نێودەوڵەتی**

بە شێوەیەکی نەریتی، دەوڵەتانی جیهان لە هەوڵدان کە بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانیان زیاتر بەرەوپێشبەرن لە ڕێگەی هێزەوە، بۆ نموونە: لە ڕێگەی دیبلۆماسی یان سزای ئابوورییەوە، یان لە ڕێگەی هێزی دڕندانەوە (سەپاندنی جەنگ). فەزای ئەلیکترۆنی حاڵەتێکی ناوازەی دەسەڵاتی دەوڵەتە، بەو پێیەی کار لە سەر یاسای ئیستیغلالکردن دەکات.

لە فەزای ئەلیکترۆنیدا، دەوڵەتێک دەتوانێت بە شاراوە بمێنێتەوە، لەو کاتەی کە هێرشدەکاتەسەر ژێرخانە گرنگەکان یان تۆڕەکانی پەیوەندی بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی ستراتیجی، ئەم تایبەتمەندییەی فەزای ئەلیکترۆنی گەورەترین نیگەرانییە بۆ هەموو جیهان، بە هۆی هۆکارە تەکنیکییە ئاڵۆزەکانەوە، تا ڕادەیەکی زۆر هەموو دەوڵەتانو دامەزراوە جیهانییەکان قورس بتوانن مۆدێلێکی یاسای گشتگیر یان پەیماننامەی نێودەوڵەتی دابهێنن بۆ دڵنیابوون لە پارێزراوی لە فەزای ئەلیکترۆنی.

ناکۆکییە فیزیکییەکان لە نێوان وڵاتانی زلهێزدا بە شێوازێکی ڕۆژانە ڕوودەدەن، بەڵام بارودۆخەکە لە بۆشایی ئەلیکترۆنیدا زۆر ناجێگیرە، کە چەندین هێرشی کوشندەی جیاواز دەکرێت، بەبێ ئەوەی هیچ مەترسییەک هەبێت بۆ تۆڵەسەندنەوە، بەو هۆکارەی کە ئەستەمە هێرشبەرەکان بناسرێنەوە.

جگە لەوە، هێرشە ئەلیکترۆنییەکان هەمیشە داینەمیکیو جوڵاو نین، هێرشە ئەلیکترۆنییەکان ئامانجەکانیان لە فیزیکییەوە لە خۆدەگرێت هەتا فەزا ئایدۆلۆژییەکان، دەکرێت هێرشێکی ئەلیکترۆنی دژی تاکێک یان گرووپێک بێت، یان دژی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بکرێت.

لە ئەنجامدا کاریگەرییەکە لەوانەیە جیاواز بێت بە گوێرەی وەرگرتنی وەڵامی جیاواز لە قوربانییەکان، تاکەکان یان گرووپەکان لەوانەیە هێرشبەرەکە پشتگوێبخەنو هەوڵی زیاتر بدەن بۆ بەرگریی ئەلیکترۆنی لە خۆیان، لە کاتێکدا دەوڵەتێک، بە تایبەتی وڵاتە پێشکەوتووەکان، لەوانەیە هێرشی ئەلیکترۆنی بۆ سەر ژێرخانەکانی یان ناوەندەکانی پەیوەندی وەك کردەوەیەکی جەنگ ببینن، کە دەبێتە هۆی وەڵامدانەوە لە هەردوو بۆشایی فیزیکی و ئەلیکترۆنیدا.

لایەنێکی دیکە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاڵۆزی بۆ ئەم بابەتە، بریتییە لە دوو سروشتی "جوڵەیی‌و ناجوڵەیی" ئۆپراسیۆنە سایبەرییەکان، کە دەبنە هۆی زیانی جۆراوجۆر. ئەم خشتەیەی خوارەوە ڕوونیدەکاتەوە کە چۆن ناکۆکییە جوڵەیی‌و ناجوڵەییەکان جیاوازن لە یەکتری.

**خشتەی (١):** بەراوردی نێوان ئۆپراسیۆنە جوڵەیی‌و ناجوڵەییەکان، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی چۆن کوشندەیی ئاسانیی بەرپاکردنی ئەم پەراسیۆنانە دەگۆڕێت.

| جۆری ئۆپراسیۆن | جۆری هێرش | کوشندەیی | ئاسانی بەرپاکردن | جۆری ئۆپراسیۆن |
|---|---|---|---|---|
| چاودێری | چوونەناوەوەی هەژمار/ ئامێر | کەمترین | ئاسانترین | جوڵەیی |
| سیخوڕی | | | | |
| نەبوونی زانیاری | ئۆپراسیۆنە کاریگەرەکان | ↓ | ↓ | ناجوڵەیی |
| تێکدان‌و وێرانکاری | هێرشەکانی سەر ژێرخانە گرنگەکان | زۆرترین | قورسترین | |

ئامێری جەنگی مۆدێرن لە سەر بڕبڕەی پشتی دیجیتاڵی کاردەکات، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ دروستدەکات لە نێوان سوپای ئاسایی‌و بۆشایی سایبەر لەگەڵ تەکنەلۆژیای پەیوەندیدااردا. بواری سەربازی تاکە بوار نییە کە تەکنەلۆژیای ئەلیکترۆنی قۆناغی ناوەندی گرتووە، ئابووریی جیهانی، سیاسەت، بازرگانی‌و کولتوور بوارەکانی دیکەی دەوڵەتن، کە تەکنەلۆژیای سایبەر کۆمەڵگەکانی گۆڕیوە.
لە ئاسایشی ئابووریدا، ئەلیکترۆنیات ڕۆڵێکی گرنگتر دەگێڕێت، مامەڵەیەکی دیجیتاڵیی ئینتەرنێتی ئاسان لە نێوان دوو قەوارەی بازرگانیدا لە ماوەی چەند چرکەیەکدا بە چەندین پەیوەندیی ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت، بۆشایی ئەلیکترۆنی بەهێزکەرێکی بازرگانیی تواناداره، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر جار دەبێتە ئامانجێکی تاوانی ئەلیکترۆنی، لەبەرئەوە بەئاسایشکردنی بازرگانیی ئەلیکترۆنی شەرعیەتیپێدراوە، بە بڕبڕەی چوارچێوە ئابوورییە خێراکانی ئەمڕۆ دادەنرێت.
ئاسایشی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهاندا شتێکی دیکەی ئاماژەپێدەرە لە بەئاسایشکردنی دۆمەینی ئەلیکترۆنیدا. تایبەتمەندیی ئینتەرنێت مافێکی بنەڕەتیی هەموو کەسێکە، لە هەمان کاتدا دەوڵەتان داوای چاودێری‌و دەستوەردان لە ئازادییە تاکەکەسییەکان دەکەن. ئەم جۆرە دڵەڕاوکێ ئەمنییانە لە هەردوو لای بابەتەکەدا هەندێک مشتومڕی

ڕۆشنبیریی گرنگ لە بەردەم کارەکتەرە بەشداربووەکان لە ڕوانگەی سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئاسایشی کۆمپانیاکانەوە دروستدەکات.
ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان زۆر ئابووریو هەرزانن بە بەراورد بە ئامێرە سەربازییە ئاساییەکان. هەروەها هیچ بەراوردێك لە نێوان کاتی بەکارهێنانو جێگیرکردنیاندا نییە. لە هێرشە ئەلیکترۆنییەکاندا، بە ڕاستی ئەستەمە لە کاتی هێرشەکەدا بە سەرکەوتوویی بکەری هێرشەکەو ئەو کەسەی کە ئەو ڤایرۆسەی بەکارهێناوە بناسرێتەوە. بۆ نموونە: کۆمپانیای (NotPetya) یەکەم جار ڕوسیای تۆمەتبارکرد، بەڵام دواتر لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماند کە سیستەمێکی لاوازی مایکرۆسۆفت ویندۆزی بەکارهێناوە بە ناوی (Eternal Blue)، کە لەلایەن دەزگای چاودێریی سایبەری ئەمریکییەوە پەرەپێدرابوو.

**خشتەی (٢):** ڕەچاوکردنی ئۆپراسیۆنی بەراوردکردن لە نێوان ئامرازە سەربازییە ئاساییەکانو ئامرازە ئەلیکترۆنییەکاندا

| ڕەچاوکردنەکان | ئامرازە ئاساییەکان | ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان |
|---|---|---|
| تێکچوونی ئابووری | زۆر | کەم |
| تێکچوونی سیاسی (مەترسی تۆڵەسەندنەوە) | زۆر | کەم |
| سروشتی هێرش/ ململانێ | زۆرینەی کات ناجوڵەییە | زۆرینەی کات جوڵەییە |
| کاتی جێبەجێکردن | زیاتر | زۆر کەم |
| سەرسوڕمانی هێرشکەرەکان | کات، شوێن | کات، شوێن، دانان، گەڕانەوە |

ئەمە سەلمێنەری ئەوەیە کە هەرچەندە ڕژێمە تەقلیدییەکانی ئاسایشی سەربازیو ئابووری زیاتر پشتدەبەستن بە تەکنەلۆژیا ئەلیکترۆنییەکان، بەڵام ئامرازەکانی هەردوو بوارەکەپێچەوانەی بەکارهێنانو تێچوونو کاریگەرییە لە ڕووی بەکارهێنانەوە. ئاڵۆزیو کوشندەیی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان (هێرشەکان) بۆ زیانگەیاندن بە جەستەیی (ئۆپراسیۆنە جوڵەییەکان) زیاترە (وەک لە خشتەی (١)دا ڕوونکراوەتەوە) لە چاو ئۆپراسیۆنە سەربازییە ئاساییەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا هێرشێکی لەو شێوەیە مەترسییە دیبلۆماسیو ئابوورییەکانی پەیوەست بە ئۆپراسیۆنە هێرشبەرییەکان کەمدەکاتەوە. لە ئەنجامدا ئەمە داوای چوارچێوەیەکی تیۆری غەریزەیی دەکات بۆ دانانی دۆمەینی ئەلیکترۆنیو هەڕەشە پەیوەندیدارەکانو پەیوەندیکردنیان بە جیۆپۆلەتیکەوە لە فۆرمێکی ڕووندا بۆ داڕێژەرانی سیاسەتو سەرکردەکان.

زانایان لە سەرانسەری جیهاندا ڕووبەڕووی دوو کێشە دەبنەوە بۆ دروستکردنی چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنی؛ یەکێکیان لە ئاستی تەکنیکیدایەو نیگەرانە لە پەرەپێدانی "چوارچێوەیەکی باشترینی کردەیی" بۆ دڵنیابوون لە "بەرپرسیاریەتیی ئەلیکترۆنی"، لە کاتێکدا کێشە یان ئاڵنگاریەکەی دیکە بەرۆکی پرسی گەورەتری ئاسایشی ئەلیکترۆنی دەگرێت لە چوارچێوەی سیستەمی نێودەوڵەتیو ئاسایشی جیهانیداو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. دووەم ئاڵنگاری زیاتر گرانترەو بەبێ ڕەچاوکردنی ئەم لایەنە ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە کۆتاییدا بەربەستدەکرێت.
توانای خستنەڕووی تێگەیشتنێکی گشتیو تەواوی "وێنەی گەورەتر"، کە مەرجێکی پێشوەختەیە بۆ دیزاینکردنی چوارچێوەی یاسایی‌و کارپێکردن لە بواری سایبەردا، باشترین کردارەکانی ئێستا لە بەرزیی توانای وێناکردن گشتیو تەواوو دروستکردنی "وێنەیەکی گەورەتر"، کە مەرجێکی پێشوەختەیە بۆ دیزاینکردنی چوارچێوە یاساییەکانو چوارچێوە کارپێکەرییەکان لە دۆمەینی ئەلیکترۆنیدا، هەموو باشترین کردارەکانی ئێستا لە ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا ئەزموونکراونو لەلایەن کارەکتەرە جیاوازەکانەوە کراون. تێگەیشتن لە یاسا نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە فەزای ئەلیکترۆنی، بەم شێوەیە ناڕوونە لە نێوان وڵاتانی نەتەوە جیاوازەکانی وەک ئیسرائیلدا. ئیسرائیل هەرچەندە پشتیوانی لە یاسای نێودەوڵەتی دەکات لە بۆشایی ئەلیکترۆنیدا، بەڵام بنەما نەریتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە جیهانێکی ڕووبەڕوودا پەرەیسەندووەو زۆر جار لە چوارچێوەیەکی تایبەت بە دۆمەیندا، هەمیشە خۆیان قەرزاری جێبەجێکردنی دۆمەینی ئەلیکترۆنی ناکەن، کە ئەمەیش چەند تایبەتمەندییەکی هەیە.
هەندێک لەو تایبەتمەندییە جیاوازانە زۆر بە خێرایی گەشتدەکەن بە ناو تۆڕی ئینتەرنێتی جیهانیدا، ژێرخانی ئینتەرنێتی دەکەوێتەناو چەند دەسەڵاتێکی دادوەرییەوەو سنووورە نەتەوەییەکان تێدەپەڕێنێتو هەروەها ژێرخانە ئەلیکترۆنییەکان بە شێوەیەکی تایبەت خاوەنداریەتیدەکرێنو لە سەر ئاستی ناوخۆیی‌و نێودەوڵەتی ناوەندی نین.
هەرچەندە لە سەرەتادا دۆمەینی سایبەر وەک ناوچەیەکی ئاسایشی تایبەت دژایەتیدەکراو پێشکەوتنەکان لە جیهانی سایبەردا پەیوەست بوون بە پەرەسەندنی تەکنەلۆژیی مێژووییەوە، هەڕەشەکان لە ناوچەی سایبەر بە ناوخۆیی دادەنرێن، بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکی گەورەی سیستەمی جیۆپۆلەتیکیی هەبێت. داهێنانی ئینتەرنێتو جیهانگیری‌و پشتبەستنی مرۆڤ بە تەکنەلۆژیای سایبەرەوە ئەم تێگەیشتنەی گۆڕی، لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە نێوان ڕەخنەگراندا ئەو بیرۆکەیە هەبووە کە سایبەر ببێتە بەشێکو فەزایەکی ئاسایشی جیا.
زانایان لە سەرەتای سەدەی نوێدا تێگەیشتن لە ڕاستییەکی سادە، کە لە ساڵانی دواتردا دەرکەوتو بوو بە هۆی دروستکردنی جیهانی مۆدێرن. لەگەڵ گەشەکردنی بەرچاوی

تەکنەلۆژیای ئەلیکترۆنیو تەکنەلۆژیای زانیاری، لە نێوان شیکەرەوە ئەمنییەکاندا تێگەیشتنێک سەریهەڵدا، کە ڕۆژێک دوور نییە کە تەکنەلۆژیای زانیاری هەموو ڕژێمە ئەمنییەکان یەکبخات، وەك: "سەربازی، ئابووری، کەشوهەواو کولتووری". پێش ئەوەی زیاتر بچینەپێشەوە، با چەند نموونەیەکی هێرشو بەرگری سەیربکەین.

| ئامرازە بەرگریکارییەکان | ئامرازە هێرشکارییەکان |
| --- | --- |
| دژە ڤایرۆسەکان (ئەنتیڤایرۆس) | ڤایرۆسەکان |
| دیواری بەرگری (فایەرواڵ) | ماڵوێرو ترۆجانەکان |
| پاڵپشتییەکان | ئاسایشە داخراوەکان |
| خزمەتگوزارییە کارگێڕییەکان | ئەندازیاری کۆمەڵایەتی، هێرشە ڕاوکردنەکان |
| خزمەتگوزارییەکانی وەڵامدانەوەی ڕوداوەکانی پێشەنگی ئەلیکترۆنی | داواکردنی پارە (ڕانسەموێر) |

**خشتەی (٣):** ئامرازەکانی هێرشکاریو بەرگریکاریی ئەلیکترۆنی

ئامێرەکانی ئینتەرنێت زۆر هەستیارنو بەکارهێنانیان تەنها چەند چرکەیەکی پێویستە، بۆ نموونە: بڵاوکردنەوەی بە ڕێکەوت لە ماڵوێری (NotPetya) کە لە کۆنترۆڵ دەرچوو، لە کاتی شیکردنەوەیەکی ئیتنۆگرافی لە تاقیگەدا، ئەم ڤایرۆسە بووە هۆی وێرانکردنی ئەو کۆمپیوتەرانەی کە هێرشیانکردەسەر، بەوەی هارددیسکەکانیان پەکخست. لەو کاتەوە ئەم ڤایرۆسە وەک ڕوداوێکی جیۆپۆلەتیکیی سەرەکی لە ئاسایشی سایبەردا ناسێنرا.

لەم گفتوگۆیەی سەرەوەدا ئاماژە بەوە درا کە هەماهەنگیی جیهانی پێویستە بۆ ئینتەرنێت، لە ڕێگەی گۆڕانکاریی پێکهاتەیی گەورەوە، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە چالاکییەکانی دەتوانرێت چاودێریبکرێت وەک قوربانیی تاوانی ئەلیکترۆنی، جەنگ دەتوانێت هیوایەک بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری بدۆزێتەوە، بەمەش ژمارەیەکی کەم لە وڵاتان بیمەی ئەلیکترۆنییان بۆ قوربانییەکانی ئەلیکترۆنی دابینکردووە، کە ئەمەیش خزمەتگوزارییەکی خۆڕایی نییەو زۆر زیاترە لەوەی کە هاوڵاتیانی وڵات بتوانن بیکڕن، لەم ڕووەوە ئەم جۆرە بەرنامانە کێشەن نەک چارەسەری کێشە، بۆ نموونە: ئێران نەیتوانی هیچ جۆرێک لەو خزمەتگوزاریانە بەدەستبهێنێت.

قەرەبووکردنەوە، دوای ئەوەی چەند جارێک هێرشی ئەلیکترۆنی کرایەسەر ژێرخانە گرنگەکەی، هەر قوربانییەکی هێرشی ئەلیکترۆنی تەنها یەك بژاردەی هەبوو بۆ

تۆڵەکردنەوەو دەستپێکردنەوەی هێرشی ئەلیکترۆنیی خۆی بۆ سەر قەوارەیەکی دیاریکراو، یان بە بێدەنگی ئازاری لەدەستدانی سامانی دیجیتاڵیی وڵاتەکەی بچەشتایە. ئێمە بە پەلە پێویستمان بە یاسا نێودەوڵەتییەکان هەیە، کە جێبەجێبکرێن‌و هەروەها ڕێگەیەکی فراوانتر، کە توانای هەستانەوەی سایبەری بەهێزبکات.

نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر بە ڕوونی باس لەوە دەکات کە لە ساڵی (٢٠١٩)دا بڕیاری دامەزراندنی پەیماننامەی ئەلیکترۆنیی دا، یەکەم کۆبوونەوەی پەیماننامەکە لە ساڵی (٢٠٢٢)دا بەڕێوەچوو لە سەر بابەتی نیگەرانییەکان، کە دەتوانێت وا لە حکومەت بکات کە یاساو ڕێکخستنەکان بە سەر تاوانەکانی سەرهێڵ‌و تاوانبارکردنی ئازادیی ڕادەربڕین‌و لاوازکردنی تایبەتمەندی جێبەجێبکات.

ئێستا وڵاتان لە گفتوگۆدان لە سەر پێوەرەکانی پەیماننامەیەك کە پێیدەگوترێت پەیماننامەی نێودەوڵەتیی گشتگیر بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری‌و پەیوەندی بۆ مەبەستی تاوانی ئەلیکترۆنی، بە هەماهەنگی لەگەڵ زۆرینەی حکومەتە ڕۆژئاواییەکاندا، کە بڕیاریانداوە داتا تایبەتمەندییە کەسییەکان بپارێزن.

جیاوازییەکو دووڕوویەکی زۆر ڕوون هەیە لە نێوان زۆرێک لە وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە جێبەجێکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی. جیاوازییسەرەکی لە سەر بنەما گشتییەکان نییە، کە داوای دروستکردنی ژینگەیەکی بەرپرسیاریەتی دەکات بۆ ئینتەرنێت. ئەمە ئەو ڕێگەیانەیە ئەم یاسایانەی تێیدا جێبەجێدەکرێت، وەک وڵاتانی ئیسرائیل هێڵێکی زۆر ئیستفزازی دەگرنەبەر لە کاتی بەئاسایشکردنی ئەلیکترۆنی، کە دەبووە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ ئێران بە هۆکاری ئەو هێرشە بەردەوامییانەی ئێران دەیانکات، یان هێرشە ئەلیکترۆنییەکانی پەیوەست بە ئێرانەوە. گرووپە جۆراوجۆرەکانی هاککەر لە سەرانسەری جیهان لە ڕێگەی لیستی (APT)یەوە پۆلێنکراون، ئەم پۆلێنکردنە یارمەتیی پسپۆڕان دەدات بۆ شوێنپێهەڵگرتنی شێوازێکی تایبەتیی هێرشی ئەلیکترۆنی بۆ سەرچاوەکەی. ئەم چوارچێوە یاساییە نێودەوڵەتییە لاوازە سەبارەت بە ئاسایشی ئەلیکترۆنی بەشدارە لە سەرهەڵدانی ئاژاوە لە جیهانی دیجیتاڵی‌و فراوانبوونی لە دەرەوەی کایەی ئەلیکترۆنی.

## گواستنەوەی ململانێ و ناکۆکییە جیۆپۆلەتیکییەکان لە فەزای فیزیکییەوە بۆ فەزای ئەلیکترۆنی

چەند ناکۆکییەکی زۆر لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی‌و هەرێمی دەگوزەرێت، لە سەردەمی نوێدا تێچووی جەنگ زۆرەو نەتەوەکان نایانەوێت بچنەژێر باری ئەم تێچووەوە. ململانێکان لە جیهانی مۆدێرندا تەنها سروشتی سەربازی نین، بەڵکو ئابووریشن، لەبەرئەوە لەگەڵ گەشەسەندنیتەکنەلۆژیای مۆدێرندا وڵاتان پشت بە فەزای ئەلیکترۆنی دەبەستن بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان. ناکۆکییە ئەلیکترۆنییەکان

زیاتر جێبەجێدەکرێن، چونکە نەتەوە گەورەکان دەتوانن پاڵپشتییبکەنو هێرشبکەنەسەر ڕکابەرەکانیانو کاتێک دێتەسەر کێشەی ناسنامەی بکەرەکە، ناتوانرێت ناسنامەی هێرشبەرەکە بزانرێت.
ململانێی زلهێزەکانی وەک چینو ئەمریکا، ململانێیەکی جیۆپۆلەتیکیی گرنگە لە جیهانداو هەردوولا ئەوەیان درکاندووە کە بۆشاییو فەزای ئەلیکترۆنی مەیدانێکی جەنگە بۆیانو هەردوولا هەزاران هێرشی ئەلیکترۆنییان کردووەتەسەر یەك.
لە بەدواداچوونە تەکنەلۆژییەکانیاندا هەردوو دەوڵەت دەیانەوێت کە کۆنترۆڵی ئینتەرنێت بکەن، بەدەر لە هێرشی ڕاستەوخۆی ئەلیکترۆنی بۆ سەر یەکتری، هەردوو وڵات بە هیوای گەشەسەندنی تەکنەلۆژیاوەن.
ئەمریکا وڵاتی چین تۆمەتباردەکات بە دزینی سەرچاوە هزرییەکانی بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی سوودی سەربازیی خۆی، لایەنێكو ڕەهەندێکی دیکەی ئەم ململانێ ئەلیکترۆنییە پۆلەتیکییە بریتییە لە داهێنانی تەکنەلۆژیای نوێو بەرهەمهێنانی نوێ.
ئەمریکاو چین دوو یاریکەری سەرەکین لە سەر جەنگی-چیپ (chip-wars)دا، هەردوو وڵات لە هەوڵدان بۆ دروستکردنی بچووکترینو خێراترین نیمچەگەیەنەر، کە لە بەرهەمهێنانی مایکرۆچیپەکانو پرۆسێسەرەکانیاندا بەکاردەهێنرێت.
ڕکابەرییەکی سەرەکیی دیکە هەیە لە نێوان ئەمریکاو ئێراندا، ئەمەیش لە دوای هێرشی ڤایرۆسی ستۆکسنێت (Stuxne) دێت، کە هێرشی ڤایرۆسی بوو بۆ سەر بەرنامەی ناوەکیی ئێران لە ساڵی (٢٠١٠)دا، دۆزینەوەی ڤایرۆسی ستۆکسنێت یەکەم بەڵگەی بەکارهێنانی چەکی ئاڵۆزو وێرانکەری ئەلیکترۆنی بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەوانەیە ئەمە یەکەم هێرشی پێشکەوتوو بێت لەلایەن وڵاتێکەوە بۆ سەر دامەزراوەیەکی ئەتۆمیی وڵاتێکی دیکە، هۆکارەکانی پشت ئەم هێرشە بە دڵنیاییەوە هۆکاری سیاسی بوون. ئەنجامەکانی هێرشەکە زیاتر بوو لە بەڵێنێک بۆ ئەمریکا، چونکە بووە هۆکاری ئەوەی کە دامەزراوەی "نەتەنز"ی سەنتەرفیوج دابخات. بە پێی بۆچوونی شارەزایان، ئێران یەك لە سەر پێنجی کۆی سەنتەرفیوجەکانی لەدەستداوە، ئەمەیش لەلایەن ئەمریکاو ئیسرائیلەوە لەناوچوون، بەبێ ئەوەی تەنها یەك فیشەك بتەقێنن یان هیچ هێرشێکی سەربازی بکەن.
ئەم ئەنجامانە دەکرا ببێت بە تێکچوویەکی سیاسی، سەربازی، ئابووریو گەشتیاریی گەورە بۆ ئەمریکاو ئیسرائیل، ئەگەر بیانویستبا بە ڕێگە تەقلیدییەکان ئەو کارەیان کردبا، هاوشێوەی هێرشە ئاسمانییە کتوپڕەکەی ئیسرائیل بۆ سەر کورە ئەتۆمییەکانی عێراق، کە لە قۆناغی دروستکردندا بوو لە مانگی (٦)ی (١٩٨١).
هێرشە ئەلیکترۆنییەکانی وەک ستۆکسنێتو هێرشە جیاوازە ئەلیکترۆنییەکانی ئیسرائیل دژی ژێرخانە گرنگەکانی دیکەی ئێران، سەلمێنەری کوشندەیی چەکی ئەلیکترۆنیی کاریگەریانە لە ڕووی بەدەستهێنانی ئەنجامەوە، بەبێ ئەوەی کە ببێتە هۆی

تۆڵەسەندنەوە لە ڕێگەی کردەی جوڵەیی‌و فیزیکییەوە.

لە دوای ئەم سەرکەوتنانە، ئاسایی بوو کە وڵاتان ڕێنمایی ئەلیکترۆنی دابنێن‌و ململانێ فیزیکییەکان بگۆڕن بۆ ململانێی ئەلیکترۆنی، لە هەر کات‌و شوێنێکدا کە پێویست بوو. هەموو ئەم پێشکەوتنانە یارمەتیدەر بوو بۆ بەئاسایشکردنی لایەنەکانی سەربازی، ئابووری‌و کولتووری.

فەرماندەیی ئەلیکترۆنیی ئەمریکا لە ساڵی (٢٠١٠)دا دامەزراو بە شێوەیەکی فەرمی بەرزکرایەوە بۆ فەرماندەیی شەڕی هاوبەش، کە تێیدا فەرماندەیی ئۆپراسیۆنە ئەلیکترۆنییەکان لە دوای ساڵی (٢٠١٧)وە لە ئۆپراسیۆنە سەربازییە دەریایی، وشکانی‌و ئاسمانییەکاندا کاردەکەن وەك ئەرکی سەربازی.

لەو کاتەدا چین بە گەورەترین هەڕەشە دادەنرا، لە ڕوانگەی ئەمریکاوە نەك تەنها وڵاتی چین، بەڵکو ڕوسیایش دوژمنن لە بواری ئەلیکترۆنیدا، بەڵام ئێران ئاڵنگاریی سەرەکییە بۆ ئەمریکاو جیاوازە لەوانی دیکەو بێگومان تواناکانی لە بواری ئەلیکترۆنیدا جێی سەرنجەو هەر چۆنێك بێت، لە ئاستی تواناو پێشکەوتوویی ئەلیکترۆنیی ئەمریکاو ئیسرائیلدا نییە. ئێران لە ڕێگەی ئیدارەیەکی سیاسیی بەهێزەوە ئەو کەموکورتییەی هەیەتی، پڕیکردووەتەوە.

ئیسرائیل‌و ئێران چالاکترین یاریکەرن لە سەر گۆڕەپانی ئەلیکترۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەتا ئەو ڕادەیەی کە ڕکابەرییەکەی نێوانیان نهێنی‌و ناڕوونیی تێپەڕاندووە، ئێران بووەتە قوربانیی هێرشە ئەلیکترۆنییە توندەکانی ئیسرائیل.

سەربازە ئەلیکترۆنییەکانی ئیسرائیل ئۆپراسیۆنی ئەلیکترۆنیی ئاڵۆزیان کردووەو زۆرێك لە ئامانجە هەستیارەکانی ئێرانیان تێکدا، لە بەرنامە ئەتۆمییەکەیەوە تاوەکو ئۆپراسیۆنی بەندەری دەریایی. ئیسرائیل هێرشی زۆری ئەلیکترۆنیی دژی سوپای ئێران نەکردووە، بەڵکو زیاتر هەوڵی تێکدانی ژێرخانی گرنگ‌و ژیانی مەدەنیی داوە. وێرانکەرترین هێرشی ئەلیکترۆنیی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، بەرنامەی زیانبەخشی ستۆکسنێت بوو (٢٠١٠)، کە ئامێرەکانی سەنتەرفیوجی ئەتۆمیی بێسوودکرد. بەرنامەی زیانبەخشی (Flame)، کە زۆر ئاڵۆزە، لە ئێران لە دەوروبەری هەمان کاتدا دۆزرایەوە، کە (Stuxnet) لە ساڵی (٢٠١٠)دا بوو و ئەمریکا بەو هێرشە تاوانبارکرا.

**ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

یەکەم هێرشی ستۆکسنێت بۆ سەر ئێران، هێرشی ئێرانی بۆ سەر ئارامکۆی سعودی (هێرشی ئەلیکترۆنی شاموون لە ساڵی (٢٠١٢) بۆ سڕینەوەی داتا)و دواتر هەڕەشە هەڵکشاوەکانی حوسییەکان لە یەمەن، عەرەبستانی سعودیە، ئیمارات، قەتەرو وڵاتانی دیکەی کەنداو هەوڵیانداوە گەشە بە توانای ئەلیکترۆنی خۆیان بدەن.

لە ساڵی (٢٠١٣)دا، ژمارەی ڕاستەقینەی ئۆپراسیۆنە ئەلیکترۆنییەکانی ئەمریکا

ئاشکرابوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە ڕێگەی زانیارییە دزەپێکراوەکانی "سنۆودن"ەوە. سنۆودن ئەوەی ئاشکراکرد کە حکومەتی ئەمریکا چەندین ئۆپراسیۆنی لە ژێر ناوی گەڕان بە دوای تیرۆرو ئەو قەوارانەی کە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا کاردەکەن، ئەنجامداوە، بەڵام ئەمریکا چاودێریی ئێرانی دوژمنی دەکردو لە هەمان کاتدا چاودێریی ئەڵمانیای هاوپەیمانیی خۆی دەکرد. درك بەوە کراوە کە دەبێت ئەم جۆرە ئۆپراسیۆنانە بە هاوکاریو هەماهەنگی یان بەبێ هاوکاریی هەرێمی بەردەوامببێت.
یەکێک لە ئەنجامە ڕاستەوخۆکان بریتی بوو لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بە ئاسایشی ئەلیکترۆنی، بەم شێوەیە وەبەرهێنانی گەورەکرا، بە مەبەستی بونیادنانی بەرگریی ئەلیکترۆنی بۆ ئێرانو ئیسرائیل لە سەر ئاستی هەرێمی.
بەئاسایشکردن لە فەزای ئەلیکترۆنیدا لە وڵاتانی کەنداودا ئاشکرایە، کە وڵاتانی کەنداوو ئیسرائیل وەبەرهێنانێکی گەورە دەکەن لە ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا، بە نموونە: وڵاتی ئیمارات ساڵی (٢٠٢٠) ڕایگەیاند کە پاسپۆرتی وڵاتەکەی دەگۆڕێت بۆ پاسپۆرتی دیجیتاڵی.
لە ماوەی هەمان ساڵدا شانشینی سعودیەی عەرەبی ڕایگەیاند کە وەبەرهێنانەکات لە تۆڕی (5G)دا، بۆ باشترکردنو خێراکردنی گواستنەوەی زانیاری، ئەم سەربەخۆییە دیجیتاڵییە گەورەیە هەڕەشەیە بۆ سەر دۆخی ئەوان وەک دەوڵەتێکی بەهێزی ناوچەکەو خاوەنی ئابورییەکی بەهێز لە ناوچەکەو هەموو جیهان، ئەمەیش بەو واتایە دێت کە ئەوان هەژموونی خۆیان فراوانتردەکەنو هەڕەشەی زیاتری ئاسایشی ئەلیکترۆنی دەهێننەکایەوە لەلایەن ڕکابەرە تەقلیدی یان ڕکابەرە نوێیە نەناسراوەکانەوە. یەکێک لە پاڵنەرەکانی گرووپە هاککەرەکان لە وڵاتانی کەنداودا بریتییە لە ژێرخانی نەوتو غاز، کە بریتین لە ئامێرەکانی بیرهەڵکەندنو بیرە نەوتییەکانو پاڵاوگەکانو سیستەمی دابەشکارییەکانی نەوتی، کە لەلایەن سۆفتوێرێکەوە بەڕێوەدەبرێت، کە پێیدەگوترێت (SCANDA)، کە ئەمەیش دەبێتە خاڵی ئامانج لە فەزای ئەلیکترۆنیدا.
کۆمپانیای تێلیکۆمی سعودیە (١٦) ملیۆن هێرشی ئەلیکترۆنیو (٤٠٠) ملیۆن هێرشی زیانبەخشی تۆمارکردووە، ئەم جۆرە ڕوداوانە وەک شتێکی ئاماژەپێکراو ڕۆڵیانگێڕاوە، ئەمەیش وایکردووە حکومەتی سعودیە (بریکاری ئاسایشی) بە دوای شوێنپێی تەکنەلۆژیی زیاتردا بگەڕێت، لەگەڵ کەمکردنەوەی وابەستەیی بە تەکنەلۆژیاداو ئەنجامەکەی هەنگاوەکانی بەئاسایشکردنە وەک داوای هاوکاری لە بەرگریی ئەلیکترۆنیدا، لە بریی ئەوەی پەنابباتەبەر سەرچاوەی دەرەکی.
دەکرێت لە ڕێگەی گفتوگۆکانی پێشووەوە ئەوەمان بۆ دەربکەوێت کە بەئاسایشکردنی دۆمەینی ئەلیکترۆنی لە ماوەی سێ بۆ چوار دەیەی ڕابردوودا دروستبووە، هێرشی ئەلیکترۆنیی گەورە بۆ سەر ژێرخانە گرنگەکان، تۆڕەکانی پەیوەندی، تەنانەت چوونەناوەوەی تەکنەلۆژیای ئەلیکترۆنی بۆ ناو فەزای کۆمەڵایەتیو دروستکردنی چەندین ئاماژە لە لای کاربەدەستان، کاتێك یەکێك لەو هێرشانە دەکرێت، بۆئەوەی کە وەك کارمەندی بەئاسایشکردن کارەکانیان بکەنو ئاسایشی ئەلیکترۆنی بە بوارێکی

ئاسایشی نەتەوەیی ڕابگەیەنن. بەشی داهاتووی ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لە ئاسایشی ئەلیکترۆنیی ئێران دەکات لە ڕوانگە مێژوویەکەیەوە.

**بەئاسایشکردنی فەزای ئەلیکترۆنی لە ئێران**

لە گفتوگۆکانی سەرەوە، ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە ئێران بەرەو گەشەسەندنو پەرەپێدانی توانا ئەلیکترۆنییەکانی هەنگاویناوە، پاش ئەوەی هێرشکرایەسەر ژێرخانە گرنگەکانیو بەرنامە ئەتۆمییەکەی، لەلایەن ئەمریکا، ئیسرائیلو هاوپەیمانەکانی ئەمریکاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، مەودای ئاسایشی فەزای ئەلیکترۆنیی ئێران بەشەکانی ئاسایشی ژێرخانە گرنگەکانو ستراتیجییەکان لەخۆدەگرێت، بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی لێشاوی زانیاری لە مەودا کۆمەڵایەتییەکاندا.

**خشتەی (٦):** بەئاسایشکردنی فەزای ئەلیکترۆنیی ئێرانی

<table dir="rtl">
<tr><th>ڕوداو</th><th>ئامرازی ئاماژەپێدراو</th><th>بکەری بەئاسایشکردن</th><th>کردەی بەئاسایشکردن</th></tr>
<tr><td>ستۆکسنێت (٢٠١٠)</td><td rowspan="2">ئاسایشی پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران</td><td rowspan="7">حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران<br><br>ڕێکخراوی بەرگریی مەدەنیی ناچالاک<br><br>دامەزراوە دادوەرییەکان لە بریی کۆماری ئیسلامی ئێران</td><td rowspan="7">- دروستکردنی فەرمانی بەرگریی ئەلیکترۆنیی ئێرانی لە ژێر ناوی ڕێکخراوی بەرگریی مەدەنیدا ناچالاک.<br><br>- دروستکردنی فەرمانی بەرگریی ئەلیکترۆنیی ئێرانی بە ناوی ئەنجومەنی باڵای فەزای ئەلیکترۆنییەوە (٢٠١٢)<br><br>- یەکخستنی زۆرینەی گرووپە ئەلیکترۆنییەکان لە ژێر ناوی حەشدی شەعبیدا<br><br>- دروستکردنی پۆلیسی ئەلیکترۆنی<br><br>- هەوڵەکان بۆ ئەنجامدانی هێرشی نهێنیی ئەلیکترۆنی بۆ سەر ئیسرائیل</td></tr>
<tr><td>فلەیم (٢٠١٢)</td></tr>
<tr><td>کوشتنی هاککەری ئێرانی؛ موجتەبا محەمەدی (٢٠١٣)</td><td>ئاسایشی فیزیکیی هێزە ئەلیکترۆنییەکانی ئێران</td></tr>
<tr><td>ماڵوێری ویپەر (٢٠٢١) (میترۆ ئێکسپرێس)</td><td>ئاسایشی سیستەمی/ پرۆسەی بەئۆتۆماتیککردن</td></tr>
<tr><td>هێزە ئەلیکترۆنییەکانی سوتەمەنی (٢٠٢١)</td><td rowspan="2">ئاسایشی پیشەسازییەکانی ئێران/ نیگەرانییە ئابوورییەکان</td></tr>
<tr><td>هێرش بۆ سەر کارگەی ستیل (٢٠٢٢)</td></tr>
<tr><td>ماڵوێری ویپەر (٢٠٢٢)</td><td></td></tr>
<tr><td>پڕوپاگەندەکانی دژ بە ئێران لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت</td><td>ئاسایشی چەق ئایدۆلۆژیی ئێران</td><td></td><td>دەستکردن بە پرۆسەی نەتەوەیی ئینتەرنێت</td></tr>
</table>

**کاریگەریی لە سەرئاسایشی نەتەوەیی ئێران**

ئاسایشی نەتەوەیی نیگەرانییەکی سەرەکییە بۆ ئێران، بەو هۆیەیشەوە ئەو وڵاتە هێزی نەرمو توند بەکاردەهێنێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی ئاسایشی ستراتیجییە نەتەوەییەکانی. ئێران لە ناو ناوچەیەکی ناجێگیردا، ئاگاداری سنووردارنەبوونی سەرچاوەکانو پابەندییەکانە، هەر بۆیە زۆر جار ستراتیجیی ناهاوسەنگ لە بەکارهێنانی هەردوو هێزی نەرمو سەختدا دەگرێتەبەر.

لە ڕوانگەی بەرگرییەوە، ئێران دەیەوێت زۆر بە خراپی بەرانبەر بە دەستدرێژیکارە دەرەکییەکان ڕەفتاربکات، خۆبەدوورگرتن لە شەڕی بەرفراوانو بەکارهێنانی گرووپە پرۆکسییەکانی سەر بە ئێران لە ناوچەکەدا ئەنجامی ئەو کارە ناهاوسەنگییەی هێزی زبری ئێرانە.

لە ساڵی (٢٠٠٥)دا لەلایەن ئێرانەوە "دۆکیومێنتی دیدی (٢٥) ساڵ"ی بەڕێوەبردنو هێزی نەرمی ئێران بڵاوکرایەوە، ئەمانەی لەخۆیدەگرت: ناسنامەی ئێرانی، بەها کولتوورییە ئیسلامییەکان، دەستکەوتە ئابوورییەکان، بەهێزکردنی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، جەنگ دژی دوژمنە ناوخۆییو دەرەکییەکانو هێزی ئەلیکترۆنیی ئێرانی، بەشێک بوو لە هێزی نەرمی ئێران، کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان بەکاردەهێنرا.

لە کاتێکدا کە ئێران لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە تەکنەلۆژیای ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنێت، بەئاسایشکردنی ئەلیکترۆنیی ئێران لە دوای هێرشە ئەلیکترۆنییەکەی ڤایرۆسی ستەکس_نێت لە ساڵی (٢٠١٠) بۆ سەر ژێرخانە گرنگەکانی ئێران دەستیپێکرد.

بونیادنانی توانا ئەلیکترۆنییەکانی ئێران لە دوای ساڵی (٢٠٠٧)ەوە دەستیپێکرد، کاتێک ڕێبەری باڵای ئێران بڕی یەکملیار دۆلاری ئەمریکیی بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکرد. لە ئاداری (٢٠١٢)دا حکومەتی ئێران وەك بریکاری سەرەکیی بەئاسایشکردن کاریدەکردو بەرزترین دەستەی کۆنترۆڵی ئەلیکترۆنیی ئێرانی دروستکرد؛ ئەنجومەنی باڵای ئەلیکترۆنی، فەرمانی هەماهەنگیی ئەلیکترۆنیی ئێرانو هێزە سەربازییە حکومییەکانی ئێران.

هەموو ئەو گرووپانەی پێشوو کاریاندەکرد، وەک "فەرماندەیی بەرگریی ئەلیکترۆنیی ئێران "خرابوونەژێر کۆنترۆڵی ئەم ڕێکخراوە نوێیەوە. چالاکییەکی دیکەی بەئاسایشکردنی ئەلیکترۆنی بریتی بوو لە یەکخستنی گرووپە ئەلیکترۆنییە نافەرمییەکانی ئێران لە دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئێران (زانکۆکان)و سوپای پاسداراندا. یەکێک لەو دامەزراوانە بەسیج بوو، کە لە ساڵی (٢٠٠٧) دووبارە ڕێکخرایەوەو بوو بە بەشێک لە هێزەکانی سوپای پاسداران.

لە ئەیلوولی (٢٠٠٩)، ئیسماعیل ئەحمەدی-موغادەم؛ فەرماندەی پۆلیسی گشتی، چالاکییەکی دیکەی بەئەمنیکردنی ڕاگەیاند، بۆ نموونە: دامەزراندنی پۆلیسی ئەلیکترۆنی. ئەم یەکە تایبەتانەی پۆلیس لە کانوونی دووەمی (٢٠١١) ناویانلێنرا (FETA)، کە لە زمانی فارسیدا بە واتای "پۆلیسی بۆشاییو دروستکردنو ئاڵوگۆڕی زانیاری" دێت.

ئەم چالاکییە ئەمنییانە کە لەلایەن ئێرانەوە بووە، توانای ئەلیکترۆنییان بۆ ئێران دابینکردووە. ئێران لە کانوونی یەکەمی (٢٠١١) ڕایگەیاند کە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی چاودێریکردنی ئەمریکیی ڕفاندووە، کە گوایە سیخوریی بە سەر دامەزراوە ناوەکییەکانی ئێرانەوە کردووە. فڕۆکەبێفڕۆکەوانەکە لۆکهید مارتن (Sentinel ١٧٠-RQ) بوو. لە کاتی ڕفاندنەکەیدا وردەکاریی زۆر کەم بەردەست بوو، هەتا ساڵی (٢٠١٣) ئێران وێنەو ڤیدیۆی درۆنە گیراوەکەی بڵاوکردەوە.

دواتر ئێران دیزاینی دوو فڕۆکەیبێفڕۆکەوانی کردووە، کە لە هەردوو فڕۆکەکەدا دیزاینی فڕۆکەبێفڕۆکەوانە ئەمریکییەکەی بەکارهێناوە (RQ١٧٠)، ژمارەیەکی کەم لە زانایانی بوارەکە ئاماژەیان بەوە کردووە کە توانا ئەلیکترۆنییەکانی ئێران بەرەو باشتربوونو بەرەو زانیاریو ئاستی بەرەو پێشکەوتوو لە ناوخۆو دەرەوە دەڕۆن، بۆ نموونە: هێرشی ئەلیکترۆنیی ئێرانی بەرانبەر بە زانکۆیەك لە دانیمارك هەوڵێکی ئێران بوو بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی پێشکەوتوو، کە دەتوانرێت لە پرۆژە ناوخۆییەکاندا بەکاربهێنێت.

ئەمەی خوارەوە لیستێکی کورتە لە هێرشە ئەلیکترۆنییەکانی ئێران، ئەم هێرشانەو کاریگەرییەکانیان ئاماژە بەوە دەکەن کە توانا ئەلیکترۆنییەکانی ئێران زۆر پێشکەوتوو نین لە ڕووی تێکدانی ژێرخانە گرنگەکانەوەو تەنها بەشێکی کەم لە هێرشەکان دەتوانن ئەنجامی مەبەستیان بەدەستبهێنن.

هۆکارە سەرەکییەکان شێوازی هێرشی سادە بوون، ئامرازە ئەلیکترۆنییە دۆزراوەکان (ماڵوێرەکان، ڤایرۆسەکان و ...هتد)، سنووردارکردنی تەکنەلۆژیای ئێران بە بەراورد بە دوژمنەکانی، با ببینین کە ئێران چ جۆرە هێرشێکی ئەلیکترۆنیی کردووە لە دوای ئەو هێرشە ئەلیکترۆنییەی کرایەسەری لەلایەن ئیسرائیلەوە لە ساڵی (٢٠١٠)دا بە ڤایرۆسی ستۆکسنێت، کە بووە هۆی دروستبوونی بەئاسایشکردنێکی بەرفراوان لە ئێراندا.

**خشتەی (٤): هێرشە ئەلیکترۆنییەکانی لەلایەن ئێرانەوە کراوە**

| لەلایەن ئێرانەوە هێرشیانکراوەتەسەر | دەوڵەتی بەئامانجگیراو | کاریگەری |
| --- | --- | --- |
| ڕفاندنی درۆن (٢٠١١) | ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | یەکەم حاڵەتی ڕفاندنی درۆن لە مێژوودا |
| ئارامکۆ (٢٠١٢) | سعودیە | هەردوو هێرشەکە هاوکات بوونو زیانی بە نزیکەی (٣٠،٠٠٠) کۆمپیوتەر گەیاند. |
| ڕاس گاز (٢٠١٢) | قەتەر | |
| بانکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان (٢٠١٣) | ویلایەتە یەکگرتووەکان | ڕاگرتنی کاری چەندین بانک لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا |
| هێرشی سەر ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانیا (٢٠١٧) | شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا | (٩٠) ئیمەیڵی ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانیا لە مەترسیدا بوو. |
| ئاوو ئاوەڕۆ (٢٠٢٠) | ئیسرائیل | شکستپێهێنا. |
| سایبەرسێرڤ (٢٠٢١) | ئیسرائیل | خزمەتگوزارییەکانی کۆمپانیای ئینتەرنێتی سایبەرسێرڤس بە شێوەیەکی کاتی بەردەست نەبوون. |
| هێرشەکانی نەمانی خزمەتگوزاری (DDOs)، (٢٠٢٢) | ئیسرائیل | نەمانی ژمارەیەکی زۆری خزمەتگوزارییەکانی کۆمپیوتەر<br>هێرشی (DDOs) بۆ سەر ژمارەیەکی زۆری وێبسایتەکانی حکومەتی ئیسرائیل |

ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لەو هێرشانەی دەکرێنەسەر ژێرخانە گرنگەکانی ئێران، لەوانە: دامەزراوە ستراتیجییەکان. کاریگەریی ئەم هێرشانە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئێران زۆر بە ئاسانی قوربانیی شەڕی ئەلیکترۆنیی جیهانییە. ئەم کاریگەرییە هەروەها چالاکییە ئاسایشییە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە بۆشایی ئەلیکترۆنیدا ڕووندەکاتەوە. بە دڵنیاییەوە، ئەم هێرشانە ناتوانن ڕێگری لە ئێران بکەن لە ئەنجامدانی هێرشی ئەلیکترۆنی بۆ سەر ئەمریکاو وڵاتانی هاوپەیمان، وەکو تۆڵەسەندنەوەیەک بۆ هێرشە زیانبەخشەکانی ستۆکسنێتو فلەیم، کە لە ساڵی (٢٠١٠)دا دژی بەرنامە ناوەکییەکەی ئێران کران.

## خشتەی (٥): هێرشەکان بۆ سەر ئێران

| هێرشەکان بۆ سەر ئێران | ئامانجەکان | کاریگەری |
|---|---|---|
| ستۆکسنێت (stuxnet) (٢٠١٠) | دامەزراوەی ستراتیژیی ئێران | زیانی هەمیشەیی بە ئامێرەکانی سەنتەرفیوج گەیاند. |
| فلەیم (flame) (٢٠١٢) | دامەزراوەی ستراتیژیی ئێران | زیانی هەمیشەیی بە ئامێرەکانی سەنتەرفیوج گەیاند. |
| کوشتنی هاککەری ئێران؛ موجتەبا ئەحمەدی (٢٠١٣) | ئیسرائیل بە کوشتنەکە تاوانبارکرا. | - |
| هێرشی ئەلیکترۆنیی شەهید ڕەجی (٢٠٢٠) | بەندەری دەریایی | تێرمینالی دەریایی شەهید ڕەجی توشی سەرسوڕمان بوون کە بەندەرەکە پڕبوو لە کەشتی. |
| مالۆێری ویپەر (٢٠٢١)، میترۆئێکسپرێس | سیستەمی شەمەندەفەری ئێرانی | دواکەوتنی شەمەندەفەرەکان نیگەرانیی خەڵکی لێکەوتەوە. |
| هێرشی ئەلیکترۆنیی سوتەمەنی (٢٠٢١) | ئێستگەی پەمپکردن | (٤٣٠٠) ئێستگەی پەمپکردنی نەوت لە سەرتاسەری وڵاتدا کاریگەربوون. |
| هێرش بۆ سەر کێڵگەکانی ستیل (٢٠٢٢) | گەورەترین کێڵگەی ستیلی ئێران | نەزانراوە. |
| مالۆێری ویپەر (٢٠٢٢) | پەخشکەری تەلەفزیۆنی دەوڵەتی ئێران | تەلەفزیۆنی فەرمیی وڵات پروپاگەندەکانی دژەحکومەتی لە سەر کەناڵی فەرمیی دەوڵەت پەخشکرد. |

١. بە ئاشکرا هێرشی ئەلیکترۆنی لە دژی ئێران بەردەوامە. لە خوارەوە پوختەیەک لە هەمان شت هەیە: هێرشە ئەلیکترۆنییەکانی ئێران بە ئامانجی سیخوڕیو هەواڵگریو کاریگەری لە سەر ئۆپراسیۆنەکانن، لە کاتێکدا هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران سروشتی ستراتیجییەو ژێرخانە گرنگەکانی تێدایە. هەروەها ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی هێرشی ئەلیکترۆنی دەکەن، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی سنووردارە بە کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگریو سیخوڕیو چاودێری.

٢. بەربەرەکانێی ئەلیکترۆنیی ئێرانو ئیسرائیل کەمتر شاراوە دەردەکەوێت، ڕاگەیەنراوە گشتییەکانی ئیسرائیل بەشێکە لە ستراتیجییەکی گەورەتری سەربازیی ئیسرائیل دژی ئێران، کە ئیسرائیل بە ڕوونی پیشانیداوە هەر هێرشێکی ئەلیکترۆنی زیاتریێت لە ئاستی خۆی، کاردانەوەی ڕاستەوخۆی لەلایەن هێزەکانی ئیسرائیلەوە لێدەکەوێتەوە. "ئێمە چیدیکە یاریناکەین، لەگەڵ پرۆکسییەکانی ئێراندا، هاوکێشەیەکی نوێمان داناوەو ڕاستەوخۆ لە ئامانجەکە دەدەین."

ئەمە لەلایەن سەرۆکوەزیرانی پێشووی ئیسرائیل؛ نافتالی بێنێتەوە گوترا لە (١٣)ی حوزەیرانی (٢٠٢١) بۆ (٣٠)ی حوزەیرانی (٢٠٢٢) لە کاتی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ میدیاکاندا. ئەم گوتەیە بەسە بۆ ئەوەی دیارییبکات کە گۆڕانکاری ڕویداوە لە ململانێی

ناوچەیی لە نێوان دوو دەوڵەتەکەدا.
٣. هەردوو وڵات ئامانجە مەدەنییەکانی یەکتر وەك سیستەمی گواستنەوەو سیستەمی دابەشکردنی وزەو تۆڕەکانی پەیوەندیکردن دەکەنەئامانج.
٤. ئێران ئامانجی گەورەی سیاسیی هەیە، بەڵام هێزە ئەلیکترۆنییەکانی ئێران زۆر لاوازن لە بەرانبەر ئیسرائیلو هاوپەیمانەکانی. ئێران پێویستی بە توانای ئەلیکترۆنیی باشترە. زەئیکۆنۆمیست: "سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل ڕێبازە نوێیەکەی بۆ ئێران ڕووندەکاتەوە."
٥. سەرەڕای پڕوپاگەندە زۆرەکان دەربارەی مەترسییە ئەلیکترۆنییەکانی ئێران، ڕاستییەکە بریتییە لەوەی ئێران قوربانیی مەترسیو هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکانی ئیسرائیلو ئەمریکایە.

**ناسینەوەی ئامانج لە ئێران**

ململانێی "حەق بە حەق"ی ئەلیکترۆنی لە نێوان ئێرانو ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیدا چەند مەترسیی ستراتیجیی هێناوەتەئاراوە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئێران. ئەمانەی خوارەوە چەند ناوچەیەکی سەرەکیی بەئامانجگیراون، کە بە بەردەوامی لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیانەوە هێرشیاندەکرێتەسەر:
١. پڕۆگرامی ئەتۆمیی ئێران ئامانجی سەرەکییە. ئێران زیانی زۆری هەبووە، بە تایبەتی لە ژێرخانی ئەتۆمیدا بە بۆنەی هێرشە ئەلیکترۆنییە وردەکانی ئیسرائیل، ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستییەوە.
٢. ئابووریی ئێران ئامانجی دووەمە. هێرشی ئەلیکترۆنی بۆ سەر هێز، وزە، پەیوەندییەکانو دامەزراوە ئەندازیارییەکانی ئێران، گومانێکی زۆر کەم بەجێدەهێڵێت، کە جگە لە ژێرخانی ئەتۆمیی ئێران، ژێرخانە ئابوورییەکەشی بەئامانجگیراوە لەلایەن هێرشە ئەلیکترۆنییەکانی دژەکانیەوە.
٣. هێزی نەرمی ئێرانیش ئامانجی ئیسرائیل، ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.
٤. هۆشداری لە مەترسیی هێرشە ئەلیکترۆنییە زیادەڕەوەکانی ئێران لە ناو گرووپەکان لە ڕۆژئاواو ئەمریکا بڵاودەکرێتەوە، سەرەڕای بوونی بەڵگەی زۆرو سەلمێنراوی ئەوەی کە توانا ئەلیکترۆنییەکانی ئێران زۆر کەمترە لەوەی پیشاندەدرێت لە میدیا جیهانییەکانو گوتارە گشتییە فیکرییەکاندا.
ڕاستییەکە بریتییە لەوەی سەرەڕای پڕوپاگەندەکان دەربارەی ئەو هەڕەشانەی لە بارەی هێرشی ئەلیکترۆنیی ئێرانەوە هەیە، دەوڵەتی ئیسلامی قوربانیی زۆرترینو پێشکەوتووترین هێرشی ئەلیکترۆنی بووە لە مێژوودا. بۆ بەرگری لە مەترسییە ئەلیکترۆنییەکان، ئێران بە بەردەوامی توانا ئەلیکترۆنییەکانی بونیاددەنێتو پەرەیپێدەدات.

**پێشنیارەکان**

توانا ئەلیکترۆنییەکانی ئێران پشتدەبەستێت بە هاردوێرو سۆفتوێرەکان لە ئەمریکاو ڕۆژئـاواوە، لـەگـەڵ ئەمەیشـدا دەتـوانین بڵێین کە تـواناکانی ئێران ئێسـتا ناتـوانێت ڕکابەرەکانی تێبپەڕێنێت، تەنها لە کاتێکدا نەبێت کە تەکنەلۆژیای زۆر پێشکەوتووی خۆی بونیادبنێت. ئومێدێکی زۆر کەم هەیە کە یاسا نێودەوڵەتییەکان یاخود نەتەوە یەکگرتووەکان بتوانن هێرشە ئەلیکترۆنییەکان دژی ئێران بوەستێنن. بە بوونی هەموو ئەمانە لە بیرماندا، ئەم پێشنیارانە هەیە:

١. پێویستە ئێران لێکۆڵینەوەیەکی ستراتیجیی درێژخایەن بکاتو پڕۆگرامێک گەشەپێبدات بۆ تەکنەلۆژیا ئەلیکترۆنییەکانی، کە لایەنی کەم بگاتەوە بە پێشکەوتوویی تەکنەلۆژیای ڕکابەرەکانی وەك ئیسرائیل. زیاتر ناساندنی بابەتە ئاماژەپێدراوەکان، بەئاسایشکردنی دۆمەینە ئەلیکترۆنییەکانو کاردانەوە بە پشتبەستن بە میتۆدە کاریگەرییە کەمەکانو تەکنەلۆژیاکان، ستراتیجیەتی تەواوو داواکراو بۆ ئێران بەردەستناخات. بەو توانایانەی ئێستا هەیانە، لە سنووردانان سەرکەوتوو نابنو ڕکابەرەکانی تاران لە دۆمەینی ئەلیکترۆنیدا بەردەوامدەبن لە هێرشەکانیان بۆ سەر ژێرخانە ئابووریو سەربازییەکانی ئێران.

٢. تاران دەیەوێت پەیوەندییە دەرەکییەکانی زیادبکات، بە تایبەتی لە وڵاتی چیندا، بۆ دیبلۆماسیی تەکنەلۆژی. چین دەکرێت ببێت بە هاوبەشی تاران لە نەوەی تەکنەلۆژیای ئەلیکترۆنیو بنچینەی زانیاریی داهاتوو. بەئاسایشیکردنو پاراستنی داهاتووی تاران دەبێت تیشکبخاتەسەر بەدەستهێنانی زانیاریی پێشکەوتوو و تەکنەلۆژیایی ئەلیکترۆنی، وەك لەوەی بکەوێتە نێوان هێرشی ئەلیکترۆنی (حەق بە حەق) لە دژی ڕکابەرە ناوچەییو جیهانییەکانی.

٣. ئێران سوودێکی ناهاوسەنگ دەبینێت لە هاوڵاتییە شیعەکانی وڵاتەکانی خەلیجی عەرەبی، کە هەمان ئایینو بیروڕای ئایدۆژیی هاوبەشیان لەگەڵ ئێراندا هەیە، بەڵام ئەم سوودوەرگرتنە لە مەیدانێکی دیاریکراودایە، لە مەیدانی جەنگی ئەلیکترۆنیدا، ئێران بە تەنهایەو ناتوانێت هێرشی ئەلیکترۆنیی فراوان دژی وڵاتە ڕکابەرە پێشکەوتووەکان لەو بوارەدا بکات، لە کاتێکی وەك ئێستا، کە هێزە ئەلیکترۆنییەکانی لەم ئاستەدا بێت. تەنانەت لە دیدێکی بەرگریکارییەوە، ئێران پێویستە هێزە ئەلیکترۆنییەکانی زیادبکات، بۆ بابەتی هێرشکاری پێویستی بە زۆر زیاتر لە هێزەکانە (تەکنەلۆژیای ئەلیکترۆنی/ چەکی خۆماڵی).

٤. ئێران پێویستە نارِوونیی ستراتیجی بەدەستبهێنێت لە دۆمەینی ئەلیکترۆنیدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بۆشاییەی لە پێشکەوتن بە بەراورد ڕکابەرەکانی هەیەتی. ستراتیجیەکی ژیرانەیە کە هێزە ئەلیکترۆنیو تواناکانی دیکەی بشارێتەوەو ڕکابەرەکانی

دوودڵ بن لە بارەی خەمڵاندنەکانیان بۆ توانای ڕاستەقینەیی جەنگی ئەلیکترۆنیی ئێران. ئەگەر ئیسرائیل بتوانێت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئەم ڕێگەیە پەیڕەوبکات، ئەوا ئێرانیش دەتوانێت هەمان کار بکات.

**کۆتایی**

دۆمەینو بواری ئەلیکترۆنی بوارێکی ئاسایشی گەشەسەندووە. جیهانی مۆدێرن لە سەر بڕبڕەی دیجیتاڵی بەڕێوەدەچێت. گەشەسەندنی زۆری تەکنەلۆژیی جیهانی ئەلیکترۆنی؛ ئاڵنگاریی ئاسایشی نوێی بۆ حکومڕانیی ناوەندیی جیهانیو پێویستییان بۆ بەدەقکردنی مەترسییە ئەلیکترۆنییەکان هێناوەتەکایەوە، ئەوەی پەیوەندیی بە جیۆپۆلەتیکەوە هەیە. هێرشە ئەلیکترۆنییە دوبارەبووەکان دژی دەوڵەت وەك دیاردەیەکی جیاکراوەو دابڕاو دەردەکەوێت، بەڵام لە ئاستێکی قووڵتردا، ئەم ململانێیانە لە جیهانی ئەلیکترۆنیدا درێژەپێدەری ئاڵنگاریو بەربەستە جیۆپۆلەتیکییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا.

هەموو خاوەن دەسەڵاتە گەورەکان توانا هێرشبەریو بەرگریکارییە ئەلیکترۆنییەکانیان گەشەپیدەدەن بۆ پاراستنی ئاسایشە بەرجەستەکانیان، ئاسایشی ئەلیکترۆنیی ئاسایی سروشتی نییە، هەموو فەزای ئەلیکترۆنی ئەگەری هێرشکردنە سەری هەیە لەلایەن ئامرازە جیاوازەکانی هێرشکردنەوە. هەماهەنگییەکی نزیک هەیە لە نێوان ئاسایشی فەزای ئەلیکترۆنیو ئاسایشی بەرجەستەوە، کە چوارچێوەی تیۆری بەئاسایشکردن وەک کارێکی گونجاو دەردەخات.

بە پێی تیۆرییەکە، هیچ سەرچاوەیەکی مەترسی ناکرێت وەك مەترسییەکی ئاسایشی نەتەوەیی پۆلێنبکرێت، ئەگەر لەلایەن بریکاری بەئاسایشکردنەوە نەناسرێنرێت. گفتوگۆی ئەم توێژینەوەیە، بە پەیڕەوکردنی تیۆری بەئاسایشکردنە، هەوڵیداوە کە بیسەلمێنێت فەزای ئەلیکترۆنیی ئێران ترسی لە سەرە، تاران قوربانیی هێرشە ئەلیکترۆنییە هەرە پێشکەوتووەکانە، لەبەرئەوەی توانای وەڵامدانەوەی پیشکەوتووی نییە.

ئێران بە هۆی هێرشەکانەوە بۆ سەر ژێرخانی چەکی ئەتۆمیو ئابووریی وڵاتەکەی، ناچاربوو فەزای ئەلیکترۆنیی تایبەت بە خۆی دروستبکات. ئەم هێرشانە، وەك ئامرازێکی ژێدەر بە "مەترسیدار"و "بونگەرایی" لەلایەن حکومەتی ئێرانییەوە ناسێنراون، وەك بابەتێکی بەئاسایشکردن کاری لە سەر کراوە، بە هۆی پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بەو کێبڕکێ جیۆپۆلەتیکییەی کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێت.

**سەرچاوە:** جۆرناڵی تۆڕی عەمباری فیکریی بەلوجستان (BTTN)

# شیکاریی سیاسەتەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی تورکیا؛ توانای ستراتیجی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی تورکیا

نووسینی: عەلی بوراك دارجلی
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**پوختە**

سەرهەڵدانی ئەو بوارەی کە پێیدەگوترێت فەزای ئەلیکترۆنی، بە هێنانەکایەی داهێنانەکان لە سەر بنەمای تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی تۆڕەکان سەریهەڵداو لە چوارچێوەی کێبڕکێی سەربازییەوە لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکێتیی سۆڤیەت لە سەردەمی جەنگی سارددا، بۆ بەکارهێنانی مەدەنی لە ساڵانی نەوەدەکاندا پەرەیپێدرا. لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی سارددا، بەمەدەنیکردنو بەبازرگانیکردنی ئینتەرنێتو بڵاوبوونەوەی مۆبایلە زیرەکەکانو ئەپڵیکەیشنی سۆشیالمیدیا بۆ هەموو بوارەکانی ژیان لە دوای ساڵی (٢٠١٠)، وایکردووە فەزای ئەلیکترۆنی بە ڕەهەندی پێنجەم ناوزەندبکرێت، کە مرۆڤایەتی پێیگەیشتووە دوای وشکانی، دەریا، هەواو بۆشایی ئاسمان. لە ساڵانی نەوەدەکاندا تورکیا دەستیکرد بە داڕشتنی سیاسەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنی بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی وڵاتەکەی. ئەم پرۆسانە لە دوای ساڵی (٢٠١٠) بە پێی پێشهاتەکانی جیهان خێراتربوون. لەم چوارچێوەیەدا سیاسەتەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی تورکیا لە توێژینەوەکەدا هەڵدەسەنگێنرێت لە سەر بنەمای لێکۆڵینەوە لە پێکهاتە دامەزراوەییەکان لەم بوارەدا. بەم شێوەیە لە

چوارچێوەی ئامانجی ئەوەی کە تورکیا خاوەنی کاریگەرترین توانای بەرگریو هێرشی ئەلیکترۆنی بێت، هەوڵدەدرێت پێشنیار پێشکەشبکات بە ڕێگەیەکی ناوەندیی دەوڵەت بە شیکردنەوەی پلانەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی وڵاتانی دیکە لە جیهانداو بە پێی پارادایمی ئاسایشی سیاسیی ڕاستەقینە.

**پێشەکی**

پارادایمی ئەمنیی سەر بە سیاسەتی واقیعی دەوڵەت وەک کارەکتەرێکی سەرەکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان قبوڵدەکاتو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانو سیاسەتی نێودەوڵەتی وەک پرۆسەیەکی ململانێی نێوان دەوڵەتەکان دادەنێت. لەم ڕێبازەدا دەوڵەتەکان کارەکتەری سەرەکیی شیکردنەوەن. هەرچەندە ناتوانرێت نکۆڵی لە بوونی کارەکتەرانی تری دەرەوەی دەوڵەت بکرێت، بەڵام ئەم کارەکتەرانە لە دوای دەوڵەتەکان پلەی دووەمن. (ئاری، ٢١٠، لل ١٦٤-١٦٧). بە پێی پارادایمی واکەوتی، ئامانجی سەرەکیی دەوڵەت بریتییە لە مانەوەو دابینکردنی ئاسایشی خۆیو هێنانەدیی بەرژەوەندییەکانی. تێگەیشتنی ڕیالیزم بۆ ئاسایش لە سەر بنەمای ئەو ڕەگەزانەی هێز، بە تایبەتی توانای سەربازی، کە دەوڵەتان هەیانەو ئەو شێوازەی کە ئەم ڕەگەزانە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی ململانێوە لە سەر هێز و دەسەڵاتەوە دروستدەکەن، وەستاوە. (کێگلای، ١٩٩٥، لل ١-٢٤).

لەگەڵ ئەوەیشدا ڕوونو ئاشکرایە کە پێشکەوتن هەیە، کە پێویستە لە ڕووی دابەشکردنی هێزەوە شیبکرێنەوە، ئەمەیش بەندە بە پێشکەوتنەکانی بواری فەزای ئەلیکترۆنییەوە. گرنگترینیان پەیوەندیی بە دابەشبوونی دەسەڵاتەوە هەیە. بە گوێرەی جۆزێف ئێس نای، لە چوارچێوەی پێشکەوتنەکانی فەزای ئەلیکترۆنیدا، دەسەڵاتو هێز لە دەوڵەتە گەورەکانەوە بەرەو دەوڵەتە تا ڕادەیەک بچووکەکانی دیکە پەرەدەستێنێتو لەوەیش گرنگتر بۆ کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان. (نای، ٢٠٠٤، لل ١٦-٢٠). لەگەڵ ئەوەیشدا نای بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەم دیاردەی بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتە، کە بە هۆی پێشهاتە نوێیەکانەوە لە بواری فەزای ئەلیکترۆنییەوە هاتووەتەئاراوە، لە کۆتاییدا هەرگیز ڕۆڵی باڵادەستیی دەوڵەتان لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا ناگۆڕێت. لە ڕوانگەی نایەوە ئەمە نموونەیەکی زۆر کاریگەرە بۆ ئەو ڕاستییەی کە پلاندانانی ئاڵۆز بە ئامانجی ڕێکخستنی هێرشێک بۆ دارمانی تەواوەتیی ژێرخانە گرنگەکانی دەوڵەتێکو تێچووی ئەم پلانانە تەنها دەتوانرێت بە زانیاریو ئەزموونو بودجەی دەوڵەتەکانی ئەمڕۆ بگرێتەوە. (نای، ٢٠١٠).

هۆکارێکی دیکە کە وادەکات دەوڵەت ڕۆڵی خۆی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا بەهێزتربکات، ئەوەیە کە ئامێری خزمەتگوزاریو کێبڵی فایبەر ئۆپتیک، کە هۆکاری گرنگنو فەزای ئەلیکترۆنی پێکدەهێنن، هێشتا لە چوارچێوەی سەروەریی

دەوڵەتەکاندان. لەم چوارچێوەیەدا نای دەڵێت: دەوڵەت دەتوانێت میتۆدێکی نوێی فشارکردن پەرەپێبدات، ئەمەیش لە ڕێی ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی ئەو دەرفەتانەوە. بۆ نموونە هەرچەندە گۆگڵ یەکێکە لە کۆمپانیا پێشەنگەکانی جیهان، بەڵام لە ژێر فشاری ئەڵمانیادا ناچاربوو داواکارییەکانی گەڕان بە دوای قسەی ڕقاوی لەم وڵاتەدا ڕێگریبکات‌و ڕایگەیاند کە بە پێی یاساکانی ئەڵمانیا بەردەوامدەبێت لە چالاکییەکانی لە ئەڵمانیا. (نای، ٢٠١١).

هۆکارێکی دیکە کە وادەکات دەوڵەت ڕۆڵی خۆی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا بەهێزتربکات، ئەوەیە کە ئامێری خزمەتگوزاری‌و کێبڵی فایبەر ئۆپتیک، کە هۆکاری گرنگن لە پێکهێنانی فەزای ئەلیکترۆنیدا، هێشتا لە چوارچێوەی سەروەریی دەوڵەتەکاندان. لەم چوارچێوەیەدا نای پێیوایە کە دەوڵەتێک دەتوانێت میتۆدێکی نوێی فشارکردن بەکاربهێنێت، ئەمەیش بە بەکارهێنانی ئەو توانایانەی هەیەتی، وەک ڕێگرییەک لە بەردەم ئەوانی تر بۆ بەکارهێنانی ئەو دەرفەتانە. بۆ نموونە هەرچەندە گۆگڵ یەکێکە لە کۆمپانیا پێشەنگەکانی جیهان، بەڵام لە ژێر فشاری ئەڵمانیادا ناچاربوو داواکارییەکانی گەڕان بە دوای قسەی ڕقاوی لەم وڵاتەدا ڕێگریبکات‌و ڕایگەیاند کە بە پێی یاساکانی ئەڵمانیا بەردەوامدەبێت لە چالاکییەکانی لە ئەڵمانیا. (نای، ٢٠١١).

لە لایەکی ترەوە، ڕەوتی گەشەی بازرگانی تیشکدەخاتەسەر تەکنەلۆژیای تۆڕەکان، کە بە بەرهەمهێنانی یەکەم کۆمپیوتەری کەسی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەرەتای هەشتاکانەوە دەستیپێکرد، یەکەم ئاماژەی پێشکەوتنێکی گەورە بوو لە سەر ئاستی جیهانی، بە کردنەوەی ئینتەرنێت بۆ بەکارهێنانی مەدەنی لە سەردەمی دوای جەنگی سارد. لەم ڕووەوە بەکارهێنانی مۆبایلە زیرەکەکان کە لەگەڵ بەمەدەنیکردن‌و بازرگانیکردنی ئینتەرنێت‌و پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیای مۆبایل لە ساڵانی دووهەزاردا هەتا دێت، بەربڵاوتربووە، کاریگەریی لە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەمرۆ هەیە. هاوکات لەگەڵ ئەم پێشکەوتنەدا، وڵاتان دەستیانکردووە بە کۆنترۆڵکردنی ئەو سیستەمانەی کە خزمەتگوزارییە گشتییەکانی تێدا جێبەجێدەکەن، کە بە "ژێرخانە گرنگەکان" پێناسەدەکرێن، لەگەڵ داهێنانەکان لە سەر بنەمای تەکنەلۆژیای تۆڕ. لە ئەنجامی ئەم پێشکەوتنەدا، دڵنیابوون لە ئاسایشی ئەلیکترۆنیی ژێرخانە گرنگەکان بووە بە یەکێک لە گرنگترین ئەولەویەتەکانی وڵاتان.

دیسانەوە هاوتەریب لەگەڵ ئەم پێشهاتانەدا، دەوڵەتەکان لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەستیانکرد بە دانانی پلان بۆ گونجاندنی تەکنەلۆژیای تۆڕەکان لەگەڵ توانا ئاسایییەکانی سوپاکانیاندا. لەم چوارچێوەیەدا پێشنیاری شۆڕش لە کاروباری سەربازی RMA)) کە لەلایەن نیکۆلای ئۆگارکۆڤەوە، ئەفسەرێکی باڵایە، کە لە ماوەی ئاماژەپێکراودا لە سوپای یەکێتیی سۆڤیەتدا خزمەتێکی زۆری کردووە، داڕێژراوە، یەکەم نموونەی پلانی دەوڵەتەکانە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای تۆڕەکان

بۆ زیادکردنی هێزی سەربازییان. (مۆتۆرپ، ٢٠٠٥، لل ١٣٧-١٥٥). لە وەڵامی ئەو پێشنیارەدا کە ئۆگارکۆڤ پێشکەشیکرد، ئەمریکا پلانی پرۆژەی جەنگی ئەستێرەکانی "دەستپێشخەریی بەرگریی ستراتیجی"ی دانا. (باشباشئۆغڵو، ٢٠١١، ٧٥). هەرچەندە ئەم دوو پرۆژەیە هەرگیز جێبەجێنەکراون، بەڵام زۆر گرنگن، بەو پێیەی زلهێزەکانی ئەو سەردەمە؛ ئەمریکاو یەکێتیی سۆڤیەت، یەکەم هەوڵیان دا بۆ ئەوەی ئەو دەرفەتانەی کە تەکنەلۆژیای تۆڕەکان دابینیانکردووە، لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بخەنەناو توانا سەربازییەکانیانەوە. ( دارجلی، ٢٠١٨، ٣١٣).

بەم شۆڕشە فیکرییە، لە ساڵانی نەوەدەکانەوە، دەوڵەتان دەستیانکردووە بە لێکدانەوەی ئەو دەرفەتانەی کە فەزای ئەلیکترۆنی دابینیدەکات، وەک دەرفەتێکی نوێ بۆ پەرەپێدانی توانا سەربازییەکانیان، وەک لە ڕێبازەکانی پارادایمی ڕیالپۆلیتیکدا گوزارشتیلێکراوە. لەم ڕووەوە دەتوانرێت بانگەشەبکرێت کە ئەمریکا، فیدراسیۆنی ڕوسیا، کۆماری میللیی چین، ئێران، ئیسرائیل، ئەڵمانیا، ئینگلتەرا، هیندستانو کۆریای باکوور توانای بەرگریو هێرشی ئەلیکترۆنیی کاریگەریان هەیە لە فەزای ئەلیکترۆنیدا، بەڵام نەک تەنها ئەو دەوڵەتانەی باسکراون، بەڵکو هەموو دەوڵەتە گەورەو بچووکەکانی ناو سیستەمی جیهانی، تەنانەت ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) یان یەکێتیی ئەوروپا، دەستیانکردووە بە دانانی پلانی ستراتیجیی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە خۆیان.

## هەڵسەنگاندنی گەشەسەندنە سەرەکییەکان لە چوارچێوەی بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا لە تورکیا

تورکیا بەو یاسایانەی کە لە ساڵانی نەوەدەکانەوە دەریکردوون، دەریخستووە کە لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا بێباک نییە. لەم ڕووەوە، یاسای هەموارکردنەوەی هەندێک مادەی یاسای سزادانی تورکیا، ژمارە (٣٧٥٦)، لە ڕێکەوتی (٦)ی حوزەیرانی (١٩٩١) بۆ یەکەم جار سەبارەت بە تاوانە ئەلیکترۆنییەکان ئامادەکرا. (بچاکچی ڤی دی، ٢٠١٥، ٤). لەگەڵ مادەی (٢٠)ی ئەم هەموارکردنەوەیە، لە ژێر ناونیشانی "تاوانەکان لە بواری تەکنەلۆژیای زانیاری"؛ "دەستبەسەرداگرتنی نایاسایی بەرنامە، داتا یان بەشەکانی تر لە کۆمپیوتەرێکەوە، یان بەکارهێنان، گواستنەوە یان کۆپیکردنیان بۆ زیانگەیاندن بە کەسێکی تر"، بە پێی یاسا وەک توخمێکی تاوانکاری وەرگیراوە. (ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەی تورکیا، ١٩٩١). دواتر لەگەڵ دەرچوونی یاساکاندا لە ساڵانی (٢٠٠٠)و بەڵگەنامەکانی ستراتیجیی ئاسایشی ئەلیکترۆنیو دامەزراندنی دامەزراوەکان، کە لە دوای ساڵی (٢٠١٠)وە تایبەت بەم بوارە، تورکیا دەستیکرد بە دانانی پلان بۆ باشترکردنی توانای بەرگریو هێرشی ئەلیکترۆنیی خۆی.

هەروەک ئەوەی کە لە جیهاندا هەیە، دەتوانرێت پێناسەی جیاواز لە ئەدەبیاتی

ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە تورکیادا بکرێت. لەم چوارچێوەیەدا دامەزراەی تەکنەلۆژیای زانیاری BTK))؛ ئاسایشی ئەلیکترۆنی بە "کۆمەڵێک ئامرازو سیاسەتو چەمکەکانی ئاسایشو مسۆگەرکردنی ئاسایشو ڕێنماییەکانو ڕێگەکانی بەکارهێنەرانی مەترسیو چالاکیو ڕاهێنانو باشترین کارو تەکنەلۆژیا، کە بەکاردێت بۆ پاراستنی دامەزراوەکان، ڕێکخراوەکانو بەکارهێنەران لە ژینگەی سایبەردا" پێناسەکراوە. (.(BTK, 2018a

ئەم چەمکە لە ستراتیجی نیشتیمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنیو پلانی کارکردنی (٢٠١٣-٢٠١٤)دا هاتووە، کە بریتییە لە "پاراستنی سیستەمی زانیاری، کە ژینگەی ئەلیکترۆنیی پێکهێناوە، لە هێرشەکانو پاراستنی نهێنیو یەکگرتوویيو دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی پرۆسێسکراو لەم ژینگەیەداو ئاشکراکردنی هێرشو ڕوداوەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیو چالاککردنی میکانیزمەکانی وەڵامدانەوە بەرانبەر بەم ئاشکراکردنانەو دواتر گەڕاندنەوەی سیستەمەکان بۆ دۆخی سروشتیی پێش ڕوداوەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی." (وەزارەتی گواستنەوە، کاروباری دەریاییو پەیوەندییەکان، ٢٠١٣).

لە لایەکی دیکەوە، ستراتیجی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانیو پلانی کارەکیی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی ساڵی (٢٠١٦-٢٠١٩) ئاماژەی بەوە کردووە کە ئاسایشی ئەلیکترۆنی بریتییە لە "پاراستنی ئەو سیستەمە زانیارییانەی کە فەزای ئەلیکترۆنی پێکدەهێنێت، لە هێرشەکان، دڵنیابوون لە نهێنیو یەکپارچەییو دەستڕاگەیشتن بەو زانیاری/ داتایانەی لەم ژینگەیەدا پرۆسێسدەکرێن، ئاشکراکردنی هێرشو ڕوداوەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، چالاککردنی میکانیزمەکانی وەڵامدانەوە دژی ئەم ئاشکراکردنەو دواتر گەڕاندنەوەی سیستەمەکان بۆ دۆخی پێش ڕوداوی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی خۆیان." (وەزارەتی گواستنەوەو ژێرخان، ٢٠١٦).

لە لایەکی ترەوە، هەروەک چۆن پێناسەکردنی چەمکی ئاسایشی ئەلیکترۆنی گرنگە، لێکۆڵینەوەی چەمکی ژێرخانە گرنگەکان لە ڕووی کارەکانمانەوە زۆر سوودبەخشە بۆ ئێمە. ئەم چەمکە لە ستراتیجی نیشتیمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنیو پلانی کارکردنی (٢٠١٣-٢٠١٤)دا هاتووە، بەم شێوەیە پێناسەدەکرێت: "ئەو ژێرخانانەی کە سیستەمی زانیاری لەخۆدەگرن، کە ڕەنگە ببنە هۆی زیانی گیانیو زیانی ئابووریی بەرفراوان، یان خاڵی لاوازی ئاسایشی نیشتیمانی یان تێکدانی سیستەمی گشتی، لە کاتێکدا کە نهێنیی ئەو زانیارییانەی کە پرۆسێسدەکرێنو یەکپارچەیی یان دەستڕاگەیشتنەکەی لە مەترسیدایە." (وەزارەتی گواستنەوەو کاروباری دەریاییو پەیوەندییەکان، ٢٠١٣). ستراتیجی نیشتیمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنیو پلانی کارکردنی (٢٠١٦-٢٠١٩) بە هەمان شێوە پێناسەی ژێرخانە گرنگەکان دەکات. (وەزارەتی گواستنەوەو ژێرخان، ٢٠١٩).

لەگەڵ ئەوەیشدا، مانگی تشرینی یەکەمی (٢٠١٢) قۆناغێکی گرنگە، کە تێیدا هەنگاوێکی کۆنکرێتی لە هەوڵەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی تورکیا نرا. لەم ڕێکەوتەدا دامەزراوەی ئاسایشی ئەلیکترۆنی SGK)) بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دامەزرا. ئەم

دامەزراوەیە بە سەرۆکایەتیی وەزیری گواستنەوەو کاروباری دەریایی‌و پەیوەندییەکان UDH)) پێکهاتووە لە وەزارەتەکانی کاروباری دەرەوە، ناوخۆ، بەرگریی نیشتیمانی، (UDH) و یاریدەدەرەکانیان، هەروەها یاریدەدەری وەزیری ئاسایش‌و کاروباری گشتی (ئەم جێگری سکرتاریەتە لە ساڵی (٢٠١٨) داخراوە)، سەرۆکی ڕێکخراوی هەواڵگریی نیشتیمانی، سەرۆکی ئەرکانی گشتیی پەیوەندییەکان، ئەلیکترۆنیات‌و سیستەمی زانیاری، سەرۆکی دەسەڵاتی پەیوەندییەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری BTK))، سەرۆکی ئەنجومەنی توێژینەوەی زانستی‌و تەکنەلۆژی تورکیا TÜBİTAK))، سەرۆکی دەستەی لێکۆڵینەوە لە تاوانە داراییەکان MASAK))، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان (ئەم دامەزراوەیە لە ساڵی ٢٠١٦ داخراوە)و بەڕێوەبەرانی باڵای وەزارەت‌و دامەزراوە حکومییەکان، کە لەلایەن (UDH)ەوە دیاریکراون. (ڕۆژنامەی فەرمی، ژمارە ٢٨٤٤٧، ٢٠١٢).

ئەرکە سەرەکییەکانی دامەزراوەی ئاسایشی ئەلیکترۆنی (SGK) لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیراندا بە وردی دیاریکران. ئەم ئەرکانە دەتوانرێت پوختەبکرێنەوە لە دیاریکردن‌و بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی تورکیا، دڵنیابوون لە پەرەپێدانی سیستەمی سۆفتوێرو هاردوێری نیشتیمانی لە چوارچێوەی بابەتەکەدا، بەرزکردنەوەی هۆشیاری لە کۆمەڵگەدا دەربارەی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، کارکردن لە سەر پەرەپێدانی شارەزایانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی‌و پەرەپێدانی پرۆسەی هاریکاریی نێودەوڵەتی لە بواری ئاسایشی سایبەردا. (ڕۆژنامەی فەرمی، ژمارە ٢٨٤٤٧، ٢٠١٢).

لە لایەکی دیکەوە، داوای دامەزراندنی یەکەم بڕیاری گرنگ، کە لەلایەن (SGK) ەوە دەرکراوە، پەسەندکردنی ستراتیجی نیشتیمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی‌و پلانی کارکردنی (٢٠١٣-٢٠١٤) بوو لە مانگی یەکی ساڵی (٢٠١٣). پلانی کارکردنی (٢٠١٣-٢٠١٤) بەدیهێنانی کۆیگشتیی (٢٩) کردەوەی زۆر گەورە مەبەست بوو. ئەم ئامانجانە لە بنەڕەتدا بریتین لە پاراستن‌و بەهێزکردنی ژێرخانە گرنگەکانی وڵات، پەرەپێدانی دەستپێشخەرییەکانی دامەزراوە حکومییە پەیوەندیدارەکان لەم ڕووەوە، زیادکردنی هۆشیاریی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، ڕاهێنانی پسپۆڕانی سیستەمی زانیاری، ڕێکخستنی مەشق‌و بۆنەی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، زیادکردنی خولەکان‌و بەشەکان، کە لە سەر ئەم بابەتە پێشکەشدەکرێن، میکانیزمەکانی دۆزینەوەو چاودێریکردن‌و ڕێگریکردن لە هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان لەلایەن دەسەڵاتی تەکنەلۆژیای زانیارییەوە BTK))، پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای نیشتیمانی لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا بە ڕێگەکانی وەک پەرەپێدانی سیستەمی شانەی هەنگوین بۆ دۆزینەوەی ئەم هەڕەشانەو دامەزراندنی تاقیگەی لێکۆڵینەوەو پەرەپێدان لە زانکۆکان‌و زیادکردنی ئاسایشی ئەلیکترۆنی بۆ کێشە ئەولەویەتەکان لە سیستەمی هاندانی پرۆژەو چالاکیی بەردەوام بۆ دروستکردنی بەرهەمی نیشتیمانی‌و چارەسەر لە بواری ئاسایشی سایبەر لەگەڵ دامەزراوە

گشتییەکانو ڕێکخراوە تایبەتەکانو دامەزراوە ناحکومییەکانو زانکۆکانو شارەزایانی ئایتیدا بە وردەکارییەکی زۆرەوە لیستکراوەو بەخشینی ئەرکی دروستکردنی فەرهەنگێکی ئاسایشی ئەلیکترۆنی بە کۆمەڵەی زمانی تورکی TDK)). (وەزارەتی گواستنەوە، کاروباری دەریایی‌و پەیوەندییەکان، ٢٠١٣).
سوودێکی بەرچاوی ستراتیجی نیشتیمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنیو پلانی کارکردنی (٢٠١٣-٢٠١٤) بریتییە لە دامەزراندنی سەنتەری نیشتیمانیی وەڵامدانەوەی ڕوداوە ئەلیکترۆنییەکان USOM, TR-CERT))، بە مەبەستی ئاشکراکردنی هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکانو پەرەپێدانی ڕێوشوێنی پێویست. USOM, ٢٠١٨)). دواتر بە بەیاننامەیەک کە لە ساڵی (٢٠١٣)دا بڵاوکرایەوە، بڕیاردرا کە دامەزراوە گشتییەکان تیمەکانی وەڵامدانەوەی ڕوداوە ئەلیکترۆنییەکان (SOME) بە مەبەستی پاراستنی ژێرخانە گرنگەکانیان پێکبهێنن. BTK, ٢٠١٨b)). بە هەمان بەیاننامە، ڕێکخراوە گشتی‌و تایبەتەکان، کە ژێرخانی گرنگ بەڕێوەدەبەن، ناچاربوون بە کردنەوەی "تیمی وەڵامدانەوەی ڕوداوە ئەلیکترۆنییەکان" (SOME)ی کۆمپانیاکان، کە لە چوارچێوەی کەرتی (SOME)یدا کاردەکەن. (BTK, ٢٠١٨b).
دواتر لە مانگی ئەیلوولی (٢٠١٦)، تورکیا ستراتیجی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانی‌و پلانی کارکردنی (٢٠١٦-٢٠١٩)ی پەسەندکرد. لە ناو ئەم پلانەدا ئامانجی هاوشێوەو گونجاو لەگەڵ پلانی کارکردنی (٢٠١٣-٢٠١٤) خراوەتە بەرنامەی کارەوە. ئەو بابەتەی کە باسدەکرێت، بە زاراوەیەکی سادەترو گشتیتر لە پلانی ستراتیجی پێشوو ئامادەکراوە. لەم پلانەدا بە ڕێبازێکی دروست جەخت لە سەر پەرەپێدانی سۆفتوێرو تەکنەلۆژیای نیشتیمانی کراوەتەوەو ئاماژە بەوە کراوە کە فەرهەنگی زاراوەی ئاسایشی ئەلیکترۆنی ئامادەدەکرێت. بە شێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی ستراتیجی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانی‌و پلانی کارکردنی (٢٠١٦-٢٠١٩)، ستراتیجییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی دەوڵەتانی دیکە لێیانکۆڵرایەوەو لەم بەڵگەنامانەی ستراتیجیدا ئامانجەکان لە ژێر سەردێڕی سەرەکی وەک ئاڵودەبوون بە ئینتەرنێت، سیخوڕیی ئەلیکترۆنی، ڕاهێنانی کارمەندانی پسپۆڕانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی‌و نەهێشتنی لاوازییەکانی هەماهەنگی لە نێوان دامەزراوەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا خراوەتە بەرنامەی کارەوە. جگە لەمانە، باس لەوە کراوە کە پێویستە سیستەمی ژینگەیی ئەلیکترۆنی لە تورکیادا بە ڕێبازێکی دروست پەرەپێبدرێتو ئاسایشی ئەلیکترۆنی دەبێت لەگەڵ ئاسایشی نیشتمانیدا یەکبخرێت. (وەزارەتی گواستنەوە، کاروباری دەریایی‌و پەیوەندییەکان، ٢٠١٣).
لەم خاڵەدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە ئامانجی پلانی کاری (٢٠١٣-٢٠١٤) بۆ دروستکردنی فەرهەنگی زاراوەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی ڕێگەیەکی سەرنجڕاکێشە، کاتێک سیستەمی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی گەلی کۆماری چین لێیدەکۆڵرێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا پێناسەکانی "ئاسایشی زانیاری" یان "ئاسایشی تۆڕ" بە شێوەیەکی

سەرەکی لە بریی چەمکی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە زاراوەی چینیدا بەکاردەهێنرێن. لە زاراوەی فەرمیو ئەکادیمیو سەربازیدا وشەی "تۆڕ/نێتۆرک/وانگلو" بەکاردەهێنرێت، بۆئەوەی لەگەڵ وشەی سایبەردا بگونجێتو چەمکی فەزای ئەلیکترۆنی بە چەمکەکانی "فەزای تۆڕ/فەزای نێتۆرک/سایبۆ کانگجیان" ڕووندەکرێتەوە. ڕێبازێکی دیکەی جیاواز پەیوەندیی بە پێناسەی "جەنگی ئەلیکترۆنی"ەوە هەیە. لە زاراوەی چینیدا ئەم چەمکە تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی چالاکییەکانی شەڕی دەروونی بەکاردەهێنرێت، کە لە ڕۆژئاواوە سەرچاوەیانگرتووە، بە تایبەتی ئەمریکا. (ناتۆ، ٢٠١٦).

دەتوانرێت ئەوە لەبەرچاوبگیرێت کە دوو هۆکار هەیە بۆ ئەم ڕێبازە جیاوازانە بۆ زاراوە، یەکەمیان سیستەمی بەڕێوەبردنی سۆشیالیستی کۆماری گەلی چینە. هۆکارێکی دیکە پەیوەندیی بە هەڵوێستی کاردانەوەی کۆماری گەلی چینەوە هەیە بەرانبەر بەو ئەدەبیاتەی کە جیهانی ڕۆژئاواو بە تایبەت ئەمریکا لە ڕۆڵی چەمکی فەزای ئەلیکترۆنی دایڕشتووە. وەک دەبینرێت، کۆماری گەلی چین هەوڵدەدات هەڵوێستو سیستەمی ناوازەی خۆی لە دژی هەژموونی ئەمریکاو ڕۆژئاوا پەرەپێبدات، چ لە بواری سەربازی، چ لە بواری ئابووری، چ لە بواری ڕۆشنبیری، چ لە بواری سیاسیو کۆمەڵایەتیدا، یان لە بواری فەزای ئەلیکترۆنیدا. لەم ڕووەوە دەتوانرێت بڵێین کە کۆماری گەلی چین ئامانجی ئەوەیە کە ببێتە جێگرەوەیەکی جیهانی لە فەزای ئەلیکترۆنیدا.

هەروەک بە وردی ڕوونکراوەتەوە، سەبارەت بە نموونەی کۆماری گەلی چین، لە کاتی ئامادەکردنی فەرهەنگی ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا، سوودبەخشە بۆ ئێمە کە ئامانجی پەرەپێدانی ئەدەبیاتی ئاسایشی ئەلیکترۆنی ناوخۆیی ڕەچاوبکەین بە گوێرەی ئامانجی تورکیا، کە تەکنەلۆژیای ئاسایشی نیشتیمانیی ئەلیکترۆنی هەبێت. لەم چوارچێوەیەدا دەتوانرێت دڵنیابکرێتەوە لەوەی کە ئەکادیمییەکانو ئەو خوێندکارانەی کە لەم بابەتە دەکۆڵنەوە، شوێنی پێکهاتەیەکی بیرۆکەیی تێگەیشتووتر دەکەون، بەم شێوەیە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی سیستەمی ئاسایشی نیشتیمانیی ئەلیکترۆنیی تورکیا.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم زانیارییانەدا، لەم قۆناغەی لێکۆڵینەوەکەدا، جەخت لەوە دەکرێتەوە کە هەردوو بەڵگەنامەی ستراتیجیی تورکیا، هەم ئەو بەڵگەنامەیە ستراتیجییانەی لە سەرەتای سالانی دووهەزارەوە ئامادەیانکردوونو هەم ئەو پێشهاتانەی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە سەنتەری تەکنەلۆژیای تۆڕە، وەکو ناوچەی دەرفەت بۆ باشترکردنی توانای سەربازیی خۆیانو ئەو بەدامەزراوەییکردنەی کە لەم ڕووەوە دایانمەزراندووە، وا دادەنرێت کە بەراوردکردنیان لەگەڵ بەڵگەنامەکانی ستراتیجی ئەمریکاو ڕوسیادا بەسوود دەبێت، بەو پێیەی ئەوان زاڵن بە سەر فەزای ئەلیکترۆنیی ناو پێکهاتەکانیاندا.

سیستەمی فیدراڵیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بوونی میکانیزمی سەربەخۆ بۆ دروستکردنی بڕیار لەم سیستەمەوە سەرچاوەدەگرێتو بوونی ژمارەیەکی زۆر لە

دامـەزراوەو ڕێکخـراوەکان، کـە لـە بـواری ئاسـایشی ئەلیکترۆنیدا کاردەکەنو گۆڕانی ئەولەویەتەکانی سیاسەتی ئەو حکومەتانەی کە بە درێژایی چەندین ساڵی ڕابردوو هاتوونەتەسەر دەسەڵات، هەروەها پێکهاتەی بەڕێوەبردنی تا ڕادەیەک کراوەتر، دەبینرێت وایکردووە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە بەراورد بە یەکێتیی ڕوسیا چالاکترە. وەک تێبینیدەکرێت، لە نیوەی دووەمی ساڵانی نەوەدەکانەوە چەندین پلانو بەڵگەنامەو ستراتیژو بنەماو فەرمانی سەرۆکایەتیی سەبارەت بە بـواری ئاسایشی ئەلیکترۆنی خستووەتەڕوو. بە هۆی ئەم پێکهاتە ئاڵۆزەوە، بەردەوام لە بەڵگەنامە فەرمییەکاندا جەخت لەوە دەکرێتەوە کە ئاسایشی ئەلیکترۆنی زۆر گرنگە لە ڕووی پاراستنی ژێرخانە گرنگەکانی ئەمریکاوە، هەر بۆیە ئاماژە بەوەیش دەکات کە پێویستە زاڵبن بە سەر خاڵە لاوازەکانی هەماهەنگیی نێوان دامەزراوە پەیوەندیدارەکاندا. (دارجلی، ٢٠١٧، ل ل ٢٤٤-٢٤٥).

لە لایەکی ترەوە لە ڕوسیا بە پێچەوانەی سیستەمی سیستەماتیکی ئەمریکاوە، دەبینرێت کە بەڵگەنامە فەرمییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەلایەن بیرۆکراسیی بەرگری،ئاسایشی، هەواڵگریی ڕوسیاوە لە چوارچێوەی ستانداردێکی دیاریکراودا ئامادەدەکرێن لە بریی زۆرێک لە دامەزراوەو ڕێکخراوەکان. لە هەموو ئەو بەڵگەنامە فەرمییانەدا بەردەوام جەخت لە سەر گرنگیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی دەکرایەوەو ئاماژە بە سوودەکانی هاوکاریی نێودەوڵەتی دەکرا، بەڵام هەرگیز نەچووەناو وردەکارییەوەکانەوە. جگە لەم ڕێبازە ستاندارده، ئەو بابەتەیە بە ناوی بەهای زانستەوە لە پێشبینیکردندا، کە لەلایەن سەرۆکی ئەرکانی گشتیی ڕوسیا؛ ڤالێری جیراسیمۆڤەوە، نوسراوەو لە "گۆڤاری کوریەری پیشەسازیی سەربازی"دا لە ساڵی (٢٠١٢)دا بڵاوکراوەتەوەو بە شێوەیەکی کاریگەر لەو بوارەدا بەکارهێنراوە لە کاتی دەستوەردانی لە ئۆکرانیادا لە ساڵی (٢٠١٤-٢٠١٥)دا، ئەو تیۆرەی کە کارپێکراوە، عەقیدەی جیراسیمۆڤ (چەمکی جەنگی تێکەڵ)ە. (دارجلی، ٢٠١٧، ٢٤٧). بە پێی عەقیدەی جیراسیمۆڤ، سوپای ڕوسیا ئامرازو توانای پلاندانانی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی هەیە بە بەکارهێنانی ڕێوشوێنە ئابوورییە پلانبۆدارێژراوەکان، شێوازی هێرشی ئەلیکترۆنی، چالاکیی گەریلا، کە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆیی یان گرووپە مایکرۆناسیۆنالیستەکاندا دەکرێن، کە لەلایەن هێزی پیادەی تایبەتو شێوازەکانی جەنگی زانیارییەوە پشتگیریدەکرێن. (جیراسیمۆڤ، ٢٠١٣).

وەک باسکراوە، ڕوسیاو ئەمریکا بە ئاشکرا خۆیان لە چوونەناو وردەکارییەکانی بەڵگەنامەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیو ئاشکراکردنی پلانەکانیانەوە لە سەر ئەم بابەتە بەدووردەگرن. هەڵوێستی تەنانەت ئەمریکا، کە وا بیردەکرێتەوە جەختکەرەوەیە سەبارەت بە پرۆسەکانی بڕیاردانی دیموکراسی، لە سەر ئەم پرسە دەبێت لەناو تورکیادا جێی سەرنج بێت. لەو چوارچێوەیەیشدا، تورکیا پلانی کاری ساڵی (٢٠١٣-٢٠١٤)ی بە

شێوەیەکی وردتر لە پێویست ئامادەکردووە، بە بۆچوونی ئێمە، ئامانجەکانی خۆی بە ڕوونی بۆ ڕایگشتی ئاشکراکردووە. بەشێکی بەرچاو لەو ئامانجانە بەدینەهاتووە. پلانی کارکردنی (٢٠١٦-٢٠١٩) بە ڕێبازێکی گونجاوتر، واتە بە شێوەیەکی گشتی ئامادەکرا. ئەوەی پێویستە لەم خاڵەدا بکرێت، ئامادەکردنی ئەم بەڵگەنامانەی ستراتیجییە بە گوێرەی ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی گشتی لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا. لەم چوارچێوەیەدا پێمانوایە بەڵگەنامەکانی ستراتیجیی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی تورکیا بە شێوەیەکی گشتیو بە شێوەیەک ئامادەبکرێن کە ئامانجە سەرەکییەکان بە جۆرێک دابنرێت کە ببێتە هۆی هۆشیارکردنەوەی خەڵکو دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی دەوڵەت، بەڵام تورکیا پێویستە هەستیارانە مامەڵەبکات لە کاتی دروستکردنی پێکهاتە دامەزراوەییەکاندا، کە توانای بەرگریو هێرشی ئەلیکترۆنی باشتربکات. لە کاتی دامەزراندنی پێکهاتەکاندا، پێویستە سیستەمێکی بەڕێوەبردن دروستبکرێت بۆ پەرەپێدانی پلانەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە لە بەڵگەنامەکانی ستراتیجی ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا بە شێوەیەکی گشتی دیاریکراونو بە تایبەتی گرنگی بە دڵنیابوون لە هەماهەنگیی نێوان ئەو دامەزراوانەی کە قسەیان لە سەر دەکرێت، بدرێت.

## هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانو کاریگەریی دامەزراوە فەرمییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی تورکیا

پەیکەری ڕێکخستنی دامەزراوە فەرمییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی تورکیا لە چوارچێوەی سێ ئامانجی بنەڕەتیدا داڕێژراوە. دامەزراوەکانی گرووپی یەکەم بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکانو بەشداریکردن لە چالاکییە هەواڵگرییەکان لە چوارچێوەی بوارەکانی چالاکییەکانیاندا دامەزراون. دامودەزگاکانی گرووپی دووەم سەرنجیان لە سەر دەستەبەرکردنی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی ژێرخانە گرنگەکانو خەڵکو بونیادنانی توانای بەرگریی ئەلیکترۆنیو هێرشو سیخوڕیی تورکیایە. دامەزراوەکانی گرووپی سێیەم دەستپێشخەرییە تایبەتەکانن، کە دەوڵەت پشتیوانییاندەکات. دەستەی باڵای بەرپرس لە دیاریکردنو بەڕێوەبردنی ئامانجەکانی تەواوی ئەم پێکهاتە ڕێکخراوەییە لە ڕووی دامەزراندنی سیاسەتی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی تورکیا؛ "دەستەی ئاسایشی ئەلیکترۆنی" (SGK)یە.

ئەو ڕێکخراوانەی ئامانجیان بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکانو ئەنجامدانی چالاکییە هەواڵگرییەکانی پەیوەست بە بوارەکانی چالاکییەکانیانەوە هەیە، بریتین لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایش (EGM)/ بەشی بەڕێوەبردنی دژە تاوانە ئەلیکترۆنییەکان، کە لە چوارچێوەی وەزارەتی ناوخۆدا دامەزراوە، فەرماندەیی گشتیی جەندرمە (JGK)/ بەشی زانیاریو تەکنیکیی بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریو فەرماندەیی

پاسەوانی کەناراوەکان/ بەشی هەواڵگریی دژەتاوانی سایبەری.
پەیکەری دامەزراوەیی لە گرووپی دووەمدا بریتییە لە دەسەڵاتی پەیوەندیی تەکنەلۆژیای زانیاری (BTK)، ڕێکخراوی هەواڵگریی نیشتیمانی (MIT)، سەرۆکایەتیی بەڕێوەبردنی کارەساتو فریاگوزاری (AFAD)، فەرماندەیی بەرگریی ئەلیکترۆنیی هێزە چەکدارەکانی تورکیا (TSK)، ئەنجومەنی توێژینەوەی زانستیو تەکنەلۆژیی تورکیا (TUBITAK). لەم چوارچێوەیەدا لەگەڵ ئەو ڕێنماییە یاساییانەی کە لە ساڵانی (٢٠٠٨)و (٢٠١٤)دا دراون، دەسەڵاتی پەیوەندیی تەکنەلۆژیای زانیاری (BTK) بووە بەو دامەزراوەیەی کە ئەرکی سەرەکی دابیندەکات لە دروستکردنی توانای بەرگریی ئەلیکترۆنیی تورکیا لە چوارچێوەی چاودێریکردنی ئاسایشی زانیاریو نهێنیی پەیوەندیکردنو دڵنیابوون لە ئاسایشی تۆڕەکە دژی دەستگەیشتنی ڕێگەپێنەدراوو گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنانەی کە بە یاسا دیاریکراون بۆ مەبەستی ئاسایشی نیشتیمانیو سیستەمی گشتی یان جێبەجێکردنی خزمەتگوزاری. (BTK, ٢٠١٨).
لە لایەکی ترەوە بە یاسایەک، کە لە ساڵی (٢٠٠٩) دەرچوو، دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی فریاگوزاری لە ئەگەری ڕودانی کارەسات لە تورکیا درا بە (AFAD). بە پێی هەمان یاسا کارەساتەکان وەک کارەساتی تەکنەلۆژیو سروشتی دابەشدەکرێن بۆ دوو بەش. بە گوێرەی هەمان یاسا، کارەساتەکان دابەشدەکرێن بۆ دوو بەش، ئەوانیش کارەساتی تەکنەلۆژیو کارەساتی سروشتییە. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر تورکیا ڕووبەڕووی هێرشێکی ئەلیکترۆنیی سەرتاسەری ببێتەوەو ئەمەیش بگاتە ئاستێکی کارەسات، ئەوا پرۆسەی ئەگەری قەیرانەکان لەلایەن ئافادەوە هەماهەنگدەکرێت. (ڕۆژنامەی فەرمی ژمارە ٢٧٢٦١، ٢٠٠٩). بەڵام هەتا ئێستا بە ڕوونی باس لەوە نەکراوە کە ئەم قەیرانە چۆنو لە چوارچێوەی کام پێکهاتەو پرۆسەی دامەزراوەییدا بەڕێوەدەچێت.
(TÜBİTAK) هەتا مانگی تشرینی یەکەمی (٢٠١٢) ئەرکە سەرەتاییەکانی لە تورکیا وەک دامەزراوەی بەرپرس لە ئاسایشی ئەلیکترۆنی جێبەجێکرد. ئەم دەسەڵاتەی لە ساڵی (٢٠١٢)دا گواستەوە بۆ گواستنەوەو دەریاییو پەیوەندییەکان (UDH). ئەمڕۆ (TÜBİTAK) بەشێکی بەرچاو لە چارەسەرە کریپتۆ نیشتمانییەکان (پاراستنی زانیاری لە ڕێگەی بەکۆدکردنیەوە) دابیندەکات. (TÜBİTAK)، لەگەڵ (UDH)و (USOM) دا ئێستا سیستەمی دیاریکردنی هەڕەشەی ئەلیکترۆنیی وڵاتەکەی بەڕێوەدەبات، کە هاتوچۆ لە (١٦٤) خاڵی جیاوازەوە لە (٨١) پارێزگا کۆدەکاتەوە. (بچاکچی. vd، ٢٠١٥، ٩).
بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی ئەلیکترۆنیو تەکنیکیETI) )ی (MIT) چالاکی دەکات لە چوارچێوەی ئامانجەکانی یاسای دامەزراندنی (MIT)؛ ژمارە (٢٩٣٧)، لە چوارچێوەی ئەرکەکانی ئاشکراکردنی ئەو زانیارییانەی کە لە ڕێگەی پەیوەندییەکانەوە بەدەستهاتوون، شیکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە لەم ڕێگەیەدا دۆزراونەتەوە،

دابینکردن‌و شیکردنەوەی زیرەکیی وێنە IMINT))و دەستگەیشتن بە پەیوەندییە کۆدکراوەکان. لە لایەکی ترەوە، بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی سیگناڵ SIBA)) ئەرکەکانی وەک دابینکردنی هەواڵگریی سیگناڵ (SIGINT)، چاودێریکردنی پەیوەندی‌و پەیوەندییەکانی ڕادار بۆ ئامانجە ئامانجدارەکان‌و شیکردنەوەی ئەو زانیارییە هەواڵگرییە سەرەتاییانەی کۆکراونەتەوە وەک ئەنجام. (MİT, ٢٠١٨). (SIB) لە ساڵی (٢٠١٢) دامەزراوە، کاتێک پەکەکە، کە پێشوو وەک ستافی گشتیی سیستەمی ئەلیکترۆنی (GES) کاریدەکرد، گواسترایەوە بۆ (MIT). (ڕۆژنامەی سەباح، ٢٠١٢).

فەرماندەیی (GES)، کە گواسترایەوە بۆ (MİT)، ناوی گۆڕدرا بۆ (SIB)، ساڵانێکە لە چوارچێوەی ستانداردەکانی ناتۆدا ئەو یەکەیە بووە کە پێداویستیی هەواڵگریی سیگناڵەکانی هێزە چەکدارەکانی تورکیای دابینکردووە. ئەم یەکەیە لە ساڵی (٢٠١٢)دا گواسترایەوە بۆ (MİT)، بە مەبەستی ڕێگریکردن لە هەوڵەکانی دزەکردنی پێکهاتەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی فەتحوڵڵا (FETO). فەرماندەیی (GES) دەتوانرێت بەراوردبکرێت بە دەزگای ئاسایشی نیشتیمانیی ئەمریکا (NSA) لە ڕووی ئاسانکاری‌و تواناکانیەوە. (NSA) دەزگایەکی هەواڵگریی سەربەخۆیە، کە لەلایەن ئەمریکاوە بە مەبەستی چاودێریکردنی جیهانی، کۆدکردنەوە، کۆکردنەوەی زانیاری، شیکاری داتا، کۆکردنەوەی سیگناڵ، وەرگێڕان‌و دژەهەواڵگری بەرانبەر بە هەواڵگریی بیانی دامەزراوە. دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی (NSA) بەرپرسە لە پاراستنی سیستەمی پەیوەندی‌و داتاکانی زانیاریی ئەمریکا. هەروەها (NSA) پشتگیریی شیکاری بۆ هێزە چەکدارەکانی ئەمریکاو خزمەتگوزارییە هەواڵگرییەکانی دیکە دابیندەکات. (NSA، ٢٠١٨).

هەرچەندە گواستنەوەی (GES) بۆ (MIT) پێویستییەک بوو لە چوارچێوەی مەرجی ئەو سەردەمەدا، بەڵام ئێمە پێمانوایە ئەوە سوودبەخشە بۆ ڕێکخراوێک کە مەودایەکی فراوان لە دەرفەت‌و توانای هەبێت کە بخرێتەناو ستراتیجی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی تورکیاوە، بە شێوەیەک کە یاساو ڕێکخراوێکی سەربەخۆی هەبێت لەگەڵ بەڕێوەبردنی کارمەندانی سەربازی-مەدەنی، وەک لە حاڵەتی ئەمریکادا. بە لەبەرچاوگرتنی باری کاری ئێستای (MIT)و زیادبوونی دەسەڵاتی دادوەری‌و قەبارەی لەگەڵ ڕێسا یاساییە نوێیەکاندا، ڕێگەیەکی کاراتر دەبێت بۆ (SIB)ی تورکیا، کە بەردەوامبێت لە چالاکییەکانی وەک پێکهاتەیەکی سەربەخۆ، وەک لە نموونەی (NSA)، بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی‌و سیخوریی نیشتیمانیی تورکیا.

هاوکات لەگەڵ ئەمانەیشدا، هێزە چەکدارەکانی تورکیا بڕیاریاندا لە مانگی حوزەیرانی (٢٠١٢)دا بەڕێوەبەرایەتیی ناوەندیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی دابمەزرێنێت. ئەم پێکهاتەیە سەرەتا وەک یەکەی (SOME)ی هێزە چەکدارەکانی تورکیا ڕێکخرابوو. لە ساڵی (٢٠١٣) هێزە چەکدارەکانی تورکیا دامەزراندنی فەرماندەیی بەرگریی ئەلیکترۆنی بە پێکهاتەیەکی ئاستی فەوج ڕاگەیاند. ئەرکەکانی ئەم یەکەیە بریتییە لە دابینکردنی

بەرگریی ئەلیکترۆنی بۆ هەموو ئەو سیستەمە لە ژینگەی ئەلیکترۆنیدا، کە هێزە چەکدارەکانی تورکیا بەکاریدەهێنن، بۆ دەستوەردان لە ڕوداوە ئەلیکترۆنییەکان بە شێوەی (٢٤) کاژێر لە ڕۆژێکداو (٧) ڕۆژ لە هەفتەیەکدا کارکردن، بەشداریکردن لە مانۆڕەکان، کە لە سەر ئاستی نیشتیمانیو لەلایەن ناتۆوە دەکرێن، بۆ هۆشیاریو چالاکییەکانی ڕاهێنان لە سەرانسەری هێزە چەکدارەکانی تورکیا، بۆ چاودێریکردنی ئەو تۆڕانەی کە لەلایەن هێزە چەکدارەکانی تورکیاوە بەکاردەهێنرێن بۆ وردبینیو تاقیکردنەوە ئاساییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی. (بچاکچی، vd.، ٢٠١٥، ١٨).

لەم خاڵەدا وا بیردەکرێتەوە کە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان گرنگ دەبێت بەراوردێک لە نێوان فەرماندەیی بەرگریی ئەلیکترۆنی لە ناو هێزە چەکدارەکانی تورکیاو پێکهاتەی هاوشێوەی ئەمریکادا بکەین، کە بەهێزترین سوپای هەیە لە جیهاندا. وەزارەتی بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆڵێکی کارای هەیە لە جێبەجێکردنی ستراتیجی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی ئەمریکادا. کۆمپانیای سایبەرکۆم (Cyber Command)، کە لە ساڵی (٢٠١٠) دامەزراوە، کاریگەرترین ڕۆڵی هەیە لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە هەیکەلی وەزارەتی بەرگریدا. سایبەرکۆم سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکانی ئێستای سوپای ئەمریکا ڕێکدەخاتو پلانی بەرگریو هێرشی ستراتیجی ئامادەدەکاتو هاوکات بەرگری لە تۆڕەکانی کۆمپیوتەری سەربازیی ئەمریکا دەکات. پێکهاتەی وەک "هێزی ئاسمانیی (٢٤)، یەکەی شەڕی ئەلیکترۆنیی سوپای ئەمریکا، یەکەی شەڕی ئەلیکترۆنیی هێزی دەریایی، یەکەی شەڕی ئەلیکترۆنیی هێزی دەریایی" لەخۆدەگرێت. جگە لەو ڕێکخراوانە، ڕێکخراوێکیش هەیە بە ناوی ناوەندی سایبەری هاوبەشەوە (JCC)، کە هەریەکەیان چالاکیو ئەرکی هەماهەنگیی دەکەن لە بواری ئەرکو بەرپرسیاریەتیی خۆی لە بەشەکانی هێزی دەریاییو ئاسمانی لە وەزارەتی بەرگریدا. (دارجلی، ٢٠١٧، ل ل ٨٨-٩٠).

وەک دەبینرێت، سایبەرکۆم پێکهاتەیەکە کە یەکەی لاوەکیی هەیەو چالاکی لە ئاستێکی فراواندا دەکات. (Tirrell, ٢٠١٢). بەڕێوەبەری دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی (NSA)، کە سەرۆکایەتیی (NSA) دەکات، هەروەها فەرماندەی کۆمپانیای سایبەرکۆمە. لەم ڕووەوە زۆر ئەستەمە بڵێین یەکەکانی بەرگریی ئەلیکترۆنیی هێزە چەکدارەکانی تورکیا وەک سایبەرکۆم هێشتا توانای تەواویان هەیە لە ژینگەی ململانێی ئەلیکترۆنی لە فەزای ئەلیکترۆنیدا کاربکەن، هەر لەبەر ئەم هۆکارە گرنگە هێزە چەکدارەکانی تورکیا بە خێرایی بەرەو پێکهاتەیەک هەنگاوبنێن کە دەرفەتو توانای لەو جۆرەی هەبێت.

کۆمپانیا تایبەتەکانی پشتیوانی دەوڵەت بریتین لە ئەندازیاریی تەکنەلۆژیای بەرگری (STM)، پیشەسازیی ئەلیکترۆنیی ئاسمانی (HAVELSAN)و پیشەسازیی ئەلیکترۆنیی سەربازی (ASELSAN). کۆمپانیای (STM) کە لقێکی ڕاوێژکاریی پیشەسازیی بەرگرییە (SSM)، لە مانگی ئایاری (٢٠١٦) سەنتەری سایبەر فیوژن (SFM)ی دامەزراند. لەم

چوارچێوەیەدا، (SFM) بەردەوامە لە چالاکی پارێزگاریو بە تایبەت سەروەتو سامانی تەکنەلۆژیاو زانیاریی تورکیا دەپارێزێت. (SFM) هەماهەنگیی ڕەوتی زانیاریو ئەرکەکانی ئاسایش بەڕێوەدەبات، کە لە ئۆپراسیۆنەکانی تەکنەلۆژیای زانیاریو هەواڵگریی هەڕەشەوە دێن. کۆمپانیای (HAVELSAN) لە مانگی ئازاری (٢٠١٦) سەنتەری تەکنەلۆژیای بەرگریی ئەلیکترۆنی (SİSATEM)ی خستە بواری جێبەجێکردنەوە. ئامانجی ئەم سەنتەرە بەرهەمهێنانی بەرهەمو چارەسەری بنەڕەتییە لە بواری ئەلیکترۆنیدا. هەروەها کۆمپانیای (SİSATEM) بە شێوەیەک داڕێژرابوو کە ببێتە سەنتەری تەکنەلۆژیا، توێژینەوەو پەرەپێدان، تاقیکردنەوەو چاودێریکردن. جگە لەمانە، (ASELSAN) هەوڵدەدات پڕۆژە ڕەسەنەکان پەرەپێبدات، بە دروستکردنی چارەسەری نیشتیمانی لە بواری ئاسایشی سایبەرو کریپتۆگرافیدا، هەروەها بۆ دۆزینەوەی دەرفەتی هەناردەکردن لەگەڵ کەرتی گشتیو سەربازیو مەدەنیدا. (ئاتێش، ٢٠١٨).

ئەگەر کەسێک بیەوێت تێڕوانینێک دروستبکات سەبارەت بە پلاندانانی داهاتووی دەستپێشخەرییەکانی تورکیا، کە لە کەرتی ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا کاردەکات، ئەوا زۆر بەسوود دەبێت کە لێکۆڵینەوە لە هەماهەنگییەکانی نێوان کەرتی گشتیو تایبەتو زانکۆکان، کە ئیسرائیل لە دوای ساڵی (٢٠١٠)ەوە نیشانیداوە، بکات. ئەو دەستپێشخەرییانەی کە لەلایەن دامەزراوەکانی کەرتی گشتیو تایبەتو بازنە ئەکادیمییەکانەوە دەکرێن، کە بە گوێرەی ستراتیجی ئاسایشی نیشتیمانی کاردەکەن، ڕۆڵێکی سەرەکی لە مۆدێلی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی ئیسرائیلدا دەگێڕن. لەم چوارچێوەیەدا دەتوانرێت پڕۆژەی دەستپێشخەریی داهێنانی سایبەرسپارک، کە دەکەوێتە شاری بیروسێبی (بیرشەبا) وەک نموونەیەکی پراکتیکیی مۆدێلی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، کە باسیدەکرێت، هەژماربکرێت. ئەم پڕۆژەیە لە ساڵی (٢٠١٤) دامەزراوە، بە دەستپێشخەریی هاوبەشیی کۆمپانیای (INCB)و شارەوانیی (Birüssebi) و زانکۆی (Ben Gurion)و کۆمپانیاکانی (RSA) ، (EMC) و (Lockheed Martin)و (IBM)و (Deutsche Telekom)و (JVP Cyber Labs)و (Elbit). لەم چوارچێوەیەدا، لە دامەزراندنیەوە، سایبەرسپارک بەشدارییەکی بەرچاوی کردووە لە پەرەپێدانی مۆدێلی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی ئیسرائیل بە دروستکردنی ئیکۆسیستەمێکی ئەلیکترۆنی، کە تێیدا حکومەت، ئەکادیمیا، پیشەسازی، ئیدارەی ناوخۆییو کۆمەڵگەی مەدەنی لایەنی پەیوەندیدارن. (سایبەرسپارک، ٢٠١٨).

هاوشێوەی مۆدێلی دامەزراندنی سایبەرسپارک، زیاتر لە بیست ناوەندی توێژینەوەو پەرەپێدانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، کە لە ناوچە جیاوازەکانی ئیسرائیل دامەزراون، بە هەمان شێوە لە مۆدێلی پەرەپێدانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی ئیسرائیلدا چالاکن. لە چوارچێوەی پەیوەندییە ئابوورییە جیهانییەکاندا، کە لەلایەن ئەم ناوەندانەوە

دامـەزراوە، کۆمپانیا گرنگەکانی تەکنەلۆژیاو سۆفتوێر، وەک: (PayPal)، (IBM)،
(McAfee)، (CA Technologies)، (Cisco)، (General Electric)، (VMWare))و
(Ciscom)، نوسینگەی نوێنەرایەتییان لەم ناوەندانەدا کردووەتەوە. (هۆسن-کۆریێل،
٢٠١٧، ١٥).

لە مۆدێلی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی ئیسرائیلدا، کاریگەرییەکی بەرچاوی زانکۆکانو ناوەندە توێژینەوە جۆراوجۆرەکان هەیە، کە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ستراتیجییەکانی ئاسایشی نیشتیمانی کاردەکەن. (شکێدی، ٢٠١٥، ٥). دەتوانرێت بڵێین ژمارەی ئەو دامەزراوە ئەکادیمیو توێژینەوانەی کە قسەیان لە سەر دەکرێت، لە سەرانسەری ئیسرائیلدا نزیکەی (١٠٠) دامـەزراوەیـە. بۆ پەرەپێدانی ئەم جۆرە دامـەزراوانـە، بەرنامەیەکی هاندان، کە بودجەیەکی گەورە بوو لەلایەن وەزارەتی پیشەسازیو زانستو بۆشایی ئاسمانەوە، لە ساڵی (٢٠١٢)دا خرایە بـواری جێبەجێکردنەوە. (هۆسن-کۆریێل، ٢٠١٧، ١٦).

هاوکات لەگەڵ هاندانەکانی وەبەرهێنانو پشتگیرییەکانی دیکە، کە لە سەرەوە باسمانکرد، پشکی مۆدێلی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، کە ئیسرائیل بە هاوکاری لەگەڵ کەرتی گشتی-تایبەتو ئەکادیمیدا بە خێرایی پەرەیپێداوە، لە ئابووریی ئیسرائیلیشدا بە خێرایی زیاددەکات. لەم چوارچێوەیەدا ئەو کۆمپانیاو ناوەندە ئەکادیمیانەی باسکراون، کە لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا کاردەکەن، نەک هەر بەو پەیوەندییە بازرگانیو ئەکادیمییە جیهانییانەی کە پەرەیپێدەدەن، بەشداریی ئابووریو ژیانی کۆمەڵایەتیی ئیسرائیل دەکەن، بەڵکو یارمەتیی ئیسرائیل دەدەن لە پەرەپێدانی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە لە ڕێگەی گونجاوەوە، کە بە هۆی ئەم پەیوەندییانەوە دروستبووە. لە لایەکی ترەوە ئەم کۆمپانیایانەو ناوەندە ئەکادیمییەکان، کە بە پاڵپشتیی گشتی بە خێرایی گەشەدەکەن، بەشداریدەکەن لە بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ لەلایەن ئیسرائیلەوە، کە لە فەزای ئەلیکترۆنییەوە سەرچاوەدەگرن بە دەرفەتی نیشتیمانیو ناوخۆیی، بەمەیش دڵنیا دەبن لەوەی کە ئیسرائیل پەرە بە توانای سەربازیی خۆی دەدات (هێزی ڕەق).

لەم چوارچێوەیەدا، بە پێی داتاکانی ڕێکخراوی هاوکاریو گەشەپێدانی ئابووری (OECD)، ئیسرائیل بە تێکڕا (٤٪)ی بەرهەمی ناوخۆیی؛ (١٠) ملیار یۆرۆی بۆ خەرجییەکانی توێژینەوەو پەرەپێدان بۆ کەرتی تەکنەلۆژیا لە دەیەی ڕابردوودا تەرخانکردووە. ئیسرائیل لەم ڕووەوە بووەتە یەکێک لە وڵاتە پێشەنگەکان. (داتای OECD، ٢٠١٨). کەرتی زانیاریو پەیوەندیو تەکنەلۆژیای ئیسرائیل بە خێرایی گەشەدەکات. وەبەرهێنانی بیانی لەم کەرتەدا لە ساڵانی (٢٠١٤)و (٢٠١٥) بە ڕێژەی (٢٠٪) زیادیکردووەو گەیشتووەتە (٥٤٠) ملیۆن دۆلار. (ڕۆیتەرز، ٢٠١٦). لە ساڵی (٢٠١٤) پشکی ئیسرائیل لە کەرتی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی جیهانیدا بە ڕێژەی (٨٪)

گەشەیکردووەو گەیشتووەتە (٦) ملیار دۆلار. (Globes, ٢٠١٦).
زۆر گرنگە ئەرکی هەماهەنگی لە ڕووی پلاندانانەوە بۆ ڕێکخراوە فەرمییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی تورکیا، کە لە سەرەوە باسمانکرد، پێکهاتەی ڕێکخراوەیی ئەو ڕێکخراوانە دەربڕین. لە سیستەمی ئێستای تورکیادا، ئەم ئەرکە بەشێکی دەدرێت بە دەستەی ئاسایشی ئەلیکترۆنی (SGK). بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئێستا، دەتوانرێت بڵێین ئەو دامەزراوانەی کەرتی گشتیو تایبەت، کە قسەیان لە سەر دەکرێت، لە بوارەکانی چالاکییەکانیاندا کارێکی سەرکەوتوویان کردووە، بەڵام هەندێک کەموکوڕی لە کارکردن بۆ ستراتیجی هاوبەشی ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا هەیە. بە بۆچوونی ئێمە، ئەو سیستەمەی کە کۆماری گەلی چین لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا دروستیکردووە، پێویستە لە نزیکەوە لێیبکۆڵرێتەوە، بۆئەوەی ڕێگری لە دواکەوتنی بیرۆکراسیی ئەگەری بکرێت، کە ڕەنگە سەبارەت بەم پێکهاتە هەماهەنگییە سەرهەڵبدات بە هۆی زۆریی دانیشتوانو ڕووبەری ناوچەییەوە.
لەم چوارچێوەیەدا، کۆماری گەلی چین یەکەم دەستپێشخەریی فەرمیی خۆی سەبارەت بە تەکنەلۆژیای زانیاری لە سەر ئاستی نیشتمانی لە ساڵی (١٩٨٦)دا دەستپێکرد، کاتێک پەیکەرێکی بە ناوی "گرووپی بچووکی پێشەنگی بەڕێوەبردنی زانیاریی ئابووریی دەوڵەت" دامەزراند. بەو بڕیارانەی لە ساڵانی (١٩٩٩)و (٢٠٠١) درا، "گرووپی پێشەنگی کۆمپیوتەرسازیی دەوڵەت (SILG)" دامەزرا. دواتر لە ساڵی (٢٠٠٣)دا "گرووپی بچووکی هەماهەنگیی تۆڕی دەوڵەتو ئاسایشی زانیاری (SNISCSG)" وەک پێکهاتەیەکی کاری لاوەکی (SILG) دەستپێکرد. ئامانجی سەرەکیی ئەم گرووپانە وەک دڵنیابوون لە گەشەسەندنی کۆماری گەلی چین لە بواری تەکنەلۆژیای زانیاریدا دیاریکراوە. کۆمپانیای (SNISCSG) لە ساڵی (٢٠١٠) دوای چالاکییە سەرکەوتووەکانی پاکتاوکرا. ئەم پێکهاتانە ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆکی چیندا کاردەکات. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیش توانییان بڕیاری کاریگەر بدەن، بەبێ ئەوەی کات بەفیڕۆبدەن لە پرۆسەکانی دیاریکردنی ستراتیجیدا. لەم ڕووەوە، ڕوونە کە گەشەسەندنی خێرای کۆماری گەلی چین لە تەکنەلۆژیای زانیاریو تۆڕدا لە ساڵانی (٢٠٠٠)ەوە جێگەی سەرنج بووە. (NATO-CCDCOE, ٢٠١٦a). ئێمە پێمانوایە کە سوودی دەبێت بۆ تورکیا، کە پێکهاتەی (SSI) بە شێوەیەک ڕێکبخاتەوە کە یەکەو ئەرکە نوێیە هاوشێوەکان ڕێکبخات، وەک نموونەی چین.
وەک لە سەرەوە بە وردی باسمانکرد، بڕبڕەی پشتی سەرەکی لە پاراستنی سیستەمی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی تورکیا دەسەڵاتی تەکنەلۆژیای زانیاری (BTK)یە. دامودەزگاکانی دیکەی ئەمنیو هەواڵگریو دەستپێشخەرییە تایبەتییەکان لە چوارچێوەی بوارەکانی چالاکییەکانیاندا سەرنجیان لە سەر ئاسایشی ئەلیکترۆنییە. لەگەڵ ئەوەیشدا هەموو هەوڵەکانی دەوڵەتێک بۆ پەرەپێدانی بەرگریی ئەلیکترۆنیو توانای هێرشکردن

ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ئاسایشی نیشتیمانیو نێودەوڵەتیی ئەو وڵاتەوە هەیە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە پێویستە کارپێکردنی سیستەمی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی دەوڵەتێک لەلایەن ڕێکخراوێکی ئەمنییەوە بەڕێوەبچێت، کە پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی دیاریکراوی هەبێتو ڕوانگەیەکی فرەپسپۆڕیی هەبێت. لەم خاڵەدا دەتوانرێت وەزارەتی ئاسایشی ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (DHS) بە مۆدێلێکی گونجاو بۆ تورکیا هەژماربکرێت. (DHS) دامەزراوەیەکە کە لە دوای هێرشەکانی (١١)ی ئەیلوولی (٢٠٠١) دامەزراوەو بەرپرسە لە دەستەبەرکردنی ئاسایشی ناوخۆی ئەمریکا، بە تایبەت لە بەرانبەر هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان. بە "یاسای ئاسایشی گشتی" دامەزراوە، کە لە ساڵی (٢٠٠٢) لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکاوە دەرچووە. (باشا، ٢٠١٨).

بە ڕەچاوکردنی نەخشەی ڕێکخراوەیی (DHS)، دەبینرێت کە ناوەندی نیشتیمانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی و یەکخستنی پەیوەندییەکان (NICIC)، کە وەک سەنتەرێکی یەکخستن کاردەکات لە سەر بنەمای (٧/٢٤) لە سەرانسەری وڵاتدا، یەکەی بەرپرسی سەرەکییە لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا. ئەم سەنتەرە بەرپرسە لە چاودێریکردنی ڕوداوە ئەلیکترۆنییەکان، کە لە سەرانسەری وڵاتدا ڕوودەدەن لە یەکە فیدراڵیو ویلایەتییەکانو یەکە ناوخۆییەکانی دیکەو وەڵامدانەوەی دەستبەجێی ئەم ڕوداوانە. جگە لەوەیش، لە چوارچێوەی ئەرکەکەیدا، (NICIC) هەماهەنگیو هاوسەنگی لە نێوان یەکەکانی ئاسایشو هەواڵگریی پەیوەندیدارو کەرتی تایبەت دادەمەزرێنێت. (Tirrell, ٢٠١٢).

لەم خاڵەدا پێویستە ئاماژە بە پێکهاتەی هاوکاری لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە نێوان ڕێکخراوە هەواڵگرییەکانی ئاسایشی گشتیو کەرتی تایبەت لە ئەمریکا بکرێت. لە ئەمریکا، بە پێچەوانەی سیستەمی یەکێتیی ئەورووپاوە، هاوکاریی نێوان کەرتی گشتیو تایبەت پابەندبوونێک بۆ کەرتی تایبەت لەخۆناگرێت. (NATO-CCDCOE) (EU, ٢٠١٦b). پێویستە ئەوە لەبیربکرێت کە ئەو کۆمپانیایانەی کە وەبەرهێنانیان لە ژێرخانە گرنگەکانی تورکیا کردووە، بە تایبەتی لە کەرتی وزەو داراییو پەیوەندییەکان، کۆمپانیای تایبەتن لەگەڵ هاوبەشە بیانییەکانو لەم چوارچێوەیەدا، ئەو ڕێوشوێنانەی کە پابەندن بەو دەستپێشخەرییانەوە لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا، دەبێت بە هەمان شێوەی سیستەمی ئەمریکا بگیرێنەبەر.

(DHS) ناوەندێکی سەرەکیی هەماهەنگییە لە توانای بەرگریی ئەلیکترۆنیی ئەمریکا. لەم ڕووەوە (DHS) ئەرکی هەماهەنگیی هەیە لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییەکانو دەزگا ئەمنییەکانو وەزارەتی بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئامادەکردنی پلانەکانی بەرگریی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتیمانیی ئەمریکاو وەزارەتی دادی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ دەستنیشانکردنی بکەرانی هێرشە ئەلیکترۆنییەکان دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان. سەرەڕای ئەوەیش، سیستەمی پاراستنی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی

نیشتیمانی (NCPS) ئامرازێکی کاریگەرە بۆ (DHS) بۆ دڵنیابوون لە ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە سەرانسەری وڵاتدا. لە لایەکی ترەوە، (NCPS) بەکاردێت لەگەڵ بەرنامەیەک بە ناوی (EINSTEI) (ئانیشتاین). (بەشی ئاسایشی ناوخۆ، ٢٠١٨).

**ئەنجام**

پرۆسەی سوودبینین لە بازرگانیکردنو شارستانیکردنی ئینتەرنێت لە ساڵانی نەوەدەکاندا سەرهەڵدانی ئەو بوارەی خێراترکرد کە پێیدەگوترێت فەزای ئەلیکترۆنی. فەزای ئەلیکترۆنی بە خێرایی وەک بوارێکی نوێی کێبڕکێ لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا سەریهەڵداوە، چونکە دەوڵەتەکان داهێنانەکان لە تەکنەلۆژیای تۆڕەکاندا وەک دەرفەتێکی نوێ بۆ باشترکردنی توانا سەربازییەکانیان دەبینن.

لەم چوارچێوەیەدا پرۆسەیەکی هاوشێوەی ئەو کێبڕکێ سەربازیو تەکنەلۆژییەی کە لە نێوان ئەمریکاو یەکێتیی سۆڤیەتدا لە سەردەمی جەنگی ساردا ئەزموونیکردبوو، لەگەڵ بوژانەوەی سیاسیو ئابووریی فیدراسیۆنی ڕوسیا بە تایبەت لە دوای ساڵانی (٢٠٠٠) خێراتربووە. لەم ماوەیەدا ڕوسیاو ئەمریکا بوونەتە هێزی ئەلیکترۆنیی گرنگ، کە فەزای ئەلیکترۆنی لە چوارچێوەی ئەو ستراتیجییە ئاسایشییە ئەلیکترۆنییانەی کە خستوویانەتەڕوو، لەقاڵبدەدەن. دواتر کۆماری گەلی چین بوو بە هێزێکی دیکە، کە دەستیکرد بە قسەکردن لە بواری ئەلیکترۆنیدا، بە تەکنەلۆژیاو پرۆسەیگەشەپێدانی ناوەندی ئابووری. لەگەڵ ئەو هێرشە ئەلیکترۆنییانەی کە گوایە سەنتەری ڕوسیا بوون لە دژی ئیستۆنیا لە ساڵی (٢٠٠٧)، ناتۆ دەستیکرد بە پەرەپێدانی پلانو پێکهاتەی دامەزراوەیی لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا وەک ڕێکخراوێکی بەرگریی بەکۆمەڵ. لە ئەنجامدا لە دوای ساڵی (٢٠١٠) نزیکەی هەموو دەوڵەتەکانی ناو سیستەمی نێودەوڵەتی دەستیانکرد بە دانانی پلانەکان، بە ئامانجی پەرەپێدانی توانای بەرگریو هێرشی ئەلیکترۆنی لە چوارچێوەی دەسەڵاتە ئابووریو تەکنەلۆژییەکانیاندا.

وەک لە توێژینەوەکەدا بە وردی لێیکۆڵراوەتەوە، تورکیا لە ساڵانی نەوەدەکاندا دەستپێشخەرییەکانی لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا دەستپێکرد، بە دانانی ڕێسای یاسایی لە چوارچێوەی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان. ئەم توێژینەوانە لە ماوەی دوای ساڵی (٢٠١٠) دەستیان بە زیادبوون کردو پەرەیانسەند بۆ پێکهاتەی دامەزراوەیی پیشەییتر. لەم چوارچێوەیەدا دەستەی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی (SGK) لە مانگی تشرینی یەکەمی (٢٠١٢) دامەزرا.ئەرکەکانی (SGK) وەک دیاریکردنو بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی تورکیا، دڵنیابوون لە پەرەپێدانی سیستەمی سۆفتوێرو هاردوێری نیشتیمانی لە چوارچێوەی بابەتەکەداو هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە سەبارەت بە ئاسایشی ئەلیکترۆنی دیاریکراوە.

دواتر ستراتیجی نیشتیمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنیو پلانی کارکردنی (٢٠١٣-٢٠١٤)

لە مانگی یەکی ساڵی (٢٠١٣) پەسەندکرا. دوابەدوای ئەم بەڵگەنامەیە، کە ئامانجی ئەنجامدانی کۆیگشتیی (٢٩) ڕێوشوێنی گەورەیە لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا، ستراتیجیو پلانی کارکردنی نیشتیمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی (٢٠١٦-٢٠١٩) لە ئەیلوولی (٢٠١٦) پەسەندکرا. ئەو پلانەی کە باسیدەکرێت، بە دەربڕینی سادەترو گشتیتر بە بەراورد بە پلانی کارکردنی (٢٠١٣-٢٠١٤) ئامادەکراوە.
پەیکەری ڕێکخراوەیی دامەزراوە فەرمییەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی تورکیا لە چوارچێوەی سێ ئامانجی سەرەکیدا ڕێکخراوە. دامەزراوەکانی گرووپی یەکەم بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکانو ئەنجامدانی کاری هەواڵگری لە چوارچێوەی بوارەکانی چالاکییەکانیاندا دامەزراون.دامەزراوەکانی ئەم گرووپە بریتین لە بەشی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکانی (EGM)، بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریو هەواڵگریی تەکنیکیی (JGK)و لقی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکانی بەشی هەواڵگریی فەرماندەیی پاسەوانی کەناراوەکان، کە لە چوارچێوەی وەزارەتی ناوخۆدا دامەزراوە. دامەزراوەکانی گرووپی دووەم بریتین لە دامەزراوەکانی وەک (،(MIT)، (BTK AFAD))و فەرماندەیی بەرگریی ئەلیکترۆنیی هێزە چەکدارەکانی تورکیا (TUBITAK)، کە تیشکدەخەنەسەر دڵنیابوون لە ئاسایشی ئەلیکترۆنیی ژێرخانە گرنگەکانی تورکیاو بونیادنانی توانای بەرگریی ئەلیکترۆنیو هێرشو سیخوڕیی تورکیا. کۆمپانیا تایبەتەکانی پشتیوانیی دەوڵەت لە گرووپی سێیەمدا وەک یەکە لاوەکییەکان لە ناو (،(STM HAVELSAN))و (ASELSAN) خرایە بواری جێبەجێکردنەوە.
یەکەم هەڵسەنگاندن، کە سەبارەت بە سیاسەتەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی تورکیا دەکرێت، لە چوارچێوەی هەردوو پلانی کارکردندایە. لەم چوارچێوەیەدا هەرچەندە ئەو ئامانجانەی لە هەردوو پلانی کارکردندا دانراون، یەکدەگرنەوە، بەڵام ئەنجامی وردی ئەو ئامانجانەی کە لە پلانی کارکردنی (٢٠١٣-٢٠١٤)دا هاتووە، بە تەواوی دیارینەکراون. هەڵسەنگاندنێکی دیکەی گرنگ پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە هێشتا بە ڕوونی باس لەوە نەکراوە کە چۆن بەڕێوەبردنی قەیرانەکان لە چوارچێوەی کارەساتە تەکنەلۆژییەکان کە بەئافاددراوە، لە چوارچێوەی کام پێکهاتەو پرۆسەی دامەزراوەیی دەکرێت. لە لایەکی دیکەوە فەرماندەیی بەرگریی ئەلیکترۆنی، کە لە ساڵی (٢٠١٣) لە چوارچێوەی هێزە چەکدارەکانی تورکیا وەک پێکهاتەیەک لە ئاستی فەوجدا دامەزراوە، هێشتا دوورە لە توانای کارکردن لە ژینگەی ململانێی ئەلیکترۆنی لە فەزای ئەلیکترۆنیدا. پێویستە دەستبەجێ ئەم یەکەیە بەهێزبکرێت، بە مەبەستی چالاککردنی توانای بەرگریو هێرشی ئەلیکترۆنیی تورکیا. جگە لەوەیش، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو دەستپێشخەرییانەی کە لەلایەن دامەزراوەکانی کەرتی گشتیو تایبەت و بازنە ئەکادیمییەکانەوە دەکرێن، کە بە گوێرەی ستراتیجی ئاسایشی نیشتیمانی لە مۆدێلی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی ئیسرائیلدا کاردەکەن، ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە. گرنگە ئاماژە

بەوە بکەین کە چالاکییەکانی دەستپێشخەرییە تایبەتەکانی پاڵپشتیکراو لەلایەن دەوڵەتەوە وەک (HAVELSAN)، (STM)و (ASELSAN) لە چوارچێوەی ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا لە چوارچێوەی پێوەرە هاوشێوەکاندان.

جگە لەوەیش، ئەرکی دیاریکردنو بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە سیستەمی ئێستای تورکیادا دراوە بە (SGK). بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئێستا، دەتوانرێت بڵێین ئەو دامەزراوانەی کەرتی گشتیو تایبەت، کە قسەیان لە سەر دەکرێت، لە بوارەکانی چالاکییەکانیاندا کارێکی سەرکەوتوویان کردووە، بەڵام هەندێک کەموکووڕی لە کارکردن بۆ ستراتیجی هاوبەشی ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا هەیە. ئاشکرایە کە لەگەڵ گواستنەوەی تورکیا بۆ مۆدێلی حکومەتی سەرۆکایەتی، ئۆپراسیۆنی (SGK) لە سەردەمی سەرۆککۆماردا پرۆسەی گەشەپێدانی خێرا سەبارەت بە سیاسەتەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی دەستپێدەکات.

وەک باسکرا، بڕبڕەی پشتی سەرەکی لە پاراستنی سیستەماتیکی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی تورکیا (BTK)یە. دامودەزگاکانی دیکەی ئەمنیو هەواڵگریو دەستپێشخەرییە تایبەتییەکان لە چوارچێوەی بوارەکانی چالاکییەکانیاندا سەرنجیان لە سەر ئاسایشی ئەلیکترۆنییە. لەگەڵ ئەوەیشدا هەموو هەوڵەکانی دەوڵەتێک بۆ پەرەپێدانی بەرگریی ئەلیکترۆنیو توانای هێرشکردن پەیوەندییان بە ئاسایشی نیشتیمانیو نێودەوڵەتیی ئەو وڵاتەوە هەیە. لەم چوارچێوەیەدا، بە بۆچوونی ئێمە، کارکردنی سیستەماتیکی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی دەوڵەت دەبێت لەلایەن دامەزراوەیەکی ئاسایشی سەربەخۆوە بەڕێوەبچێت، کە پێکهاتەی ڕێکخراوەییەکەی بە ڕێبازێکی فرەپسپۆڕی دیاریکراوە.

لە ئەنجامدا ڕوونە کە لەم خاڵەدا هۆشیارییەک لە ئیدارەی دەوڵەتی تورکیادا هەیە سەبارەت بە پەرەپێدانی ستراتیجی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی ئەو وڵاتەو وەبەرهێنان لە توانای بەرگریو هێرشی ئەلیکترۆنی. لەم قۆناغەدا تا ئێستا هەنگاوی نیازپاکی لە چوارچێوەی پلانو پێکهاتە دامەزراوەییەکانی سەرەوەدا، کە ئاماژەپێدرا، نراوە، بەڵام ئەم هەنگاوانە پێویستیان بە پەرەپێدانی زیاترە. فەزای ئەلیکترۆنی گۆڕەپانێکی نوێی خەباتە بۆ دەوڵەت لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا. دەوڵەتان ئەم بوارە بە دەرفەتێک دەزانن بۆ باشترکردنی توانای سەربازیی خۆیان. لە ڕاستیدا ئەوان درێغیناکەن لە بەکارهێنانی هێرشی ئەلیکترۆنیدا وەک میتۆدێک بۆ فشارکردن لە دژی ئەو وڵاتانەی کە لە سیاسەتی دەرەوەدا کێشەیان لەگەڵدا هەیە. هەموو ئەم پرۆسانەی کێبڕکێو ململانێی ئەلیکترۆنی، سیستەمی نێودەوڵەتی لە پێشووتر نادیارو ئەنارکیتر (بێیاساییتر) دەکەن. لەو چوارچێوەیەیشدا پێویستە تورکیا ستراتیجی ئاسایشی ئەلیکترۆنی خۆی بە ئاڵۆزترین پلاندانانو پێکهاتە دامەزراوەییەکان پەرەپێبدات، بۆئەوەی ئاسایشی نیشتیمانیو نێودەوڵەتیی خۆی مسۆگەربکات.

**سەرچاوە:** وێبسایتی دەرگیپارک

# وەرزنامەکانی ڕانانی ستراتیجی مەڵبەندی دیراساتی گشتی

ژمارە (١)


ڕانانی ستراتیجی

وەرزنامەیەکی ستراتیجی وەرزی وەرگێڕانە
مـەڵبەندی دیراساتی گشتی دەریدەکـات.

دۆسییەی ژمارە

- لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا چی دەگەیەنێت بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟
- لە ساڵی 2023 لە بەرەی ڕووسیا و ئۆکراین چی ڕوودەدات؟
- چۆن جەنگی نێوان ڕووسیا-ئۆکراینا شێوە بە جیهان دەداتەوە؟
- شەڕ لە ئۆکراینا و بەرگری یەکێتی ئەورووپا.

ژمارە (١) نیسانی ٢٠٢٢

ژمارە (٢)


ڕانانی ستراتیجی

- خوێندنەوەیەک بۆ کارەکتەرە نا دەوڵەتییەکان (لێکۆڵینەوەیەک لە چوارچێوەی چەمکی تیۆریدا)
- کارەکتەرە چەکدارە نادەوڵەتییەکان. ڕەوتی ئێستا و ئاڵنگارییەکانی داهاتوو.
- کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان. ئامانجە جیۆپۆلیتیکەکان و ململانێکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
- سەردەمێکی نوێی گروپە چەکدارەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.
- جەنگ بە بریکاری:جێپێی گەشەسەندووی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ژمارە (٣)


ڕانانی ستراتیجی

- هونەری جەنگی درۆن
- تەکنەلۆژیای درۆن: درۆن چییە؟
- درۆنەکان و تێکدانی ستراتیجییەکانی ئاسایشی نیشتمانی
- ئابووری درۆن لە جیهان و لە تورکیا: چاوەڕوانییەکان بۆ داهاتوو

ژمارە (٤)


ڕانانی ستراتیجی

ژمارە: ٤ ی، شوباتی ٢٠٢٤

- فراوانبوونی بریکس بۆ ئەندامانی دامەزرێنەری بلۆکەکە چی دەگەیەنێت؟
- ڕۆڵی بریکس لە ئابووریی جیهانیدا
- جێبەجێکردنی ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام لە وڵاتانی "بریکس"دا
- وڵاتانی بریکس ڕووبەڕووی ڕەوتە نوێیەکانی ئابووریی جیهان دەبنەوە
- لوتکەی (2023)ی بریکس، بە دوای نەزمێکی جیهانیی جێگرەوەدا دەگەڕێت؟